Kurdland

ئەم کتێبە لە سایتی
کوردلاند وەرگیراوە

www.kurdland.com

www.kurdland.net

# ئاوڕێک

لە بەسەرهات و رووداو و ئاڵووگۆڕەکانی
نێوحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و
پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی

**بەرگی دووهەم**

سەعید کاوە

# ئاوڕێک

**پێشکەشە بەو خوێنەرو خەباتگێڕانەی**
**کەتەنیا بۆ بەرژەوەندی گەلەکەیان**
**بیر دەکەنەوەو دەروێشی ئەمو ئەو نین**

**بەرگی دووەم**

---


**مافی چاپکردنەوەی بۆ خاوەنیەتی**

---

**ژمارەی ثبت کتێب**

**٦ _ ٦٢٥٢ _ ٦٣٠ _ ٩١**

**سەعید کاوە «کوێستان»**



سەعیدکاوە «کوێستانی» لەتەمەنی سی و حەوت ساڵیدا

# سەرەدێرو فیهرستی نوسراوەکە. «٣»


لاپەرەی «٥» چەند وتەیەك.
لاپەرەی «١١» بەرەو ئوروپا.
لاپەرەی «١٦» وتوو وێژێکی چاپەمەنی.
لاپەرەی «١٩» رێکخراوێکی نابەدڵ.
لاپەرەی «٣٣» بێ کەسی مرۆ دەبزێوێ.
لاپەرەی «٣٧» هەواڵێکی ناخۆش.
لاپەرەی «٤٤» بەیاننامەی حیزبی دێموکرات، رێبەرایەتی.
لاپەرەی «٥٢» بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
لاپەرەی «٦٧» نامەیەکی کراوە.
لاپەرەی «٨٠» بەیاننامەی هاوبەشی دووباڵیی حیزب.
لاپەرەی «٨٤» نامەیەك بۆ ولات.
لاپەرەی «٩٧» دەست درێژی عێراق بۆ سەر کوێت.
لاپەرەی «١٠٤» دیسان هەواڵێکی ناخۆش.
لاپەرەی «١٠٨» کارەساتێکی چاوەروان نەکراو
لاپەرەی «١١٦» ڕوانگەی چەند کەسایەتی کورد.
لاپەرەی «١٦٧» رێکەوتننامەی پاریس.

لاپەرەی «١٧٧» وتوو وێژێکی ڕادیۆیی.
لاپەرەی «١٩٤» نامەیەك لەوڵات
لاپەرەی «٢٠٤» ئاماژێك بە ژن .
لاپەرەی «٢١١» خزمەت یا تاوان ؟.
لاپەرەی «٢١٩» ڕێگای چار چیە ؟
لاپەرە «٢٢٤» روانگەو ڕێباز.
لاپەرەی «٢٥٨» سەرنجێکی پاشەرۆژ "دێموٚگرافی"
لاپەرەی «٢٦١» رونکردنەوێکی ستراتیژیکی.
لاپەرەی «٢٦٥» نامێك بۆ کاك کریم حیسامی.
لاپەرەی «٢٧١» شتێکی وەبیر هاتوو.
لاپەرەی «٢٧٧» دواین وتە .
لاپەرەی «٢٨٠» چەند نامەیەکی خوێنەران.
لاپەرەی «٢٩٧» بەڵگەنامە

# چەند وتەیەك .

پێشینیان گوتوویانە " کاروان بەڕێوە بێ، هەردە گاتێ" هەروەک لەبەرگی یەکەمی" ئاورێک لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکاندا " بەڵێنیم دابووکە ئەگەرمەرگ بەرۆکم نەگرێ و بمێنم، هەوڵ دەدەم بەرگی دووهەمیش بنووسم و پێشکەش بە تێکۆشەرانی گەلی کوردی بکەم. وا نووسراوەی بەرگی دووهەم بە هێندێک گۆڕانی نێوی کتێب دەخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێزو بەڵێنی خۆم بەو نوسراوە بچووکە، دە بەمەسەر.

منیش جاری تائیستا هەروا ماوم و هەناسە هەڵدەکێشم و بەو هیوایە بتوانم لەداهاتوو دا شتی باشتریش پێشکەش بکەم.

ئەوەی من نووسیومەو ئێوە دەیخوێننەوە، وا لەبەر دەستانە. باش وایە بەدوو روانگەو تێڕوانین سەیری بکەنو بەدوو بۆچوونی جیاواز لێکی بدەنەوە. دوایی ئەگەر بۆ کەڵک لێوەرگرتنو لێ هەڵێنجان بوو ئەوە باشە، دەنا بەئارشیوی لەبیرکراوی مێژووی بسپێرن.

خوێنەرهەرشتێکی کە دەیخوێنێتەوە، بێشک لەگەڵ هەموی نیەو دەرسەدێکی کەمی وەبەر دڵ دەکەوێ. ڕەنگبێ زۆربەی ئەو شتانەی دەنوسرێن و نوسراون هەر وابن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەردەبێ مافی ئەوەی بدرێتێ بە تێروانینی خۆی ڕووداوە کانی نێوکۆمەڵگای خۆی بنووسێ و شی بکاتەوە. خوێنەریش ئەوەندەی

پەسندی کردو بە دڵی بوو ئەوە باشە، دەنا ئەگەر بەدڵی نەبوو پاشملەو پێشملە ئازادە گازندەی خۆی بکاو ڕەخنەی خۆی بگرێ.

هەر وەک ئاماژەم پێکرد، هەموو نووسراوەیەک پەسند ناکرێ‌و بەدڵی خوێنەرنابێ. لەبەر ئەوەی زۆر زەحمەتە بیروڕای نووسەرو خوێنەر لەسەداسەد وەک یەک بێ‌و لێک جیاواز نەبێ.

پێم‌وایە ئەو بەرهەمانەی نووسراون‌و دەنووسرێن هێندێکی بیرو بۆچوون‌و دەروون‌مایەی نووسەر تێدایەو لە ڕوانگەی خۆی‌ڕا برێکی شوێن لەسەر نووسینەکەی داناوە.

من هەوڵی خۆم داوەو تا ئەو جێگایەی توانیومە، لەگەڵ ئەوەیدا کە دەبێ لایەنگری ڕاستەقینە بم، بێ لایەنی خۆشم بپارێزم و خۆم بە لایەنێک هەڵناوەسم. پێم‌وایە شتێکی لەنووسیندا زۆرگرینگە، ئەوەیە کە کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە نێوان باسێکی پڕلە ناتەبای سیاسی‌و کۆمەلایەتی، دەبێ ڕووداوەکان ڕاست‌و دروست‌و، وەکو خۆیان هەرچۆنێک هەن ئاوایان بنووسێ‌و مەبەستەکان لەرووی ڕق‌و کینەی تایبەتی خۆی باس نەکات‌و بەشێوەی ناڕەوا لایەنگری لایەنێک نەبێ کە بەرداشت و تێڕوانینی خۆی بەسەر لایەنی‌تردا هەڵڕێژێ و بیخاتە ژێر عەلامەتی پرسیار؟

ئەگەر ئەو شتەی باسم کرد نووسەر بتوانێ لێی دوورە پەرێزبێ‌و خۆی بپارێزی، بێشک ئەوانەی لە نووسینەکانیدا سەرزەنش دەکرێن یا ڕەخنەیان لیدەگیرێ، نەک هەر ناڕەحەت‌و، وەڕەز نابن، بەلکوو لە وانەشە هێندێک شوێنی باشیان لەسەردانێ.

دیارە خوێنەر بەگوێرەی بۆ چوونی خۆی‌و خوارو خێچی و ڕاستی‌و دروستی و بێ پێچ‌و پەنایی ڕووداوەکانی نوسراو، هەڵسەنگێنێ‌و

شتی بەکەڵک و باشی لێ هەڵدەبژێرێ و ئەزموونی خۆی بۆ داهاتوو لێ وەردەگرێ .

ژان والژان قارەمانی رومانی «بینوایان» دوای چەندین جار تاوان و گیران کاتێک لەزیندان ئازاد دەکرێ، قەشەی کلیسایەک رێگای دەدا کە شەوێ لەکەنیسە بخەوێت. بەیانی کە هەڵدەستی هەیکەلێکی (مجسمە) بچووک کە لەسەر دەلاقەی کەنیسە دەبێ، لەگیرفانی دەنێ و دەیبات. لەکاتی فرۆشتنی هەیکەلەکە، پۆلیس هەیکەلی کەنیسە دەناسێتەوە و دەیگرێ دەیبات بۆ لای قەشەو دەڵێ : ئەوکابرایە هەیکەلی کەنیسەی دزیوەو کاتێک کە دەیویست بیفرۆشێ گرتم و ئەوەش هەیکەلەکە.

قەشە بە زەردەخەنێکی مێهرەبان بەپۆلیس دەڵێ:

- نا بیدەوە بە خۆی، من بۆخۆم داومەتێ و نەیدزیوە.

ژان والژان بە بیستنی ئەو چەند ووشە پڕلە سەفاو مرۆڤایەتیە هەر لەوێ تەمای خۆی دەگرێ و بڕیاری خۆی دەدات کەجارێکی دیکە لەو کارانە، نەکاتەوە. دوای ئەو وتانەی قەشە، ژان والژان دەبێ بە پیاوێکی باش و شان بەشانی راپەریوانی فەڕانسەکە بۆ دروست کردنی کۆمۆنی بەناوبانگی فەڕانسە دەجەنگان، درێژە دەدا بەخەبات و، واز لەدزی و تاوان و کردەوەکانی کۆمەڵ ناپەسندی پێشووی خۆی دێنێ

مەبەست لەگێڕانەوەی ئەو نوکتەیە ئەوەیە: هەرچەندی شت بنووسرێ و بخوێندرێتەوە باشە، هەرچەندی ناتەبایەکان و هۆی پێکهاتنی دژایەتیەکانی دژ بەیەک بێنە سەر کاغەز هەر کەمە، بەو مەرجەی شتی ناڕەوای روونەداو دروست نەکرێت و لە هەڵبەستنی

درۆ و بوختان دووره پەرێزی بکرێت و مەسەلەکان رەنگ و بۆیاغ نەکرێن دەرخواردی مرۆڤی ساکار بدرێن.
نووسەر با بنووسێ وا کراوە، وا هات و وا چوو، یان کێ سووچیدارە، زیانی ئێستاو دوا رۆژی چەندەو چەندی شوێنی خراپ لەسەر کۆمەڵ داناوە یا دادەنێ. یافلان کەس و فلان رۆژنامە ئەوکارو کردەوەی ئاوا نووسیوەو . . . هتد
دەکرێ زۆرشتی تری لەو بابەتانە بنووسرێن، بە مەرجێک بوختان نەبێ ڕەوایە، بنووسرێن و خەڵک بیان خوێنێتەوە.
من بۆیە پێم باشە شت بنووسرێ، تاکوو راستیەکان پەردەپۆشی نەکرێن، بارێگا بکرێتەوەو خەلک بوێرێ ڕاستەقینەکان بلێ و بە دزی و فزی و پاشەملە هیچ سودێکی نیە جگەلەوەی لەسەردلیی خەڵک دەبێتە گرێ و لە هەموو شتێک بەگومان دەبێ. گوتن و نووسین پتر شوێنی باش لەسەر کۆمەڵ دادەنێ و ئەگەر لە سەدا سەدیش نەنووسرێ و نەیەتە سەرکاغەز دەرسەدێکی زۆرکەمیش بنووسرێ و بێتە بەرهەم هەرباشە.
ئەو نووسراوەی لەبەر دەستانە لە چەند بەش پێکهاتووە. بەشێکی لەسەر رووداوە دڵتەزێنەکانی کوردستانی باشوورە. ئەویش دوو بەشە، بەشێکی کورتکراوەی ئەو رووداوانەیە کە بە تێڕوانینی خۆم هێناومەتە سەرکاغەز. بەشێکی کورتیش بیرو ڕاو ڕوانگەی هێندێک کەسایەتی کوردی سیاسی و نووسەرو مێژوو ناسی خاوەن بیروڕایە. کە ڕوانگە و بیرو باوەرو ڕەخنەی خۆیان لەکۆبوونەوەکانی **مێد تیوی** بەیان کردوەو، وەک لێکۆڵینەوە تێڕوانینی خۆیان ڕاگەیاندوە.
ئەو بەشەم لەسەرشریتی ڤیدو زەبت کردوە و بەبێ دەست تێوەردان

دەرسەدێکی کەمم بەنووسین هێناوەتە سەر کاغەزو، ئەوی تر وەک بەلگە ڕاگیراون.

بۆئەوەی خوێنەران باشترو روونتر لێکۆڵینەوەو داوەری لەسەر بیروڕاکان بکەن، نوێنەری پارتەکانیش وتەی خۆیان و بەرگری خۆیان لە پارت و سەرکردەو ڕەوت و کردەوەی خۆیان کردوە.

شتێکی تری کەپێویستی بەروونکردنەوەیە، مەسەلەی ڕێکەوت و پاش و پێشی ڕابردوە، واتە لەحالی حازری ئێستا، و ڕابردوو. مرۆڤ کە ئەو ساڵ شتێک دەنووسێ پێی وایە بەزوویی چاپی دەکات، بەلاّم هەر وەک هەموومان دەزانین بەداخەوە مەسەلەی چاپ لەدەرەوە بۆ پەنابەران یەکێک لە کەندو کۆسپە هەرەگرینگەکانی ڕۆژەو جاری وایە سێ چوار ساڵ دەمێنێتەوە. ئەوکات هێندێک ووشەو رووداوی پێشتر نووسراو لەگەڵ چەند ساڵ کۆنتر نایخواتەوە. بۆ وێنە کاتێ دەنووسری « ئەوساڵ ئەوکارە روویدا » ئەگەر دوای ساڵێک ئەو نوسراوە چاپکرا، لە باری ڕێزمانەوە ڕستەکە نایخواتەوە. من بە پێدا چوونەوە تا ئەو جێگایەی توانیومە ڕاستم کردۆتەوە. ئەگەر خوێنەرانی بەڕێز لە لاپەرێکدا تووشی شتێکی ئاوا بوون، بەهیممەتی خۆیان یاریدەم بدەن و هەڵەکەم بۆ ڕاست کەنەوە، وێڕای سوپاس بەرمنەتیان دەبم.

شتێکی تری کە دەمەوێ لەگەڵ خوێنەرانی بەڕێز باسی بکەم، مەسەلەی « بیروو ڕا و تێ ڕوانینە » کە هەرکەس لەو جیهانەدا بیروڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیەو بە مێشکی خۆی بیر دەکاتەوە. منیش لێرەدا بیروباوەڕو تێڕوانینی ئێستای سیاسی خۆم هێناوەتە سەرکاغەز بەنێوی « روانگەو ڕێباز » لەئاخری ئەو کتێبەدا

چاپم کردوەو پێشکەش بەروناکبیرانی کوردی دەکەم .
هیوادارم ئەو پارت و رێکخراوانەی کەلە نوسراوەی ڕوانگەو ڕێباز دا بە جۆرێک نێویان هاتووە، بەخراپی وەرنەگرن. چونکە ئەوان هەرچی بن و هەرچی هەن، لە چوارچێوەی رێکخراوی خۆیاندا لە بڕیاردان و دیاریکردنی ڕێبازی خۆیاندا خاوەن دەسەلاتن و مافی خۆیانە هەرچی بلێن و هەر درۆشمێک هەلی گرن. هەروەک تا ئێستاش هەرچی پێیان خۆش بووە، بێ لە بەرچاو گرتن و گوێدان بە هیچ روح لەبەرێک درێژەیان بە کارو کردەوەی خۆیان داوە.
لە کۆتاییدا دەلێم ئەونوسراوە کە پاشماوەی بەرگی یەکەمە، لەمەڕنووسینی سەربەرگەوە گۆڕانێکی تێدا پێک هاتووە، واتە لەسەربەرگی هەوەلّ نووسرابوو «**ئاوڕێك** لەبەسەرهاتی خۆم و رووداوەکانی نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران» بەلام لە سەربەرگی ئەوکتێبەدا نووسراوە ( **ئاوڕێك** لەبەسەرهات و رووداو وئالووگۆڕەکانی نێوحیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ) دیارە هۆی زیادکردنی ئەو چەند وشەی دوایی روونەو لەباسی بیرەوەری ئەوجار دا بەشێکی زۆر بۆ پارتە سیاسیە کوردستانیەکانی دیکە تەرخان کراوەو دەیخرێتە بەر چاوی خوێنەری بەرێز .
هیوادارم تا ڕادەیەک جێگای پەسندو ڕزامەندی دۆستان و خوێنەرانی بەڕێز بێت و گلەییم نەیەتەوەسەر.

**سەعید کاوە**

## بەرەو ئورووپا.

ڕێکەوتی ١٩٨٦/٣/١٤ڕوژی هەینی سەعات نۆی سەر لەبەیانی لە فرودگای بەغدا پێتەختی کۆماری عێراق ئامادە بووین. مەبەست لەوسەفەرەمان فرین بۆ وڵاتی سوئێدبوو کە پێشتر لەگەڵ چەند دۆست و هاورێی تەمای خۆمان گرتبووبچینە دەرەوە.

لەگەڵ ئەوەیدا کە تووشی نەخۆشی دڵ و پشت ئێشە ببووم و هاتبوولە کاربکەوم، لەسەر ئەو مەسەلەیەو نەناردنم بۆ دەرەوە، هێندێکی دڵ ساردی من لەحیزب پێک هێنابوو. ڕەنگبێ ئەو مافەم پێ نەدرێ شتی وا بڵێم. دیارە پێڕانەگەیشتنی و غەم لێ نەخواردنی کادرو ئەندام لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا وەک شتێکی سوننەتی لێهاتووەو هەزارو یەک قەرارو بڕیاری داتاشراو لەوحیزبەدا بۆپێشگیری لەو شێوەکارانە پەسند کراوەو کادرو پێشمەرگە لەزۆر مەزایای قانونی بێ بەشن. تائەوکاتە کاریان بەئەندامەکانیانە کە ساغن و تووشی نەخۆشی و کەم ئەندامی نەهاتوون، ئیتر دوایی نرخیان بەپووشێکە. من کاتێک ئەوە دەنووسم جەرگم دێشێ، بەڵام چبکەم ئەو ڕاستیە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا هەیە، بۆ وێنە:

ئەحمەدی ڕەحمانی بەرپرسی یەکێتی لاوانی حیزب لە ناوچەی سەردەشت تووشی نەخۆشی دڵ ببوو، زۆر نارەحەت بوو، هەموو

مرۆڤێک زگی پێدەسوتا. چوومە لای کاک هاشمی کەریمی بەرپرسی کۆمەلایەتی حیزب کە یاریدەی بدەن وەک کەمئەندام بنێردرێتە دەرەوە چارەسەریەک بکرێ، شەخسی کاک هاشم زۆری پێ خوش و باش بوو، بەلام دەفتەری سیاسی بریاری دابوو کە دەبێ دوکتورەکانی بێ سنوور کە لەوێ بوون، بریاری ناردنە دەری نەخۆش بدەن، ئەوکات بەرێ بکرێ . بەزاهیر دەبینین برێیارێکی باشە، بەلام دوکتورانی بێ سنوور سالێ لە قامکژمێرێک پتر نەخۆشیان نە دەناردە دەرەوە. ئەو بریارەشیان بۆیە دابوو چونکە ئەگەر ئەوان نەخۆشیان بەرێ کردبایە خەرجی بۆ حیزب هەلنەدەگرت.

ئەحمەدی ڕەحمانی دەیزانی ئەگەر عەمەل بکرێت لە ژێر عەمەل دەرناچێ. هەر بۆیەش بوو خۆی لەکن ئەمو ئەو داویشت کە بەلکوو وەکو کەم ئەندامێک بنێردرێتە دەرەوە. دوای هەولێکی زۆر، ئێش و ژان و نارەحەتی زۆر، ناو براوی ناچار کرد بۆعەمەلی جەراحی بچێتە بەغدا و هەرچی دەبێ، ببێ. بە داخەوە ناوبراو لەتەمەنی بیستوچەند سالیدا لە ژێر عەمەلی جەراحی دەر نەچوو بە ناکامی و نابەدلیی خواحافیزی لە ژیان کرد.

منیش دوای سالیک ئامووشۆی دوکتور و داوا کردنی معالەجە، وەلامەکەشیان وەک ئینسانی سیاسی نەدەدامەوە کەلانی کەم خاترەی ناخۆشم لە ولامی لا ئوبالیانەی مەلا عەولا نە بێت.

ناچار بووم بەرێگای پڕلەمەترسی نیوە قاچاغدا بۆ چارەسەری دل و دیسکی پشتم بیمە دەرەوە، سەیر ئەوەیە! ئێستاش بەرێوە بەرانی حیزب لەبەر بەرزەفری بروایان بە نوێنەری خۆیان لە سولەیمانی نەکرد کە من لە وەزعێکی خراپدا دەژیم و حالم باش نیە.

کەچی ئێستاش دەبینین دوای یازدەسال لە ژێر چاوەدێری دوکتور و دەرماندا مەرگ هەڕەشەم لێدەکا.
لە بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانم دا ئاماژێکی بچووکم پێکردوەو زۆر بەکورتی چۆنیەتی ئەو کات باس کراوە.
بەڵێ، سەری ساعەتی دە سواری فرۆکە بووین. لەمەیدانی هەڵفرین، فرۆکەکەمان دوای هێندێک ئەوسەرەو سەر کردن هاتەوە جێگای پێشووی خۆی ڕاوەستا. ئیمە بەهۆی بوونی پاسپۆرتی قەلەم خواردوی ساختە «جعل» هەروەها بەهۆی توندو تیژی ئەوکاتی زەمانی شەڕ واتە؛ شەری ئێران و عێراق، زۆر نیگەران بووین. چونکە هەر لە هەوەڵەوە بەنیگەرانی هاتبووین و بە دوو دڵیی سوار ببووین.
وەک هەمیشە بەبلندگۆ هەرایان کردو گوتیان:
- لەبەرهێندێک کەم و کوڕی فەننی، ناچارین جارێ تا ماوێکی تر ڕاوەستین. دوای چاککردنی گیروگرفتی فەننی، فرۆکەکەهەڵدەفڕێ.
دیاربوو کەسێکیان لە فرۆکە دابەزاندو هێندێکیان ساک هێنانەخوار.
دوای ماوێکی درێژ کە لەبەر نیگەرانی لەبیرم نەماوە چەندی کێشا، سوار بووینەوە. لەگەڵ ئەوەیدا زۆر نارەحەت بووین و نیگەرانی لە نێوچاوانمان دەباری. هەلفرین و ئاسمانی عێراقمان بە جێ هێشت.
دوایی دەرکەوت کە لەو دابەزاندن و ساک هێنانەخوارەدا ساکێکی کاک خالیدی عەزیزی لە گەڵ کەل و پەلی کابرای دابەزێندراو هاتبوو خوارو نەمابوو. بە قەولی کاک خالید ساکەکەی نووسراوەو بەلگەیەکی زۆری تایبەتی خۆی تێدا بوو.
دوای چەن سەعات فڕین و ڕێگابڕین گەیشتینە دانمارک و بۆ گۆڕینی فرۆکە دابەزین. بلیتەکانمان چێک کردو دوای نیگەرانی و مەحتەل

بوونێکی زۆر دوبارە سوار بووینەوەو بەرەو وڵاتی سوئێد هەڵفڕین.
لەسەر ڕاسپاردەو ڕێنوێنی برادەرانی سوئێد دەبوایە ئەو پاسپۆرتە ساختانەی پێمان بوون لەناویان بەرین و بیان دڕێنین، بۆ ئەوەی نەزانرێ لە کوێ را هاتووین. یەکەم: لەبەرگێڕانەوەمان بۆ و شوێنەی لێرا هاتووین، دوهەم: سوێد رەخنە لە عێراق نەگرێ کە خەڵکی بەقاچاغی بۆ سوئێد بەڕێ دەکا، بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایە نەگیرێ و ئاوارەی تریش بتوانن لەو ڕێگایەی ئێمە پێیدا هاتبووین دەربازبن، بەلام هەر لە پلەی یەکەمدا ئێمە بەدرۆزن دەرچووین، چونکە شێخ عوسمانی خالیدی بێ ئەوەی بەئێمە بڵێ و لەگەڵمان باس بکات و بلێ من بڕیارەکە دەشکێنم، بەقەولی خۆی «مسوڵمانەو درۆ ناکات» بەپۆلیسی فرودگای گوتبوو کە: ئێمە بەعێراقدا هاتووین و لە بەغدا سوار بوینە. ئێمەش بێ خەبەر لەوەی کە دەبوایە ئەو بڕیارە نەشکابایەو شکابوو! بە لەخۆ ڕادیوی خۆمان لە پۆلیس سوور هەڵدەگیراو پێمان لەسەر ئەوە دا دەگرت و دەمانگوت: بەغدای چی؟ ئێمە قاچاغچی هێناویانین و نازانین بەکوێیاندا هێناوین و . . .

پێم وایە برادەرانی سوئێد باشیان ڕێنوێنی نەکردبووین، چونکە ئەو درۆیەی ئێمە کردمان، ڕاستە بەسەلاحمان بوو، بەڵام پولیس باوەری بەوە نەدەکرد. ئێمەش بێ ئاگالەهەموو شتێک، تانەهاتینە دەر هەستمان بەوە نەدەکرد کە پۆلیس هەموو شتێک دەزانێ. کاتێ کەلوپەلەکانمان وەرگرتنەوە دیتمان ساکەکانمان هەرکام «ئیتکێتیکی» پێوە هەڵاوەسراوە. لێی نوسراوە "الخطوط الجويه العراقيه" بەدوای ئێمەدا پاش مانگێک کاروانێکی دەپازدە کەسی تر لەو ڕێگایەوە هاتن، یەکێک لەوانە کاک مارفی شێخ ئاغایی« دیاکۆ» بوو.

وەبالْ بەستۆی ئەوانەی ئەو راستیە باس دەکەن کە ناوبراو چۆنیەتی هاتن و ڕەد بوون و ئەو بەرێکردنەی گشت بۆ حیزب نوسیوەتەوەو حیزبیش لەبەغدامەسەلەکەی لەگەلْ دەزگای حکومەت باسکردوە. بەکورتی ئەو رێگا ڕەخساوە خێرخوازانە بۆکەسانی دەست تەنگ و لێقەوما، بەستراو، بەداخەوە دەرەتانی هاتنەدەرکۆتایی پێهات.

بەهەرحالْ، کاروانی ئێمە بۆ چەند رۆژ لە ئوتێلێک لە شاری ماشتای نیزیک ستۆکۆلْم پشووی داو دوایی بە ئوتوبوسێک بردیانین بۆ هاوینەهەواری لۆنگرۆستای نیزیک شاری" هاگفۆش" دوای چەند رۆژێک مانەوە، لەوێش ڕا گوێزراینەوە کەمپێکی تری "شاری فاگشتا" کە لە سی چل کیلۆمەتری شاری وێسترۆس هەلکەوتووە.

کاروانی ئێمە لەچوار پێنج بنەماڵە پێک هاتبوو کە وێکڕا هاتبووین. واتە: بنەماڵەی کاک خالید عەزیزی، بنەماڵەی کاک حوسێن ئازەری، کاک تاهیری عەلیار، بنەماڵەی ئێمە، لەگەلْ بنەماڵەی شێخ عوسمان خالیدی. سەرجەم بەژن و منداڵەوە شازدەکەس بووین.

دەکرێ بلێم ماوەی پینج شەش مانگ هەمووومان وێکڕا لە شارێک و لە کەمپێک بووین و بەیەکەوە بۆ فێربوونی زمان دەچووینە سەرکلاس. دوایی هەرکام لە بنەماڵەکان بۆ شوێنێک لە شارەکانی سوئێد بارمان کردو دامەزراین و لێکترهەلْبڕاین.

## وتوو ویژێکی چاپەمەنی.

ڕۆژێک لەکەمپی فاگشتا برادەرێکی وەرگێر(مترجم) بەناوی کاک ئەلماس پێشنیاری پێکردم کە لەگەڵ ڕۆژنامەی Vestmanland وتوو ویژێکی چاپەمەنی پێک بێت.

دوای ئەوەی بەڵێنیم دایە ڕۆژێک دوکەس وەک وێنەگرو هەواڵدەر هاتن. منیش بە پێی ڕەسم وکلتووری کوردەواری خۆمان، کاک ئەلماسو هەواڵدەرەکانم بانگێشتن کردن. دوای نیوەڕۆژخواردن دەستیان کرد بە پرسیارو منیش وەلامم دەدانەوە، کاک ئەلماسیش وتەی هەر دوولای وەر دەگێڕا. ئەوەی ڕاستی بێ من پێم وابوو دوای یەکدو ڕۆژ، ڕۆژنامەی وێستمانلاند دەر دەچێ و یەکدو لاپەڕە بەو، وتوو وێژە پڕدەکرێتەوە.

ئێوارێ کە ڕۆیشتنەوە، بەیانی زوو کاک ئەلماس هەواڵیی دامێ و گوتی: وتوو وێژەکە چاپ بووە !

کابرای هەواڵدەر هەر شەوی هەوەڵ بەپەلە شتێکی نوسیبوو لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەکەدا چاپ کرابوو. کاک ئەلماسیش زەحمەتی کێشابوو بەفارسی وەریگێرا بوو بۆی هێناین.

دیارە ئەو شتەی نووسرابوو لە نێو قسەکانماندا هەبوون، بەلام کابرای هەواڵ نوس بەشێوەی هەوالی پرسیارو وەلامی نەنووسیبوو، بەلکوو بە

شێوەی ئینشا هێنابوویە سەر کاغەزو زۆر بەکورتی باس کردبوو. دیسان هەر ماڵیان ئاوابێ کە لانی کەم چەند سوئێدیەک خوێندویانەتەوەو لەهێندێک ئێش و ئازاری کورد بەدەست دوژمنانەوە ئاگادار بوونە، هەرباشە.

ئەوەی کابرا نووسی بووی، کورتیش بێ دەیخەمە پیش چاوتان کە لەرێکەوتی ١٩٨٦/٦/١٩دا چاپکرا بوو.

ئەوە وەرگێڕاوەکەی دەخەمە روو. لەتە رۆژنامەکەش لە ئاخری ئەو کتێبەدا بەزمانی سوئێدی وەک خۆی چاپکراوە. کە دەڵێ:

بە لەژێرگەمارۆو چاوەدێری کوردستان، سەعید پەنای بردۆتە (فاگشتا).

ئێستا تەنیا هەر ئەوانە نین کە ئاکتیون ودژی گوشارو توونوندو تیژین ئیعدام دەکرێن، بەلکووخەلکی ئاسایی‌شی گریتۆتەوە.

سەعیدکاوەی پێشمەرگە، کەلەگەڵ بنەماڵەکەی پەنای هێناوە بۆ سوئێدو لەفاگشتان. باسی هەل‌ومەرجی کوردستان دەکات.

ناوبراو نایەوێ رەنج و ئازاری ئەوخەلکە وەبیرخۆی بێنێتەوە، بەلکوو دەیەوێت خەلکی سوئێد کوردستان وەک یەک نەتەوە چاو لێ بکەن.

سەعید لەبارەی دۆستێکی گیراوی خۆی دەدوێ کە ئەشکنجەکراوەو بە یە کجاری ئیفلیج بووە، هەروەها قوتابیەکی کچ کە ناسیویەتی لەژێر ئەشکەنجەدامردوە.

سەعید درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێ سالێک لەمەوبەر ٥٩ کەس لە شاری مەهاباد بێ لێ پرسین و دادگایی کردن ئێعدام کران. لەو پەنجاو نۆ کەسانە بیست‌و دوو کەسیان مێرمندال بوون.

سەعید دەلی: هیچ یاساو قانوونێک لە سیستمی حقوقی ئەوێدا وجودی نیە. سەعیدو بنەماڵەکەی لە هەوەڵیی مانگی ئاوریلەوە لە کامپی پەنابەرانی شاری فاگشتا دەژین. ئەوان وڵاتی خۆیانی بەو هەموو رەنج و پەژارەی کە هاو وڵاتیەکانیان هەموو رۆژێ تووشی دەبن لە پاش خۆیان بەجێ هێشتووە.

وەک سەعید ئاماژەی پێ دەکات، کوردستان لە هەوەڵیی «ئۆریەنت» هەلکەوتووەو لەنێوان پێنج وڵاتی داگیرکەردا بەشکراوە. زۆر ناخۆش و دەردناکە بکەویە نێوان دوو دەسەلاتیداری کە کێشەو ناکۆکیان هەیە. سەعید مەبەستی لەشەڕی نێوان ئێران و عێراقە .

سەعید ئاماژە بە بۆمبارانی کوردستان دەکات کە بەهۆی هەردوولایەن، واتە؛ ئێران و عێراق ئەنجام دەدرێت.

سەعید پتر لە بیست ساڵ لەنێو جووڵانەوەی حیزبێکی نهێنی دا خەباتی کردوە. ناوبراو لەژێر چاوەدێری و گیراندابووە، سەرئەنجام ناچاربووە لەگەڵ بنەماڵەکەی لە کوردستان رابکەن.

لەپرسیاری ئەوەیدا کە ئایا ئەو پێ وایە لەسوئێد دەست بەخەباتی سیاسی دەکاتەوە؟

زەردەخەنێکی بێ هیوایانەی دێتێ .

ناوبراو پاش ئەو هەموو ترس و نگەرانی و ئەزموونەی کە لە وڵاتەکەی دیتوویەتی، لەگەڵ ئەوەیدا هەست بەوە دەکری بێ هیواو ماندوە، جارێ هێشتا نازانێ کە ئایا لە سوئێد رێگای مانەوەی خۆی و بنەماڵەکەی دەدرێ یان نا؟.

**dagmar danelsson** داگمار دانێل سۆن

## ڕێکخراوێکی نابە دڵ .

دوای شەش مانگ چاوەڕوانی ئێمەش وەکوو پەنابەرانی تری وەرگیراو، وەڵامی قبوڵ بونمان هاتەوە و ئیقامەکەمان وەرگرت.
هەروەک لە بەرگی یەکەمدا باسم کردوە، لەسەر ڕاسپاردەی کاک ئەمیر یاریدەمان درا لەعێراق را بۆ سوئێد بێین. دەوروبەری مانگێک بوو لە فاگشتا بووین و دەکرێ بلێین دامەزرا بووین ئاشناو ڕۆشنا دەهاتن و سەریان دەداین. کاک ئەمیریش بەهۆی خزم بوونی لە گەڵ کاک تاهیری عەلیار لەخەڵکی پتر هاتووچۆی دەکردین و دەهاتە سەردانمان.
ڕۆژێک پێشنیاری پێکردین کۆبوونەوێکی لەگەڵ بکەین. من و کاک خالیدی عەزیزی و کاک تاهیری عەلیارو یەکدوانێکی تر لەگەڵی کۆ بووینەوە. دوای پێشەکیەکی کورت گوتی ئایا ئێوە دەتانەوێ و حەز دەکەن شتێکی سیاسی دروست کەین و خۆمانی پێوە خەریک کەین پەسیونەبین؟ یان دروست کردنی شتێکی ئاوا ئیمکانی نیەو نابێ.
من بەش بەحاڵی خۆم پێشنیارەکەیم پێ باش بوو. ئەوەی لە بیرم بێ کاک خالید عەزیزی بە هێندێک ئیستدلالەوە پێی وابوو جارێ

ماندومان نەحەساوەتەوەو هێندێک زووەو دەبێ پتری بیر لێ بکەینەوە.
من پێک هاتنی شتێکی سیاسیم پێ خۆش بوو پێشوازیم لە پێشنیارەکەی کرد. کە چی زۆر زوو بۆم دەرکەوت کە بەراستی ئەو وەلامەی داومەتەوە نەک هەر پەلە کردنێکی بێ جێ بووە، بەلکوو بۆ داهاتووش هەلەیەکی گەورەم کردوە.
عەیبی گەورەی کورد ئەوەیە کە کاتێک تووشی هەلە دەبێت پێی شەرمەو رووی نیە پێ لە هەلەی خۆی بنێ و بە خاوەن مەتلەب بلێ: هەلەم کردووەو پەشیمانم.
منیش لەو شەرمەحزوریەدا گیرکردبوو نەم دەزانی چ بکەم.
رۆژێک کاک ئەمیر نوسراوێکی دەست نووسی سادەو ساکارو بێ ناوەرۆکی وەک گەلالەی پرۆگرام و پێڕەوی ڕێکخراوێک هێنابوو چاوی لێ بکەین و نەزەری لەسەر بدەین. دوای هێندێک وتوو وێژ پێشنیارم پێکرد بنێردرێتەوە بۆ کوردستانی عێراق و لەوێ ئەو برادەرو ئاشنایانەی لەوێن بیخوێننەوەو نەزەری لەسەر بدەن، ئێمەش برێکی بیر لێ دەکەینەوە لەگەل ئەو بۆ چوون و نەزەرانەی کە دێتەوە تێکەلی دەکەین و شتێکی لێ ساز دەکەین. حەوتوێک یان دوو حەوتووی پتر پێ نەچوو رۆژێکی کاک ئەمیر بە پرۆگرامێکی چاپکراو تەشریفیان هێنا فاگشتاو دەستمان کرد بە خوێندنەوە.
ئەوەندەی پێشتر لەپەلەکردنەکەی خۆم نارەحەت و وەرەز بووم، بە چاپکردنی ئەو پرۆگرامە پڕ لە کەم و کوڕی و بێ ناوەرۆکەش ، دە ئەوەندەی دیکە نارەحەت بووم. ئەو نارحەتیانەی باسیان دەکەم لەبەر پەلەکردن و زوو دەر بڕینی ڕوانگەی خۆم بوو کە تێکەوتبووم

وەک خوم لێ نەدەهاتەوە.
کورد گۆتەنی « شەیتان پەلەی کرد چاوی خۆی کوێرکرد»
بەپەلە، دەر برینی روانگەی هەڵە هەرئەوەی لێ شین‌دەبێتەوە.
دوای نیو سەعات خوێندنەوەی پرۆگرامەکە، بە حزوری کاک تاهیر پێم گوت: ئەو پرۆگرامەکەم وکووڕی زۆرە و تاکتیک و ستراتێژیک لەو بەرنا مەدا دیاری نەکراوەو ناچێتە مێشکی منەوە. هەروەها پێم گوت: نازانم بۆچی نەت‌ناردۆتەوە بۆکوردستان؟ چ زوو ئاوا دەست بەجێ چاپکرا !؟ بەڵام قسەی نەرمی کاک ئەمیر ئەوەبوو:
- ئێمە حیزبێکی ئاوامان دروست نەکردوە کە ئەگەر پرۆگرامەکەی کەم وکوری هەبێت چاری نەیەو بکەوینە بن بەست، باجارێ ئەوەمان هەبێت دوایی کە زۆر بووین کۆبوونەوێک دەکەین چمان پێ خۆش بوو وا دەکەین‌و وا دەنووسین و . . .
لە کوردەواری دا بە چەند قسەو قسەڵۆک بەشتی زۆر گرینگ کۆتایی دێنن و بەچەند وشەی کوردانە بێ ئەوەی گرێ پوچکەکە بکاتەوە حەل دەبێ. بەڵام بۆ من شتێک نەبوو ئاوا بە هاسانی حەل بێ. سەرە ڕای ئەوەی پرۆگرامەکە ناپوختەو پڕ لە کەم و کووری بوو، بۆخۆشمان لە باری بیرو بۆچوونی سیاسیەوە زۆر لێک دوور بووین. کاتێک دەهاتینە سەر بیرو باوەڕ کاک ئەمیر دەیگوت؛ پێویست ناکا ئێمە وەک یەک بیر بکەینەوە، ڕێکخراوی ئێمە نێوی «بەرەی یەکگرتووی دێموکراتی کوردستانە» وەکوو بەرە لەگەڵ یەک کار دەکەین تا کۆنگرەیەک دەگرین و دوایی شتێکی لێ دێتەدەر.
ئەوەی ڕاستی بێ، لەبەر ئەوەی بڕوام بەو شتە ناروونە، نەبوو ئەو گوتانە منی رازی نەدەکرد. من هەرلە قەدەمی هەوەڵەوە لە پاشە کشێ

بووم، بەڵام شەرمێونی وکەم روویی ڕێگەی نەدەدام بە شەهامەتەوە بڵێم: کاکە من بڕوام بەو ڕێکخراوە نیەو خوا حافیزتان بێ.
کار بەوەندەش ڕانەوەستا، ڕۆژێک کاک ئەمیر گوتی: با ڕۆژنامەیەک دەرخەین و بیکەین بە ئۆرگانی حیزبەکەمان. دیارە من هێندێکم بەلگەو ئیستدلال بۆ هێناوە کەڕۆژنامە کاری زۆرەو نوسەری دەوێ و لەباری سیاسیەوە دەبێ شتێکی بە ناوەرۆک و پڕمەحتەوابێ، ئێمە چوار پێنج کەسین هیچمان نوسەرنین، جارێ پەلەمەکە بابزانین چۆن دەبێ، بەڵام کاک ئەمیر لەسەر پێشنیاری خۆی پێی دادەگرت و دەیگوت: نوسین شتێکی وا زەحمەت نیە، خەریک بین فێردەبین و...
سەر ئەنجام شتێکی بە نێوی ڕۆزنامە دەرکرد، هەرچەند وەک ڕۆژنامە نەدەچوو. ئێستاش دوای ئاڵووگۆڕی نێوی پارتەکەی و گۆڕینی پرۆگرام و زیاد بوونی ئەندام لە چوارکەس ڕا بۆ زیاتر لە دە پازدە کەس و ئاڵووگۆڕی جیهانی، ڕۆژنامەکەی چوکترکردۆتەوە.
ژمارەی یەک و دوو و سێی ڕۆژنامەی ئاڵا هاتەدەر، دەکرێ بڵێم وردە وردە دەهات منیش لەبێ کاریان مەیلی کارو هەڵسووڕانم تێدا پێک بێ، یەکدو داستانی چوکم تێدا نووسی. دوایی مەقالێکم نووسی ئەویش پاش و پێش چاپکرا. پێشنیاری کارو تێکۆشانم بە دووکەس لە دۆستان کرد کە بزانم ڕوانگە و بیروڕایان لەو بارەوە چیە. ئەوەی ڕاستی بێ هاوکات لەگەڵ باسکردنەکەم، نەک هەر بوخۆم لە پێشنیارەکەم پەشیمان دەبوومەوە، هێندێکیش نارەحەت دەبووم.
ئەوکات سەرجەمی ئەندامو تەشکیلات پێنج کەس بووین، ئەوانیش کومیتەی بەڕێوەبەری بوون . واتە:
١- کاک ئەمیرقازی ٢-کاک تاهیرعەلیار٣- کاک حوسێن کوردنژاد

٤- کاک حوسێنی سەعیدی. بۆخۆم سەعید کاوە.
کاتێک بیرو ڕای ئەو برادەرانەم لە مەڕ ئەو تەشکیلاتەی خۆمان دەپرسی، بە تەشکیلاتێکی باش و بێکەم و کوڕیان دەزانی. منیش هەرچەندی لەدڵیی خۆمدا هەوڵم دەدا نەم دەتوانی وخۆم پێ فریو نە دەدرا شتێک بکەم و بۆی بجووڵێمەوە، یان بڕوام پێی بێ.
تەنانەت پێنج پەلکم بەڵگەی یارمەتی لە کاک ئەمیر وەرگرتبوو! نەلەرووم هەلات بیان فرۆشم، نە تا ئێستا داومەتەوە بەخۆی.
دیارە بێ باوەڕی من بەو تەشکیلاتە شتێکی سروشتی بوو، و هەر دەبوو ئاواش بێ. هەلگرتنی دروشمی کوردستانی گەورە لە گەڵ قەوارەی ڕێکخراوێکی پێنج کەسی نەیدەخواردەوە، مەگەر مرۆڤ بەخیاڵات خۆی فریو بدات، دەنا لەباری پراتیکیشەوە ئەو درۆشمە شتێکی نەگونجاوە. ئێمە پێنج کەسی کوردستانی ڕۆژهەلات بووین، دوائی کاک ئەمیر برادەرێکی کوردستانی باشووری بە نێوی کاک زەکی دیتبۆوەو پێمانەوە زیاد ببوو. پارچەکانی تری کوردستان تائەو کاتی من لەگەلیان بووم نوێنەریان نەبوو. خۆڕەنگبێ بەشەکانی تر نوێنەریشیان لەڕێکخراوە یەکی ئاوادا نەش بێ، ببێ و بشێ بڕیار لەسەر بەشەکانی تر بدرێ و تەمایان بۆ بگیرێ! چونکە گرینگ نیە ئەو بەشەی نوێنەری نیە، با چەندین میلیۆنیش بێ، دەکرێ ئەو پێنج کەسە بڕیاریان بوبدات ؟! کاری ڕۆژانە بچێتە پێش کێ بەکێ یە! کورد لەوکارانە دەکات هەر بۆیە واکاری لە پێشە!.
بەکورتی وەک کوردە ناموسی تێکەوتبووم و لەرووم نەدەهات بەڕاشکاوی بڵێم: کاکە بڕوام پێ نیەو لەگەلتان نیم. ئەوانیش جارێک نەیان دەگوت کارێک بکەو ئەرکێک وەستۆی خۆت بگرە،

بەڕاستی ئەو هەموو لەسەرەخوییەیی ئەوان ڕێگەی هەموو پێشیارێکی منی گرتبوو، تەنانەت جاری وا بووبیرم دەکردەوەو پێم وابوو هەمووشتێک تەواو بووە، ئیتر پێویست ناکا لەخۆ ڕا بەرۆکیان بگرم و بڵێم لەگەڵتان نیم.

رۆژێک کاک کەریم حیسامی پێیگوتم:

"تۆهەردەڵێی لەگەڵ ئەو جەماعەتە نیم وکاری تەشکیلاتی ناکەم"

کەچی دوێنێ لەگەڵ کاک حوسێنی کورد نیژاد لە شوێنێک دانیشت بووم، پێم گوت: هەرچەند رۆژنامەکەتان شتێکی بێ ناوەرۆکە هیچی تێدا نیە، لانی کەم دەکرێ لەنوسینی کوردیداکارێکی وابکەن برێک باش بێ، پڕە لە غەڵەتو پەڵەت.

کاک حوسێنی کوردنیژاد وەلامی مندا دەڵێی؛

ـ کاک کەریم بۆخۆت دەزانی من کوردی نازانم ، سەعیدکوێستانی چاو لە نوسراوەو مەقالەکان دەکاتو ئیسلاحیان دەکات!

کاتێک کاک کەریم ئەوەی بۆ گێڕامەوە، زۆرم پێ ناخۆش بوو چونکە وانەبوو، نەک هەر ئیسلاحکردنی نووسراوەی کاک حوسێن، بەڵکوو شتی ئاوا هەرگیز نەبووە. بۆیەش دەزانم شتی وانەبووە چونکە جارێکی کاک تاهیری عەلیار شتێکی لەسەرکۆماری مەهابادو سوفیەت نوسیبوو بۆی نارد بووم چاوی لێ بکەم. منیش زمانم سوتا لە روانگەی خۆمەوە ئیشارەم بە یەک دوو شوێن کرد بوو کەوانیە. کاک تاهیرئەوەی بەرەخنێکی زۆرگەورە وەرگرتبوو، زۆر تووڕە ببوو، تەنانەت باشی نەدەدواندم.

بەڕاستی پێم ناخۆش بووکاک تاهیرلەمن قەڵس بێ، دووجارم داوای لێ بووردن لێکرد لەوەی ڕەخنەم لە نوسراوەکەی گرتووە، بەلام

بەداخەوە ئەو دۆستایەتی و نیزیکیەی لەگەڵ یەکتر هەمان بوو، لەگرێژەنە چوو نەهاتەوە جێگای خۆی.
جا بۆیە دەزانم ئەوەی کاک حوسێن بەکاک کەریمی گوتبوو، ئاوا نەبوو. ئیتر دوای بیستنی ئەو شتە لە کاک کەریم تەمای خۆم گرتوو بڕیاری خۆم دا کە دوورکەوتنەوەی خۆم بەیەکجاری لە برادەرانە ڕابگەیەنم و پێیان بڵێم: لەگەڵیان نیم.
لە وێڕا نێوانمان نەماو بوو بەهۆی پێک هاتنی هێندێک ساردی و سڕی لە نێوانماندا. پێم وایە کاک ئەمیرکە ماوەیەک کەسی بۆساز نەدەبوو، وای بیر دەکردەوە کە ڕەنگبێ من بەرهەڵستی کاریان دەکەم یان لە دژیان دەدوێم وکارشکێنیان دەکەم.
ناوبراو لەو لاولا بە دژی من دەدواو شتی نەبووی لەزمانی ئینسانی خوارو ناسالح بۆ ساز دەکردم دەرخواردی ئەم و ئەوی دەدا. کاک ئەمیر قەت نایەوێ ڕاستەو ڕاست بڵێ فلانکەس ئاوایەو ئەوعەیبەی هەیە. کاتێ باسی یەکی بە خراپ بکات، بۆ وێنە دەڵێ:
- بەداخەوە بیستوومە، دەڵێن فلانکەس ئاوایە، هیوادارم وا نەبێ!؟
واتە، بەپڕوپاگاندو شایعەسازی دەستی خۆی دەوەشێنێ. هەرکاتێک مرۆڤ بیەوێ بەچاوی دا داتەوە، لە وەڵامدا دەڵێ: ئەو شتەم لە لاوە بیستبوو، زۆریشم پێم ناخۆش‌بوو، من پرسیم بزانم مەسەلە چیە و دەڵێن چی؟ دەنا من هەرگیزبۆخۆم پێم وانیە. . .
دیارە هەر کەس‌و هەر مرۆڤێک خوو و خدەی تایبەتی خۆی هەیەو هێندێک کەس نایەوێ ڕاست‌و ڕەوان قسەی نێو دڵیی خۆی بکات، ڕەنگبی برێ زەحمەت بێ و هەموو کەس نەتوانێ و ئەو غیرەتەی نەبێ ڕاست‌و ڕەوان وتەی نێو دلیی خۆی برێژێ.

بەهەر حاڵ بڵاو کردنەوەی درۆ و دەلەسەو شایعەسازی وەک خانووی بێ بناغە وایەو زۆری پێناچێ دەرووخێ، بە تایبەتی لە سوئێد شایعەساز، زوو پەتەی دەکەوێتە سەر ئاو.
بەکورتی؛ قسەو باسو گرژیو لێک هەڵبەزینەوە لە ئوروپا لەسەرشتی زۆر بچوک پێک دێ، ڕەنگبی زۆربەشێ لەسەر بیرو بۆچوون بێت، دەنا شتێکی دیکە لەگۆڕێدا نیە کە لەگەڵ یەکتری لەسەری تێک چن.
ئەوکاتەی من هاتمە سوئێد گۆڤارێک لە شاری ستۆکۆڵم بەنێوی ماموستای کورد لە لایەن کاک فەرهاد شاکەلی خەلکی کوردستانی باشوور دەردەچوو، ڕۆژنامەیەکیش بە نێوی **سەردەمی نوێ** ژمارەی هەوەڵیی لە لایەن هێندێک برادەری کوردستانی ڕۆژهەلات دەرچوو بوو. دوای چەند ژمارەیەک کاک کەریم حیسامی لەگەڵ دۆستو هاوڕێکانی پساندی و لەگەڵ یەکدو برادەری خۆی بە نێوی دەستەی نوسەران مانگی جارێک ڕۆژنامەی سەردەمی نوێی دەر دەکرد.
**سەردەمی نوێ** ڕۆژنامەیەکی باشو پڕ مەحتەوابوو.
کاتێ باسی گۆڤاری ماموستای کوردو ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ دەکەم، مەبەستم ئەوەیە تەنانەت ئەوانیش بە نووسەرو سەر نووسەرەوە لەگەڵ یەکتری نێوان ناخۆشیو دژایەتیان هەبوو. جاروباریش بە نووسین هێندێک شتی ناحەزی دژ بەیەک، لەسەر یەکتریان دەنووسیو دژایەتی یەکتریان دەکرد. دیارە ناتەبایی ئەوانیش لەسەرشتێکی سادە نەبوو، بەلکوو هۆی دژایەتیان دەگەڕاوە سەربیرو باوەڕی سیاسی و دوو بۆچوونی تایبەتی.
بەکورتی پەنابەرانی کورد لە ئوروپا بەگشتی لە گەڵ یەکتری سارد

بوون‌وساردن. هۆیەکەشی پتردەگەڕێتەوە سەر ئەوەی لە کاتی خۆی لە چەندین پارت‌و گروپ‌و ڕێکخراوی جۆراو جۆردا کاریان کردوەو بیرو ڕایان لەگەڵ یەکتری نایخوانەوە. ئێمەی کوردیش ئەوەندە دێموکرات نین بو ڕای کەسێکی تررێزدانێین‌و گوێ بگرین.
هاوبیرنەبوون‌وگوێ ڕایەڵیی یەکتر نەکردن‌و، وەک دێموکڕات بیر نەکردنەوە بۆتە هۆی ساردی‌و سڕی‌و، هەرکەس لە گەڵ هاوبیرو ئاشناو دۆست‌وناسیاوی خۆی تێکەڵاوی هەیەو لێک دەهاڵێن.
لە سالی ٨٨ بەدواوە هەروەها ڕاوەستانی شەری رژیمی ئێران و عێراق ناهومێدی بالی ڕەشی بەسەر پەنابەراندا کێشاو لەکوردستان هێزەکان بەرەو لاواز بوون دەڕۆیشتن. تەنانەت لەوکاتیشدا رێبەرانی پارت‌و رێکخراوەکان کارێکی وایان نەکرد کە لانی کەم بۆخۆیان لێک نیزیک بنەوە. سەرەڕای ئەوەی دەیانزانی دوو دەولەتی دژ بەکورد، بەڕاوەستانی شەری ئێران و عێراق لە کورد وەردەسووڕێنەوە، بەلام لەگەڵ ئەو زانین‌و زانیارانەش کاری بنەڕەتی کە نیزیک بوونەوەو یەکێتی نێوان خۆیان بوو نەیان کرد. هەر ئەو دەولەتانەش‌بوون دژی یەکتری یارمەتی چەکوو چۆڵ‌و مادیان بەکوردەکان دەکردو لە بنەوەش لە دژی یەکتری هانیان دەدان‌و نەیان دەهێشت لە بیری بەرنامەو پلانێکی یەکگرتوو دابن بۆ رۆژی تەنگانەی خۆیان.
لەلایەکی تریشەوە دوژمنەکان رۆژ لەگەڵ رۆژ پتر بەرنامەی پیلانگێرِیان دژ بە کورد بۆباش بوونی دوا رۆژی خۆیان دادەرشت.
هەر وەکوو دیتمان دوای قەراردادی ڕاوەستانی شەڕ کە دەهات کۆتایی بە تەقەو ڕاوەستانی شۆرش بێت‌و ئاشبەتالێکی تر پێک بێ، کە سەدام حوسێن خۆی لێ گۆڕاو دەستی بەسەر کوێت داگرت. بە

کورتی هەرچەندی لە کوردستان جوولانەوە لاوازتردەبوو، بەو پێ یەش لە نێو پەنابەرانی کورد لە ئوروپا ناهومێدی پتر دەبوو.
ئەو بێ هیوایی و ناهومێدیە پەنابەرانی کوردی لەدەرەوە ئازار دەدا. بە راستی ساڵەکانی ٨٨ و ٨٩ لەوساڵە ناخۆش وخەمینە پڕ ئێش و ئۆفانەن کە بە ساڵی بێ هیواو ناهومێدی دەژمێردرێن.
بەبیستنی ئاوربەسی نێوان ئێران و عێراق و هەروەها ڕاوەستانی تەقەی پێشمەرگە بەهۆی ڕێککەوتنی ئەوان و کۆتایی یارمەتی دراوی و کەرەسەی شەڕ لەلایەن دوودەوڵەتی هاندەر، کە تا ئەوکات بۆبەرژەوەندی خۆیان دەبوو ئەو یارمەتیە بدرێ، بەڵام کاتێک بە نیازی چەپەڵیی خۆیان گەیشتن و لەشەڕ ماندوو بوون، چاوێک بە بەرژەوەندی خۆیاندا دەخشێنن و بێ یەک و دوو لێکردن و بیرکردنەوە لە بەڵێنی خۆیان پاشگەز دەبنەوەو، پێ لە بەرژەوەندی کورد دەخەن.
ئیتر ئەوکات وەختی ئەوەیە بانگیان بکەن و کۆتایی پێهاتنی شەڕی کوردستانیان پێڕابگەیەنن و چەکەکانیان پێدانێن و ئەو شوێنانەی کە نێویان لێ ناوە سنوور بەجێیان بێڵن و بارو بنەی بنکەکانی شۆرش تێگ نێن. لایەنێک بچنە شارەکانی «حیلەو رومادیە» لایەنی تریش بچن لە «کرمان و کەرەج » نیشتەجێ بن.
دیارە ئەزموونی ئاشبەتاڵ پێکردن و ناردنی کادروپێشمەرگە بەرەو ئەو شارانەی باسکران، جاری هەوەڵ نیە، بەڵکوو پێشتریش چەندین جاری ترکوردیان تووشی دەردە سەری وکارەساتی وا کردوە پەندو ئەزموونی لێ وەرنەگیراوە.
ئەگەر پێ لە راستی بنێین؛ لە هەموو سەر هەڵدانەکاندا ناچاری و دەست تەنگی و ڕۆژ ڕەشی ڕاپەریوانی کوردی تووشی تاقی کاری و

دوپات و سێ پات کردنەوەی خۆبەستنەوەی بە دەوڵەتانی داگیرکەر کردوە، سەرئەنجامیشی هەر «حولەمەرەسێ وەرەوەسەرسێ» بووە. گەلی کورد، بەتایبەتی پارت و رێکخراوەکانی کوردستان لەو بارەوە ئەزمونیان هەیەو ئەو شتەیان باش بۆ دەرکەوتوەو دەزانن و هیچ شک وگومانیان لەوە دا نیە کە هەرکاتێک حکومەتەکانی داگیرکەر ئیرادەیان کردوە شۆرش کۆتایی پێهاتووە. ئێستاش رۆژێک لەرۆژان بەرژەوەندی دوژمنان وا بخوازێ ئاشبەتاڵیان لە پێشەوەدەبێ چەک و چۆڵ وکەرەسەکانی شەڕ دانێن و دەستوری ئەو حکومەتە ناوەندیەی کە لە رۆژی هەوەڵەوە خۆیان پێوە بەستۆتەوە بێ قەیدوشەرت و ئەو لاولاو بەجێ بێنن.

رەنگبێ ئەو پرسیارە بێتە پێش و بپرسن: ئەگەر ئاوا لێیان روونەو دەزانن، بۆچی لەهەوەڵەوە وا دەکەن، یابۆ تەسلیم دەبن !؟

پیشتر دووپات بوونەوەی ئەزموون و هەڵەکان و هەروەها سەرهەڵدان و هەلگیرسانی شۆرشەکان باسکراو گوتمان ؛ نەتەوەی ژێردەستی دەست بەسەرداگیراو، زوڵم و زۆری دوژمنانە ناچاریان بەڕاپەرین دەکات و بۆبەرگری لە خویان دەست بۆ چەک دەبەن. دیارە بۆهەموو کەس روونە، کە هەرکورد وانیە، بەلکوو ئەو جۆرە کارو ڕاپەرینانە لە سەرا سەری جیهان بومیلەتانی ژێر دەست، شتێکی سروشتی یە. ئاشکرایە کە هەشتا لەسەد لەو شۆرشانەی کەڕا پەرینمان دیوە، دوژمنان بەسەرکوردیاندا سەپاندوەو هەرکاتێک بەمەبەستی تایبەتی خۆیان گەیشتون، بەهاسانی ئاش بەتاڵیان پێکردون و دەستیان پێ لەشۆرش هەلگرتوون.

هەر وەک گوتمان کورد گەلێکی زوڵم لێکراوەو لەهەر هەل و

دەرفەتێکدا کە بۆی هەلکەوتبێ لە دوژمنی سەردەستی خۆی ڕاپەڕێوە و بۆدەست وەشاندنی خۆی لەدوژمن، لە کەرەسەی دوژمنی تری دراوسێ کەلکی وەرگرتووەو یارمەتی دراویشی بۆخواردەمەنی و بەرێوە بردنی شۆرش لەو شوێنە وەرگرتووە، بێ ئەوەی بیر لەدوا ڕۆژی داهاتوو بکاتەوە.

دوژمنانی کوردیش کەنگێ بە مەبەستو قازانجو بەر ژەوەندی خۆیان گەیشتون شەرو شۆرشیان ڕا گرتووەو لەو یارمەتی و پشتیوانیەی کە بو سوودی خۆیان کردویانە، دەستیان هەلگرتووە. دەستکەوتی کوردیش لەو نێوەدا، وێڕای قوربانی دانێکی زۆر و ماڵوێرانیو لەدەستدانی کارو کەسپوخوێندنو ئاوارە بوونو نەمان و تێک چوونی هەزاران بنەماڵەو لەدەستدانی هەستونیستی ژیان، دوایەش بە هەناسەساردیو ڕەنج بەخەساریچوونەتەوە دۆخی پێشووی خویانو بڕێکیش خراپتر.

ئەو چارەڕەشیەی باسم کرد، دوژمنان بەرنامەرێژیەکی وایان بۆ کورد کردوە، دوای ئەو هەموو فرتو فێڵو هەرەس پێهێنانەش کورد ڕابردوی خۆی لەبیر نەمێنێو ئاگاداری مێژووی خۆی نەبێو لە هەڵەو بەد بەختیەکانی ڕابردوی خۆیئەزمون وەرنەگرێتو هەمیشە وەک نەتەوەیەکی مێژوو لە بیرچوو بمێنیتەوە.

دوای ئەو بەزمو ڕزمو هەراو بەسەرهاتە، پاش ماوێەکی کەم لەشوێنێکی ترو گوشەیەکی تری کوردستان جارێکیترو بەشێوەیەکیتر ئەو هەڵلاو بەزمەی باسمان کرد هەلایساوەتەوەو بەنێوی شۆرشی کورد چەندین ساڵیتر شتە دوپاتکراوەکانی پێشوو درێژەیان بووە.

سەیر ئەوەیە! ڕێبەرایەتی هەر شۆڕشێکی نوێ، ڕێبەرایەتی شۆڕشی پێشوو بەکەم کاریو هەڵەکاری ڕەخنە دەکاو پێی وایە ئەو دوژمنی نەناسیوە، یان ئەو دوژمنەی کە ئێستا بەدرۆ یارمەتی دەکات لە گەل دوژمنی سەردەمی پێشوو جیاوازەو فێڵیی ناکات. یان بۆخۆی زیرەکترەو دوژمن ناتوانێ فێڵیی لێ بکا !

من بەش بەحاڵیی خۆم تائێستا چوار شۆڕشم لە کوردستان دیوە، واتە: شۆڕشی ئەیلوولی مستەفا بارزانی لە باشوور، شۆڕشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەلات، شورشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەباشوور، شۆڕشی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکوور. وێرای ئەوەی هەرکام لەوانە شۆڕش و ڕێبەرایەتی کردنی خۆی لەوی ترپێ ڕاست و دروست ترە، بەقسەی دوژمنان دژایەتی لە گەڵ یەکتر دەکەنو کەوتوونەتە گیانی یەکترو کوردی هەژار پێکتربەکوشت دەدەن و خویانی پێ لاواز دەکەن. لەکاتی قسەو تەبلیغات کردن بۆ بەرگری لە خۆیان، خۆ ( ئەبرئە ) دەکەن و لایەنی تری کوردی ڕکەبەری خۆیان وەک تاوانبار بەم و بەو دەناسێنن. ئەوەندەی لە بیرمەو دەزانم و لەو ژیانە کورتەی خۆمدا دیومە، هەمیشە دوژمنەکانمان پێکتریان بەشەڕ داوینو نەیان هێشتووە خوێنی پێشمەرگەی شۆڕش وشک بێتەوە، بەزمێکی دیکەیان بۆساز کردوین و کارێکی دیکەیان پێکردوین. جگە لەوەش بۆخۆمان لەو بارەوە پتر سوچدارین کە بەقسەی ئەوان بەگژ یەکتریدا چووینو شۆڕشەکەی خۆمان پێ لاواز کردوە. پێم وایە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی دواکەوتوویی و خۆ بەزلزانین خۆمان.

بۆ وێنە: - شەڕی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و

کۆمەڵە، لە ڕۆژهەلات. شەڕی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان. شەڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان ... هتد .
ئەو شەڕو کوشتارو تێک هەڵچوونانە نیشانەی ئەوەن کە لە ڕابردوو ئەزموون وەرنەگیراوە و هەڵە مێژوویەکان دووپات و سێ پات دەکرێنەوە. یان دەبێ بڵێین: ڕێبەری حیزبە سیاسیەکان گوێ لەمستی بێ ئەو لاو لان و بە هاندانی دوژمنانی داگیرکەر هەڵدەسووڕێن. یان بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و سەرخستنی قسەو بیرو ڕای خۆیان دلیان بەکەس ناسووتێ و کورو براو خزم و ئەم و ئەو پێکتر بە کوشت دەدەن!؟ لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە: کاتێک لاوازن، دۆست و برای گیانین و لەگەڵ یەکترئەوەندە تەبان، مویان لەبەینیەوە ناچێ! هەرکەهێزو توانایەکیان هاتەبەر شتێک بەشتێک بکەن ، دەکەونە گیانی یەکترو وەک دوو دوژمنی سەرسەخت تێک بەر دەبن!؟
مرۆڤ لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ڕووداوەکاندا بەوە دەگا کە تا مەترسی بۆ دوژمن پێک نەهاتووە ئەوە لە گەڵ یەکتری باشن و دژی براکوژی و خوێن ڕێژین ، بەڵام کاتێک هێزو قەوەتێکیان گرت و توانایەکیان پەیداکرد، دوژمن پیلان ڕێک دەخات و لە دژی یەک هانیان دەدا تا دەست لێکتر بوەشێنن تا سەرگەرم و لاواز بکات و پتر لێک دوور بکەونەوەو لە خۆیان نیزیکتر کەنەوە، بۆئەوەی ئەمنیەتی پتربۆدوژمن پێک بێ و باشتر کڵاوی خاترجەمی وەبن سەری خۆیان بدەن و لە هەموو بارێکەوە ئاسوودەخاتر بژین.

## بێ کەسی مرۆڤ دەبزێوێ.

دێمەوە سەر شوێنی خۆمو درێژە بە بیرەوەریەکانم دەدەم. بەکورتی دەتوانم بڵێم؛ بەتەواو بوونی شەڕی نێوان ئێرانو عێراق، شۆرش لەکوردستانی رۆژهەلاتو کوردستانی باشوربەرەو هیوای لاوازی دەچوو، کە می مابوو کۆتایی پێ بهێنرێ. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، لەو سەرو بەندە دا بەپێ قەراردادی نێوان عێراقو ئێران، شەڕی هەشت ساڵەی نێوانیان بەرەو تەواو بوون دەرۆیشت . شۆرشی چەکداری حیزبو رێکخراوەکانیش بەرەو لاوازبوون و وردە وردە مەیدانیان لێ تەنگ دەبۆوەو بە باشی هەست بەئاشبەتاڵێکی نوێ دەکراو نیگەرانی دوا رۆژێکی رەش ماتەمی هاویشتبووە سەر دڵسۆزانی گەل. لەدەرەوەش هیوایەکی کە هەبوو دەهات کۆتایی بێ. ئەو بێ هیوای‌یە پەنابەرانی لەدەرەوەی وڵات دێنا سەرئەو رایە؛ پتر لەدەوری یەکتری کۆ بنەوەو بۆخۆیان خەریکی دروست کردن و سازدانی کۆمەڵو رێکخراوی جوراو جور بن. ئێمەش چەندکەسێک لەسەر داوای کاک کەریم حیسامی لە سوئید لێکترکۆ بووینەوەو بیرو رامان لەسەر بنەمای بیری سەربەخۆیی شتێک پێکەوە بنێین و نێوێکی لەسەردانێین. کەچی بەگوێرەی پرۆگرامی ئامادە کراوی کاک کەریم ئەو جاریش ئامانجمان نەئەنگاوتو وەدوای شتێکی کەمێک لە خودموختاری باشترکەوتین. ئەو پێنج کەسەی لێک کۆ بووینەوە، بەهەلگرتنی درۆشمی فدراتیف، لە رێکەوتی ٨٩/٦/٣٠

زاینی دا بە نهێنی دەست بەکار بوون. دوای ماوێکی کورت بە هۆی نەبوونی بیرو ڕای یەکدەستو درکاندنی ئەو نهێنیانەی کەجارێ نەدەبوایە بڵاو بکرێنەوە، هێندێکی ساردیو ناتەبایی لە نێوان دوو ئەندامدا پێک هێناو لەهەوەلین هەنگاودا لەت بووین.
دوای چەند حەوتوو زۆربەی ئەندامان لەگەڵ چەند ئەندامی نوێ، هەرلەسەر ئەو پرۆگرامە دوبارە دەست بە کار بووینەوەو خەریکی کارو تێکۆشانی خۆمان بوون. پاش ماوێکی دورو درێژکارو خەباتو تێکۆشان، وردە وردە بەوە دەگەیشتین کە جگە لەخۆبردنە پێشو خۆ بەمو بەو ناسین بەرهەمێکی بۆ بردنە پێشی کۆمەڵیی کوردەواری لێ بەدی ناکرێ. دوای چەندین سالزەحمەتو هاتوو چۆو هەر وەها دەیان دانیشتنوکۆبوونەوەو دابەشکردنی کارو پێوەندی گرتن لە گەڵ ئەم و ئەو، سەر ئەنجام بەوە گەیشتین کە ئەو ئاواتەی هەمانە، واتە خزمەت بە نەتەوەکەمان، لەدەرەوەی وڵات پێی ناگەینو ئەو تێکۆشان و ماندو بوونە، ئاکام و بەرهەمێکی شایانی باسی بۆگەلی کورد نابێ. وامان بە باش زانی ئەو ئەرکە قورسە، لانی کەم لەوچوارچێوە دیاری کراوەدا نەمێنێ و، وێڕای کاری تایبەتی خۆمان هەرکەس ئەوەندەی بۆی کرا بە نوسین و گوتەوگۆڕینەوەی بیروڕا، خۆی خەریک بکا باشتربێ.
لە هەلوومەرجێکی وەک ئێستادا، لەبەر ئەوەی خەباتو تێکۆشانێکی کە ویستی ئێمە دابین بکات نارەخسێ، باجارێ ئێمەش واز لە کاری ڕێکخراوی بێنین.
لەسەرئەو بیروڕایە لەکۆبوونەوەیەکی نهێنی خۆماندا لە٢٤ ی مانگی ئوکتۆبری١٩٩٧ زاینی بڕیارمان بە هەڵوەشانی ئەو دروستکراوە یا

ئەرێکخراوەدا کە لە نێوخۆماندا بەناوی کاتی « پارتی رزگاریخوازی کوردستان » نێو دێرکرابوو.
بۆئەوەی باشتر روون بێتەوە کە بۆو لەبەرچی پاش کارو تێکۆشانێکی زۆر، رێکخراومان هەڵوەشاندەوە؟ ئاماژە بە چەندشت.
١- نەبوونی بڕوای یەکدەست بەدرۆشمی « فدراتیف »
٢- پێداگرتن لەسەر نهێنی کاری کەببوو بەهۆی نەبوونی نوسراوێکی وەک ئۆرگان واتە رۆژنامەو گۆڤارو زۆر شتی دیکە... کە هەمومانی بەتێکڕایی بەئاکامی خوارو گەیاندبوو کە:
ئەلف- بەپێی سروشتی رێکخراوێک کەلەکوردستان لەدایک نەبووبێ و هەروا بە بیرو ڕای چەند کەسێک لەدەرەوە، پرۆگرامێک دوورلە بیروڕای دانیشتوانی نێوجەرگەی کوردستان نوسرابێ و تەئیدو پشتیوانی خەڵک لەسەر دامەزرانی نە بووبێ دروست نیە.
ب- رێکخراوێکی لەدەرەوەی کوردستان پێک بێ، دەبێ لانی کەم پەنجا کەس روناکبیری خاوەن نەزەرو ڕابردوی پاکی سیاسی بەشداریان لەکۆبوونەوەی هەوەڵدا هەبووبێ و لەسەر بناغەیەکی پتەوی قانوونی دامەزرابێ. دەنا ئەو کۆڕە لە هەموو بارێکەوە بەکەموکوڕی سیاسی و بێ ئیعتباری کۆمەلایەتی دەژمێردرێت.
ج- رێکخراوێک دەستی بە کوردستان ڕا نەگاو نەتوانێ گوێ بۆ دەردی دڵیی نیشتمان پەروەرانی کورد ڕادێرێ و هەر وەها رێکخراوێک نەتوانێ نەخشەو پلانی خۆی لە نێو وڵات لە گەڵ روناکبیرانی کورد بێنێتە گۆڕێ و لە مەموو بارێکەوە باس و وتوو وێژیان لەسەر بکات. نابێ نێوی خۆی بنێ رێکخراوی سیاسی.
د- بەپێی یاساو ئەلف و بێی سیاسی، چ بەئاشکراوچ بەنهێنی ئەگەر

مانگی جارێک ڕێکخراوی سیاسی نە توانی لە گەڵ ئورگانی خواروی خۆی پێوەندی بگرێ، بەرێکخراوێکی بی ناوەرۆک دەژمێردرێ.
بەلەبەرچاو گرتنی ئەو ئەسلانەی لەسەروو باسکران و هێدێک ڕاپەراندنی کار، تەمای خۆمان گرت و بڕیاری نیهایی خومان دا کە ئەوەی دروستمان کردوە هەڵوەشێت و ئەو کەسانەی بە هەر هۆیەکەوە نەیان توانیوە ئامادەی دوایین کۆبوونەوە بن، لەو بارەوە ئاگاداریان بکەینەوەو دواین بڕیاریاتی خۆمانیان پێ ڕابگەیەنین.
دیارە هەلوەشانەوەی ئەو رێکخراوە بە مانای لێک ترازان و واز هێنان لە دۆستایەتی یەکتر نیەو لە وانەیە زۆر لە پێشووش پێکەوە گەرمترو لێک نیزیکترببین وهاتووچۆمان گەلێک پتربێت.
ئێستا بە حیسابی رێکەوتی هەڵوەشانی رێکخراوەکەمان گەیشتوومەتە سالّی هەزارو نۆسەدو نەوەدو حەوت، و بیرەوەریەکانیش لە ساڵی هەزارو نۆ سەدو هەشتاونۆ تا نەوەد بەجێ ماون. مەبەستی منیش ئەوە بوو کەئەو باسە، واتە دروست کردن و هەڵوەشانی رێکخراوێکی کە هەشت سال درێژەی بووە، نەکرێتە دوو بەش. بەلکوو وام بە باش زانی بەکورت و موختەسەری بەئاخر بگەیەنم و جارێکی دیکە نەچمەوە سەری .

هەواڵێکی ناخۆش.

لە دەرەوە چاوەروانی ئەوەمان دەکرد کونگرەی هەشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی بێ وئاگاداری بڕیارەکان بین و بزانین باسی کۆنگرە بەکوێ گەیوەوچ ڕابردوەو ئەندامانی تازە هەلبژێردراوی کونگرە کین.

خەبەر هاتە دەرەوە کە لە کۆنگرەی هەشتمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لەسەر لیستەی فیکسی دوکتور قاسملوو ناتەبایی پێک هاتووەو بەشێک لەکادرەکانی سەرووی کۆمیتە ناوەندی دانیشتوونو هێندێکیش یان هەر ماون بەلاّم جەوێکی وا پێک هاتووە دلگەرمیان بەکارو تێکۆشان نەماوە.

دوکتور قاسملوو گوتویە: لەو لیستەیە دا نێوی ئەو کەسانە نوسراوە کەبۆخۆی دەتوانێ کاریان لەگەڵ بکات ! لە ڕاستیدا وای نواندوە کە ئەوکادرانەی پێشوو بەرپرسایەتیان لەکومیتە ناوەندیدا هەبووەو نێویان لە لیستی دوکتوردا نیە کاریان لەدەست نایەودەبێ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی لەهەموو بارێکەوە یەکدەست و هاو دەنگ بن !

لەبیرمە دوکتور قاسملووجارێکی تریش لە کۆنگرەی چواردا ئەوپێشنیارەی کرد، کە دەبێ کۆمیتەی ناوەندی لەوکەسانە پێک بێت کە بۆخۆی کاریان لەگەڵ دەکات و ئەندامەکان بەدڵیی خۆی بن، دیارە ئەوەش بە هەلبژاردنێکی دێموکراتیک ناکرێ و دەبێ بەلیستەو پاڵ پێوەنانبێت. چونکە کاتێک لیست دەدرێ، پێویست ناکا نێوی لێ بندرێ دەنگدان یا هەلبژاردن، لەبەر ئەوەی بە دەست هەلێنانێک ئەندامانی کۆمیتەناوەندی دیاری دەکرێن و کۆتایی بەگیرەو کێشەی

دەنگدان و هەڵبژاردن دێ. لەلایەکی دیکەوە، لەپێڕەودا هاتووە: کە دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرت وتەئیدکردنی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی بەرپرسایەتیان کۆتایی دێت و هەموو کەس یەکسانەو، وەک ئەندامی حیزب بە دەنگدان و ئاڵووگۆڕی بیرو ڕا دەبێ بەرپرس هەڵبژێرن وسیاسەت و پلانی داهاتوو دیاری بکەن، ئیتر کاتێک ئەو ئەسلە هەیەو پەسند دەکرێ، هیچ کەس بۆی نیە بڵێ: من کەسانێک دیاری دەکەم بتوانم کاریان لەگەڵ بکەم. ئەگەر هەڵبژاردن دێموکراتیکی بێت، کێ دەزانێ کێ هەڵدەبژێردرێت. ئەگەر دەست بادان نەبێ و سەبت و تاپۆی مەقامی سکرتێری هەتاهەتایی نەبێت، چۆن سکرتێری حیزبێک پێش هەلبژاردن ئەندامانی داهاتووی کۆمیتە ناوەندی دیاری دەکا بەقامک هەڵێنانێک دەنگیان بۆ بدرێ ؟!

لەهەموو کەس روونە هەر کاتێک سکرتێری هەرحیزبێک لەکوردستان بیهەوێ لەکۆنگرەو کونفرانسدا لیست بدات، ئەوکەسانە دەنگ دێننەوە کەلە ناو لیستی سکرتێر دان. ئەگەر نێوی ناو ئەولیستەی دەدرێ مروڤی نالاقیش بن بەمسوەگەری هەڵدەبژێردرێن.

ئەوکات زانایی و لێوەشاوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤە لایقەی کە ساڵەها زەحمەتی کێشاوەو خۆی دەپاڵێوێ پێی ڕێدەخرێت و دەبێ بچێتە کەنار، یان خواحافیزی لەڕێکخراوە بکا.

لەکۆنگرەی جارەکانی پێشوودا دوکتورقاسملوو بەو ئیستدلالانە پێشنیاری خۆی وەر دەگرتەوەو وازی دێنا، ئەوکارەی دوکتور لە کۆنگرەی چوار، بەنوسراوەی چاپکراو بلاو بۆوەو بوو بە هەرایەکی زۆرو، دەتوانم بڵێم تەئسیری خراپی بۆ دوایەش هەر مابوو. کە چی دوکتورقاسملو لەکۆنگرەی هەشت دیسان دوو پات و چەند پاتی

کردۆتەوە، بێ ئەوەی ئەزموونی لە ڕابردو وەرگرتبێ! لەسەر پلان و بۆچوونی خۆی پێی داگرتووە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەخنەو پێشنیاری نوێنەرانی کۆنگرە، لیستی خۆی بلاو کردۆتەوە.

نوێنەرانی ناڕازی ئەو شێوە دەنگدانە، لەجیاتی ئەوەی سالۆنی کۆنگرە بەجێ بێڵن، لەجێگای خۆیان دانیشتوون و زەق زەق چاویان تێبڕیون. دوکتور قاسملوو بە دەست هەڵێنانێک **٢٤** کەسی بۆ ئەندامی کۆمیتە ناوەندی خۆی! دیاری کردوەو ویستی تایبەتی خۆی پێک هێناوە. دوایش کۆتایی بەکاری کۆنگرە هێناوەو بلاوەیان لێ کردوە.

دیارە بڕیارات و پلان و کاری داهاتووی حیزب ڕۆژانی پێشتر دەنگی بۆدراوەو بەدەنگ و بڕیاری گشتی پەسند کراوە.

ئەوانەی لە لیستی دوکتورقاسملودا نەبوون، دوای ساڵەهای ساڵ زەحمەت و کوێرەوەری، بەدەست هەڵێنانێک لەبەرپرسایەتی چەک کراون و زۆر بەهاسانی وەک پووش و پەلاش وەلا نراون ؟!

ڕەنگبێ هەبن کەسانێک دەلیل و ئیستدلال بێننەوەو بڵێن چ قەیدیە با بەرپرسایەتیان نەبێ، مرۆڤ ئەگەر کوردایەتی بکات ئەواش هەر دەبێ سەرداخاو هەڵ بکات، بەڵێ ئەگەر مرۆڤ بۆخۆی نەیکا، یان لەخۆی لایق و زاناتر هەبێ ئەوە دەکرێ، بەلام ئەگەر بەهانە دەرکردن بووچی ؟ داخوا لەباری تێڕوانینی کۆمەلایەتیشەوە کەسی ئاوا هەڵدەکەوێ شتێکی ئاوای پێ قبوول بکرێت؟

مەگەر زوڵم هەر ئەوەیە بە دارو بەرچیغ وەرگەڕێنە مرۆڤ؟

یادەست بادان مانای ئەوەیە دەبێ دەست بشکێ؟

داخوا ئەورووداوەی کۆنگرە بۆئەندامانی پالێ پێوەنراو زۆر لە شکنجەی روحی ئازارو بەئێش و ئۆفتر نەبووە ؟.

مرۆڤێکی چەندین ساڵ بەرپرسایەتی سیاسی هەبووبێ، ئەو بێحورمەتیەی پێ بکرێ، داخوا دەچێتە کەنارو دەبێتە تەماشاچی ؟! ئەویش کورد بێ و لە باری کەسایەتیەوە تێک شکێنرابێ؟ پێم وایە بۆ قەرە بووکردنەوەی کەسایەتی پێ شێل کراوی هەولی خۆی دەدا.

دوای کۆنگرە، ئەندامانی کۆمیتەناوەندی کە چەند کەسێکیان بەرپرسایەتیان لە دەفتەری سیاسیدا هەبوو، واز لە کارو تێکۆشان دێنن و دەکەونە بیری کۆکردنەوەی هەواڵ وکادرو پێشمەرگەو ڕاکێشانیان لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بۆ لای خۆیان و بەهێزکردنی خۆیان. لە باری پشتیوانەی مادیش سەرنجی ڕێکخراوی مجاهدین بۆلای خۆیان ڕادەکێشن. دیارە موجاهیدینیش لە شتێکی ئاوا دەگەڕێن کە ڕۆژێک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەت و لاواز بێ و ڕێگای هاتووچۆیان بکرێتەوەو کوردستان بکەنەوە پردەبازو بە هۆی دۆستانی کورد، خۆیان بگەیەننەواوچەو بە نێوی شۆرش زگی فەقیرو هەژاری کورد بشێلن و وەک نەتەوەی سەردەست ئاغایەتی خۆیانی لەسەر کورد بکەن . ئەگەر داوای خودموختاریشیان لێکرا، زۆر بەمنەت ئەو داوا نفرین لێکراویان لێ قبوڵ بکەن، ئەویش بەقەرزی بە دەسەڵات گەیشتن،کەدەتوانم بڵێم ئەو دەسەلاتەی دەیانەوێ پێی بگەن، لە ئاواتی خودموختاری کوردان زۆر دورترو بەکیشترو نەگونجاوترە.

ئەوکاتەی کە برادەرانی ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ خەریکی جیابوونەوە بوون لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئیمە لەدەرەوە سۆزێکمان کردبوو کە لەوانەیە بێدەنگ دانەنیشن شتێک دروست کەن.

من و مەلاڕەسولی پێشنماز لە ستۆکۆلم لە مالیی کاک کەریم حسامی

بووین و بەتەلەفون پێوەندیمان لەگەڵ کاک حەسەنی ڕستگار گرت و ناوبراو گوتی؛ خەریکین لەو ڕۆژانەدا بەنێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێکۆشانی خۆمان ئاشکرا کەین و ڕای یگەیەنین.
ئێمە پێمان لەسەر ئەوە داگرت کە لەو نێوە گەرێن و کاری خۆتان بە نێوێکی دیکە بکەن باشترە و ڕەنگبێ دوورێکخراو بە نێوێک گیرو گرفت و کێشەو هەڵلای لێ پێک بێت. تەنانەت من گوتم؛ ئێشتاش لە کوردستان تفەنگی برنۆیان پێ لە هەموو چەکێک باشترە، بەڵام ئێستاچەکی زۆرباشترهەیە ئەگەر ئێوە کاری باش بکەن. واز لەنێوی حیزبی دێموکرات بێنن و بە نێوێکی دیکەش دەکرێ کار بکرێ.
دیار بوو بڕیاری خۆیان دابوو، پێشنیارەکانی ئێمە بڕیان نەکرد. ئیستدلالیان وابووکە بۆخۆیان لەوان کۆنترو بەڕابردووترن و بە حەقی خۆیانی دەزانن بەو نێوە کار بکەن. کەدواییش دیتمان ئەو حەق بە خۆدانە نەگونجاو ئەو نێوە بوو بە خوێنی سیاوەش و نەدەبڕایەوە.
بەو نێوە خۆیان ناساندو پاشکۆی ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕی وێخرا.
واتە:(حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆرشگێر)
لە ڕێکەوتی یەکی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی تێکۆشانی خۆیان ڕاگەیاندو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بوو بە دووبەش. دەکرێ بڵێین؛ لەسەرهەڵەی دەرچوون لە یاساو ئوسولی دێموکراتیک، واتە؛ لەسەر لیستەی فیکس ئەو ناکۆکیە پێک هات و بوو بەهۆی لاواز بوونی شۆرش و رشتنی خوێنێکی بە ناحەق. یان دەتوانین بڵێین: گوێ نەدان بە ڕەخنەو پێشنیاری نوێنەران و پێ داگرتن لەسەر لیستەی فیکس، ئەو وەزعەی پێک هێناو هەردوک لەتی ئەوحیزبەی تووشی ڕۆژی ڕەش کردو چەندین کەسی بێ

تاوانیش بوون بە فیدای ئەو رووداو ئاڵووگۆڕە ناخۆشە مێژووییە .
دیارە لە بەیاننامەی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دا شتی گەورەتر لەوانەی من باسیان دەکەم هاتووەو گوتراوە، کە بوونەتە هۆی ئەو لەت بوونەی کە لایەنی دووهەمی وەلانراو پێی هەستاون.
من بۆ ئەوەی لەو نێوەدا بێ لایەنی خۆم بپارێزم و شتم لێ زیادوکەم نەکردبێ، لێرەدا بە عەینی بەیاننامەی کە خویان پێ ناساندوە، شتە وتراوەکانی نێو بەیاننامەی خویان وەبیر دێنمەوە.
رەنگبێ هێندێک لە برادەران وەبیرهێنانەوەی ئاوایان پێ تاڵ و ناخۆش بێت کە دوای هەشت سالی پڕ لە زیانو زەرەر، ئێستا بۆ خۆیان پێک هاتوونەوە، بەڵام یەکێکی تر لەلاوە بەیاننامەی هەشت ساڵ لەوە پێشی لەبیرکراو، لەکتێبێکی ئاڵووگۆڕو رووداوی سیاسی دا بڵاو دەکاتەوە
من زۆرجارگوتوومەو نوسیومە، کە خۆم بە لاوەیی نازانم و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەحیزبی خۆم دەزانم و هەوڵدەدەم هێندێک شتی باش لەگەڵ هێندێک نوختەی لاوازی کە دوژمن نە توانی کەڵکی لێ وەربگرێ تۆمار بکەم و بیان هێنمە سەرکاغەز، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نەوەکانی دوا رۆژی کورد گۆشەیەکی بچوک لە ئاڵووگۆڕەکانی کوردستان بزانن و لە رووداوی مێژوویی ڕابردووی خۆیان ئاگاداربن و هێندێک لەو شتانەی باسیان دەکەم لەداهاتووی حیزبی دێموکراتدا ببن بە ئەزموون وکەڵکیان لێ وەربگیرێ.
من بڕوام وایە دەبێ ئەو گۆڕانکاریانە بنووسرێنو وەک بایەگانی بمێنن، بۆ ئەوەی هەرچی کراوەو روویداوە بە نێو قامکاندا نەروات لە بیرنەکرێت. لانی کەم با نەسلی داهاتوو بزانێ کە ئەو دوولایەنەی

ئەو هەڵە مێژوویەیان کردوە، لەسەر چی بووەو بەشی زۆری ئەوهەڵەیە لەکام لاو لەکوێڕایە. یان ئەوەی دوولایەنی ناتەباو دژ بەیەکی دوێنێ لەسەر یەکتری باسی دەکەن و ئەو زیانە گەورەیان لە گەلی کورد داوە، لە قەزاوەتدا هەرلەلایەنەی چەندی لەو زیان و تاوانە بەردەکەوێ.
یان لانیکەم با ئەزموونی لێ وەربگیرێو بەو زوانە هەڵەی ئاوا دوویات نەبێتەوەو بە قسەو قسەلۆکی بێتام دوژمنانی داگیرکەرو قین لە دڵ بەکورد خۆش نەکرێ، کە دەرکەوت ئاکامەکەی جگە لە پێک هاتنی دووبەرەکی و دژایەتی نێو خۆیی، دوولایەنی بەهەڵەچووکەوتنەژێر پرسیاری گەلو، بوو بە هۆی رەشپۆشی و پەژارەی چەند بنەماڵەش .
پاش ئەو چەرمەسەریە، بەچاوی خۆمان دیتمان دوای هەشت ساڵ جەنگی ئەحسابو خۆ لاواز کردنو کوڕی کورد بەکوشتدان و رەشپۆش کردنی کەسو کاری کوژراوانو خۆشحاڵ کردنی دوژمنان، سەر ئەنجام بەوە گەیشتن هەر دەبێ ئاشت بنەوەو پێکەوە بژینو بەتێکۆشانوخەباتی تێگرایی لە دوا رۆژ دا ئاسۆی روون و رزگاری وەدی بێننو پشتو پەنای یەکتربنو پێکەوە بژین و بمرن. بە وتەی پێشینیان (برا لە پشت برابێ مەگەر قەزا لەلای خودا بێ) بەهەرحاڵ کۆتایی بەکورتە تەعلیقو تەفسیری خوم دێنم و عەینی بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شۆرشگێر، کە دوای لەت بوون، تێکۆشانی خۆیان ئاشکرا کردوەو خۆیان پێ ناساندوە.
ئەوە بەبێ زیادوکەم بەیانەکە دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەرێز.

هاو نشتمانە بەرێزەکان.

خەلکی خەباتگێڕی کوردستان.

ئەندامان، کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

رێکخراوو حیزبە شۆرشگێرەکانی ئێران.

نۆ ساڵ لە خەباتی گەلی زۆر لێکراوی کورد دژی رژیمی کۆنە پەرستو دژی گەلی کۆماری ئیسلامی تێ دەپەڕێ. لەو ماوەیە دا بە دەیان هەزار کەس لە خەلکی کوردستان و زیاتر لە چوار هەزار کەس لە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب لە ڕیگای دیفاع لە ئازادی و دێموکراسی دا گیانیان بەخت کردوە.

لەو ماوەیەدا دەیان هەزار کەس لە رۆڵە ئازا خەباتگێرەکانی دیکەی ئێران لە خەباتی رەوای خۆیاندا دژی کۆنەپەرستی دەسەلاتدار شەهید بوون. لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا پێ بە پێی ڕەوتی خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد دوکتور قاسملو بێ سەرنجدان بە ئامانجە بەرزەکانی حیزب و بەرژەوەندیەکانی بزوتنەوەی میللی-دێموکراتیکی گەلی ئێمەو هێندێک جاریش بەدنەدانو کارتێکردنو رێنوێن یەکانی لادەرانەو راستئاژۆیانەی ئاغای سادقی شەرەفکەندی (سەعید بەدەل) هێندێک سیاسەتی لە نێو حیزبو دەرەوەی حیزبدا بەرێوەبردوە کە ئامانجی دوارۆژیان لەو سیاسەتانە، سازان لەگەڵ کۆرو کۆمەڵە ئیمپریالیستەکان و دورکەوتنەوە لە بەرەی شۆرش، چ لە ڕادەی ئێرانو کوردستانو چ لەڕادەی جیهانی دا بووە.

بە کار هێنان و درێژەدان بەو سیاسەتانە لە نێو حیزبدا لە لایەکەوە لەگەڵ ئیعترازو بەر هەڵستی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری بەدەنەی

حیزب‌و کادرە کانی پلەی سەروو و بەشێک لە ڕێبەری روو بە روو بووە. لە لایەکی دیکەوە توندتر بونی مەیلی دیکتاتۆری و دژی دێموکراتیکی لە لایەن ناوبراوانەوە بەدواە بووە.

ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە راست ئاژۆیانەی فراکسیۆنی شەرەفکەندی و قاسملوو بۆتە هۆی تەریک کەوتنەوەی نیسبی حیزب لە نێو ئۆپوزیسیۆنی شۆرشگێری ئێرانیو لە دەرەوەی ئێرانیش بۆتە کۆسپی سەر ڕێگای دامەزرانی پەیوەندی ئوسولی لەگەڵ ولاتانی سوسیالیستی. ئەم فراکسیۆنە بۆ خەفە کردنی دەنگی هەر چەشنە ئیعترازێک دژی ئەو سیاسەتە، لە هەر قۆناغێکدا بە بیانوێک دەستی کردوە بە پالأوتنی بێ جێ و بێ مانا لە نێو خۆی حیزبدا.

لە ئاکامی ئەو پالأوتنانەدا ژمارێکی بەرچاو لە ئەندامانی وشیارو خەباتگێڕ« پەسیو» بوون یا لە حیزب دەرکراون. بە شێوەیەک کە بۆ وێنە؛ لە کۆنفرانسی پێش کۆنگرەی شەشەمی حیزب ، لە کومیتەی شارستانی سەردەشت زیاتر لە سەد کادر بەشداری کۆنگرەبوون. بەلام ئێستا بێجگە لە ڕادەیەکی کەم کە ژمارەیان لە قامکی دەستان تێ ناپەرێ کەسی لێ نەماوەتەوە. زۆربەی کومیتە شارستانەکانو ئۆرگانەکانی دیکەی حیزبیش هەر وەزعێکی ئەوتۆیان هەیە.

رواڵەتێکی دیکەی رێبازی لادەرانەی ئەو فراکسێونە لە مەیلی سازشکارانەو وتوو وێژخوازانە لەگەڵ رژیمی کونەپەرستو دژی گەلی کۆماری ئیسلامی دا خۆ دەنوێنێ.

بوونی مەیلی ئاوا جار جار بۆتە هوی پێک هاتنی خوارو ژور کردن لە هەڵوێستی سیاسەی حیزب لە بەرانبەر رژیم داو لە هەرقۆناخیک دا هێندێک گومانو دوودلیی سەبارەت بە ماهیەتی کۆنەپەرستانەو

ئامانجە دزێوەکانی ئەو رژیمەی پێک هێناوە.
پێ بە پێی تێپەربوونی زەمان و ئاشکرابوونی هەرچی زیاتری ئامانجە واقیعیەکانی ئەم فراکسیۆنە و بەرزبوونەوەو پەرە گرتنی ئیعترازو بەرهەڵست کردن لەگەڵ ئەم رێبازەسیاسیەلە لایەن بەدەنەی حیزبەوە، پیلانگێرو کەین‌و بەینی ئەو فراکسیۆنەش بەر فراوانترو توندتر بووە تائەو جێ‌یەی کە بە پێچەوانەی پەیڕەوی نێوخۆی حیزب بە ئاشکرا نفوزی خۆیان لە شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ (کۆنگرەی هەشتەم) لە کۆنفرانس‌و ئۆرگانەکاندا بە کار هێناوە.
سەر ئەنجام لە کۆنگرەی هەشتەم دا هەڵسورێنەرانی ئەم فراکسیۆنە بە لە ژێر پێ نانی شێوەکانی ئاسایی‌و دێموکراتی هەلبژاردن لە نێو حیزبدا، نوێنەرانی کۆگرەیان لە مافی هەڵ بژاردن و هەلبژێرانی ئازادانە بێ بەش کرد. ئەوان بە فێل‌و تەڵەکەی جۆراوجۆر وەک تەماع وەبەر نان، بەڵێنی پلە پێدان‌بەم و بەو و هەڕەشەکردن لە هێندێک لەنوێنەران، توانیان لیستێکی( فیکس) لە کەسانێک کە پێشتر لە بەر چاو گیرابوون بەسەر نیوەی نوێنەراندا بسەپێنن‌و زیاتر لە ۴۹ لەسەدی دیکەی نوێنەران لە مافی هەڵبژاردن بێ بەش بکەن.
سەیر ئەوەیە کە ئەم شێوە بە ناو هەلبژاردنی ڕێبەرایەتیە، دوکتور قاسملوو کە بۆ خۆی ناوی«فیتنەی» لەسەر دانابوو، لە حالێکدا بەرێوە چووکە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی هەم لە پلینۆمی پێش کۆنگرەی هەشتەم، هەم لە جەرەیانی کۆنگرەدا بە هێنانەوەی بەڵگەی بەهێزو شیاو لە بەرانبەریدا ڕاوەستان‌و زۆر جار ئاکامی خراپ‌و زیان هێنەری شێوەیەکی ئەوتو لە هەلبژاردنیان دەست

نیشان کرد. دوایی هاتنی کۆنگرەی هەشتم بە هیچ جۆر بە مانای ئیعترازو دەر برینی نارەزایەتی نەبوو، چونکە دەکرێ بڵێین: دەست بەجێ دوای تەواو بوونی کۆنگرە زۆربەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و کادرو پێشمەرگەکان چ بە وتە چ بە ناردنی بڕیار نامەلەڕێگای ئۆرگانەکانی خۆیانەوە داوای پێک هاتنی کۆنگرەی ئاساییان کرد،

بەلاّم ئەگەر چی ژمارەی ئەو کەسانەزیاتر لە ڕادەی پێش بینی کراو بوو کە لە پێڕەوی نێو خۆدا بۆ پێک هێنانی کۆنگرەی ئاسایی دیاری کراوە، فڕاکسیۆنی ناوبراو گوێی پێ نەداو لە ئاکامدا بە تەواوی دەرکەوت کە ئوسوڵیی پەیڕەوی نێو خۆ لە لای ئەوانە کە بە درۆ ئیدیعای دێموکڕاسی دەکەن بە ئەندازەی پولێکی ڕەش بایەخی نیە.

بە کورتی ئەو فیتنەیەی دوکتور قاسملوو هەلیی ئاسیساند مەسەلەیەک نیە کە کۆنگرە دروست بووبێ، بەڵکوو بێ گومان ئاکامی سیاسەتو کردەوەی خۆیو دەستو پەیوەندەکانی لە ساڵانی ڕابردوو دابوو. لەو ماوەیەدا ئەوان بە برەو پێدانی شێوەی فەرد پەرستی، باند بازیو دەسیسە بەندی، پێک هێنانی ڕایەڵەی جاسوسیو دوزمانی، تیرۆری شەخسیەتو پەرەدان بە دەنگۆ دژی مخالفان، شکاندنی بەردەوامی ئوسوڵیی پێڕەوی نێو خۆ، پێ شێل کردنی دێموکراسی و دامەزراندنی دیکتاتۆری نێوحیزب، سەر کوت کردنی عاتفەی ئینسانی لە ڕووبەڕوو بوون لە گەل ئەندامان، کادرەکان، پێشمەرگەکان، هاندانی مەیلی کۆنەپەرستانەو ڕەد کردنەوەی ئوسولو بایەخەکانی پێشکەوتووخوازانەو . . . هتد وەزعیکی ئەوتۆیان پێک هێنا کە حیزبی ئێمەیان خستە مەترسی لێک هەلوەشان.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ڕاستیانە و بە هەست بە بەر پرسایەتی کردن لە بەرانبەرجولانەوەی گەلی کورد و ئامانجی حیزب ( دێموکراسی بۆ ئێران و خود موختاری بۆ کوردستان) دا کە هەزاران ڕۆڵەی فیداکاری گەلەکەمان بۆ وەدەست هێنانی گیانیان فیدا کردوە.

ئێمە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ئەندامانی ئەسلی، جێگرو مشاویری کۆنیتە ناوەندی، لەگەڵ « وەلانانی فراکسیۆنی شەرەفکەندی۔ قاسملوو» ئەو ئەسڵانەی خوارەوە وەک ڕێبازی بنەڕەتی سیاسەتەکانی حیزب ڕادەگەیەنین. ئەو ئەسڵانە کە بە هۆی کردەوەی چەوتی فراکسیۆنی ناوبراو زۆر جارو لە زۆر بارەوە دەست کاری و پێ شێل کراون. پشتیوانی بێ دریغی هەموو ئەندامان، کادرو پێشمەرگەقارەمانەکانی حیزب و هەروەها پشتیوانی هەمو حیزب و ڕێکخراوەشۆرشگێڕەکان و هەموو ئەو کەسانەی دڵیان بۆ ئازادی و دێموکراسیێ لێدەدا، سەرکەوتنی ئێمە لەگەیشتن بەو ئامانجانەو وەدی هێنانی ئەو ئەسڵانەدا خێراتر دەکات.

١۔ دارشتنەوەی بناغەکانی ئوسولی دژی ئیمپریالیستی لەنێو حیزبدا. وەلانانی سیاسەت و مانۆڕەکانی سازشکارانەو ڕاست ئاوەژویانەی فراکسیۆنی شەرەفکەندی۔ قاسملوو لە سازان لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵە ئیمپریالیستی یەکان و ئوپوزسیۆنی دژی شورش بە ستراوە بە وان.

٢۔ تێکۆشان بۆ دامەزراندنی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ ولاتانی سوسیالیستی و پیشکەوتوخواز ، هاو پێوەندی لەگەڵ جولانەوە رزگاریخوازیە نیشتمانیەکان.

٣۔ پێ داگرتن لەسەر درێژەدان و پەرەپێدانی خەباتی چەکدارانەو، ڕەد کردنەوەی سیاسەتی سازشکارانەو وتوو وێژ خوازانە لە بەرانبەر

رژیمی کۆماری ئیسلامی دا، سیاسەتێک کە بێجگە لە پێک هێنانی گومان و دوودڵیی سەبارەت بە ماهیەتی رژیم ئاکامێکی نەبووە.
۴ـ پشتیوانی لە تێکۆشانی نێو نەتەوەیی بۆ کۆتایی هێنان بە شەری ماڵ وێرانکەری ئێران و عێراق و دامەزرانی ئاشتی لە نێوان دوو وڵاتدا لەسەر بناغەی بریارنامەی ۵۹۸ی ئەنجومەنی ئاسایش.
۵ـ هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئاڵۆزی (تشنج زدایی) نێوان حیزب و رێکخراوەکانی خەباتگێرو دێموکرات و شۆرشگێر لە رادەی ئێران و کوردستاندا. تێکۆشان بۆپێک هێنانی پێوەندی دۆستانەو هاوکاری لەگەڵ ئۆپوزسیۆنی شورشگێرلەسەر بناغەی رێز گرتنی بەرابەر بە مەبەستی هەرچی باشتر بوونی جولانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد و پتەو بوونی پێوەندی ئەو جولانەوەیە لە گەڵ خەباتی سەرانسەری بۆ رووخاندنی رژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی رژیمێکی دێموکراتیک لەئێراندا.
٦ـ لابردنی هێندێک مەبەست و مەوزوعی لادەرانەو کۆنەپەرستانە کە بە هۆی مەیل و بیرو باوەری غەیرە دێموکراتیکی ئەو فراکسیۆنە خراوەتە نێو بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی حیزب.
٧ـ گەرانەوەی ئوسول و بایەخە دێموکراتیکەکان بۆ نێو ئورگانە جۆراوجورەکانی حیزب، لەبەرچاوگرتنی مافەکان و پاراستنی پریستیژی سیاسی کۆمەلایەتی ئەندامان و پارێزگاری کردن لە دێموکراسی، هەم لە نێوخوی حیزب و هەم لەدەرەوەی حیزب.
٨ـ لابردنی ئاینی شەخسیەت پەرستی، خەبات دژی دیکتاتۆری و کۆبوونەوەی دەسەلاتی تاکەکەسی.
٩ـ هەوڵدان بۆ وەرگرتنەوەی دوبارەی ئەو ئەندام و کادرو

پێشمەرگانە کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی ئەو فراکسیۆنە لە حیزب دەرکراون، یان پاسیو،بوون. ئەو ئەسڵە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خیانەت یا جینایەتیان کردبێ .

١٠ ـ پاراستنی بایەخەکانی بەشەر دۆستانە و لەبەر چاوکرتنی هەرچی زیاتری ئوسولی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی بۆپێک هێنانی دڵسۆزیو هاو پێوەندی هاورێیانە لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ .

١/١/١٣٦٧

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ جەلیل گادانی | ئەندامی | کۆمیتە ناوەندی |
| ٢ـ حسن رستگار | " | دەفتەری سیاسی |
| ٣ـ فتاح کاویان | " | کۆمیتە ناوەندی |
| ٤ـ حسین مدنی | " | " |
| ٥ـ نبی قادری | " | " |
| ٦ ـ صدیق بابایی | " | " |
| ٧ـ ابوبکری راد | " | " |
| ٨ـ عسمان رحیمی | " | " |
| ٩ـ علی کاشفپور | " | " |
| ١٠ـ سرهنگ ایرج قادری | " | جێگر |
| ١١ ـ کمال کریمی | " | " |
| ١٢ـ عصمت عبدی | " | " |
| ١٣ـ شاپور فیروزی | " | " |
| ١٤ـ رحیم محمدزاده | " | مشاور کۆمیتە ناوەندی |
| ١٥ـ شاپور شجاعی فرد | " | " " " |

دوا بەدوای ئەو ڕاگەیاندنەی ح د ک ، ڕێبەرایتی شۆرشگێڕ، چەندکادرێکی تری ناوەندی، وەک کاک هاشمی کەریمی، کاک حسن ایوب زادە.(مۆستا گۆران. ریزی حیزبیان بەجێ هێشتوو هاودەنگی و پێوەندی خۆیان بە ڕێبەرایەتی شۆرشگێر ڕاگەیاند.

ئەو بەیاننامەی خوێندتانەوە ڕاگەیەندراوێکی جیابوونەوە بوو کە ماوەی هەشت سال خەبات و تێکۆشانی بۆکراوە. پیاو دەتوانێ بلێ لەو ماوەیەدا نفوزێکی باشیان لە دەرەوە پەیدا کردبوو. بەشێکی زۆری لەوکادرە پەنابەرانەی لەدەرەوە دەژین لەخۆیان هالاند بوو.

شتێکی کە لە دەرەوە نەیان کرد، وەرگرتنی یارمەتی بوو کە دەکرێ بلێن پتر لەجارێکیان داوا نەکردو زیاتر لەخۆیان مایە دادەنا. ئەگینا ئەگەر پولی سەفەری ئەولاو لایان هەبایە، پترو زیاتر هەلدەسووران.

لە ئوروپاش وا بۆتەباو تا داوای یارمەتی لەکەسێک نەکرێ زەحمەتە کەس دەست بۆ گیرفانی بەرێ و پیاوەتیەک بکات.

حەوتوپک دوای ڕاگەیاندن و دەرچوونی بەیاننامەی بالیی۲ی حیزبی دێموکراتی ڕێبەرایەتی شۆرشگیر، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشوو لە وەلامی ڕاگەیەندراوی ئەواندا بە نێوی کومسیۆنی سیاسی- نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بیانێکیان دەرکرد. لەبەرئەوەی بەیانەکەم نەبوو، فارسیەکەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپکرا بووکەلکم لێوەرگرت و ئەوە بە کوردیوکۆپیەی فارسی دەخرێتە بەردەستتان. لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە کۆپیە بووهێندێک جێگای کال ببۆوە، ئەگەر لە باری وەرگێرانەوە کەم وکوری بوو داوای لێبوردن دەکەم. دیارە بەفارسی لە گەل بەلگەی ترلە پاشکۆی دواییدا هەیە.

## ئاگاداری کومسێونی سیاسی - نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران .

لە رۆژی یەکەمی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٧ هەتاوی چەند کەس لە ئەندامانی حیزب پاش کۆنگرەی هەشتەم کە هیچ بەرپرسایەتیان لە حیزبدا نەبوو، بەیاننامێکیان لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بلاّو کردۆتەوەو وایان نیشانداوە کە ئێتر ناتوانن لە ریزی حیزبی ئێمەدا بمێننەوە. بەو بۆنەوە رایدەگەیەندرێ: کە ئەو چەندکەسەی خوارەوە بە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی پێڕەوی حیزب ، لەو رێکەتەوە هیچ پیوەندیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نەماوە، و بە ئەندامی حیزب ناژمێردرێن.

١-حسن رستگار ٢- حسین مدنی ٣-فتاح کاویان ٤-نبی قادری ٥-جلیل گادانی ٦صدیق بابایی ٧-عثمان رحیمی ٨-ابوبکری راد ٩- علی کاشفپور ١٠-عصمت عبدی ١١-شاپورفیروزی ١٢-ایرج قادری ١٣-کمال کریمی ١٤- رحیم محمدزاده ١٥- شاپورشجاعی فرد .

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومومسێونی سیاسی - نیزامی_ ١٣٦٧/١/٧

**شیکردنەوێك لەمەر راگەیەندراوی کومسیونی سیاسی- نیزامی.**

لەبارەی راگەیەندراوی سیاسی - نیزامی چەند روونکردنەوێک پێویستە: لە پیشدا بە راستی دەبێ بڵێین رۆیشتنی ئەوانە، نە زیان بە حیزبی دێموکرات، حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێ، نە شوێن لە سەر سیاسەت و هەڵوێستە ئوسوڵیەکانی

حیزب دادەنێ. بە پێچەوانە ڕۆیشتنی کەسانێکی کەچەند ساڵە جگە لەدەستەبەندی و هاندانی کادرو پێشمەرگە بۆدانیشتن و هێندێک ڕەفتاری دور لەخلاقی و مرۆڤایەتی کارێکی تریان نەبووەو حیزبی ئێمەی پێ بە هێزترو هەلسووڕتر دەبێ.
پاشان ئەگەر ئەو لادەرانە حیزبێکی تریان بۆخۆیان پێک هێنابا، یان بە ئاشکرا رایانگەیاندبایە کە بوونە بەئەندامی حیزبێکی تری ئۆپوزسیۆنی ئێرانی، حیزبی ئێمە بە پێی ئەو ئوسوڵە دێمراتیکەی خۆی ئە کارەی بە کارێکی باش وەردەگرت. چونکە مرۆڤ ئازادە لەسەر ویستی خۆی ببێت بە ئەندامی هەرحیزب و ڕێکخراوێک کە پێی خۆش بێ. ئەگەر ئێمە لە بارەی ئەو چەند کەسەدا دەدوێین لەبەر ئەوە نیە کە بە هێندیان دەگرین، چونکە ئێمە لێمان روونەو دەزانین لە ماوێکی کورتدا چیان بە سەردێ، کە پێشتر بەسەر ئەوگروەوکەسانە هات کە لە ڕێبازی حیزب لایاندا . بەلکوو لەبەر ئەوەیەکە؛ نوسراوێکی سەرانسەر بوختا ن و درۆیان لە دژی حزبی دێموکرات بلاوکردۆتەوەو نێوی حیزبی دێموکراتیان لە خۆیان ناوە. ئەو گروهە لە نوسراوەی تێکەڵ پێکەلی پڕ لە ناتەبایی خۆیاندا چەند مەسەلێکیان باس کردوە پێویستە ئاماژێکیان پێ بکەین:
لەونوسراوەدا هاتووە کە لە ماوەی نۆساڵیی ڕابردو دا ڕێبەری حیزب هەوڵیی داوە لەگەڵ کۆروکۆمەڵی ئیمپریالیستی پیک بێ! ئەوە تاوان وەپاڵ نانێکە کە چەندین ساڵە لە لایەن دام دەزگای کۆماری ئیسلامی دەکوترێ و دوپات دەبێتەوە. بوختانێکە کە حیزبی تودە چەندساڵێک دەرحەق بە حیزبی ئێمەی دەگوت. بوختانێکە کەگروهی حەوت کەسی لادەری جیابۆوەلەحیزب دوای کۆنگرەی

چوار دەیان مەقالەی لەسەر نوسی، ئێستاش لە لایەن گروهێکی دیکەوە کاوێژ دەکرێتەوە.
۴۲سالْ خەباتی قارەمانانە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە حیزبی دێموکرات هەموکاتێک لە جبهەی دژی ئیمپریالیستی دا بووەو بە بیروباوەرو ئیمانی پتەو لەو جبهەیەدا ماوەتەوە. دۆستو دوژمن چ لە داخلی ئێرانداو چ لەدەرەوە ئاگاداری ئەو ڕاستەقینەیەن.
ئەو پیامە زۆرانەی کە، کەسایەتی و هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی لەولاّتانی دەرەوە بۆ کۆنگرەی هەشتەمیان ناردبوو تەئیدی دژی ئیمپریالیست بوونی حیزبی دێموکراتە.
بە وتەی لادەران گۆیا ڕەوتی ڕێبەری حیزب بۆتە هۆی ئەوەی کە پیوەندی ئوسولیی لەگەڵ ولاّتانی سوسیالیستی دانەمەزراوە.
کەسانێکی کە لە نیزیکەوە ئەو چەند کەسانە دەناسن و ئاگاداری ڕابردویانن، باش دەزانن کە مەبەست لەو وتانە تەنیا بۆ فریوی خەلکەو بەس. چونکە زۆربەی لادەران هەستی دژی سوسیالیستیان تێدایە. حیزبی ئێمە هەروەک لە ڕاپۆرتی کومیتە ناوەندیدا بۆ کۆنگرەی هەشتم هاتووە، تێکۆشاوەو تێدەکۆشێ لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشگێرو دێموکراتی سەرانسەری جیهان و ولاّتانی سوسیالیستی بەتایبەتی یەکێتی سوڤیەت پێوەندی ئوسولیی کە بەردی بناغەی لە سەر، سەربەستی حیزب دامەزرابێ پێک بێنێ. لەو راستایەدا تا ئێستا سەرکەوتنێکی زۆری وەدەست هێناوە.
لە ڕاپورتی کۆمیتەناوەندی دا نوسراوە؛ کە حیزبی ئێمە لە ڕەوتی دێموکراتیزە کردنی ولاّتانی سوسیالیستی پێشوازی دەکاو بە چاوێکی پڕلە هیوا دەڕوانێتە ئەو ڕەوت وگۆڕانە بەجێیە.

هێندێک لە لادەران لەکاتێکدا کە راپۆرت دەدرا ڕەخنەیان ئەوە بوو کە لە ئەندازە بەدەر بایی دەدرێ بەو ئاڵووگۆڕە سیاسیەی ئەورۆی میخایل گورباچۆف کە لە یەکێتی سوڤیەت ڕادەبرێ. ریشەی ئەو ڕەخنە بەدرۆیە دەگەڕێتەوە سەردژی سوڤیەتیزم، بەتایبەتی بێ باوەڕی ئەو دەستە لادەرانە بە سوسیالیزمێکی دێموکراسی. یان هەر ئەو سوسیالیزمەی کە لە یەیەکێتی سوڤیەت هەیە. بۆیە لە نوسراوەکەی خۆیاندا هەرچەند نێوی ولاتانی سوسیالیستی دێنن بەلاّم ئاماژێک بە یەکێتی سوڤیەت ناکەن. چونکە هاندەرانی ئەوان لەکانگای دلیانەوە لەگەڵ یەکێتی سوڤیەتو لەگەڵ دێموکراسی دژایەتی دەکەن.

لە نوسراوە دروکەدا هاتووە کە کەحیزبی ئێمە لە ئۆپۆزسێونی شۆرشگێری ئێرانی تەریک بووە. بێ شک مەبەستیان لە ئۆپۆزسیۆنی شۆرشگێری ئێران رێکخراوی موجاهیدینە، کە ئەوان بۆخۆیان لە هەموو ئۆپۆزسیۆنێکی دێموکراتیک تەریک بوونە. دەنا حیزبی ئێمە لە چەند ساڵیی ڕابردوودا توانیویەتی ئیعتبارو پەرستیژێکی بێ وێنە لە نێو ئوپوزسێونی ئێرانی بە تایبەتی رێکخراوی شۆرشگێرو دێموکراتدا وەدەست بێنێ. هەروەک لە کۆنگرەی هەشتم دا باسی لەسەر بوو کەحیزبی ئێمە تێدەکۆشێ بۆ پێک هێنانی جبهەیەکی بەرینی دێموکراتیک . کۆنگرەش پەسندی کرد کە ئەوکۆششە درێژەی هەبێت. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە بۆ دڵخۆش کردنی موجاهیدین هیچ ئاماژێک بە پێک هێنانی جبهەی دێموکراتیکی ـ دژی ئیمپریالیستی نەکراوە و، نوسراوەکە، ئاماژە بە ریزی دەروون حیزب دەکا . راستی یەکەی ئەوەیە پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی

ئێران ، کە هەلوومەرج باش‌و لەبار دەهاتە پێش چاو، هێندێک کەسی بێ ئەوەی دەرکی خەباتی سەخت و درێژخایەن بکەن ، روویان کردە نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و رێکخراوەکانی تر، بەلاّم لە بەر ئەوەی توانای سەختی و کوێرەوەری وایان نە بوو، بوون بە هاورێی نیوە رێ و مەیدانیان بە جێ هێشت. هێندێکیش وایان نەکردو ئامادە نە بوون لەگەلّ کادرو پێشمەرگە لە نێو کوردستان بمێننەوە بە ناچار ئەو ریزەیان بە جێ هێشت.

دوای پابوونەوە، بۆ وێنە: کۆمیتەی شارستانی سەردەشت وەک دیترا لە عەملیاتی سالی ڕابردو پێشمەرگە نیشانی دا کە ئەو کۆمیتە یە باشترین کۆمیتەی لێ دەرهاتووە. بە پاکبوونەوەی کەسانی بێکارەو ئەنگەل ، دەبینین هێزی بە تەوژمی حیزبێکی شۆڕشگێر تاچ ڕادەیەک چوتەپێش. بۆیە بڕوامان وایە کە بە ڕۆیشتنی ئەو گروە لادەرەی دواییش حیزبی دێموکرات لە هەمووکاتێک بەهێزترو یەکگرتووتردەبێ.

نوسراوە: بودەست خوشانە وڕاکێشانی سەرنجی مجاهدین باس لە وتوو وێژ لە گەلّ رژیمی خومەینی دەکا. هەموومرۆڤێکی تێگەیشتوو دەزانی لە سالی ١٣٥٩ وە تائێستا هیچ پێوەندیو وتوو وێژێک لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەلّ رژیمی خومەینی نەکراوە.

ناکۆکی حیزبی ئێمە لە گەلّ رێکخراوی موجاهیدین لە سەر ئەوە نە بوو کە ئێمە لەگەلّ رژیم وتوو وێژ دەکەین، بەلکوو مجاهدین دەیان ویست ئەوان بڕیارمان بۆبدەن و سەربەخۆیی بۆحیزب نەهێلن‌و بۆ هەمیشە حیزب لە وتوو وێژ بێ بەش بکەن.

بە پێی تەماوبڕیاری کۆنگرەی هەشتم: لە چوار چێوەی رژیمی

خومەینی دا هیچ کام لە داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان واتە، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆکوردستان ناگونجێ و نابێ. لەو رووەوە درۆشمی حیزب کە رووخانی رژیم و هاتنەسەرکاری رژیمێکی دیموکراتیکە، هەر لە جێگای خۆیەتی. ئەوەیە سیاسەتی رووناک و بێ شک و گومانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
لێرەدایە دەبێ بڵێین: کەساتێکی کە لەرێبەرایەتی پێشووی حیزبدا دابوون و لایەنگری وتوو وێژ بوون لەگەڵ رژیم و پێیان وابوو پێش دەستی نەکردن بۆ وتوو وێژ خەتایە، هەر ئێستا لەگەڵ ئەو پازدە کەسەن و نوسراوەکەیان ئیمزاکردوە! ئەوە شتێک نیە کە لە ریزی حیزبی ئێمە دا شتێکی شاراوەو نهێنی بێ، بەڵکوو زۆرکەس لە ریزی خواروی حیزبیشدا لەو شتانە ئاگادارن .
لە نوسراوەکەدا درۆیەکی گەورەیتر وەبەر چاودێ: نوسراوە دەڵێ: پاش کۆنگرەی هەشتم زۆربەی کادرو پێشمەرگە داواکاری کۆنگرەی نائاسایی بوون. واقعیەت ئەوەیە کەئەو بەهانە بەمەبەستی فریودانی ئەفرادی سادەی حیزبە.
کۆنگرەی نائاسایی هیچ گیروگرفتێکی حەل نەدەکرد چونکە کۆنگرەی هەشتم تەماو بریاراتی خۆی بە شێوەیەیەکی ئوسولی و دێموکراتیک بەرێوە بردبوو، هیچ پیویستی هەڵوەشانەوەی نەدەدیت.
لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر کۆنگرەش پێک هاتبایە لادەرەکان نەیان دەتوانی لە وێدا بەشداری بکەن. بە پێی پێرەوی حیزب بۆ بەشداریان دەبوایە لە ئورگانێکەوە هەڵبژێدرێن ، ئەوان زۆربەیان کاریان بە جێ هێشتبوو هیشتا کارو بەرپرسایەتیەکیان وەرنەگرتبوو.
وێرای هەمووی ئەوانە تەنانەت رێکخراوێکی حیزبیش بە تەواوی

داوای کۆنگرەی نائاسایی نە کردبوو جگە لەهێندێک ئەندام لە ڕێکخراوەکان کە نەدەگەیشتنە یەک لە سەدی ئەندامانی حیزب.
هەموو ئەندامانی حیزب دەزانن کە تاقمێک لەو لادەرانە ماوێکی درێژ لە ڕێبەری حیزبدا بوون ، لەو ماوەیەدا سیاسەت و بۆچونەکانی حیزبیان پەسندکردوە ، هیچ کاتێ نەدیتراوە کەلکیکی باشیان لێ وەرگیرابێ. لە هەمووی گرینگتر لە کۆنگرەی هەشتم ئەولادەرانە هەموویان بەشداربوون، راپۆرتی کۆمیتە ناوەندی و بڕیارو تەماگرتن پێکەوە بووەو وێگرا پەسند کراوە. سروشتیە ئەو پرسیارە دێتە پێش ؛ کەرەخنەی ئەوانە لە سیاسەتو بڕیاراتی حیزبدا کەنگی دەستی پێکردوە ؟! ئەو درۆ و بوختانەی تاقمی لادەر بە کۆنگرەی هەشتم پێویستی بە روونکردنەوەیە:
نوسراوەکەیان لە شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆکۆنگرە رەخنە دەگرێ، بەڵام سەیرئەوەیە هیچ یەک لە لادەران لە کۆنگرەدا بچوکترین رەخنەیان نەبوو! نە لەزمانی هیچ یەک لە لادەران یا کەسێکی تر بیستراوە. لە وماوەی کونگرە بەرێوە چووە لەباری قانونی و رێک و پێکیەوە هیچ بۆنی گلەیی و کەم وکوریە کیان بەزاردا نەهاتوە و بە شێوێکی تەواو دێموکڕاتیک رێبەرایەتی قانونی هەلبژێردراوە . لادەران کە بەردی دێموکراسی و بەرگری لە پێرەو لە سینگیان دەدەن، روون نیە کە چۆن ڕێگە بە خۆیان دەدەن پێرەوی نێوخۆ و بڕیاراتی کۆنگرەی ئاوا لەژێر پێ دەنێن؟ ئایا دێموکرات کەسێکە کە بیرورِاو روانگەی زۆربەی قبوڵەو پێرەوی لێدەکا؟ یاکەسێکی لە دژی بریاراتی کونگرە کە بالاترین ئۆرگانە ڕاوەستی.
ئەگەر لادەران لە ماوەی ٩ ساڵیی رابردو دا سیاسەتی حیزبیان پێ

هەڵە بووە، بۆچی پێش کۆنگرە جوێ نەدەبوونەوە؟
ئەوان ئەو کات لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بوون ، جودابوونەوەیان مانایەکی تری دەبوو، چونکە دوای کۆنگرە بوون بە کەمایەتی و بەرەسمی لە ڕێبەرایەتی وەلانران. ئێستا کە لە بیری ڕێبەرایەتی شورشگێر دان وچوکترین ڕێزیان بو کۆنگرە دانەنا، بەرپرسیاری پێشووی خۆیان لە ژێر نوسراوەکەیاندا ریز کردوە. بەلام ئێستا کێ لەقسەی ژەنراڵی بێ سەربازی لە مەیدانی شەر هەلاتوو گوێ دەگرێ؟ داخوا ئەگەر بە لیست نەباو ئەوانە دەنگیان هێناباوەو ببانە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی دیسان ڕابردویان دەبردە ژێر پرسیار؟
لە نوسراوەکە : هاوڕێی تێکۆشەر دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزب وەک بەرپرسی بەرێوەبەری سیاسەتی هەڵە لە نۆساڵیی ڕابردوودا ناسێندراوە، بەلام هەر لەو کۆنگرەی هەشتمە نەک کەسێک لە لادەران چوکترین ڕەخنەی لە سکرتێر نەگرت، بەلکوو بەرێوەبەری تاقمی لادەر چاپلوسی لەبەر دەکرد و یەکی تریان ڕایگەیاند ئامادەیە خانووی دوکتور قاسملوو گەسک لێ بدات !
دەزگای پروپاگاندی ڕژیمی خومەینی پێشتر حیزبی دێموکراتی بە نێوی « گورهەکی قاسملوو» هەڵدەدا ، حیزبی تودە و تاقمی حەوکەسیش چەندساڵێک حیزبیان بە « باندی قاسملوو» نێو دەبرد. ئێستا نۆبە گەیشتۆتە چەند لادەرێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە « باندی قاسملوو » دانێن. هێرش کردنە سەر دوکتور قاسملوو هێرش کردنە سەرسیاسەتێکە کە وێڕای هاورێکانی حیزبی بەرێوەی دەبات . ئەوە بە ڕێکەوت نیە، دوکتور قاسملوو سومبوڵی پێشکەوتن و سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتە، هێرشکردنە سەر

سکرتێری گشتی هێرش بەو کاتەیە کە لادەران لە کاتێکدا کە لە ڕێبەرایەتی دابوون بە تێگڕایی دەنگی باوەڕیان دایە. پاشان لە کۆنگرەی هەشتم بە تێگڕایی دەنگ لە لایەن ئەندامانی کۆمیتە ناوەندیەوە هەڵبژێردرا، هێرشکردنە سەر دوکتور قاسملوو، بەهێرشی سەر هەموو حیزبی دێموکرات دەژمێردرێ . لە نوسراوەکەدا ، دە بەندی تێکەڵ پێکەڵی وەک بەرنامە ریز کراوە. بە ڕاستی هێندێک لەوانە جێگای سەرنجن: تاقمی لادەر بە تەمان هەمووئەو لادەرانەی کە پێشترلە حیزب دەرکراون، لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە! پیرۆزیان بێت ! دەرکراوان بەراستی لەگەڵ ئەو تاقمە لێک دەوەشێنەوە .
لە بەندی سێهەمدا لادەران تەئیدی درێژەدانی خەباتی چەکداری دەکەن، وا دیارە ئەوەیان تەنیا لەبەر گاڵتە گونجاندبێ، چونکە پێش کۆنگرەو لە کاتی بەڕێوە بردنی کۆنگرەدا تاقمی لادەرو لایەنگرەکانیان پروپاگاندیدەکرد کە هێزی پێشمەرگە وردە وردە خۆی لە شەڕی چەکداری بکێشێتەوە. گەلێک جار خەباتی چەکداریان دەبردە ژێر پرسیار!
لە بەندی شەشەمدا باس لە لادانی هێندێک لە مادەکانی پێڕەو و پرۆگرام کراوە، لە کۆنگرەی هەشتمی ڕابردو بەدەنگی زۆرینە پەسند کراوە و هەموو لادەرانی ئێستا دەنگیان بۆداوە. هەر گۆڕانێکی تر لە پێڕەو پروگرام دا کرابێ بە دەنگی زۆرینە پەسند کراوە.
چۆنە ئەو لادەرە دێموکڕات نمایانە کاتێ کۆنگرەیەکی قانوونی بەندێک لە پێڕەوو پرۆگرام زیاد دەکا بە ناڕاستی دەزانن، بەلام ماف بە خۆیان دەدەن بە ئارەزووی خویان بەندەکانی پرۆگرام لابەرن ؟
لە نوسراوەکەیاندا رووچڕانە تاوانی تریان وەپاڵ حیزبداوە. وەکوو

تەک پەرستی، باندبازی، دانانی بنکەی جاسوسی و شتی تر، کە دروست خوو و خدەی لادەرانەی تایبەتی خۆیانیان کۆپیە کردوە.
بۆ وێنە: دەکرێ بلێین: تەواوی لادەران لە کۆنگرە دا ئامادە بوونی خۆیان بۆکار لە حیزبدا رایانگەیاند، دوای کونگرەش هێندێکیان بە زاهیر کاریان وەرگرت، بەلام یەک بەدوای یەکدا بە نێوی مەرەخەسی و ڤێلیی رەنگاو رەنگ بە کەلک وەرگرتن لە ئیمکاناتی حیزب و تەنانەت هێندێکیان بەبردنی شتی حیزب، بنکەکانی حیزبیان بە جێ هێشت، بوسوالڵ بەرەو بارەگای موجاهیدین رۆیشتن.
بابزانی ئەو لادەرانە چ رێگایەکیان هەلبژاردوە؟
بە روونی دەر دەکەوێ کە ئەو تاقمە بەستراوە بە رێکخراوی موجاهدین و لە ئیمکاناتی ئەو رێکخراوە کەلک وەردەگرن.
ئەو مەسەلە لە چەند رێگەوە سەرنج راکێشە. هەروەک لە پێشدا گوترا، ئەو لادەرانە ئەگەر بە نێوێکی ترحیزبیان دروست کردبا نێوی حیزبی دێموکراتیان لەسەر دانەنابا، لە گەلڵ هەرێکخراوێک هاوکاریان کردبایە رەخنێکی وایان نەدەهاتەوە سەر، بەلام ئێستا کە نێوی حیزبی دێموکراتیان دزیوەو بە هەرزان فرۆش کردنی ئەو نێوە دەیانەوێ لە ئیعتباروپرستیژی ئێمە بۆ مەبەستی ناقانوونی خۆیان کەلکی خراپ وەرگرن. چونکە خەلکی کورد لەسەر رێکخراوی موجاهدین ئاگادارن، جاری لە خۆیان رانابینن بە ئاشکرا پەردە لەسەر پیوەندی خۆیان لە رێکخراوی موجاهدین هەلدەنەوە. بەلام لە داهاتوێکی نیزیکدا بۆیان دەردەکەوێ کە موجاهدین چیان بەسەر دێنن چۆن وەک هێندێک لە رێکخراوە گەندەلەکانی دیکە، ئەوانیش بۆ نێو شۆرای بەرگری میللیە هیچ و پوچەکەی خویان

ڕادە کێشن.!

لادەران حیزبی دێموکرات تاوانبار دەکەن کە بەرەو دیکتاتۆری ڕۆیشتووە بۆیە وەدوای موجاهدین کەوتوون، دیارە لە ڕوانگەی ئەوانەوە لە نێو ڕێکخراوی موجاهدین دا دێموکراسی زۆر ڕەواجە!

هەروەها حیزبی دێموکرات تاوانبار دەکەن کە بەرەو فەرد پەرستی دەرا. وادیارە ڕێکخراوی موجاهدین باشترین جێگایە بۆ خەباتی دژی "کش" کردنی فەرد پەرستی!

ئەگەر چاوێک بە چونیەتی ئەو ١٥ کەسەدا بخشێنن، دەردەکەوێ ئەوانە چ لە باری بیروباوەڕەوە، چ لە باری ڕاپەڕاندنی کارەوە، هیچ هاوکاریو هاودەنگیان لەگەڵ یەکتردا نای خواتەوە. چ هۆیەک ئەوانەی لە حیزب جیاکردەوەو لە یەک جێگا کۆ بوونەوە؟

ڕاستەقینێکی تری کە بۆتە هۆی جیابوونەوەی لادەران لەحیزب، بێ ئیمانیو تێمانی خەباتە لە داهاتووی خەباتو تێکۆشانی سیاسیدا.

زۆرتری ئەوانەکە ڕوویان کردە نێو جولانەوە، پێ یان وابوو حیزب دوای چەند مانگێکی دیکە سەر دەکەوێو، وەک قارەمان دەگەڕێنەوە شارەکان و دەبن بە رئیس شارەوانی فەرماندارو نوێنەری مەجلیس. ئێستا کە دەبینن خەبات درێژخایەنترە لە وەی بیریان لێدەکردەوە، هەروەها چونکە باوەڕیان بە هیزی گەل نیە، مەیدانی خەبات بە جێ دێڵن. ئەوەندەشیان غیرەت نیە پێ لەو ڕاستیە بنێن. لەئاکامدا بۆ تێمانی خۆیان، بە تاوانبارکردنی حیزبو ڕێبەراتیەکەی بەهانە دێننەوە. چەندین ساڵە کە سیاسەتی حیزب بە تەواو جێگای تەئیدی ئەوان بووەو هەمووکەس مافی ئەوەی هەیە لێ یان بپرسێ: دوو مانگ کە لە کۆنگرەی هەشتم ڕادەبرێ چ گۆڕانێک لە سیاسەتی

حیزبدا پێک هاتووە کە ئەوانی تووشی دژایەتی کردوە؟
لە ڕاستیدا ئەوان دەیانەوێ هەم لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بن هەم لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دووربن. لە پلینۆمی کۆمیتە ناوەندی پێش کۆنگرە بە ئاشکرا ڕایانگەیاند: کە پێویست ناکا ئەندامی ڕێبەرایەتی لەگەڵ پێشمەرگە بڕواتەوە نێو خەڵک. بیروڕایان وابوو کە کاتێ ئەندامەتی ڕێبەریان وەرگرت، دەبێ لە مەیدانی تێکۆشان دووربن و لەدوورەوە جڵەوی ڕێبەرایەتیان لە دەست دابێ. دیارە پێ یان وایە حیزب لەگەڵ کۆمەڵێکی تایبەتی وەک یەکن! پێ یان وایە دەبێ خەڵکێک تێبکۆشێ و خەبات بکا ئەوانیش سەیری بکەن و پاڵدەنەوەو لە ئیمکاناتی حیزب کە بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەیە کەڵک وەربگرن. ئەوانە بەو بیروڕایەو بەو مەبەستە، ئێستا سەرەڕای ئەوەی مەیدانی کارو تێکۆشانیان بە جێ هێشتووە ، ئامادەن لە پشتەوەڕا خەنجەر لە حیزبی دێموکرات بدەن. ئامادەن خۆیان بە کلکی ڕێکخراوێک ببەستنەوە کە دوومانگ پێشترلە سەری دەدوان و لە دژی ئەوان ڕێگایان بۆ حیزب دەکێشا. باش وایە ئەوان دوای کۆنگرەی هەشتم ئامۆژگاری ڕێبەرایەتی حیزب وەر گرن و تەنانەت ئەگەر توانای کاریان لە ریزی حیزبدا نیە ، لانیکەم لە پەنایەک دانیشن و بۆ ڕەواندنی ئەو تەمەی کەبەرەو خەیانەت بە گەلی کوردە هەنگاو هەڵگیرێ .

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئێران کە هەمیشە نەشتەرێک بووە بۆچاوی دوژمنان، زورجاران دوژمنانی ئازادی گەلی کورد ویستوویانە لە نێو حیزبی ئێمەدا نفوزبکەن و لە ژورەوە زەربەی لێدەن و لێکی بلاوکەن ، بەلام دوای ئەوەی سەرکەوتنیان وەدەست نەهێناوە

لەحیزب هەڵبڕاون و لەژێر نێوی حیزبدا ڕێکخراوێکی چروکیان بۆخۆیان پێک هێناوە . وەکوو؛ پێڕەوانی کۆنگرەی چوار و چەند شتی تری دی کە ئێستا لە کوردستان شوێنەوارێک لەوانە نەماوە. ئێستا دەبینین دەستەبەندیەکی کە چەند ساڵ بوو جولانەوەو تێکۆشانی حیزبی ئیمەی ئیفلیج کرد بوو، هەولیان دەدا لە کۆنگرەی هەشتم ڕێبەرایەتی جێگای موتمانەی حیزب وەلانێن و حیزب لەت بکەن ، ئێستا کە خویان لە باوەشی ڕێکخراوێکی تر هاویشووە، دەیانەوێ نێوی حیزبی دێموکراتیان پێ بفرۆشن ، نێوی ڕێبەرایەتی شۆرشگێریشیان لە خۆیان ناوە. کە گاڵتە بە شۆرش و شۆرشگێریە. بەلام مێژوو شاهیدە کە حیزبی دێموکڕات ، حیزبی پێشەوا قازی محەمەد و هەزاران شەهیدی تری حیزبی خۆشەویستی گەلی کوردستان ، هەمووجارێک بە سەر بلندی سەرکەوتنی وەدەست هێناوەو ڕووڕەشی بەو کەسانەماوە کە لە ڕاستە ڕێی حیزبو گەڵ لایان داوەو خۆیان هەرزان بە دوژمنان یا کەسانێک فرۆشتوە کە سەرکەوتنی جولانەوەی نەتەوایەتی ـ دێموکڕاتیکی خەڵکی کوردستان بە پسانی شارگی دڵیان دەزانن. بێ شک ئەندام وکادرو پێشمەرگەی حیزب ، هەلوێسی خەیانەتباری ئەو لادەرانە بە توندی مەحکوم دەکەن و لە هەموو بنکەکانی حیزبی دەردەکەن .

شکی تێدا نیە گەلی کوردستان لەوە زیاتر لە دەوری حیزبی خۆشەویستی خۆیان کۆ دەبنەوەو ئەو لادەرانەی کۆنگرەی هەشتم وەک گروهەکانی دیکەی لادەر بە جاش چاولێدەکەن و، وەک ئەو جاشانەی کە خەیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد دەکەن ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ.

شک نیە کە هەمو ڕێکخراوێکی دێموکرات وشۆڕشگێڕی ئێرانی کردەوەی ئەو لادەرانە بەکارێکی غەیرە دێموکراتیک و گێرەشێوێنی هەڵسەنگێنن کەلە خزمەت ڕژیمی خومەینی و ئیمپریالیزمدایە.
شک نیە خەلکەکانی ئێران کە ڕێزی تایبەتیان بۆحیزبی دێموکرات هەیە لەپشتەوە خەنجەر لێدانی ئەو لادەرانە لە خەباتگێڕانی سەنگەری ئازادی ئێران، واتە: کوردستانی تەسلیم نە بووی ئازاو ڕانەوەستاو ، لێبڕاوانە مەحکوم دەکەن.
شک نیە کە زۆری پێ ناچێ هەر وەکوو گروە و کەسانی تری کە خەیانەتیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە، لەو لادەرانەی دوای کونگرەی هەشتم شوێنەوارێک نامێنێ و بەروو ڕەش تێماوی داوێژرێنە نێو زبڵدانی مێژوو.
ڕۆژنامەی کوردستان. ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان . ژمارەی ١٣٦ لاپەڕەی ١٠ تا ١٥ خاکەلێوەی ١٣٦٧ هەتاوی .

---

با بێمەوە سەرخەت! لەوکاتەدا کە حیزب لەت ببوو، لەدەرەوە بە دووباڵی حیزب نێو دێرکرابوو. یان پێیان دەگوترا حیزبی دێموکڕاتی ژمارە ١ و ٢ ، کادرو ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لەدەرەوە بە چاولێکەری لە ژوورەوەی وڵات بە بەیاننامە، تەلەفۆن، پێوەندیو، هەڵوێستی خۆیان دەگرت وخەریکی دروست کردنی کومیتەوکار سیاسی بوون. بەیاننامەی زۆر زەق و پڕلەهێرش و پەلامار هەر کەس بە جۆرێک و بە بیرو بۆ چوونێک کەم نەبوون.
دیارە من دەپازدە بەیاننامەی جۆراو جۆرم لە ولاتی ئوروپاو

ئەسکەندی ناوی دەست کەوتووەو ڕامگرتوون، بە هێندێک بێ حورمەتیان دەزانم بلاّو بکرێنەوە.

لەو نێوەدا ئێمەش پێنج کەس وەک بێ لایەن شتێکمان نووسیو بلاّومان کردەوە. لەبەر ئەوەی بەیاننامەکەی ئێمە هێرش و بێ حورمەتی تێدا نە بوو، برادەرانی سوئێد نێویان لێ نابوو (نصیحت‌نامه) وگلەیان لێی هەبوو. دیارە هەموو کەس و مرۆڤێکی سیاسی ئەو مافەی هەیە روانگەی خۆی بەیانکاتو رەخنەی خۆی بگرێ.

هەرچەند پترلەهەشت ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە ناخۆشە مێژوویەدا تێ پەڕیوە، بەلاّم بایەخی ئەوەی هەیە ئەو شتەی ئێمە نووسی بوومان ئەگەر برینکولانەوەش بێ، لە نێو کتێبی بیرەوەری خومدا یادێکی لێ بکەمەوە. دیارە مەبەست لەبیرەوەری هەر بەسەرهاتی نووسەرنیە دەنوسرێ، بە لکوو بیرەوەریەک باش و پەسندە بنوسرێ، کە ڕووداوی مێژوویی وکەندو کۆسپی سەر ڕێگای خەباتو هەڵەی زیاندەرەکان بەڕاستی و دروستی لە کتێب و پەڕتووک دا بۆ نەوەکانی دوارۆژ کۆبکرێنەوەو بنووسرێن باشە.

بەو هیوایە بەیاننامەی ئێمەش لە جێگای خوێدا کەلکی هەبێ و کەلێنێک پڕ کاتەوە.

ئەوەش بەیاننامەی ئێمە کە لەژێر سەر دێری « **نامەیەکی کراوە** »دا نووسراوەو لەکاتی خۆیدا بلاّو کراوەتەوە، دەخرێتەوە بەرچاو .

## نامەیەکی سەرئاوەڵە .

بەڕێز ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان .
وێڕای سلاوی گەرم؛ دەستی یەک یەکی ئێوە کادرو پێشمەرگەکان دەکوشین.
هەڵوێستەکانی ئێوە لەدژی بێ ئوسوڵیی و دیکتاتۆری جێگای خۆشی ئێمەیە. هیواداریـن هـەوڵ و تێکـۆشـانـی ئێـوە لـەپێنـاو ڕێبـازی دروستوئوسوڵیی دا بۆحیزب سەرکەوتووبێ .
بـەوهیـوایـە پـێ بـەپێـی تێکـۆشـان بـۆ جێگیـر کـردنـی پـرنسیـپو ئوسوڵەکانی شۆرشگێڕانەو ئەخلاقی و ئینسانی لە ناو ریزەکانی حیزبدا هەروەها بۆ ئوسول و رزگاریخوازی نەتەوایەتی هەوڵ بدرێت کە بەدەنەی حیزب ئامادەی هەلگرتنی ئەدەبیات و درۆشمی شیاوی ئەو مەبەستەی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بکرێت .
ماوەی نـۆسـاڵ لـە جـولانـەوەی رزگـاری خـوازی گـەلی کـورد لـەدژی رژیمی داگیرکەروکۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران تێ پەڕ دەبێ. لەو ماوەیەدا خەباتی گەلی کورد زۆر هەورازو نشێوی تێپەڕاندوەو زۆر رووداوی بـە خـۆیـەوە دیـوە. یـەکێـک لـەو رووداوانـە هـەر وەک دەبینین لەت بوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە دووبەش . دیـارە ئـەوە یـەکـەم کـەرەت نیـە کـە ڕابـەری حیـزبـی دێمـوکـڕاتـی کوردستان تووشی ناکۆکی و دووبەرەکی و تەنانەت جیا بوونەوەی هێندێک لەئەندامانی دەبێت .
ڕابەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەدەورانێکی زۆر

لەژیانی سیاسی خۆیدا مەیدانی کێشەکێشی سیاسیو فکری و شەخسی ئەندامان لەگەڵ یەکتر بووە. بەلام لە ماوەی نۆسالیی ڕابردوو دا ئەو کێشەو دووبەرەکی یە چ سیاسیو فکری بێت، چ شەخسی ڕەنگێکی زۆرترو جدیتری بەخۆوە گرتووە. ئەوەی کە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوەرۆک و زەمینەی بوحرانی حیزب و ڕابەیەکەی لەسالانی زۆر لەلایەک و لەسالانی ڕابردوودا لەلایەکی ترەوە، تایبەتمەندیەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەو دوو سەردەمە جیاوازیە لەژیان و خەباتی گەلی کورد دا.

ویستو داخوازی کۆمەلانی خەلک وەک رزگاری نەتەوایەتیو دێموکراسی و خەباتی چینایەتی مەبەستی سەرەکی جولانەوەی گەلەکەمان بوون وهەن. دەکرێ بڵێین ریزەکانی حیزب بەکادرو پێشمەرگەوە لەئالقەیەکدا کە رەنگدانەوەیەکی مەنتیقیو دێموکراتی بوو لەو مەبەستانە یەکیان گرتبۆوە ، بەلام ڕابەری حیزب کە دەبوایە حیزبەکەی بۆ ئەو مەبەستانە لە هەمووبارێکەوە رابەری کردبا و رێکی خستبا، نوێنەری واقیعیو بەئەمەگی ئەو ئالقەیە نەبووە. ڕابەری حیزب ئەو ڕاستیە سوورو ئاشکرایەی نەسەلماند کە کۆمەڵیی کوردەواری لەگەڵ سالانی زوو فەرقێکی زۆری کردوەو ئالووگۆڕی بەرچاوی بەسەر دا هاتووە.

رابەری حیزب چوونکە باوەڕی بەو ئالووگۆڕە لە جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستان نەبوو، نەیتوانیو نەی ویست حیزب بکا بەو حیزبە کە پێ بە پێی ئالووگۆڕی کۆمەلی کوردەواری ئالووگۆڕ لە خۆیدا پێک بێنێو لەو پێوەندیەدا گوێ بۆ ڕەخنەو پێشنیاری ریزەکانی خۆی و خەلک ڕادێرێ . ڕابەری حیزب لە ئاستی ڕابەری

کردنی حیزبی دێموکرات کە هەزاران پێشمەرگەو کادری پێشکەوتوو خوازی هەبوو، خەڵکێکی زۆریشی بە دەوروبەرەوە بوو، وەک ئامرازێکی کۆن و بێ لەڵک و بێ بەرنامەی لێ هاتبوو تەواو کەوتبووە بن بەستەوە. رێکخراو ساز کردن و کادر پەروەردە کردن جێگای خۆی دا بە بێ باوەڕی بەرێکخراوو کادر دەر کردن. بێ باوەری بە دێموکراسی ، بێ حورمەتی بە بیرو ڕای خەڵک ، بوو بە هۆی دیکتاتۆری و سەرە ڕۆیی .

هەڤاڵانی "ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕ" : ڕاگەیاندراوەکەی ئێوە کە لەرۆژی ١/١/ ٧١٣٦دەرچوو، سەرە ڕای ئەوەی کەلە دەست نیشان کردنی زەمینەو هۆی سەرەکی بوحرانو شپرزەیی حیزبو بن بەستی ڕابەری خۆی پاراستووە، بەلام لەهەمان کاتیشدا زۆر شتی باش و موسبەتی تێدا دەبیندرێ کە دەکری ببن بە سەرە تای ژیانێکی سیاسی نوێو ئالوو گۆڕێکی باش لە داهاتوو دا.

ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لە هەموو جووره ئالوو گۆڕێکی پێشکەوتووخوازانە لە پێناو ئەوەی کە حیزب بکرێ بە حیزبێکی پێش کەوتوو و دێموکراتیک ، پێشوازی دەکەین . لەو پێوەندیەدایە کە پێشنیار دەکەین ئەو خالانە لەبەر چاوبگرن .

١- چ بەلێکدانەوە چ بە ئەزموون ، تائێستا ئەو ڕاستیە دەر کەوتووە کە مەسەلەی ڕابەری لە هەر جولانەوەیەکدا یەک جار زۆرگرینگە . ئەوە کە ڕابەرێکی باشو دڵسۆز و لێ وەشاوە کە باوەڕی بە دێموکراسی هەبێ، دەبێتە هۆی پێشکەوتنو بە هێزبوونی جولانەوە، ئەوەندەش ڕابەریکی کۆنو بێ ئوسولو بێ باوەڕ بە دێموکراسی دەبێتە هۆی دواکەوتوویی و کزبوونو لادەری جوولانەوەکە.

ڕابەرێکی شۆڕشگێڕو مەسئول دەبێ بە خوو خەسڵەتێکی وا خۆی پێ بگەیەنێ کە هەم خۆیان لە کاتی پێویست دا ڕەخنە لە خۆیان بگرن، هەروەهاش گوێ بۆ ڕەخنەی خەڵک ڕادێرن. ئەوەی کە ئەو بەشە لە رابەری حیزب کە بە دەوری سکرتێری حیزبەوە بوون بە دیکتاتۆری‌و راست ئاژۆ لە سیاسەتدا ڕاستەوخۆ زۆرتر تاوانبارن . بە مانای ئەوە نیە کە ئەندامانی تری ڕێبەرایەتی حیزب بێ تاوانن.
هەربۆیە کە ئێوە خۆشتان ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بوون و لەبڕیاردان و مەسئولییەت‌دا بەشتان هەبووە ڕەخنەتان لەسەرە. ئێمەهیوادارین کە ئێوە وێڕای دەست‌نیشان‌کردنی زۆرتی هۆی بوحران‌و بن‌بەست لە حیزب و ڕبەریەکەی‌دا، ڕەخنە لەخۆتان بگرن هەتا وەک ئەزموونێک لەدەرسی ڕابەری کردن لە داهاتوودا کەلکی لێ دەرگیرێ.
٢- مەسەلەی دێموکراسی چ لەناو حیزب‌و چ لەدەرەوەی حیزب‌دا یەکێک لەو مەسەلە گرینگانەی دیکەی جوڵانەوەی ڕزگاری‌خوازی گەلی کوردە. بەداخەوە گەلی کورد بەگشتی‌و زەحمەت‌کێشان بەتایبەتی تا ئێستا ئەو ئیمکانەیان بۆپێک‌نەهاتووە کە فەزایەکی دێموکراتیکدا بژین وە لەڕادەی پێویستدا بە دێموکڕاسی‌و چوونایەتیەکەی شارەزا بن، بۆیە زۆر جار لەدەستی قوڵە دیکتاتۆری خۆماڵی زەرەرو زیانێکی زۆریان پێگەشتووە هەر بۆیە شی کردنەوەی هەرچی زۆرتری مانای دێمۆکڕاسی‌و مافەکانی دێموکراتیکی ئینسانی لەهەموو بارێکەوە ئەرکێکی زۆر پیرۆزو پێویستە. چۆنیەتی پاراستنی دێموکڕاسی لەناو ڕیزەکانی حیزبێکی دێموکراتیکدا کە بیروباوەڕی لێک جیای فکری و سیاسی تێدا

کۆببێتەوە، پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە باوەڕی ئەو حیزبە بەدێمۆکراسی. بێگومان ئەگەر ڕێکراوێک دێموکراسی تێوخۆی حیزبی بپارێزێ، لەدەروەی حیزبیشدا دەستەبەری ئیحترام بۆ نەزەری خەڵک و هیوزە سیاسیە شۆڕشگێڕەکانی دیکەش دەکا.

تەنیا لەباوەڕ بە دێموکراسی و پێوەندی دێموکراتیک لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسیە شۆڕشگێڕەکانی تردایە کەلەئەکەم هەنگاودا مەسەلەی دەستەلاتی دێموکراتیک لەکوردستان، لەدووهەم هەنگاودا تێک هەڵچوونی چەکدارانەو شەڕی نێو خۆیی هیزە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتر حەل دەبێ.

٣- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕاگەیاندنی «تبلیغ» و کارکردن لە پێناو هەرچی زۆرتر تێگەیاندن و ڕێکخستنیان ئەرکی حیزبێکی پێشکەوتووخوازو شۆڕشگێڕە .

هەرچەند بەشی هەرە زۆری کادرو پیشمەرگەی حیزب لە خەلکی زەحمەتکێش پێک هاتووە، بەلام بەداخەوە نەک تەنیا لە ڕابردوودا ڕێبەرایەتی پێشوو، لەسەر وریاکردنەوەو پێگەیاندنی زۆرتری ئەوان هەنگاوێکی ئەوتۆی هەڵنەگرت، بگرە بە پێچەوانە توێژی خوێندەوارو پێشکەوتووی حیزب کە لە سەر باوەڕ بە خوسیالیزم دەیانتوانی پێشڕوی باش و هەڵسووڕێنەرانی بەکردەوەی ئەم ڕێبازەبن، بەرە بەرە مەودای کارو تێکۆشانیان بۆ نە هێشتراوە . مادام یزبێک وشەی سوسیالیزم لە بەرنامەی خۆیدا دەگونجێنێ و سوسیالیزم وەک بەدیلی سیستمی کۆمەلایەتی لە درێژخایەندا دەناسێ، دەبێ لەباری فکری و کردەوەیی چ لە ناوخۆی حیزب چ لەدەرەوەی حیزبدا کاری پێویستی بۆ بکات .

۴- جولانەوەی گەلی کورد وەک جولانەوەی گەلێکی بن دەست لەهەموبارێکەوە ئەدەبیاتو مانای تایبەتی خۆی هەیە، باوەڕ بە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەساسو بناغەی جولانەوەکە لەباری نەتەوایەتی پێک دێنێ، هەرچەند شکڵو شێوەی مەسەلەی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ئێستا لە خودموختاریدا جێ کەوتووە، بەلام ئیتر نابێ ئەوە ببێتە هۆی ئەوە کە ئوسولو پرنسیپەکانی ویستو داخوازی نەتەوایەتی لەبیر بچێتەوە.

بەدرێژایی مێژووی جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، شۆڤینیستەکان تێکۆشاون لەلایەک مافی چانوسی لە گەلی کورد بکەن بە " ئاردی نێو دڕوان" لە لایەکی دیکەوە هەمووکات هەولیان داوە لە باری سیاسی و رێکخراوەیەوە ئەدەبیاتی شۆڤینیستی خۆیان بە سەرجولانەوەی رزگاریخوازی کوردوحیزبو رێکخراوەکانیدا بسەپێنن.

لە کوتایی دا ئێمە پێمان وایە: لەبەر چاوگرتنی ئەو خالانەی سەرەوە لەهەموبارێکەوە دەتوانن هەنگاوی زۆر بە کەلکو گرینگ بن لە پێناو دیموکراتیزەکردنو ڕادیکال کردنی هەرچی زۆرتری حیزب. لەلایەکی تریشەوە جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەگەیەنێتە پلەیەکی بەرزترو گیانێکی نوێی وەبەر دەنێ.

ئێمە پێمان وایە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزب لەباری فکریو سیاسیەوە، تەنیا لەسەر جێ کەوتنی ئەو خالانە بە گوێرەی بەرژەوەندی جولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد، وەک جولانەوەی گەلێکی بن دەست دەستەبەر دەکرێ.

هیواداریـن لەسەر هەولدان بۆ سەقامگیرکردنی هەرچی زورتری ئەو

---

ئەسلانەو هەروەها ئاڵوگۆڕی پێشکەوتووخوازانە بە گوێرەی پرنسیبەکانی جووڵانەوە لە باری نەتەوایەتی و چینایەتی و دیموکڕاسی سەرکەوتوو بن.

سەرکەوتووبێ جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەپێناو دێموکڕاسی و مافی چارەنووس دا.

**حەسەنی هاشمی، رەسول پیشناز، سەعید کوێستانی ، محمدخزری، خالیدعزیزی.**

٥/٠٣ /١٩٨٨ سوئێد.

==============

=======================================

=

دوای ئەوەی بڕادەرانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر ڕەوت و ڕێبازو تێکۆشانی خۆیان ڕاگەیاند، کوردێکی زۆری پەنابەری سیاسی بە پیر بانگەوازیانەوە چوون و هەر کەس بەپێی بۆچوونی خۆی بە تەلەفون و نامەو بەیاننامە پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند.
دوای خۆ ناساندنی ڕێبەرایەتی و بەیاننامەی ئەولاو ئەم لا، ئەو پێنج کەسەی لە سەروو ناویان نوسراوە، وەک بێ لایەن ویستی خۆیان لە نامەیەکی سەر ئاوەڵە دا نووسی و بۆ دوو باڵیی حیزب و حیزبە کوردستانیەکانی ترمان نارد. وەنەبێ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێریش ویست و داخوازی ئەم و ئەویان گوێ دابێتێ، بەڵکوو خەریکی کارو باری خۆیان بوون، دەکرێ پیاو بڵێ هەر ئەوەی پێشێ بوون. ئەو چاوەڕوانیەی لێ یان دەکرا، لە پلەی یەکەمدا ئاوا نەبوون، دەکرێ بڵێین: گۆڕانێکی وایان بەسەر دا نەهات کە بتوانن لانی کەم بیرو ڕای کوردەکانی دەرەوە بۆلای خۆیان ڕاکێشن.
دوای ماوێەک کە دەکرێ بڵێم درەنگ ببوو هێندێک کادری وریاو باشیان هاتەدەرەوەو چوونە نێو خەڵک و دەستیان کرد بەکار و تێکۆشان. وردە وردە هێندێک کەسی باشیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاو لەو بیچم وچوارچێوە دەرگا داخراوەی پێشوو هاتنەدەرو خۆیان تێکەڵیی کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکان و کۆمەڵیی نوێی کوردەکانی دانیشتووی ئوروپا کردو لایەنگرو هەواداریان بۆخۆیان پەیدا کرد.
شتێکی تری کە پێویستە مرۆڤ بیزانێ، بوونی نفوزو ڕێکخستنە لە ناوەوەی کوردستان، لە ئەندام و پێشمەرگەڕا بگرە تا لایەنگر.
کاتێک لە باری ئەندام ولایەنگر لەو کەسانەی بۆسەردانی کەس و کاریان دەهاتنە ئوروپا لێمان دەپرسین: کەداخوا خەلک لە کوردستان

چ دەڵێن وچۆن دەڕوانن ئەو دوو باڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؟
وەڵامی زۆربەیان ئەوەبوو دەیانگوت: بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر دەڵێن « لادەر» و دەرسەدێکی زۆر کەم لایەنگریان لێ دەکەن. ماوێکی زۆر ئەو نێوە وەک چەقەقە پێ یانەوە نووسا بوو. دوای نیزیک پێنج ساڵ جەوەی گوتنی لادەر گۆڕا، دەکرێ بلێین؛ چ لەدەرەوە چ لەژوورەوە لە پلەی ناونجیدا حیسابێکی گەورەتریان بۆ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر دەکرد. بە **وتەی** ئەوانەی لە کوردستانەوە دەهاتن، لە ژوورەوەش ئەو هەوایەی پێشوو شکابوو. جانازانم لە ژوورەوە بە کارو تێکۆشانی باشی خۆیان ئەو گۆڕانە پێک هاتبوو، یان کوردەکانی دانیشتووی دەرەوە ئەو تەئسیرەیان لە سەر ژوورەوە دانابوو. بێشک کوردی پەنابەری دانیشتووی ئوروپا نەک هەر تەئسیریان لە سەر ژوورەوە هەیە، بەلکوو بە هاتوو چۆی خزمو ئاشناو ڕۆشناو تەلەفونو فاکس دەتوانن شوێنی گەورە لە سەر دۆستو ناسیارو خزم دانێن و لەسەر مەسایلی سیاسی و کۆمەڵایەتی و روون کردنەوە تەئسیریان هەبێ .
مەبەست لە نووسینو گێڕانەوەی ئەو شتانە ئەویە؛کە هەرکەسو هەرتاقم وگروپ و ڕێکخراوێک بە بوونی کادری باشو ئاکتیو باشترنفوز دەکاتو لەمەڕ ڕاکێشانی ئەندام و هەوادار بۆ ڕێکخستن دەتوانێ سەرکەوتنی پتر وەدەست بێنێ.
ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر لە باری گۆڕینی درۆشمی خودموختاری شۆڕشێکی گەورەی کرد، جابا سەرکەوتنی وەدەست نەهێنابێ یان هێندێک کەس لەبەر بێ بڕوایی بەهێندی نەگرێو گوێی نەداتێ.
یان دوای تێکەڵ بوونەوەیان لەگەڵ باڵەکەی تر ئەو درۆشمە

بنیژرێ و نەمێنێ، بەڵام ئەو هەرەکەت و درۆشم بەرزکردنەوە **بە نوقتە گۆڕانێکی مێژوویی** لە نێو رووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەژمێردرێ و لە داهاتوودا مێژوو نووسانی گەلی کورد بە شتێکی پیرۆز یادی لێدەکەن. بە کورتی رێبەرایەتی لە باری سیاسی و تەشکیلاتی، ئەوەی من بزانم کارەیان باش بەرەو پێش دەرۆشت .

دیارە هەرکەس بۆخۆی باشتر دەزانێ لە ناو رێکخراوی خۆیدا چەندی گیروگرفت هەیە، مرۆڤ لە لاوە کەمتر دەزانێ کەندو کۆسپی رێکخراوێک چیەو چەندە.

وەک دەڵێن رێبەرایەتی شۆرشگێر لە گیروگرفتی سیاسی، بەتایبەتی لە باریماڵیەوە بێ کەندوکۆسپ نەبوو. ئەوانەی لەکوردستانی باشوور ڕا دەهاتنە دەرەوە، زۆریان بەدەست تەنگی و کەساسی و بێدەرەتانی باس دەکردن. دیارە ڕوانگەی بەشی هەرە زۆری کادرەکانی رێبەرایەتی لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە سوئێد بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دوو باڵە، بەدل و گیان هەوڵیان بۆ دەدا و وەک هێندێک لە کادری لایەنەکەی تر دژ بەیەکگرتنەوە نەبوون. لە لایەکی تریشەوە گیروگرفتی تایبەتی رێبەرایەتی لە نێو خۆیاندا ، لەو سەروو بەندە دا پەرەی گرت کە وتوو وێژەکان گەرم ببوون. گیروگرفتی ناروونی دەروونی، مەسەلەکەی پتر وەپێش خست بۆ تێکەڵ بوونەوەو چوونەوە نێو حیزبی پێشووی خۆیان. کە بەقەولی مەلاعەبدوڵڵای حەسەن زادە و کابرای شاعیر:

«قەترەکان گەڕانەوە جێگای خۆیان و دەریاش هەر دەریایە.» !!

ڕەنگبێ زۆرکەس بۆیان پرسیار بێ بپرسن؛ بۆ چی وا بێ قەیدو شەرت چوونەوە، چ گیروگرفتێک هانی دان و وەپەلەی خستن ؟

هێندێک کەسی کونجکاو پتر لە شتی داپۆشراو دەکۆڵێتەوە. دیارە لە شت کۆڵینەوەش بێ تەئسیر نیەو پتر شت روون دەکاتەوە.

بە بروای من، ئەوگیرو گرفتانەی کە ئەندامانی سەرووی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕی وەپەلە خست کەزووتر یەک بگرنەوە، ئەو شتانەن:

* کراوەترو ئازادتر بیرکردنەوەی کادرەکانی رێبەرایەتی شورشگێر لە ئوروپا ئەو مەیدانەیان هەبووکە پترگوشار بخەنە سەر بەڕێوەبەری حیزب بۆ یەکگرتنەوەو بنبڕکردنی ناکۆکی پێک هاتوو.

* دەست تەنگی و نەداری و برسیەتی ماڵیی هۆیەکی گەورەبوو لە هەلوومەرجی تاڵیی ئەورۆی تێکۆشانیاندا.

* خەلکێکی زۆریان بەملەوە ببوو دەبوایە لەباری ماڵیەوە یاریدەیان بدەن. کە بە بڕوای من لەو بارەوە هەست کردن بە بەرپرسیاریە لە مەڕ ئەو خەلکەی کە لە گەلیان دا بوون ، ئەو پەڕی پیاوەتیو مەردانەگی بووە بۆ رزگار کردنیان لە هەژاری.

* کاتێک بڕوایان بە خودموختاری نەماو مافی چارەنووسیان لە کۆنگرەدا پەسند کرد، لە باری سیاسیو دۆستایەتیەوە لەگەڵ موجاهیدین تێکچوون. یارمەتیەکی کە دەیان دانێ لێیان بڕینو لە باری مالیەوە پترکەوتنە ژێر گوشارو دەست تەنگی.

لەو لاشەوە گیرو گرفتو ناکۆکی نێوان یەکێتی نیشتمانیو کوردستان و پارتی، ئەوەندەی دیکەی مەیدانی خەباتی لێ تەنگترو سەختو دژوارتر کرد بوونەوە. ئەوانەو ڕەنگبێ چەند هۆیەکی تری ناخۆییش هەبووبن و دەستیان دابێتە یەک و ناچاری کردبن کە ئاوا بە پەلە سەربەرەو ژێر بنەوە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی پێشووی خۆیان و ئاوا بی پەلپو بیانوو و مەرج دانان دەستی

هاوکاری و برایەتیان بۆ درێژ بکەن بۆ هەمیشە تێکەڵ ببنەوە.
لەلایەکی دیکەشەوە، نابێ نەخشی سکرتێری حیزب لەبەرچاو نەگیرێ و هەرواسووک بەسەریدا بڕوێین. لە کۆنگرەی هەشت سکرتێرێک لەکردەوەی بۆچوونی خۆیدا سەر نەکەوتووەو شتێکی فرەناخۆش پێک هاتووە. سکرتێری دوهەم و سێهەم بەجێگای دەرمانکردنی زام و برینەکان، پتریان پەرە بەوناکۆکی داوە، بەلام لەسەردەمی پێک هاتنەوەدا کە سکرتێری حیزب مەلاعەولای حەسەن زادە بووە، جگەلەوەی کۆتایی بەو ناکۆکی تراژیدیە هێناوەو لەنێو مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا شتێکی گەورەی بۆخۆی بەسەبت گەیاندوە.
کاتێک حیزب لەت بوو، هەڵلاو بەزمێکی گەورە لەلایەن کوردەکانی دەرەوە پێک هات، بەیاننامەی پشتگری و هەروەها تاوانبارکردنی یەکتری بە شتی جۆراو جۆرو نوسینی دژی یەک و قسەو قسەلۆکی ناڕەوا پێک گوتن. کە ئێستاش ئەو بەلگە پڕ شەڕە جنێوانەم لەلان، بەلام هیچ بە پێویستی نازانم جارێکی دیکە بلاوبکرێنەوە و لەنێو ئەو کتێبە دا تۆمار بکرێن.
ئەو دوو سێ بەیاننامانەشم بۆیە لێرە دا چاپکردن، ئی خۆیانەو بۆ خۆیان قسەیان پێکتر گوتووە، شتی ئاواش وەک مێژوو بمێنێتەوە باشترە، بۆوەی جارو بار وەبیریان بێتەوەو بزانن کاتێک بۆخۆیان واتە، ئەوانەی لەسەرووی حیزبن، کە هاتە سەریان چۆنیان پێخۆش بوو! بێ حیساب چ دەلێن: و چ دەنووسن. بەلام ئەگەر ڕۆژێک کادرێکی خوارەوەی خۆیان یاپێشمەرگەیەک شتێکی گوت؛ چۆنی هەلدەکوتنەسەری و کەسایەتی تێک دەشکێنن. تەنانەت نمونە هەیە

کە دەستوری کوشتن و لەناو بردنییشی دەدەن ! دیارە لەو بارەوە بەلگەی چاپکراوی خۆیان هەیەو ڕاگیراون.
هەر وەکوو لەسەروو باسم کردوە، پاش هەشت سالّ ناکۆکی و ناتەبایی و دژایەتی و پێشمەرگە و کوڕی خەلک پێکتر بە کوشتدان، بە خۆشیەوە ئاشت بوونەوەو دەستیان لە ملی یەکتر کرد. جا ئەو ئاشت بوونەوە چەندی ڕاستی و دلسۆزی و سەداقەت تێدایە، دوای کونگرەی یازدە، دەردەکەوێت. هەموو کوردێکی دلسۆز هیوادارە قێلّ لێکترنەکەن، بەلکوو کەلک لە بیرو مێشک و وجوودی یەکتری وەرگرن بو خەباتێکی درێژخایەن و پتەو کردنی ریزی یەکگرتووی خۆیان، بۆ بەهێز کردنی شۆڕش لەدژی داگیرکەر.
ئەوەش بەیاننامەی هاوبەش کە دوای هەشت سالّی پڕ لە کێشەو دژایەتی لەگەلّ یەکتر، سەرئەنجام ئاشت بوونەوەو ڕێک کەوتنەوە.
بەو هیوایە ببێت بە پەندو ئەزموون بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی لە کوردستانی باشور. بەلکوو ئەوانیش بەوە بگەن و بزانن کە بەرژەوەندی کورد لەیەکێتی دایە و جگە لە ڕێگای یەکگرتن و پێکەوە سازان، هیچ ڕێگایەکی دیکەی سەرفرازی و سەرکەوتن بۆ کورد نیە کە یارمەتی بەقازانج و بەرژەوەندی نەتەوەی کورد بکات .
وە بۆ دوژمنانی داگیرکەر، هیچ زەربەیەک لە یەکێتی و تەبایی کورد قورس ترو گورچوو بڕترنیە کە بیان تاسێنێ .

بەیاننامەی هاوبەش.

کومەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!

حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانی و ئێرانیە کان!

دۆستانی گەلی کورد لە سەرتاسەری جیهاندا!

پاش کونگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێک لە کادرو ئەندامانی حیزب بەهۆی هێندێک گیروگرفتی نێو خۆیی لەسەرەتای مانگی خاکەلێوەی هەزارو سێ سەدو شێست و حەوتی هەتاوی دا بەناوی،

«حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر» اعلامی مەوجودیەتیان کردو لە ژێر ئەو ناوەدا تێکۆشانی خۆیان درێژە پێدا. ماوەی هەشت ساڵ بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکراتی

کوردستان ئێران و ئەو گیروگرفتانەی کە بەو هۆیەوە هاتنە پێشەوە، زیانێکی زۆریان لە بزوتنەوەی میللی-دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێراندا. بە خۆشیەوە دوای هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی حیزب و دۆستانی گەلی کورد، لە بەهاری ساڵیی هەزارو سێ سەدو حەفتاو چوارەوە دەرگای وتوو وێژ بۆ چارەسەری ئەو گیرو گرفتانە کرایەوە. پاش چەندکۆبوونەوەی باس راوێژ، هەردوو لا لەسەر ئەوە رێک کەوتن کە دیاردەی بوونی دوو رێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی پێ بهێنرێو هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لە ریزێکی یەکگرتوودا خەباتی خۆیان بۆ وەدی هێنانی درۆشمی لە مێژینەی حیزب« دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» درێژە پێ بدەن.

بۆیە بە خۆشحال یەوە مزگێنی بە هەموو دڵسۆزانی حیزب و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەموو ئۆگرانی ئاشتیو ئازادی دەدەین کە لە دەرچوونی ئەم بەیاننامەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی دێموکراتەو ئەو ئاواتە پیرۆزەی کۆمەلانی خەلکی کوردستانو دۆستانی حیزب وەدی هاتووە. هیواداریین لەو هەنگاوە پیرۆزو بەر پرسانەیە، گوورو تینێکی زیاتر بەخەباتی رزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و کۆمەلانی خەلکی کوردستانی ئێران بداو لە وەدەست هێنانی مافو ئازادیەکانیان نیزیکتریان بخاتەوە.

بەم بۆنەیەوە داوا لەتێگرای تێکۆشەرا نی دێموکرات دەکەین، بە سەرنجدان بە گرینگی ئەم هەنگاوە پیرۆزە، چەندی بکرێ زیاتر گیانی هاوکاریو برایەتیو تەبایی لە نێو خۆیاندا بە هێز بکەن. پێویستە

یەکدڵی و یەک پارچەیی لە هەموو ئاکارو رەفتارێکی خەباتگێرانی دێموکراتدا رەنگ بداتەوەو بەم جورە دڵیی دۆستانیان شاد بکەن و هەموو ئەوانەی ویستوویانە لە ناکۆکی نێو ریزەکانی حیزب بەزەرەری گەلەکەیان کەڵک وەربگرن ناهومێد بکەن. لە کۆمەلانی خەکی کوردستانیش کە لە هەمووکەس زیاتر چاوەروانی بیستنی ئەم مزگێنیە بوون، داوا دەکەین زیاتر لە جاران پشتی حیزبە خۆشەویستەکەیان بگرن و لە خەبات بۆ وەدی هێنانی ئامانجەلەبێژینەکانی گەلی کورد دا یارمەتی بدەن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە کانگای دڵمانەوە سوپاسی هەموو ئەو حیزب و رێکخراوو شەخسیەتە سیاسی کۆمەلایەتیە کوردو ئیرانی و خاریجیانە بکەین کە لە چەند سالیی رابردوودا هەولیی رێککەوتنەوەی تێکۆشەرانی دێموکراتیان داوەو بەم جۆرە دلسۆزی خویان بۆ یەکپارچەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران نیشان داوە.

ئەوەندەی ناکۆکی و لێک دوور کەوتنەوەی خەباتگێرانی دێموکرات لە چەند ساڵی رابردوو دا جێگای داخ و کەسەر بوو، ئەوەندەش هەلوێستی بەر پرسانەی هەموو لایەک لە ماوەی یەکسال و نیوی رابردوودا و دانیشتن و وتوو وێژ بۆ چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکان جێگای خۆشحال یە.

تێکۆشەرانی دێموکرات ئازایانە لەمپەرە رەوانیەکانیان شکاندو راستەو خۆ پێکەوە دانیشتن، هەتا توانیان دوا کەندو کۆسپەکانی سەر رێگای یەکپارچەیی ریزەکانی حیزب لە نێو بەرن.

بێ لە خۆ بایی بوون دەلێین؛ ئەو کردەوە شۆرشگێرانەیە لە پەیوەندی

نێوان لایەنەکانی نێو بزوتنەوەی کورد دا بۆ چارەسەری گیرو گرفتەکانیان دیاردەیەکی نوێ و جێگای ئومێدە.

هیوادارین ریزەکانی حیزبی دێموکڕات رۆژ بەرۆژ پتەو بوونی زیاتر بە خۆوە ببینن و لەوەش زیاتر ئاشتی و تەبایی و هاوکاری باڵ بەسەر پەیوەندی نێوان لایەنەکانی بزوتنەوەو حیزب و رێکخراوە سەرانسەریەکانی ئێران دا بکێشی سەر ئەنجام دێموکراسی و پلووڕالیزمی سیاسی بە باشترین شێوە لە وڵاتەکەماندا سەقامگیر بێ.

**کۆمیتە ناوەندی خزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.**

**کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئێران رێبەرایەتی شۆڕشگێر.**

**1997-1-8 زایینی، ١٩ -١-١٣٧٥ هەتاوی**

بەپێی لەت بوون و هەشت ساڵ تێ پەڕبوون بەسەر جیابوونەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێرو پێك هاتنەوەو ئاشبوونەوەیان، من گەیشتوومەتە ئاخر، بەڵام کارێکی باشی کەکردومە ئەوەیە؛ بەیەکجاری جیابوونەکەو پێك هاتنەوەکەم کۆتایی پێ هێناوەو ئیتر ناچمەوە سەری بیکەمە داستان و بنێشتە خۆشکە یان بەیان نامەو مەقالەکانیش چاپ بکەم و. . . !.
باشتر وایە نیزیك بە چوار ساڵ بگەڕێمەوە دواوەو نامێکی کە لە ئاخرو ئۆخرەکانی ساڵی ٩٣ دا ناردومەتەوە کوردستان و هەروەها لە دوای نیزیك بە سێ ساڵ وەڵامەکەیم وەرگرتۆتەوە دەیخەمە پێش چاوی برادەران و خوێنەرانی بەڕێز.

## نامەیەك بۆ وڵات !

هاوڕێی بەڕێزو خۆشەویست ئۆمەر، هەموکاتێکت باش !
وێڕای ڕێزو سڵاوی شۆڕشگێڕانە دەستت دەکوشم و لەباوەشمت دەگرم ئەولاو لات ماچ دەکەم. هیوادارم بێ غەم بی و هەمیشە لە خۆشیدا بژی و بەردی ساردو گەرمت نەیەتە سەر ڕێگای ژیان. ئەگەر بتەوێ لە هەواڵی من و هاوڕێیان و چۆنیەتی ئوروپا پرسیار بکەی؟ بەڕاستی هەرچی بیری لێ دەکەمەوە نازانم لەکوێ ڕا دەست پێ بکەم و چ شتێکت بۆ شی بکەمەوە ؟
ئەوشتانەی لێرەن و نەت دیون؟ یان زەرق و بەرقی ئوروپا !؟
یان لە نیشتمان پەروەری خەلکی ئوروپا لەمەر وڵاتی خۆیان؟
یان لەبەسەر هاتی تاڵی خۆم و هەزارانی وەک منی دەربەدەرو ئاوارە و خۆشی لەخۆ نەدیو؟ یان هەر شتەکانی نێوان خۆمان؟
یان لەهەر شتەی شتێک، کامەت بۆ بنووسم؟

یان وەک جاران دیسان هەر دەتەوێ باسی ڕابردوت لەنووکەوە بۆشی بکەمەوە بۆ ئەوەی پتر لەمێژووی نەتەوەکەت ئاگادار بی و بزانی جولانەوەکان چۆن بوون و چۆنیان ڕێگا بریوەو بەرهەمیش هەر ئەو ئاکامانن کەرۆیشتوون و لە میژوو دا دەیان خوێنینەوە ؟

نا ئۆمەرگیان، دەمەوێ تەنیا نامێکی ئاسایی وسادەت بۆ بنووسم و غەمی دووری خوم بڕێژم و هەواڵێک لە تۆ بزانم و بەس. چونکە ئێستا نۆرەی تۆیە هەوال و رووداوی ئەولام بۆ بنووسی.

من بە دنیایەک چاوەروانی بەهیوای وەلامی نامەی تۆم، بەلکوو لەوشتە نوێیانەی ئەورۆی تێدابێ، چونکە من لەمێژە لەتۆ و لە ولاتەکەم دوورم و هیچ هەواڵێکی باوەر پێ کراوم لەو فرتەنەی ئێستا لە گۆڕێ دا یە، نیە.

من هەر شتێک بنووسم، بۆتو کونن، چونکە هەموو شتەکانم لە دۆل و بن بەردەکان، لە مەزراو مووچەو سەرکانیەکان، لە هۆدەی چۆل و شەوە تاریکەکاندا باس کردون و زۆرمان کات لەسەردانا وەو بێ خەوی مان لەسەرچێشتووە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک وکارەکان زۆر شەومان رۆژو، زۆر رۆژمان شەو پێکردونەوە. داخوا لەبیرتە؟

ئەوکاتەی پێکەوە لە ئوتوبوس دابەزین و بەرەو ئاوایی هەلکشاین تاگەیشتینە نێو ئاوایی ئێوە باس وکێشەمان لەسەر دوارۆژی نا دیار چ بوو؟ چەندمان وتوو وێژ وێگرا کرد؟

ئەدی عەزیزت لەبیرنەماوە؟ عەزیزی شەهیدو لەنێو دلاندا زیندو، کە چاوەڕوانی دەکردین زوو بگەینە مزگەوت و قسە

بۆخەڵک بکەین و دوایی لاوەکان کۆ کەینەوە ڕێکیان خەین.
لەبیرتە؟ بەپێکەنین ڕەخنەی لێگرتین و گوتی:
- ڕمبێکی ڕۆژ مابوو تا ئێستا من چاوەڕوانی ئێوەم، ئێوەجگە لەوەی دوێنێ شەوێ پێکەوە بوونەو دوو سەعاتیشە بەڕێگادا دێن و قسەدەکەن، ئێستاش سرت‌وخورتانەو تێر قسە نەبوون !
عەزیز هەرلەبەیانی ڕا مزگێنی دابوو بەخەڵک و بەلاوانی ئێو ئاوایی، کەئەوشەو فلانکەس‌دێت و بەدرێژی لەمزگەوتێ قسەتان بۆ دەکاو هەواڵەکانتان بۆدەگێڕێتەوەو ئامۆژگاری‌و ...
ئەوخەڵکەی کەتوونی و سوتاوی قسەو باس و تامەزرۆی ئازادی و هیواداری دوا ڕۆژێکی ڕوون بوون. ئەو خەڵکە نان بدەو بەئەمەگەی کە دڵسۆزی شۆڕش بوون. ئەو خەڵکەی کە ئاواتیان تەبایی و ڕەبایی ئێمە بوو، و حەزیان بە یەکگرتوویمان دەکرد. ئێستاش لەگوێم دا دەزرینگێتەوە کە هەموجارێک لە هەموو گوندێک پێیان دەگووتین :
- ئەگەر ئێوە گەرم و گوڕو یەکگرتوو بن، ئەگەر ئێوە لەگەڵ یەک ساردو نارێک نەبن، ئێمە لەماڵی‌دنیا هەرچی هەمانە هی ئێوەیەو بۆ ئێوەیە، چتان‌لەوخەڵکە بوێ لەمالیی دنیا، ئامادەین پێشکەشتان بکەین.
ئەوان ڕاستیان دەکردو ئەزموونیان لەسەر ڕابردووی مێژوو پتر هەبوو. بۆیە ئامۆژگاریان دەکردین و پێشنیاریان پێ‌دەکردین دڵۆمان تێ نەکەوێ و نارێک نەبین و ریزی خۆمان پتەوترکەین.
لەبیرتە ؟ ئێمەش بەڵێنمان پێدان و گوتمان: تا ماوین تەباو ڕەباو

یەکگرتوو دەبین و بەگەرم و گوڕی و تەباو رەبایی کارتان بۆ دەکەین و هەرگیز ڕێگا نادەین ساردی و دوو بەرەکی بکەوێتە ناومان و نابێ دوژمنی سەرەکی مان لەبیر بچێ، بەڵکوو هەوڵ دەدەین پتەوتر بین تا گشتمان پێکەوە داخوازیەکان دێنینە دی.

ئۆمەرگیان! چەندە شەرمەزارم کاتێک دەبینم لەسەرو قەرار و بەڵێنەکانیان نەبردە سەرو ئامۆژگاری و داوای خەڵکیان فیدای بەرژەوەندی پلەو مەقامی خۆیان کردو ئێمە کە لە خوارەوە کارمان دەکردو کوێرەوەریمان دەچێژا، لەلای ئەو خەڵکە بە ئەمەگ و دڵپاکە ڕوو زەردیان کردین و بەپەیمان شکێنیان دەرهێناین و تەنانەت ئیعتیباری سیاسی ئێمەشیان لەئورگانی خوارو هێناخوار. ئێستا من لەخۆم ڕا هەست بە ئێش و ئازاری دەروونی تۆ دەکەم و دەزانم دڵگیرو ناڕەحەتی و زۆر وەڕزی.

ناحەقت ناگرم، بەحەق گەلێکت کوێرەوەری و دەردە سەری کێشا. زۆرت تاڵی و سوێری و ساردی و گەرمی چێژت بۆ ڕاپەڕاندنی کارو باری گشتی. زۆرت دەرکاو دەرک کرد بۆ ڕاپەڕاندنی کاری حیزبی و ئەندام گیری و تێگەیاندنی هاوڕێیان و لایەنگران.

ئومەرگیان لەبیرتە، شەوێ دوای وتەکانی من، ئەتۆش هەستای هێدێکت قسە بۆ خەڵک کردو پاشان بەشەرمەوە داوای یارمەتیت کرد، لەشەرمان تف لەزارتدا وشک ببوو؟

لەبیرتە مامەقالە پێی گوتی: ئۆمەر یارمەتی بۆ شۆرش و گەل شەرمی پێ ناوێ؟ لەبیرتە، زۆر کەس لەنێوخەڵکەکەدا پوڵیان لێکتر قەرز دەکردو گیرفانیان هیچی تێدا نەبوو؟

منیش دەمزانی تۆی تاقانە بەروان تەنکی و هێندێک شەرمێونی.
لەبیرتە ؟ خاڵە حەمە گوتی؛ ئومەر گیان! بەشەرمەوە داوای یارمەتی مەکە، ئێمە هەرچی هەمانە ئی ئێوەیە و بۆ ئێوەیە، بەڵام تۆ، وات بیر نەدەکردەوەو دەتزانی زۆر کەس نیەتی و بێکارو دەست تەنگن و نەدارن.
دەمان دیت هەر لە کۆبوونەوەکەدا لێکتریان قەرز دەکرد، بۆ ئەوەی داوای ئێمە رەد نەبێتەوە، ئێمەش لە خوارەوە پێمان وابوو بەو یارمەتیانەی وەریان دەگرین کەلێنێکی شۆرش پردەبێتەوە!!
هەر چەند بۆ ئێمە دەردێکی گران بوو. بەڵام چار نەبوو، دەبوایە لەگەڵ ئەو بارو دۆخە بسازێین. تۆ لاوێکی بێ ئەزمون بووی، من دەمزانی هەلوو مەرج و خۆشەویستی نیشتمان تۆی هان دابوو لە خزمەتکردن بە شۆڕش ڕا نەوەستی. خەڵک دەیان دەزانی تاقە کوڕی بنەماڵەی و تاقانەی دایک و بابتی، پڕ بەدڵ خۆشیان دەویستی و خۆشەویستی ناوچە بووی. دەیانزانی دۆست و لایەنگرو پشتیوانی خەڵکی هەژاری کوردستانی.
تۆیان تاقی کردبۆوە و دەیانزانی کە تۆ بە دڵ لەگەڵیانی و هەرچی لەدەستت بێ و پێت بکرێ دریغ ناکەی . بەداخەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ لێهاتوو و دڵسۆز بووی، لەسەروو لێت دڕدۆنگ بوون؟! لەبەر ئەوەی خاوەنی بیری پێشکەوتنخوازانە بووی، بەرچاو نەبووی.
تۆ بەگەرم و گوڕی هەڵدەسورای، لەگەڵت ساردو بێگانە بوون.

تەنانەت لەخۆ ڕا دژایەتي نارەواشیان دەکردی. بۆ چکۆڵە کردنەوەت برێکیشیان ڕاگرتی! بەڵام گەورەتر بوویەوە چونکە پێت سەلماندن زانایی و لێزانیت لەخزمەت کورد دایەو بەس.
بۆخۆت ئاگات لێ بوو، چەندم هەوڵ لەگەڵدان و لەبەریان پاڕامەوەو، پێمگوتن :
- ئێوە هەڵەن، ئێوە لێکدانەوەکەتان لەسەر ئۆمەر، راست نیە! ئەو کوڕە بەدڵ هاتۆتەنێومان و دڵسۆزی کوردە، نیشتمان پەروەرە دڵسۆزی ڕێکخراوە، من دەیناسم و من دواندومەو کردوومە بەئەندامی ڕێکخراو. من دەزانم و لە هەموو بارێکەوە هەڵم سەنگاندوە، ئەگەر باشترین کادریش نەبێ، دڵسۆزترین ئەندامە، وەفادار بەڕێکخراوی خۆیەتی، بەڵام بە داخەوە لۆکەیان لەگوێی خۆیان ئاخنی بوو، قسەی من و دەیان دڵسۆزی تری شۆڕش بەهەوا دا ڕۆیشت و کرپاریان نەبوو. تاچاوەکانم لەسەر یەک دانان، وەک چاو بەست تۆیان لەمن شاردەوە و بردیانی. کەچی لەزیان بەو لاوە هیچ قازانجیان لەو کارە نەکرد جگەلەوەی سوکایەتیەکی مێژویان بە خۆیان کرد.
سەر ئەنجام درۆ و بوختان و دوو زمانی ناحەزان و بیرەکوێرەی نەزانی کاری خۆی کرد، بەپێچەوانەی ویستی خۆت، دوریان خستیەوە و لە ریزی کارو تێکۆشانیان وەلا نای و لە خەبات و بەربەرەکانی دژی داگیرکەر ساردیان کردیەوە.
لەبیرتە ئۆمەرگیان! شانازیمان بە یەکێتی و یەکگرتن دەکردو پشتیوانی لەهەژاران ببوو بە دروشم و ئامانج؟
هەرگیز لەبیرم ناچێ کاتێک قسەت بۆ خەڵک دەکردو باسی

بەشخوراوی‌و دەست بەسەرداگیراوی و بێ بەشی نەتەوەی کوردت دەکرد، سوور هەڵدەگەڕای وکوڵی گریانت لە ئەوکی دا دەماو چاوت پڕدەبوون لەئاو. سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلـلاو دڵسۆزی و باوەڕەی لەتۆدا بەدی دەکرا، تێکیان شکاندی. وەک گوڵ شەمزاندیانی و سیسیان کردی. روحی شۆڕشگێڕی و هەستی بەربەرەکانی تۆیان شێواند. بزەی سەر لێوە ئاڵەکانت کز بوون و ناچارکرای واز لەتێکۆشانی گەرم و گوڕی خۆت بێنی‌ولە خۆ ڕا پشتاویان کردی!

لانی کەم بۆ ماوێکی دوور، تا ئاڵووگۆڕێکی‌تر، بەپێچەوانەی مەیلی خۆت لەمەیدانی خەباتی ئەورو داˇ دوور خرایەوە.

لەو نێوەدا من شەرمەزارت بووم. تاماوم ویژدانم لەو ئێش‌و ئۆفانە دا دەناڵێ‌و دەساچم و دەسووچم.

دیارە من بۆ خەبات و تێکۆشان و بەربەرەکانی دژی دوژمنانی داگیرکەر ڕێگای ڕاستم پێشان دای، تۆش پێ‌یەوە هەستای و دڵسۆزانەو بەباشی ئەرکی تەشکیلاتی خۆت کە روونکردنەوەو دروست کردنی شانەو کۆمیتە بوو لە گوندەکان بەڕێوەت برد، بەڵام بەداخەوە لەئۆرگانی سەروو پاداشی پیچەوانەت وەرگرتەوەو تووشی کەندو کۆسپی بەناحەق بووی. ئەو ڕەفتارەی لەگەڵ تۆکرا، منی ئەوەندە شێواند، تاماوم ویژدانم، هەست و ڕوحم لەعەزاب دایە. قەت خۆم نابەخشم کە تۆ و هاوڕێ سەعەم هاندا بێنە نێو ڕێکخراو، جگە لەوەی خوێندن و کارتان چوو، لەسەر ساجی عەلیشم دانان.

بیستم سەعە نەخۆشە، نەدارو دەردەدارەو هەموو شتێکی

لەدەست داوەو بەربەرەکانی لەگەڵ ژیانێکی دژواردا دەکا.

هۆی پێک هاتنی نارەحەتی سەعە، سووچی منەو دەزانم کەهەر ڕۆژی هەوەڵ بەهاندانی من کارو بارو هەموو شتێکی لەدەست داو وەک دلسۆزی گەل، لە مەیدانی خەباتو تێکۆشان هەستو نیستی خۆی فیدا کرد.

ئۆمەرگیان ! دووپاتی دەکەمەوە و دەڵێم: لەحاست ئێوە خۆم بە شەرمەزارو تاوانبار دەزانم. مافی خۆتانە، نەم بەخشن. بەڕاستی بۆ لێبووردنو بەخشین نابم.

بیستم باستان کردبوومو گوتبوتان ئەویش ڕۆیی بەجێیێ هێشتین. بەڵێ ڕۆیشتم بۆ وڵاتێکی دوور، تابڵێی دوور. تا لێواری ئیشکایی ئوڕوپا «ئەسکەندیناوی» واتە وڵاتێ ساردو سەهۆڵ.

تا بڵێی وڵاتێکی ساردە تەنانەت خۆیان لە وڵاتەکەیان ساردتر.

چ بکەم، بڵێم چی؟ لەگەرمو گوڕی نیشتمان و خەلکی لای خۆمان بێ بەش بووم. کام نیشتمان؟ کام خەڵک؟ ئەو خەڵکو وڵات و نیشتمانەی داگیرکراوەو دەستی بەسەر داگیراوە. ئەو جێگایەی بۆخەبات، لە دژی داگیرکەران تێکۆشانی نەپساوەی لێ یە، بەربەرەکانی لێ یە، بەلاَم لەوێش لەبەر نەبوونی دروشمی سەربەخۆیی مرۆڤ ناحەسێتەوە، کەوا بوو جێگام نیەو لەهیچ شوێنێک ناحەسێمەوەو بێ جێگاو ڕێگام. لەگەڵ ئەوەشدا دوژمن بەدوای دەر بە دەرانەوەیەو هەڵیا دەنێ تابزانێ چیان پێ یە و چیان لەتوانادا ماوە؟

دوژمن واز نایەنێ و ئێمە مانانیان پێ تاوانبارە! تاوانم ڕێنوێنی و داکۆکی لە نەتەوەکەمە. تاوانم ئازادیخوازی و کۆڵ نەدان و

تێکۆشانە بۆرزگاری نیشتمانو ئازادی گەلەکەم.

هەوڵدان بۆ هاتنەدی مافی گەلێکی بەش‌خوراوی هاوخوێنی دەست بەسەر داگیراو. ئەوگەلە زیندوەی بەدرێژای مێژوو چەوساوەتەوە. ئەوگەلەی خەون بەئازادیەوە دەبینێ و لەهەموو بارێکەوە لە ئازار دا دەژی. ئەو گەلەی وەک بەشەگۆشت بەسەر چوار وڵاتی بێگانەدا، بەش بەش کراوە. ئەو گەلەی بەزۆر زمانی زگماکی لێ‌قەدەغە کراوە. ئەو گەلەی بەکۆمەڵ دەگیرێن‌و دەکوژرێن. سەرەڕای ئەو دژواریانەش، دوژمنان بەسەدان ڕێگەی پڕ لە فڕو فێڵ‌و پیلانگێڕیان بۆ فەوتانی نەتەوەیەکی گەورەی وەکووکورد تاقی کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەتێوی نەتەوەی ترمان هەڵدەدەن. بەعەرەب و فارس‌و توورک، تەنانەت وەحشی، بەلاوەمان دەناسێنن. پێمان دەڵێن: ئێوە ئێرانین! ئێوە عیراقین! ئێوە تورکی کێوین، و . . .

دەزانی بۆ وامان پیدەڵێن؟ چونکە پێناسی نەتەوایەتی مان نیە. لەڕاستیدا ئێمەش بۆ پشکوتنی بیری نەتەوایەتی هەولی خۆمانّ نەداوە کە وەک نەتەوە بمان ناسن، تائەوکاتەی بۆخۆمان پێمان وابێ نەتەوە نین، کوردی بێ وڵاتین‌و حاڵمان لەوە باشتر نابێ.

بەداخەوە بۆخۆمان بەخۆمان دەڵێین ئێرانین! عێراقین و ....

ئۆمەرگیان! لەشیکردنەوەی ئەو شتە کۆنانە بم‌بوورە. دەزانم هەمووی ئەوانەم لەگەڵ باس کردوی دەیانزانی و بۆتۆ کۆن بوون‌و پێویست ناکا لەوەت پتر بۆ بنووسم. تۆ ئەو شتانەت دەزانی بۆیە لێم نزیک بوویەوەو هاتی ڕەگەڵمان کەوتی.

باوەڕم پێ‌بکە، لەزانایی و لێزانی ئێوە شکم نیەو بەمرۆڤێکی

دڵسۆزو نیشتمانپەروەرتان دەناسم.
بیستمەوە لەو لاولا گلەیت کردبوو. مافی بەحەقی خۆتەو هەرچی بڵێی لێت بەئیراد ناگرم. ئەگەر دەشت بزێوم، مەبەستم لەو درێژ دادڕیە، کولانەوەی برینە کۆنەکانمە. ئەو برینانەی وەبنیان داوە، ئەو برینانەی کە بەلومەی خەنجەری نەزان ئەنجناون. ئەو خەنجەرەی کە بەبیری ژەهراوی خێڵەکی ئاو دراوە. ئەو برینەی بە نووکی زمانی چاپلووسی بۆخۆ بردنەپێش ئەنگواوەو لێم بۆتە سۆ. کەم کەس هەست بە ئێش و ئۆف و ئازاری برینەکانم دەکا. برینی ژێردەستی و زۆرداری و چەوساوەیی، برینی گوللەی بەکرێگیراوی خۆییش لەو لا ڕاوەستێ کە چەندە ناسۆرێکی بەژانە. تۆخوا ئۆمەر گیان! بمبوورە کە بەجێم هێشتی. چونکە مرۆ بەگوناهەوە دەبەخشرێ. ڕەنگبێ پێتان وابێ بەهاتنەدەرم گەیشتوومەتە جێگای خۆم و لەگەڵ هاوڕێیانی دەرەوە ئێستا گەرم و گوڕین و زرمەمان دێ، یان هەموو وێگرا یەکڕەنگ و یەکدەنگ و تەباو ڕەباو خەمخۆری یەکترین و لێک نیزیکین، موومان لەبەینەوە ناچێ!؟ نا کاکە گیان! بەداخەوە وانیەو بگرە بەپێچەوانەی ئەو خەیالات و لێکدانەوەی ئێوەیە. بەدوو لەت بوونی ڕێکخراو، و مشت و مڕی دوو باڵی ڕۆژ هەڵات، هەروەها شەڕی دوو دەسەڵاتداری باشوور، ئێمەش بەگشتی وەڕەزو شێواوین، ئێستا شەڕەکەی ئەوێ گەیشتۆتە ئێرەو «شەڕ قوونی لە دەرکێ ناوە» ئەگەر تەقەو هەڵلاو لێکدان لە وێیە، پاشدەنگ و ڕاسان و ململانەکەی لێرەتۆز دەکات و هەرکەس بەیاری خۆی

هەڵدەڵێ و لایەنی تر بەتاوانبار دەزانێ و پروپاگاندیشی بۆ دەکات، بەڵام خوا شوکر گوێ ڕایەڵیان کەمەو هەر بۆخۆیانن بە «ڕبەی » خۆیان دەپێون.

لەئێمەش مەپرسە، هەمووومان «بەپۆستی خۆمان دا کەوتووین» ڕووناکیمان لە دڵدا نەماوە. ئومێدمان کز بووە پردە بازی هیوا ڕووخاوە، بزەی سەر لێومان ون بووە، خۆشی باری کردووە، ڕەشپۆشی جێگای گرتۆتەوە. پێکەنین وەسەرگریان گەڕاوە، سەرگەردان و پەشێو چاوەڕوانی داهاتووین، داهاتووی لیخناو و لێڵ و نادیارو ناڕوون و قوڕاو.

ئەرێ ئۆمەرگیان ! توخوا ئێوەش لە ترسی پرسیاری ئەم و ئەو خۆ لادەدەن و خۆتان لە خوارە پێچان دەگرن !؟

ئێوەش بەمن، من و لەسەر هەوا حکومەت کردن قەڵسن ؟

گۆیا ئەوان نەک هەر گوێ بۆ کەس ڕاناگرن، کەسیان پێ هەو نیەو کەس بە پیاو نازانن، پێیان وایە هەرخۆیانن شت دەزانن و لەخۆیان بەو لاوە هەموو کەس نەزان وگێژن!؟

هەر دەبێ وابێ، ئەوان بۆخۆیان زگیان تێرەو جێگایان گەرمەو بە دەسەڵات و نەغدی خۆیان گەیشتوون و ڕەش و ڕووتیش ...

کاکەگیان بڵێین چی؟ کولتوورەکە ئەوا جێ کەوتووە. دوژمنمان زۆرەو بەمەسەلەی کوردەوە قەڵسن، هەزارو یەک پیلانیان دژی ئێمە بە دەستەوەیە، ئێمەش بێ پلان. ئەوان یەکگرتوون، ئێمە دژ بەیەک. ئەوان دەولەت و دەولەمەندو پۆڵدار، ئێمەش خاوەنی گەنج و خەزینەی دەست وێڕا نەگەیشتوو و برسی. لەسەر ئەو حاڵەش، ناتەباو یەک نەگرتوو و دژ بەیەک.

زمانم لاڵ بێت، تۆبڵێی بەو بەراوردە، هیچمان بۆ بکرێ؟ بڵێی دوژمنان بێڵن و لێمان گەڕێن شتێک پێکەوە نێین ؟
پێت وایە بۆخۆمان ڕۆژێک بگەینە ئەو جێگایە گوێ ڕایەڵی بیری خێڵەکی نەبین و لەڕووی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی دروستی خۆمان هەنگاو هەڵێنینەوەو ڕێگا ببڕین ؟
لەسەدا سەد پێم وایە، دوژمنانی داگیرکەر بۆئەوەی هەرخۆیان خاوەنی گەنج و خەزینەی بێ پایان بن و هەربۆخۆیان لەسەرگەلی کورد ئاغاو کوێخابن، لەمێژە کاری خۆیان کردوە و قسەی خۆیان لەگەڵ یەک بڕیوەتەوەو بەرنامەڕێژی خۆیان لە دژی کورد کردوەو « هۆرەی داریان لەخۆیی بۆخۆیی داتاشیوە »
ئۆمەرگیان پێم وابوو هەواڵی ئێرەت تۆزێک بۆ بنووسم باشە، بۆیە ئاماژەم بەهێندێک شت کردو بۆم باس کردی، بۆ وەی بزانی لێرەش شتی وا دەکرێن و لەوەش پتر دەکوترێن و دەبیسترێن و دەنووسرێن.
بۆخۆشم هەر وەک جارانم و بیرو ڕاشم پتەوتر بووە و نەگۆڕاوم. ئێستاش وەک جاران دەیڵێمەوەو دەڵێم: « ئێمەی کورد نەتەوێکی نەخوێندەوارین. گەلێکی پاشکەوتووین، میللەتێکی خۆخۆرین، بیرو فەرهەنگی خێڵەکی بەسەرماندا زاڵە و گوێ لەمستین. لەدژایەتی یەکتر ئازاترین تا بێگانە. فرە سادەو ساکارین و زوو بەهەڵە دەچین. لێکۆڵینەوەمان نیە و بەبێ لێکدانەوە هەڵدەکوتینە سەرکاران. یەکگرتووش نین، بۆخۆکوژی و یەکترکوژی وەک « ئاوری قودرەتین » لەحاست بێگانەش ساردو بێ دەست و بردو بێ پلانین. خۆمان زۆر پێ

ئازایە، ئازاش نین. خۆمان پێ زاناو دانایە واش نین. بێ کردەوە بەدەم دەڵێین؛ خاکین، خزمەتکارین، واش نیە. بەداخەوە ئەوەندەی دوژمن حەزدەکا، بەرزەفڕین، لووت بەرزو هەڵپەرەستین و خۆمان پێ زۆرە، پێمان وایە هەر خۆمان شت دەزانین و خەڵکی تر نەزان وگەوجن.

ئۆمەرگیان! وەک گوتم؛ کلتورەکەمان واجێکەوتووە. ئەگەر من و تۆش بەرپرسی کۆمەڵێک بین و لەسەروو بین و دەسەڵاتمان هەبێ، ڕەنگبێ هەروا بین و باشتر نەبین.

بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە لە دێموکراسی هەواڵێک نیەو تەنیا ئێوی چۆماغ و زەبروزەنگ لەسەر زارانە، ئەوەش فەرهەنگی دەسەڵاتدارانی داگیرکەری کوردستانە، کەئێمەشی گرتۆتەوەو بەرپرسانی سیاسی کورد لاسایان دەکەنەوەو پەیڕەوی لێدەکەن. ئێستا کەوایە، تکایە لەبیرم مەکە و گلەییشم لێ مەکە.

بامن توش دڵ مان لێک نەیەشێ و نێوانمان سارد نەبێ، لانی کەم با ئاشتی لەنێوان من و تۆدا هەبێ و شەڕمان نەبێ. تابزانین چۆن دەبێ و سەرئەنجامی ئەو بێ ئوسولیانەی دەکرێن بەکوێ دەگا.

چاوەروانی وەڵامم.

هاورێی جارانی خۆت، سەعیدکاوە «کوێستانی»

سوئێد ١ /١٢ / ١٩٩٣

## دەست درێژی عێراق بۆ سەر کوێت.

دوای ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق ، لە خۆ بایی بوونی سەدام حوسێن، دەولەتی عێراقی توشی هەلەیەکی گەورە کرد. یان دەکرێ بلێین دەولەتانی غەرب، وەسەر هەلەیەکی گەورەیان پەڕاند. سەدام کە لە شەری هەشت سالەی لەگەلّ ئێران دەکرێ بلێین لەباری نیزامیەوە سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو، دوا بەدوای ئیمزاکردنی ئاشتی لەگەلّ ئێران، بە سازو بەرگی تەواو و کەرەسەی شەرو خۆ ئامادەکردنی نهێنی، هێرشی کردەسەر کوێتو یەک شەوە دەستی بەسەر کوێت دا گرت. ئەمریکاو ولاتانی تری ئوروپای غەربی بە دەنگ وەرگرتن لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو یەکگرتنو رێککەوتن، ئەمریکاو ولاتانی ئوروپای رۆژئاوا ، لێی وەخۆ کەوتن. بە بۆم بارانو موشەک بارانێکی بێ بەزەیانە لە ماوێکی کورتی چەند رۆژەدا لە ولاتی کوێتیان وەدەر ناو. دەولەتی عێراق، وەک ولاتێکی لە شەڕدا دۆڕاو هەرچی بۆخۆیان پێ یان باشو پێ یان خۆش بوو چۆکیان پێداداو قەراردادێکیان پێ ئیمزاکرد.

لەو کاتدا کە لە باشوورو رۆژهەلاتی کوردستان، شۆرشی کوردەکان دەهات جارێکی تر کپ بکرێ و بە نێوی شۆرش شتێک نەمێنیّ و بۆ چەند سالێکی دیکە شۆرش لە کوردستان راوەستێ و خەلک بۆخۆی

پشوێک بدات. بە هاتنە پێشی دەست درێژی عێراق و لێدانی ئەمریکاو هاو پەیمانەکانی لە دەست درێژی عێراق، جارێکی تریش کورد سەری هەڵداوەو بە یەکگرتنێکی گەلەکۆمەکی پیاوانە ئیدارەکانی جاسووسی و سەربازگەو بنکە نیزامیەکانیان لە کوردستان تێکەوە پێچاو ناوچە کوردیەکانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و لە ژێر هێزی چەوسێنەری حکومەتی عێراقیان هێنادەرو وەک وڵاتێکی ئازاد دەستیان بەسەرداگرت.

کاتێک لەشکری تێ‌شکاوی سەدام خۆی گرتەوە، ویستی هێرش بکاتەوە سەرکوردستان، شەڕێکی گەورە لە نێوان هەولێروکەرکوک و دەورو بەری پێک هات. هەرچەند کورد زۆر یەکگرتوو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی رێک نەخرا بوو، نەزم و نیزامێکی نەبوو، نەیتوانی لەبەر هێرشی لەشکری شکاوی سەدام حوسێن دا خۆی ڕا بگرێ‌و بەرگری لە خۆی بکات، ناچار پاشەکشەی کرد.

دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ، کە کورد بە **دنەو** هاندانی ئەمریکا لە سەدام و رژیمی عێراق ڕاپەڕی بوو، بەو هیوایە کە ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات. کاتێک ڕاپەڕیوانی کورد لە دەشتی کەرکوک‌و دەورو بەری پاشەکشەیان دەکرد، خەڵکی بێ‌چەک و دیفاع لە ترسی بۆمبارانی شیمیایی کە نەکا وەک شاری هەڵەبجە بە کۆمەڵ بکوژرێن، نیزیک بە یەک میلیۆن و نیو روویان لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران کردو پتر لە پێنج‌سەدهەزار کەسیش بەرەو کوردستانی ژێر دەستی تورکیە ڕەویان دەست پێکرد.

لەو ڕەوە دا جگە هێندێک نەغدینەی وەک زێرو پارە، هەموو شتێکی خۆیان بەجێ هێشت. لەترسی شیمیایی باران‌و ڕزگارکردنی

منداڵ و جگەر گۆشەکانیان، تەنانەت نانی چەند ڕۆژێکشیان بۆ دەر نەچوو. ئەو ڕەوە بوو بەکارەساتێکی مێژوویی و تا دنیایە کورد لە بیری ناچێتەوە. هەر وەها ئەو ڕەوە، وەک خاڵێکی ڕەشی مێژوویی بە نێو چاوانی دوژمنانی داگیرکەرەوە دەمێنێ و لەبیر پیاو و ژن و منداڵی کورد ناچێتەوە.

بەڵێ ڕۆژێکی تاڵ و دەردێکی گران بوو. کاتێک لە ڕادیۆ دەمان بیست و لە تەلەڤیزیۆنەکانی دەرەوە دەماندیت کە بەو سەرماو سۆڵە، لە ترسی سەدام حوسێن ماڵ و حاڵ و زێدو نیشتمانی خۆیان بە جێ هێشتبوو، تا نانێک یا سەموونێکیان وەردەگرت، بە دەیان کەس دەکەوتنە بەر هێرش و پەلاماری ژاندارمی تورک کە بە قۆنداخە ژ۳ و دارو بەرچیغ لێیان دەدان و کول و کۆی شۆڤێنیستی خۆیان پێدەرژتن و وەک دوژمنی بابەکوشتە ڕەفتایان لەگەڵ کوردی ئاوارە دەکرد.

پێم وایە هەموو ئەو کەسانەنەی کەکاتێک ئەو تراژیدیان دیوە کە ئاوایان لەگەڵ دەجووڵێنەوە، ئیختیار بە خۆی نە نەماو فرمێسکەکانی هاتوونەتە خوار. لەسەر ئەو بڕوایەم هەموو ماڵە کوردێک بە دیتنی ئەو تراژیدیایە شین و گریانی تێدا بووەو فرمێسکی لێ هەڵوەراوە. بە تایبەتی لەو کاتەدا کە جندرمەکانی تورک بە قۆنداغە تفەنگ و دار، وەردەگەڕانە ئەو خەلکە برسی و لێ قەوماوە.

دیارە ئێمەو مانانیش لەدەرەوە جگە لە داخ و کەسەرو ددان بە جەرگی خۆ داگرتن، ڕێگایەکی ترمان نە بوو.

ڕۆژانێکی تاڵ و ناخۆش بوو. ئەمریکا دوای ئەوەی بە ئامانجەکانی خۆی گەیبوو، بۆ وەرگرتنەوەی زیانی ئەو چەکانەی تاقیکرد بوونەوە ئیمزای لە حکومەتی عێراق وەرگرتبوو. کوردی باشووری لە دژی

ڕژیمی عێراق هاندا بوو و زۆر پترلە پێشووی خوێنڕێژی و دوژمنایەتی لەنێوان کوردو ڕژیمی عیراقدا پێک هێنابوو. کەچی دوایەش قسەی خۆی خواردەوەو کوردی بە تەنیایی هێشتەوە و دەهات بەجێی بێڵێ! بە هاندانی چەند دەوڵەتێکی ئوروپاو خۆ پێشاندانی نە پساوەی کوردەکان لە هەموو دنیا، بە تایبەتی لە ئوروپا هەر وەها دانیشتن و مانگرتنی پەنابەران لە بەردەرکی سەفارەتەکانی ئەمرێکا، جارێکی دیکە دەوڵەتی ئەمریکا ناچارکرا وێڕای دەوڵەتانی هاوپەیمان پارێزگاری خۆی لە کوردستانی باشوور دەست پێ بکاتەوەو هێڵیی هەوایی و زەمینی بۆ دەولەتی عێراق دیاری بکات کە سەدام حوسێن نەتوانێ لەوە زیاتر دەست درێژی دژی سەرکوردستان بکات و هێرش بەرێتە سەر شارەکانی کوردستان.

چاو پۆشی لە بەرژەوەندی سوودی تایبەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانیان، بۆ پێزانین مرۆڤ دەبێ بڵێ: لەو کاتە ناسکەدا کە بە ڕاستی کورد لێی قەومابوو، دەر بەدەرو ئاوارە ببوو هیچ ڕووناکایی و دەرووی ڕوونی شک نەدەبرد، یاریدەدانێکی فرە مرۆڤ دۆستانەوجێگای پێزانین بوو. لانیکەم لە هێرشی سەدامحوسێن دا کوردیان پاراست و لەو قاتی و قوڕیەی کەبەسەر کوردستاندا هاتبوو یاریدەیان دراو نیشتمانی کاولکراوی دوای شەڕی کەنداو هێندێک ئاوەدان کراوە.

ئەو کات ئێمە لە سوئێد بووین. بەو هەرەکەتانەی ولاتانی دەرەوە تەواوێک بووژابووینەوە. هەموو کوردێک لە دەرەوە خۆی بۆ سەردانێکی کوردستان ئامادە کردبوو، ئەوەی بۆی کرا سەردانی خۆی کرد. هێندێک کەس خۆی لە پەنابەری ڕزگار کردو ڕۆیشتەوەو لەوێ خەریکی کاری ئیداری و سیاسی و ڕۆژنامەگەری بوون. ..

دوای ماوەیەک خۆ رێک خستن و ئەهوەن کردنەوەی خەڵک لە دێهات و شار، مەسەلەی دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەر بو پارلەمانی کوردستان هاتە پێش. ئەو ڕەوت و کارە بەنرخانە بە تەواوی ئێمەو مانانی بووژاندبۆوە.

جووڵانەوەی سیاسی پارت و رێکخراوەکان، نووسینی نووسەران، کارو باری هونەرمەندان، چوونەوە سەرکاری مامۆستایان، دەست بەکارکردنەوەی ئیدارەکان و . . . بەگشتی هەرچی دەکرا بە نرخ و جێگای دلخۆشی مان بوو. جگە لە ڕەخنە گرتن هەر شێوە کارێکی کە لە کوردستان روویان دەدا لەدەرەوە جێگای تەئیدی ئێمە بوو.

ڕەخنەگرتنمان لە کارگێرانی نوێی کوردستان پێ گوناه و تاوان بوو. پێمان وابوو کاتی ئەوە نیە گازندەیان لێ بکرێ. دەبێ ماوە بدرێ تا بەرێوەبەران پتری بیر لێ بکەنەوە. تەنانەت جاروبار لەگەڵ هێندێک کەس لێمان دەبوو بە قرڕەو تۆمەتی نا دڵسۆزیشمان لێدەدان و لێمان دەبوو بەگرژی و نێوان ناخۆشی!؟

لەراستیدا تەواوی کارو باری سیاسی لەدەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە سوئێد لەدەوری چونیەتی کوردستانی باشووردا دەسوران و بیر لە وە دەکراوە بڵێی دوژمنان بێلن حکومەتی کوردستان دروست بکرێت؟ داخوا چۆن و بەچ شێوەو بیچمێک دەبێ؟

چاوەروانی هەڵبژاردنی کوردستانی باشوور بووین ، هەڵبژاردن کراو دەنگ درا ، دەتوانم زۆر بەراشکاوی بڵێم؛ بە راستی کورد ئیسپاتی کرد کەنەتەوەیەکی دێموکرات و دوور بین و نیشتمان پەروەرە. بۆ هەموو جیهان روون بۆوە کە نەتەوێکی ژێردەستی وەکوو کورد لە هەر چوار دەولەتی داگیرکەری ئێران و عێراق و

تور کیەو سوریە دێموکراترەو پترقانوونی دێموکراسی و مروڤایەتی وەبەر چاو دەگرێ.
ئەو هەواڵدەرانەی دەرەوە کە لە کاتی هەڵبژاردندا لە کوردستان بوون و هەواڵ و فیلمی تەلەڤیزیۆنیان بۆ وڵاتی خۆیان ناردبوو ەوە، لە تەلەڤیزیۆنەکانی سەرانسەری جیهان بڵاوکرانەوەو نیشان دران کە چۆن لە هەوەڵی بەیانیەوە خەڵکی کوردستان پیرو لاو، ژن و پیاو. لەسەفدا بە ریز لەسەر نۆبە ڕاوەستاون و بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان بۆ پارلەمانی کوردستان چاوەروانی دەکەن.
ئەو هەڵبژاردنە لەباری دێموکراسیەوە کوردی بە جیهان ناساندو رووی دزێوی رژیمە دیکتاتورە داگیرکەرەکانی کورستانی نیشانی جیهان دا. دەکرێ بلێین، ئەو پروپاگەندانەی وەدرۆ خستەوە کە بۆیان بڵاوکردبووینەوە ، کە کورد وەحشی و مرۆڤ خۆرە. بەڵام کورد نواندی کە نەک هەر وەحشی نیە، بەڵکوو گەلێکی فرە دێموکرات و نەجیبەو دەتوانێ دێموکراسی بپارێزێ.
لەوەش گرینگترو سەرنج ڕاکێشترئەوە بوو، کە پارت و رێکخراوە سیاسی یەخۆماڵیەکان بۆیان دەرکەوت کەئەوخەڵکە بێلایەنە، لە وانیش دێموکراترو نیشتمان پەروەرترن و دەبێ لە باری دسپلین و فیداکاری بۆ دامەزرانی دەولەتی کورد حیسابیان لەسەر بکرێ.
بەکورتی هەر وەک ئیمە لەدەرەوە ڕەوت و کردارەکانمان هەلدەسەنگاندن وەزعەکە باش دەچووە پێش و ئێمەو مانان پێی دڵخۆش بووین و چاوەروانی دوا رۆژێکی روون بووین. بە داخێکی گرانی پڕلەکەسەرەوە، پاوانخوازی بیری خێڵەکی هیوای بیست سی میلێون کوردی تێک روخاندو خەڵکیان لەو بیرو ڕاو ئیمان بەو

پارت و ڕێکخراوانە نەک هەر سارد کردەوە، بەڵکوو خۆیان لە پێش چاوی هەموو کوردێک کردە ژەقنەموت، جگە لە چەند کەسێکی هەلپەرست یان کەسانێکی دەست تەنگ وبێچارە، لایەنگری و دلیی کەسیان بەلای خۆیانەوە نە هێشت.

بە هۆی هاتنە پێشی مەسەلەی قەڵادزێ، واتە چاوچنۆکی کوری حەسۆ میرخان و شەڕفرۆشی جەبار فەرمان و گەورە کردنەوەی ڕووداوێکی بچووک، بە بیری خێڵەکی ڕێبەرایەتی هەردووک لا، ئاوات و هیواکانی چەندین ساڵەی نەتەوەی کوردیان چاڵ کردو هەلی ڕەخساوی لەبارو هەلکەوتووی جیهانیان نە قۆزتەوە، بێهودە و زۆربە هاسانی و هەرزان لەدەستیان دا.

دوا بە دوای ئەو ڕووداوەو گەورە کردنەوەی مەسەلەیەکی بچوک بە شتی غەیرە سیاسیانەو چوک بیرکردنەوە لە چوارچێوەی تەسکی ڕێکخراوەیی دا، باشترین وەزعی باش و لەباری ڕەخساوی کوردستانیان شێواندو هێدی و هێمنی و ئارامی ناوچەیان ئالۆزاند.

بێجگە لە شێواندنی هەلوو مەرج و ئالوزکردنی ئەو هێمنی یەی پێک هاتبوو، ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ هەلی هەلکەوتوویان پترتێکدا و بەلایەکی وایان بەسەر گشت نەتەوەی کورد هێنا کە هەر گیز لەبیر نەکرێ و ئابروو حەسیەتی سیاسی کورد لە جیهانی ئەورۆ دا بکەوێتە ژێر پرسیاری خاس و عام.

سەر ئەنجام کاریان گەیاندە جێگایەک کە مرۆڤ پێی شەرمە لە لای بێگانە سەری هەلێنێ، یان بینووسێ و بیهێنێتە سەر کاغەزو بەوردی باسی لێوە بکات.

پێم وایە لە باری مێژوویەوە پێویستمان بەو ڕووداوە گرینگانە هەیە کە

لە کوردستان دەگوزەرێن. ئەگەر بۆ ئەزموون وەرگرتنیش بێ لە سەر شانی هەموو مرۆڤێکی کورد **ئەرکە** هەلەکان بنووسرین. ئەگەر لە نیزیکەوە و لە نێو جەرگەی کوردستاندا بنووسرێن، تە نانەت یەک هەزارومیش بێ، گرینگ و پڕ بایەخن‌و بە شتێکی شازی مێژوویی دەژمێردرێن. لە لایەکی دیکەوە، مرۆڤ لە نووسینی رووداوەکاندا ویژدانی ڕاحەتەو ئەرکی نیشتمان پەروەری‌و نەتەوایەتی سەر شانی خۆی بە جێ هێناوە.

## دیسان‌هەوالێکی ناخۆش.

رێکەوتی چواردەی گولانی ٩٧ حکومەتی شۆڤێنیستی تورک جارێکی دیکەش بەهێرشی درندانەی مغول ئاسایی بێ لەبەر چاوگرتنی یاسای نێو نەتەوەیی و رێز دانان بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەهێزێکی هەشتا هەزار سەربازی و پازدە هەزارجاش، لەژێرچاوەدێری تۆپخانەی قورس و دەیان تانگ و زرێپۆش و هێلیکۆپتری جەنگی، سنووری بەزاندو پتر لە حەفتاکیلۆ مێترچووە نێوخاکی کوردستانی باشوور. پێشتریش لە سالی ١٩٩٥-١٩٩٢ بەفەرمانی ژەنرالەکانی تورک هەر بەو شێوەیە، بەهەزاران سەربازو تانگ و تۆپ و زرێ پۆش، کوردستانی باشوور کەوتە ژێر پۆستالیی رەشی ئەرتەشی کەمالیستەکانەوە. حکومەتی تورک لە هێرشەکانی پێشوو دا ئامانجەگلاوەکانی خۆی کە سازدان و رێکخستنی تورکمانەکانی نیشتەجێی عراق بوو پێک هێنا. ئێستا بە

نیازی ئەوەی وەک قەلەمنداره شتێک بۆ تورکمانەکان پێک بێنێ و ئامانجە ئابوریەکانی خوی بێنێتە دی، هێرشی سێهەمی کردوە، دیارە تورکیا شتی تریشی لەباران دایە و نەخشەو پلانەکانیان لەوە بەرین ترن کە من لێرەدا ئاماژەم پێکردوە. لەو هێرش و پەلامارەی دوایی دا، هەلوێستی ئەمریکا بۆ هەموو کەس بەتایبەتی بۆ و کوردانەی کە پێیان وابوو ئەمریکا دەیەوێ کیان بۆ کورد دروست بکات، باش روون بۆ وەو دەرکەوت کە ئەمریکاهەرشتێکی قازانجی لە سەدا سەدی خۆی تێدا نەبێ نایکات. هەروەها لەوکێشەیەش دا قازانجی تایبەتی خۆی لەبەر چاو دەگرێ و خەریکی وەرگرتنی باجی پترو درێژخایەن ترە لە عێراق و ولاتانی تری عەرەبی.

لەلایەکی ترەوە هێرشی حکومەتی تورکیەش پەیوەندی بەتەئیدو پشتیوانی بێ ئەو لاو لای ئەمریکایەو، هەروەها بە رازی کردنی ناو خۆیی پێک هاتووە. چاوپۆشی لەکەین و بەینی پێشووی تورک و کاک مەسعود بارزانی، کە لەهێرشی جارەکانی پێشوودا پارتی سوکەلە رەخنەیەکی دەگرت، بەلام لەهێرشی ئەوجارەی حکومەتی فاشیستی تورک دا، بەپێی هەوالدەران، تورکیە لەسەر بانگێشتنی پارتی و مەسعود بارزانی چۆتەکوردسانی باشوور.

راگەیەندراوی حکومەتی تورک دەلێ:

-لەسەر بانگێشتنی پارتی چوومەتە باشوور. من کە ئێستا ئاماژە بەو رووداوە دهکەمو دەینووسم، ماوێکی زۆر لە هێرشی تورکیە تێدەپەرێ، کە چی وتەی بانگ هێشتنی تورکیە لەلایەن پارتیەوە وەدرۆ نەخراوەتەوە. جگەلەوەی لە بیاننامەیەکدا پارتی داوای لە پارتی کرێکارانی کوردستان کردوە؛ کوردستانی باشوور بەجێ بێلن.

ئەو بیرخەرەوە بەمانای تەئیدکردنی مانەوەی پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باشووری کوردستان نیە. بەڵکوو لەسەر ئەو باوەڕەم دەخالەت لەکاروبارو یەکتردا نەکرێ‌و، وێڕای دەرکی سیاسەتی ڕۆژ یاریدەری یەکتربن. لەکاتیک دا پارتی دێموکراتی کوردستان ئەو بەیانەی بلاوکردۆتەوە، کە دوژمنی داگیرکەری تورک، لەدەشت‌و چیا سەرکەشەکانی کوردستانی باشوور، دەستی کردوە بە هێرشی نیزامی‌و تۆپباران و بۆمباران‌وخەریکی لەناو بردنی مەزراو کێلگەوگوندوژن‌و منداڵی گەلی کورد.
بە داخەوە تائێستا پارتی دێموکڕاتی کوردستان نەک هەر لەو بارەوە ڕەخنەی نەگرتووەو حکومەتی تورکی مەحکومی نەکردوە، بەڵکوو هێزی خۆشی لە ئیختیاری تورک ناوەو شان بە شانی لەشکری تورک بەزاهیر لە دژی پێشمەرگەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەجەنگن.
جێگای داخە کە پارتی دێموکراتی کوردستان پێشترییش لەساڵەکانی ٨١ تا ٨٧ لەژێر چەتری کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە دژی شۆرشی کوردستانی ڕۆژهەلات و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەرێکی خوێناوی دوورو درێژی دەست پێکردو هەر لەو هێڵ‌و ڕێبازەدا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران هەنگاوی هەڵێناوە.
پێم وایە ئەو ڕیزەکارانە لەو دەورانەی ئێستا دا نا شاردرێنەوەو زەمانی هێزخوازی و پێشقەرەوڵ بوون بەسەر چووە. کورد دەبێ هۆشێک بێنێتەوە بەر خۆی و دەستی هاوکاری بۆیەکتر درێژ بکات.
هەر کەس و هێزێک ئەگەرخزمەتێکی لەدەست بێ، دەبێ دەرحەقی نەتەوەکەی ئەنجامی بدات‌و بیرو خەیاڵیی حوکمرانی‌و لەشکرکێشی لەمێشک بێنێتەدەر. چاو ساغی بۆ ئەرتەشی تورک و پاسدارانی

ئێرانی و حەرەس کۆماری عێراق هیچ یارمەتیەک بە بەرژەوەندی گەلی کورد ناگەیەنێ و کوشتنی پیشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرێوەبردنی بەرنامەی حکومەتانی ئێران و عێراق و تورک، خەنجەرلێدان لە بڕبڕە پشتی نەتەوەی کوردە.

ئەو ریزەکارانەی کە تا ئێستا بەقازانجی داگیرکەران کراون، تەنیا کاول کردنی نیشتمانی خۆشەویست و نەمانی گەلی کوردی لێ بەدی دەکرێت. ئێستا دەورانی ساتەلایت و تەلەڤیزیۆن و ماهوارەو ئەنترنێتە، نەک ئەو ریزەکارە ناپەسندانەی کە مرۆڤ هەرچی پێی خۆش بێ بیکاو هەرچی بۆی بچێتە سەرئەنجامی بدات. عێراق و ئێران و تورکیەوسوریە دوژمنی سەرەکی کوردن و هەرکام لەوانە بۆ سودو بەرژەوەندی خویان و نابوودی گەلی کورد نەخشەو پلانی تایبەتی خویان هەیەکە بە دەستی کوردی جێ بە جێ بکەن.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چیتر چاو نەقوچێندرێ و بۆمالی دنیاو پلەو مەقامی بێ ناوەرۆک کورد بەیەکتری بەکوشت نەدەرێ و کوردستان بەرەو سووتمان و ویرانی نەبردرێ.

خزمەت بە کورد روون و ئاشکرایە، کەسێک بیهەوێ هەولیی بۆ بدا، دەبێ ڕێگای یەک دلیی و یەکگرتوویی و نیشتمان پەروەری بگرێتە پێش و لە بردنە پێشی نەخشەو پلان داگیرکەران دووری بکا.

بەو هیوایە ئەو پەلە ڕەشە مێژوویانەی کە بەهەرهۆیەکەوە پێک هاتوون بە دلسۆزی و ڕاستی و فیداکاری بسترێنەوە .

## کارە ساتێکی چاوەروان نەکراو.

کوردستانی باشوورکە لەباری سیاسی و تەنانەت چەکداریشەوە بەزۆر هۆوە لەداوی رژیمی ئێران کەوتووە. رێبەرانی کورد بە تایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەقسەی چەور و نەرمی ئاخوندەکار بەدەستەکانی ئێران، بۆخاتری زاڵ بوون بەسەر ڕکەبەری خۆیدا و بەرژەوەندی تەسکی رێکخراوی، کەوتوونە ژێر تەئسیری بێ ئەو لاولای رژیمی ئێران. بە سادەو ساکاری و بەئاشکرا رێگا بۆ پاسدارانی ئێرانی ئاواڵە دەکەن کە بە جبەخانەی ئەرتەشی، سنوور ببەزێنن و بە چاوساغی و رێنوێنی پێشمەرگەی کوردستان رێگای دوورو درێژی نێوان مەریوان و گۆی سنجاق ببرن و خۆیان بگەیەننە نیزیک بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەناوچەی کۆیە بەمەستی ئەوەی‌رژیمی ئیسلامی کلۆوکۆی لەمێژینەی بەسەر ڕکەبەری خۆیدا برێژێ و بنکەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لەکوردستانی باشوور تۆپ باران بکات و چەند کوردێک بکوژێ بۆ لەکەدارکردن و پتر ئابرووی سیاسی بردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هاوکاری یەکێتی نیشتمانی، لەپلەی یەکەمدا شەخسی مام جەلال و لەپلەی دووهەمدا، رێبەرانی یەکێتی نیشتمانی بەگشتی خستۆتە ژێرپرسیارو هەروەها بیرو ڕاو هەڵوێستی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. ئەو کارە دوور لە ئسوڵە زیانێکی هەرە گەورەی بە سیاسەتی بەرێوەبەرانی یەکێتی

نیشتمانی کوردستان گەیاند، لە داهاتووشدا ئەو هەرەکەتە بێ تەئسیرنابێ. بەداخێکی گرانەوە ئەوکردەوە ناشیرنە وەک خاڵێکی ڕەش لەنێو مێژووی نەتەوەکەمان و ڕابردوی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بە سەبت کراوی دەمێنێتەوە.

لەلایەکی ترەوە، هاو زەمان دوای شەری ناوخۆیی و تێشکانیان بەرەو سنوور، ڕژیمی ئێران کەخۆی بەدۆستی یەکێتی نیشتمانی لە قەلەم دەدا، بەسیاسەتی هەل پەرستانەی خۆی لەباری سیاسیەوە برینێکی تازەتری تێکردن و زەربەیەکی گرچوو برتری لەباری ناوخۆی یەوە لێدان. واتە دوای کارەساتی هێرشی هاوبەشی پارتی و بەعثی بۆسەر یەکێتی نیشتمانی و ڕاونانیان بۆ دیوی ئێران بەپێی ئەو هەواڵەی لەئورووپا بلاو بۆوە، ڕژیمی ئیسلامی ئێران هاوکات دەستی کرد بەڕەشبگیری و لەشارەکانی بانە و سەردەشت و مەریوان سەقز و دەورو بەر، کۆمەڵێکی لەلاوانی کورد گرت و ڕەوانەی زیندان و شکەنجەگاکان کردن. لەو لاو لاش بلاوی کردۆتەوە کە: ئەوانەی گیراون، پەیوەندیان بە یەکێتی نیشتمانیەوە بووە بۆیە گیراون. واتە گیراوەکان هاوکاری و پەیوەندی سیاسیان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە بۆیە گرتوومانن؟!

ئەو چیرۆکەشیان هەر بۆ بەد ناوکردنی بەرێوەبەرانی یەکێتی نیشتمانی دروست کرد. ڕەژیم بەئەنقەست ئەوکارەی کردو دوبەرەکی و ڕق و کینەیەکی زۆری هاویشتە نێوان کوردەکانی ڕۆژ هەلات و باشووری کوردستان و ڕۆژ بەرۆژ دژایەتی نێوان گەلی کورد لەباشوور و ڕۆژهەلات پترلەپەرەساندن دایەو حکومەتی ئێران لەبەرمەترسی دوا ڕۆژی خۆی ئێستاش بە پەرە پێدانی دژایەتی نێوان

کوردەکانی ئەم دیوو ئەو دیوکاری بۆ دەکات. بۆ نمونە:
ـ لەرەوی هەوەڵدا بۆکوردستانی رۆژهەلات بەشاهیدی هەمووی ئەو کوردانەی کەهاتوو چۆی کوردستانی باشورو رۆژهەلات دەکەن، ئەو پەری رێز لە ئاوارەکان گیراوەو کوردەکانی رۆژهەلات ئەرکی نەتەوایەتی و میوانداری خۆیان بەجێ هێناوە. بەلام لەجاری دواییدا، واتە: دوای رێگە دانی هێرشی پاسدارو ژاندارم بۆسەر بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەداخەوە؛ برا ئاوارەکان نەک هەر رێزیان لێ نەگیراوە، بەپێچەوانە، تەنانەت لەزۆر شوێن کەلو پەلو شتیان پێ نەفرۆشتوون.
مەبەستم لەنووسینی ئەوشتە ئەوەیە؛ کەکورد دەبێ خۆی لەو هەلانەی دەیکات گێل نەکات و بزانن دوژمنی کورد خەریکی چیەو سیاسەتی ئێران چۆنەو دەیەوێ چیان پێ بکات.
شەخسی مام جەلال وکاک نەوشیروان، لە وتوو وێژێکی چاپەمەنیدا لە، لەندەن و دەرەوە و ئەو لاولا لە وەلامی پرسیاری هەوالدەراندا بێ تێبینی و بیر لێکردنەوە گوتویانە: حیزبی دێموکراتی چی؟! چەندکەسێکیان ماوە کەس نازانێ چ دەکەن ؟!
پێم وایە ئەو وەلامە لەوان ناوەشێتەوەو باش دەزانن واقعیەتیان نە گوتووە. "پێشی رۆژ بە بێژینگ ناگیرێ" گوتنی ئاوا تەنیا بۆ دلخۆشی دانەوەی کۆماری ئیسلامیە. چونکە زۆر لەمێژنیەو خۆیان لە کوردستانی رۆژ هەلات بوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رەفراندۆمی سالیی ١٩٨٢ لە سەدا ٧٢/٥ ی دەنگەکانی هێناوە. حیزبی تودەو چریک و کۆمەلە، بە هەموو وردە ریکخراوەکانی ترلە کوردستان لە سەدا ٢٧/٥ دەنگیان هێناوە .

بلێی سەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان حافزەی ڕیازیان ئەوەندە لاواز بێ حیسابێکی وا سادەو ساکاریان پێ لێک نە درابێتەوە؟!
دیارە فەلسەفەی شاعیری کورد عەبدولا پشێو ڕاستە کە دەڵێ : شوانێکی نەخوێندەواری کورد سەر ژمێری ئاژەلەکانی خۆی باشتر دەزانێ تا . . .
یان ڕەنگبێ سەرانی یەکێتی نیشتمانی حیسابی خۆیان لەسەر پێشمەرگەی چەکدارکردبێ ، هەر بۆیە بۆخۆیان کار لەسەر هێزی لەبڕان نەهاتووی گەل ناکەن و نرخ و ڕێز بۆ دانیشتوانی کۆمەلگای کوردەواری دانێن کە بەبیرو باوەر گەرمترو هەراوتر بەشداری لەشۆرش و جولانەوەی نەتەوایەتیدا بکەن. داخوا بیریان لەو وەلامە کردۆتەوەو؟ بلێی نەزانن کە کاتێ ڕووناکبیرێک شتێکی ئاوا دەخوێنێتەوە پێکەنینی دێ.
کاتێک خوێنەر ئەو جۆرە وەلامدانەوانەی بەرێوەبەرانی یەکێتی دەخوێنێتەوەوگوێی لێدەبێ، ئەگەر دۆست بێ، داخ دەیکوژێ کەدوو ڕێبەری سیاسی خاوەن ڕابردوو شتێکی وابلێن و ناوی لێ بنێن وتوو وێژی چاپەمەنی ! هەر دوێنێ بوو بۆخۆیان لەژمارەی ئەو چەند کەسانەش کەمتر بوون ، بەلام حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بێ شاردنەوە لە حکومەتی عێراق بەهێزی گەورەی سیاسی حیساب دەکردن و، وتوو وێژی لە نێواندا پێک دێنان. بەرێوەبەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە جیاتی ئەوەی لەو ڕابردوە ئەزموونی بکەلک و باشیان وەرگرتبێ بۆ دلخۆشی رژیمی ئێران حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەچەند کەسێکی کەم واتە: بێکارە وحاتل باتل نێو دەبەن، کە بێ شک ئەوکارە نرخی خۆیانی

پێ دێتەخوارو لەحەیسیەتی سیاسیو دیپلۆماسی خۆیان کەم دەکاتەوە.
رێبەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەگەر بۆخۆیان هەست بە نفوزی زۆری حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران ناکەن، لانی کەم دەبوایە لە دانیشتوانی کوردستانی باشور بپرسنو بزانن رەفتاری کوردەکانی دانیشتووی رۆژهەلات، پێش هێنانی پاسداران بۆسەربنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لەگەڵ ئێستاچۆنە؟ ئەوجارخۆیان بێننە خوارو لە وەلامی هەوالدەراندا حیزبێکی پڕ نفوز بە چەندکەسێک ناو بەرن و چوکی کەنەوە بۆ ئەوەی دوژمن بە کورد خۆشکەن ؟!
وەنەبێ سیاسەتی دوژمنانیتری داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئێران نەرمتر بێ یاجیاوازیەکی زۆری هەبێت، بەلکوو هەموویان لەراست گەلی کورد یەک ڕەوشت و یەک سیاسەتیان هەیەو پیلانەکانیان دژی کورد بەڕاوێژ لەگەڵ یەکتری دایە. ئەگەرلەباری بەراورد کردنیشدا هەلیان سەنگینین کە سیاسەتی کامە لەکامەیان بەرانبەر بە کورد باشترە، وەک کورد گوتەنی: لەرەنگی ڕەش و سپیدا جیاوازیان هەیە.
داگیرکەرانی کوردستان لەهیچ کات و هەلومەرجێکدا لەدژی میللەتی کورد ڕانەوەستاون و لەهەموو هەلوو دەرفەتێکدا بو پووچەلکردنەوەوتێکشکاندنی شۆرشەکانی کورد هەولیان داوەو نەخشەی چەپەلی پیلانگێری دژی مرۆڤایەتی خۆیان بەکار هێناوە.
ئەوەی باسی دەکەم وەنەبی شتێک بێ تەنیامن بیلێم و بیزانم، بەلکوو ئەوە شتێکە دایک و بابانی کورد لەو کاتەڕا کە مندالەکانیان

فام دەکەن ئەو شتانەیان وەک مێژووی ڕابردووی گەلی کورد، بەچیرۆک بۆکوڕان وکچانی خۆیان باس کردون و بۆیان گێراونەوە و لەبەسەرهاتی تاڵی گەل و خاپوورکردنی نیشتمان و ئاوارەکردنیان لە زێدو نیشتمانەکەیان ئاگاداریان کردون. پلانەکانی کە ئێستا بەدژی کورد بەکاردێن شتێکی نوێ نین و تەنیا لەوسالانەی دواییدا دانەڕژاون ، بەلکوو ئەو پلانانە دەگەڕێنەوە بۆکۆن کەساڵەهای ساڵە دارِژاون و زۆر لەمێژە کوردیان لەداوی خۆیان هاویشتووەو بەرو بوومی ولاتەکەیان بەتالان بردوە وکوردیان بۆ خاتری سوود و بەرژەوەندی خویان دەست بەسەر هێشتۆتەوە. لەکاتی خۆیدا دەولەتانی سەرمایەداری جیهان بۆ هەللووشینی داهاتی سەر هەردو ژێر هەردی کوردستان هەروەها نەفتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کەدەکرێ بلێین کوردستان دەگرێتەوە، لەکاتێ خۆیدا بەرنامەرێژی خۆیان کردوەو لەمێژە لەخۆ بۆنەتەوە. کاتێ دیتیان گەلێکی گەورە و رەشیدو چاو نەترسی وەکو کوردیان لەپێشە، کەوتنە بیری ئەوەی نەکا لەداهاتوودا ببنە مووی دەماغ و نەهێلن گەنجینەکانی کوردستان بەئاسوودەیی بخۆن. ئەوە بوو کەوتنەبیری ئەوەی کەدەبێ دەستی نەتەوەیەکی وا بەهێزکورت بکرێتەوەو پلانێکی بۆ دارِێژن. لەقەدەمی هەوەلدا بەسەر چوار ولاتی داگیرکەری وەکوو ئێران و عێراق وسوریەو تورکیە دا، دابەشیان بکەن. بۆوەی بتوانن بەئاسودەیی لەو داهاتە بەنرخانەی کە لەکوردستاندا هەن ئەو پەڕی کەلک وەرگرن. لەجیاتی ئەو نەفت و داهاتەی کە دەیبەن کەرەسەی شەری ماڵ وێرانکەر بدەن بەداگیرکەران و لەگیانی کوردیان بەردەن، بەلەت کردنی کورد، دەکرێ بلێین چەندکارێکی

گەورەیان بۆ دوا رۆژی خۆیان کردوە.
یەکەم: کۆسپی سەر رێگای خۆیان کەکوردە لایان بردوە .
دوهەم : هەرکات کورد سەربزێوی کرد، بە هۆی ئەو دەولەتانەی باس کران سەرکوت بکرێن.
سێهەم : دەولەتی سەردەستی داگیرکەر، بەهۆی بوونی سنورو کێشەی کورد هەمیشەچاو لەدەستی دەولەتانی دەرەوە بن گوێگریان بن. کە هەم چەک و چۆلیان لێ بکرن ، هەم مریدو ئالقە لەگوێیان بن.
بەو پێ یە، هەم بۆ تالانی کوردستان کۆسپی سەر رێگای خۆیان لابردوە، هەم لەجیاتی پارەو دۆلاری نەغد، کەرەسەی شەر بەو دەولەتانە خورد دەکەنەوە. هەم بەتەواوی لەهەموو بارێکەوە بەستراوە بەخۆیان دەبن و بەرژەوەندی خۆیان پارێزراوە.
شتێکی گرینگی دیکە ئەوەیە دەولەتانی نۆکەرو داگیرکەریش، لە بەرکێشەی کورد و ئالۆزی سنوور هەرگیز لەبیری ئەوە دا نابن ولاتی خۆیان دروست بکەن و لەبیری ئاوە دانکردنەوەی ولاتی خۆیان دابن، بەلکوو دەبی هەمیشە لەبیری کێشەی کورد و کرینی چەک و چۆل دابن بۆ سەرکوتکردنی بزاڤ و هەللاو کێشەی کورد و پووچەل کردنەوەی داخوازیەکانی گەلی کوردو مەسەلەی کوردستان . بەهۆی گەوجی سەدام چوسێن و هاتنەپێشی هەرای کەنداو، کوردیش هەلی بۆ رەخسا و راست بۆ وە .
یەکگرتوو بوون و پرچەکبوونی کورد، ترسێکی گەورەی لەدلی داگیرکەرانی کوردستان هاویشت. لەلایەکی دیکەوە، دوای ماوەیەک جارێکی دیکە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی وەخۆ هاتنەوە

کە دەبێ ڕێگای دروست بوونی دەولەتی کورد بگرن و دڵی دەولەتانی ئاڵقە لەگوێ خۆیان نەیەشێنن. بەو پاشەکشەی کە کردیان و نێویان لێ نا ئێمە سنوورەکان تێک نادەین؟! وردە وردە لەبنەوە پلان و پیلانگێریان دەست پێکردەوەو ناکۆکی و ناتەبایی کوردیش پتری هەل بۆ ڕخساندن کەبەئاشکرا بەهۆی دەولەتانی داگیرکەر، پتر فوو لەئاور بکەن و زیاترکێشەی خۆبەگەورەزانینی نێوان خۆیان قول و قوڵتر بکەن.

وا ئێستا دەبینین لەهەر چوار لاوە داگیرکەرانی کوردستان خۆیان لێ هەڵماڵیوین و بە ئاشکرا هەرجارێ لەلایەکرا لەشکرکێشی بۆسەرکوردستان دەکەن. وێڕای ئەوەی کە وڵاتەکەمان لێ وێران دەکەن خەلکی ڕەش و ڕووت و بێ تاوانیش لەدەیان ڕێگاوە لەناو دەبەن، وەکو: بێکاری و برسیەتی و هەروەها ناچارکردنیان بەچەک هەلگرتن بۆ پێکتری بەکوشتدان، ئاوارە کردن، بۆمباران کردن، تۆپباران کردن، تەنانەت تواندنەوەیان بە ناو نوسی و، نووسینیان بەتورکمان ؟!.

یان بوون بەچەکداری لەشکریانی ئیسلام بۆ ئازاد کردنی کەربەلاو نەجەف؟!.جگە لەوانەو دەیان شتی تر بەهەموو لایەکیان خەریکی لەناو بردنی کوردن. ئەوانە هەموو لەلایەک، پارتەسیاسیەگوێ لەمستەکانی خۆشمان لەلایەکی ترەوە بەمەبەستی سەرکەوتنی ڕێکخراوەی خۆیان بەسەر ڕێکخراوەی ڕکەبەری خۆیدا، بێ سڵ بوون، هەرکام لەلایەک ئامادەی بەجێ هێنانی داخوازی داگیرکەرانی کوردستانن ؟!

هەر وەک هێندێک لە بینەران وگوێگرانی مێدتێوی ئاگادارن،

پرۆگرامێک بە نێوی «کورسی گەل» هەیەو هێندێ جار لەسەر چۆنیەتی و هەلوومەرجی کوردستانی باشوور پێک دێ. ئەگەر کەسێک لە توانای دابێت، بە بەرداشتی خۆی بەشێکی بچووک لەو وتوو وێژانە بنووسێ، باشترین کتێبی لە روانگەو تێروانینی سیاسەتمەداران و مێژوو نوسان و زانایان لێ دروست دەکرێت.

من تاماوەیەک لەمەو بەر، بەشێکی زۆرم لەوباس و خواسانەی پەیوەندیان هەیە بە کوردستانی باشوورو ئەو ناکۆکیانەی پێک هاتوون، بە ڤیدۆ زەبت کردن، بەلام بە داخەوە لەبەرگرانی چاپ و بێ ئیمکانی، ناگونجێ بلاویان کەمەوە. من بەشێکی هەرە بچوکم لەو باس و وتوو وێژانە لەسەر نەواری ڤیدۆیی دابەزاندو بۆ بەلگە لە نێو بەسەرهات و رووداوەکانی پارت و رێکخراوی کوردستاندا جێگام بۆ کردوونەوەو دەیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەرێز.

ئەو روانگانە جگە لەوەی بە بەلگەی مێژوویی دەژمێردرێن، رەنگبێ بۆکەسانێکی گوێیان لەو باسانە نەبووبێ و لە تەلەڤیزیۆن نەیان دیبێ، شتێکی بە سوودو بەکەلک بن.

هیوادارم وەک ئەزمونی باش، لە دوا رۆژدا کەلکی لێوەربگیرێ .

## ڕوانگەی چەند کەسایەتی کورد!

دوای تێک هەڵچوون و فرتەنەی شاری قەلادزێ ساردی و سڕی کەوتە نێوان پارتی و یەکێتی نیشتمانی و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر پەرەی دەستاند. بۆ لە ناو بردنی ئەو ناکۆکی و دووبەرەکیە زۆربەی هەرەزۆری کەسایەتیەکانی کورد، بگرە لە پارتەسیاسیەکانی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق، نووسەران، شاعیران، رووناکبیران، هونەرمەندان، گەورەپیاوانی بێلایەن و . . . هتد بەداخێکی گرانەوە، ئەو هەموو دڵسۆزی و زەحمەتانە جێگایان نەگرت و هەمووی بە خۆڕایی چوون. دوولایەنی شەڕکەر بەبیرو بۆچوونی بیری خێڵەکی و ناوچەخواز وازیان لەو دووبەرەکیە نەهێناو گوێیان نەدا ئامۆژگاری و پەندەکانی چین و توێژو کەسایەتیەکانی گەلی کوردو شەڕەکەیان گەرمتر کرد. زۆرکەس لەوانەی چەکیان بۆهەلگرتبوون کوژران و بریندارو سەقەت بوون و هەروەها بنەماڵێکی زۆرلەو نێوەدا بوون فیدای ئەو شەڕە نەخوازراوە.
کاتێک ڕەوتی شەڕو کوشت و کوشتار لە کوردستان پەرەی ساندو هیواو هومێدەکان دابەزینە سەر نیزیک بە سیفر! منیش تا ئەو جێگایەی پێویست دەکا وازم لەخەت و هێڵیی ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێناو ڕوومکردە ئەو ڕووداوە گرینگ و دڵتەزێنانەی کوردستانی باشوورکە نووسەرشەرم دەکا بیان نووسێ.
بۆ ئەوەی لە نووسینی ڕووداوەکاندا بێ لایەنی خۆم پاراستبێ بە ناچاری لە بیرو بۆچوون و ڕوانگەی کەسایەتیەسیاسیەکان و مێژووناسان و نووسەرانی کورد کەلکم وەرگرتووەو دەرسەدێکی کەمی کە لەوسەردەمە کورتەدا لە ڕادیۆ و

دانیشتنەکانی خۆیاندا لە مێدتیوێ لەبەرنامەی (کورسی گەلدا) بڵاو کراونەتەوە، بە کاسێتی ڤیدیۆ هەلگیراون و بە شێکی بچوکم هێناوەتە سەرکاغەزو لێرەدا دەیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بە ڕێز.
پێم وایە؛ هەر باسێکی بکرێ‌و بنووسرێ لە مەسەلەی کوردستانی باشوور گرینکترنین بۆکورد. باسەکەی منیش بە گشتی لەسەر ئاڵوو گۆڕو ڕووداوە گرینگەکانی ئەو ڕۆی مەسەلەی کوردە.
بۆهەمووکەس ڕوونەو لەکەس شاراوەنیە، ئەوهەواڵە گرینگانەی کەلەمەڕ ڕووداوە دلتەزێنەکانی ئەوڕۆی کوردستانی باشوور، لە ساڵی ١٩٩١ دروست بوون‌و تا ئێستاش درێژەی هەیە، بۆکورد بە مەسەلەیەکی هەرە ناخۆشی ڕۆژدەژمێردرێن و هیچ باس‌وخواس‌و مەسەلەیەکی تر، لەو ڕوداوانەی ئەوڕۆ لەکوردستانی باشوور پێک هاتوون گرینگترو دلتەزێنتر نیەو نەبووە.
بە بڕوای من کارەساتی ئەڕۆی باشوور، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوڕۆی جیهان، تا ئێستا مێژوو شتی ئاوای بە خۆوە نەدیوە، چ لە ئاستی دەنگدانەوەی جیهانی و چ لە ئاستی باری هەلکەوتووی ناخۆییەوە.
بە گرینگ زانینی هەلوومەرجی سەردەمی ئێستا وگۆڕانی قەوارەو سیاسەتی ئێستای جیهانی، منی هێنا سەر ئەو ڕایە؛ کە بە لە بەرچاو گرتنی سەردەم‌و هەلوومەرجی پێک هاتووی ئەڕۆ، هەروەها هەلیی ڕەخساوبۆکوردو پشت تێکردن لەو هەلە ڕەخساوەوهەروەها لەدەستدانی ئەو هەل‌ومەرجە لەبارەو، بێ بڕواکردنی کۆمەلی کوردەواری بەگشتی، لەگەڵ هێندێک لەو وتوو وێژە گرینگانەی کە نووسەرو یاسا ناس‌و دوکتورو روناکبیرو سیاسەتمەداری کورد لەسەر ڕووداوەکانی ئەو دوایانەی کوردستان لە دانیشتن‌و کۆبوونەوەو باسی

تەلەڤیزیۆنی دا ڕوانگەی خۆیان ڕاگەیاندوە، بنوسرێن و وەک ڕووداوی مێژوویی کوردستان بۆ داهاتووی لاوانی کورد لە کتێبێک، پەرتووکێکی بچووکدا سەبت بکرێن و ڕابگیرێن.
بەڕاستی ئەوکارەساتانەی پێک هێنراون و ئەو ڕوانگەو ئامۆژگاری و بۆچوونانەی کە لە بارەی هەلوو مەرجی لە دەست چووی ئەورۆی کوردستانی باشووردا گوتراون، نووسینیان بۆ نەوەکانی دوارۆژ بە دەرفەتێکی مەزن دەزانم کە هەوڵ بدرێ نەیەلین بە بێدەنگی بە هەوا دا بڕۆن. دیارە ئەوەی من هێناومەتە سەرکاغەز، یەک هەزارومی باسەکەی منە، واتەلە قەترە بەدەریاش کەمترە، بەڵام لە کتێبێکی بیرەوەریدا ئەگەر بو بەلگەش بێ شتێکەو (مست نمونەی خەلوارە)
مەبەستی من ئەوەیە: لەسەدا پێنجی کۆمەڵیی کوردەواری نە ئەوکۆ بوونەوانەیان دیوە، نە توانیویانە گوێیان لێ بێ. لە بەر ئەوەی: تەلەڤیزیونی مێد کە بە «ساتەلایت» دەبیندرێ و لە کوردستانی ڕۆژهەلات قەدەغەیە و هەموکەس نەتوانی ببینێ.
دووهەم: لەبەرئەوەی بە شتێکی مێژوویی دەژمێردرێ، هەرچەند کەمیش بێت، تائەو جێگایەی بۆم لواوە، نەم هێشتووە بە فیڕۆ بچن و لە چەندکاسێتێکی ڤیدۆیی دا زەبتم کردون. هێندێک وتەی بەنرخ سەرنجی منی ڕاکێشاو هێنامیە سەر ئەو ڕایە؛ کە ئەگەر بەشێکی هەرە بچوکیش بۆبەلگەی مێژویی لە نێوبیرەوەریەکانی خۆمدا لە شوێنێکی ئەوکتێبەدا بگونجێنم هەر غەنیمەتە.
بەو هیوایە لە داهاتوودا کەلکی باش و پڕ بایەخی لێ وەربگیرێ.

٩٦/١١/٢٩ لەتەلەڤیزیۆنی مێد کۆبوونەوەیەکی وتوووێژ پێک هاتبو چەندکەسێک لەو دانیشتنەدا بەشداریان کردبوو. کە بریتی بوون لە:

دوکتور یاسین، دوکتور کەماڵ میرئاودەلی، کاک فازل، کاک جەزا چەنگیانی و ...
گوڵ بژێرێک لەو خاڵە گرینگانەی کە لەسەر کوردستانی باشوور گوتراون بە شێوەی دانیشتن و قسەکردنی خۆیان، بێ دەست تێوەردان و رێک و پێک کردن دەخرێتە پێش چاوی خوێنەران. پێم وایە باسەکە بەشێوەی وتووێژی خۆیان تام و چێژی پتر دەبێ.
لە پێشدا لە دوکتور میرئاودەلی پرسیار دەکرێ:
سەبارەت بەچۆنیەتی ئێستای کوردستان روانگەی خۆی بەیان بکا.
ناوبراو لە وەلامی ئەو پرسیارەدا دەڵێ:
ـ لەسەرەتای شەڕی هەلگیرساوی نیوان کوردەکانی باشوور، جەماوەری کوردستان بە گشتی، روناکبیران، ئافرەتان، مامۆستایان و پارێزەران، زۆرجاران هەولیی خۆیان داوە کە ئەو شەڕەی نیوان پارتی و یەکێتی ببڕێتەوە، نەبڕاوەتەوە. بە ڕاستی ڕەش بینی و ناهومێدی وای لێکردوین کە مرۆڤ بڕوای بە خۆی نەمێنێ.
بەلام ئەگەر سەیرێکی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو بکەین، یەکەم ئەو هەڵبژاردنەی جەماوەر لە کوردستان کردی، ئەوحیزبانە تەنیا رێگایان دا بیکەن، هەرچەندخۆشیان نەیان دەویست بکرێت. میللەتەکەمان هەڵبژادنێکی نموونەی کردو سەرکەوتنێکی نموونەشی بوو.

**« هاوکات لە ئەفغانستان هەڵبژاردن دەکراو سندوقی دەنگەکان بە گوللە کون کون دەکران و بوو بەهەراو کێشەو گێرەشێوێنی و هەڵبژاردن تێك چوو. ئەو مەسەلە لە سەرانسەری جیهان بوو بە هەواڵی گرینگی رۆژ. کوردیش کە لە لایەن رژێمە داگیرکەرەکانی وەکو ئێران و عێراق و سوریە و بەتایبەتی تورکیە بە وەحشی، یان بە تورکی شاخی ناسێندرابوو. بە پێی ئەو هەواڵدەرە دەرەکیانەی لە مەیدانی هەڵبژاردندا ئامادەبوون، بە**

**هەڵگرتنی فیلمی تەلەڤیزیۆنی و ناردنیان وەك هەواڵە بۆ دەرەوە ، شاهید بوونی خۆیان لەمەڕهە لبژاردنێکی رێكو پێك بە شێوەی بەڕێوە بردنێکی دیموکراسی کوردیان پتر بە جیهانیان ناساند»   نووسەر.**

دوکتورمیرئاودەلی درێژە بە **وتە** بەنرخەکانی دەداو دەڵێ:

ـ کاتێ حکومەتی عێراق ئیدارەکانی خۆی لە کوردستان کێشاوە، یان پێیان کێشاوە، دەبینین ماوەیەکی دوورو درێژە گەلی کورد بەبێ مەعاش بە ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەریانە هەلیکردوە. چونکە سوورە لەسەر ئەوەی ئەو سەربەخۆییە بپارێزێ. من لانی کەم سێ جار چوومەتەوە کوردستان و قسەم لە گەڵ هەرکەس دە کرد دەیانگوت: ئێمە هەموشتێک قبووڵ دەکەین بەس سەدام حوسێن نەگەڕێتەوە. رژیمی فاشی رۆیشتووەو دەرفەتێکی مێژوویمان بۆ ڕەخساوە دەبێ ئەو هەلە مێژوویە بپارێزین. ئەو ماوەی لەوێ بووم بە چاو پێکەوتن لە گەڵ جەریدە نوسانی کوردستان گوتم:

ـ میللەتی ئێمە چاوەڕوانی ئەوەیە نمونە بێ، لێرەش خەڵک بۆ قیادە دەڕوانێ، کەسێک کە نموونەی کەڕامەتی قەومی نەتەوەکەی بێت، نموونەی ئامانجەکانی بێت، هەست بە عیزەتی نەفس و شەڕافەت بکا، بەرانبەر بێگانە قەت چاوەڕوانی ئاوای لە قیادەخۆی نەکردوە.

ئەگەر ئەو دەورانە لە گەڵ خۆیانا رێک کەوتبانایە بۆهەموو شتێک خەڵک وەدوایان دەکەوت.

پەیدابوونی شەڕی براکوژی سەدەمێکی فرەگەورە بوو بۆگەلی کورد. لە کوردستان هەمووکەس دەوری خۆی بینی، ئێمە دەزانین هەزاران ژن لە شاری سولەیمانی ڕا بەپێیان رۆیشتن بۆ هەولێر، نووسەران ، هونەرمەندان ، روناکبیران، هەر وەها چەندەها کەس لیژنەی ئاشتیان

دروست کردبوو. لەدەرەوەی ولاتیش بە سەدان کەس لە ئێمە پێش شەڕی براکوژی کۆبوونەوەمان بوو. ئێمە لە لەندەن کۆبوونەوەو بۆمان نووسین و تکامان لێکردن کە ئەو پارلەمانە بپارێزن، ڕێبازی پارلەمانیش ئاشکرایە کە دەبێ دەسەلات بدەن بەپارلەمان. دەسەلات بدەن بە میللەتەکە، بەخۆیان.

گرێپوچکەی کاری ئێمە ئەوەیە کە زۆر باسی موشکیلە دەکەین، بەلام باسی چارەسەریەکانی ناکەین، کورد چارەسەری نازانێ، کاتێ باسی دێموکراسی دەکەین، حیزبەکان باسی دیموکراسی دەکەن، نازانن دێموکراسی چیە!

ڕۆژنامەی برایەتی پارتی، لاپەڕەیەکی هەیە کەسەر یاسا، هەموو ڕۆژێ لەو لاپەڕەیەدا هەرچی پێویستە بۆکوردستان و هەرچی شتی جوانە لەسەر یاسا دەنووسرێ. نووسەران و پارێزەران و حاکمەکان تێیدا دەنووسن. کاتێ یەکێ دەیخوێنێتەوە بەرواڵەت دەڵێ: ئەمە حیزبێکە ئەو پەڕی قانونو یاسا ڕێزدەگرێت و ئەو پەڕی لە دێموکراتیەت دەزانێ. هەر وەها سەیری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێت کردبایە هەر بەم شێوەیە بوو.

نمونەیەکی سەیر! ئیستا کەچی کاک مەسعود بارزانی هەموو قەسرو خانوەکانی هاوینە هەواری سەلاحەدینی بۆ خۆی داگیرکردوە؟! کەس نیە کە پێی بلێ نەچێتە ناوی، بەلام ئەگەر قانوون لەبەر چاو بگیرێ: ئایا ئەو حەقەی هەیە بچێتە ناویان ؟ یان دەبێ پارلەمان قەرار بدا چیان لێ بکرێ کێ بچێتە ناویان. مەبەستم لەوە نمونەیەکە. دیسان عەینی شت بەکێتی نیشتمانی لە قەلاچوالان هەر بەم شێوەیە کردویە.

مەبەست لەو نمونانە ئەوەیە؛ کە واتە تۆ قانوون دادەنێی و قانوون شکێنی، واتە تۆ خۆت قانوونت دروست کردوە و بڕوات پێ نیە! ئەگەر تۆ حیزبی و ئەوەدەکەی؟ ئەم و ئەوی دیکەش بەچاولێکەری لە تۆ ئەوانیش ئەوە دەکەن.

لە پێشدا هەر لەزووە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان میللەت داوایان لێکردن یەک هێزی سپای یەکگرتوو هەبێ و دەسەڵات بدرێ بە پارلەمان و. . .

بەداخەوە کاتێ سەرۆکی حیزبێک خۆی بە موقەدەس‌تر بزانێ لەوەی ببێ بە سەرۆکی پارلەمانەکەی خۆی، تۆ دەڵیی چی؟!

ئەو کات موشکلە دێتە سەرچی؟ دێتە سەر ئەوەی عەقڵ و عەقڵیەتی خەڵک بەرانبەریان چۆن دەوەستێ.

دێمەوەسەر جەماوەر، جەماوەرێکی زۆر، بەڵام بەو عەقڵیەتەی باسم لێوەکرت، نەک هەرگوێیان لێ نەگرتن، بەڵکوو بەو پەڕی عەقارەتەوە سەیری خەڵکیان دەکرد ؟!

لێرە لەئوروپا منداڵێک کاغەز بۆ وەزیرێک، سەرکۆماتێک بنووسی بەو پەڕی حورمەت و رێزەوە، یا بە ڕەسمی یا بە نامەی خاس وەڵامی دەدرێتەوە.

من کاغەزم نووسیوە سەراسەر بۆ «جان‌مەیجەر» مانگێکی پێ نە چووە وەڵامی داومەتەوە .

ئێمە چەندەهاجار موزەکەرەو یادداشت و نامەمان ناردوە بۆ و لایەنانە، وەڵاممان نەدراوەتەوە. یانی مەبەستم ئەوەیە؛ جەماوەرێک هەیە، میللەتێک هەیە دەیەوێ تەجروبە بپارێزێ، پێی بگەیەنێ، سەربەخۆبێ، ئازاد بێ، قیادەیەک هەیە دابڕاوە لەمیللەت، دابڕاوە

لە بەرژەوەندی، دابڕاوە لە ئامانجەکان، بۆخۆی لە ئەشکەوتێکی بیری دواکەوتوویی، بەبەرژەوەندیەکی زۆر زۆر تەسک ! جاناوی لێدەنێی؛ خێزانی، خێڵەکی، دواکەوتوویی حیزبی، هەرچی دەتوانی پێی بڵێ . ئەو پرسیارە دێتە پێش؛ ئەو میللەتە بۆ وای لێهات کە هیچ دەورێکی نەمێنێ ؟!
جاری وایە دەڵێین دووحیزب . بەڕای من حیزبە بچوکەکان لە وانی دیکە زۆر تاوانبارترن . یەک نمونەتان بۆ باس دەکەم:
ئێمە دەزانین لە هەمووئوروپادا کاتێ ئەندامێکی پارلەمان ، وەزیرێک، کاربەدەستێکی بەرزی حکومەت، لێی ئاشکرابێ کە دەهەزار یا بیست هەزار پاوەندی بە شێوەی نامەشروع وەرگرتبێ، ئەو حکومەتە لەسەر ئەو وەزیرە بەڵگە دەردەخات و زۆرجار ئەو حکومەتە دێتە رووخان، یان دەرووخی، کەچی بە پێش چاوی هەموویانەوە دووساڵ سێ ساڵە لە هەموو رۆژنامەکانی عەرەبی دا، هەروا بە تازەگی لە رۆژنامەی فاینالش تایمزدا نوسراوە کە واریداتی بنکەی سەر سنووری برایم خەلیل هەموو رۆژێ سەدو پەنجاهەزار دولاری داهاتە. ئەم پارەیە ئی برسی کوردستانە، ئی منداڵیی کوردسانە، پارەی مامۆستای کوردستانە، پارەی دایکانی ئەنفالە، کە چی ئەم پارەیە دەدزرێ و بە ناوی کۆمەڵەکەسێکەوە دەنێردرێتە دەرەوە !
ئەم حیزبانەی کوردستان کە داوای زەحمەتکێش و هەژارو چەوساوە دەکەن، بۆ دەبێ نەتوانن بڵێن: ئەو پارەیە بۆ دەدزرێ؟!
من لە مێژووی ئینسانیەتدا ئەم دیوە قاعیدەو حیکمەتێکی ئاوا ، من مامۆستابم پێنج شەش منداڵم هەبێ لەناکاو مەعاشم لێ ببڕێ و ئەو پارەی من چەند کەسێک بیبا بۆخۆی ، جا ئەو چەند کەسە ، چ

حیزب بێ، چ بنەماڵەبێ. ئینسانی کورد، یارووناکبیری کورد، یا حیزبێکی دیکە کە نەیتوانی بەرانبەر بە شتی ئاوا مەوقیف بنوێنێ چ روو دە دا ؟ برسیەتی، فەقر و.... ئێستا مەسەلەی تورکمان و بوون بە تورکمانیش هەر دەگەڕێتەوە سەر فەقر.
تێشکانی عیزەتی نەفس، نائینسانیەت، هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی فەقر. یانی فەقرو برسیەتی لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. کاتێ مرۆڤ چووە ماڵەوەو منداڵەکەی برسی بوو، دێتەسەر مستەوای حەیوانی. چونکە تۆ بەرانبەر بە برسیەتی منداڵەکەت بەر پرسی و جگە لە هەوڵدان بۆ تێر کردنی منداڵەکەت هیچ شتێکی ترت لە بیر نامێنێ. ئێستا کوردیان واڵێکردوە کە بگاتە مستەوای حەیوانی و لە بیری ئەوە دابێ چۆن ئەو ڕۆ بۆ سبەینێ خۆی تێربکات! ئێمە لەبیرمان چۆتەوە کە دەگیراین، تەعزیب دەکراین، دەکوژراین، وڵاتمان وێران دەکراو هەزارو یەک بەد بەختی تر. . .
تورکیان لە بیر چۆتەوە کە ماوەیەک لە وە پێش ڕەسم «وێنە» بڵاو دەکرایەوە سەری کوردیان دەبڕی و بەرزیان دەکردەوەو شانازیان پێوە دەکرد. لەگەڵ ئافرەتی کورد دەنوون و ڕەسمی پێوە دەگرن!
ئێمە لە گەڵ ئەوان ڕێک دەکەوین و سەریان بۆ شۆڕ دەکەین! رژیمێکی وەک ئێران کە بەس لە کوردستانی ئێران سەدو شەست هەزار کوردی کوشتوە، ئێمە دەمانەوێ سەریان بۆ شۆڕکەین! ئاوا بە سووکی و حەقارەتیش سەیری میللەتەکەی خۆمان دەکەین .
ئەوەندەی برسی و نارەحەت دەکەین تا وەک دەڵێن: پتر لە نیو میلێون کورد خۆی بە تورکمان بنووسێ ؟!
مەبەستم ئەوەیە حیزبەکان نەیان توانی بەو میللەتە ڕابگەن و ژیانیان

چاک بکەن بۆ ئەوەی تووشی ئەو ماجەڕا دڵ تەزێنانە نەبن.

بۆچی نەیان توانی؟

نەهاتن ئەو داهاتو پارانەی گومرگی برایم خەلیلو گومرگەکانی تر بێنن بیخەنە دەست میللەت، تاکوو کەرامەتی نەشکێو منداڵیی برسی نەبێو ئافرەت تووشی ئەوە نەبێ لەشی خۆی بفرۆشێ. حیزبە بچوکەکانیش دەمی خۆیان داخەن بۆ ئەوەی چەند پەلکە دۆلارێکیان بدرێتێو خێزانەکەی خۆیانی پێ بژیەنن. لەو لاشەوە سەیری میللەتەکەی بکات کەبرسی کراوە.

بە ڕەئی من قبوولکردنی ئەو وەزعە ئابوریە بوو ئەو نابەسامانیەی بەسەر ئەو میللەتەدا هێنا. کە بوو بە هۆی ئەوەی بڵێین: ئەو حیزبە ئاوای کردو ئەوی دیکە ئەوەی کرد، واتە داپۆشینی جەریمەی یەکێکیان بە قازانجی ئەوی تریان.

نەیان گوت ئەوانە جەریمەن تا وەخۆیان بێننەوە و خەریکی چارەسەرێک بن.

جگە لە وانەش نۆکەری بۆ ساوامای ئێران هەر جەریمەیە، نۆکەری بۆ میتی تورکیە هەرجەریمەیە، نوکەری بۆ سەددام گەورەترین جەریمەیە، هەر وەک ئینسان لە باری ئەخلاقیەوە ناتوانێ لەگەڵ دایکی خۆی بخەوێ ، مەسەلەی کوردیش لەگەڵ سەدام وای لێهاتووەو نابێ لێی نیزیک بی.

بە داخەوە ئەو ئسوولو پرنسیپە شکاو نەیان توانی مەوقیفی خۆیان بپارێزن. لەبەر ئەوشتانە، بەبروای من، ئەوانە شەریکن لەگەڵ ئەو جەریمە تاریخیەی کە بەسەرکوردیانهێنا و نەیان توانی مەوقیف دەرببڕن.

**دوابـەدوای دوکتـور میـرنـاوەدەلی هـەمـان پـرسیـار نـاڕاستـەی کـاك عەبدولقادر یەکی لە پارێزەران کرا و ناوبراو لە وەڵامدا گوتی:**

ـ بە بڕوای من مەسەلەی ناکۆکی دووحیزبەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی پێشوو. دوای ڕاپەڕین، بە عەینی بیرو بۆچوون گەڕانەوە سەرساحەی کوردستانو بە عەینی ئیرهاب و دیکتاتۆری و عەینی عەقڵیەتی بیری شاخەوە هاتنەوەو نەیان توانی بە بیرو عەقڵێکی مەدەنی حوکمێک بەکار بێنن کە نیزامێکی مەدەنیو کەسانی تری بە بیرو باوەری جیاواز لە خۆیان لە شارەکان حوکم بکەن.

شتێکی زۆر ئاساییە کە حیزبەکان نەیان توانی هەڵسوڕانی سەر ساحەی کوردستان بکەن. بە تەئکید مەفهومی دێموکراتیەت تەنیا شکڵێکی کاریکاتۆریو غەلو غەشێک بوو لە هەرێما، قەت نەکراوە روانگەیەکی جیا لە روانگەی ئەو دووحیزبە سیاسیانەوە بگونجێو هەبێ. دیارە ئەگەر دێموکراتیەت هەش بێ بە دێموکراتیەتی شاخەو هەر بە عەقلیەتی شاخەوە ئینتاجی دەبێ.

**کاك باهۆز بەڕێوەبەری بەنامەی مێد تێوێ، رووی لە کاك جەزاچەنگیانی کردو لە مەر باشووری کوردستان چەند پرسیارێکی لێکرد. ناوبراو لە وەڵامدا گوتی:**

ـ بە بڕوای من نەبوونی رۆڵیی پارتەکانی بەرەی کوردستانی لە وەستانی شەڕی بەینی یەکێتیو پارتی دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت؛

یەکەم زۆربەی زۆری ئەو پارتە وردانە کە لە دوای ڕاپەرینەوە دروست بوون بەشێوەیەکی سروشتی لە دایک نەبوون. بۆ نمونە؛ بمانەوێو نەمانەوێ پارتە ئیسلامیەکان لەلایەن وڵاتێکەوە دروست دەکرێن کەئەو وڵاتە دوژمنی کوردە. هەڵوێستی پارتە وردیلانە

کانی تریش باش نیە.
دووهەم، پارتی و یەکێتی، جەلالو مەسعود، خۆیان دەرخستووەو گەلی کورد ناسیونی، ئەوەیان لەگەڵ تورکیە دەستی تێکەڵاو کردوە. ئەمیشیان لەگەڵ ئێران. زۆربەی زۆری ئەم برادەرانەی لەگەڵ ئەم پارتە بچوکانە ئیش دەکەن هەر دوولایەنیان بە باشی ناسیوەو بە روونی ئەم ڕاستەقینەیە دەزانن. ئیدی ئاسنی سارد ناکوتن. چونکە مەسەلەی پارتی و یەکێتی زۆر لەوە بەهێزترە کە پارتە وردیلانەکانی کوردستان بتوانن ئیشی بۆ بکەن. دەکرێ بڵێین ئێستا مەسەلەی کورد نە لەدەست مەسعود دا ماوە، نە لەدەست مام جەلال دا ماوە. تەرەفی ئەسلی ئەو سێ رژیمانن، واتە، ئێران، عێراق، تورکیا کە یاری بە چارەنووس و مەسەلەی کورد دەکەن.
ئایا ئێمە وەکو رووناکبیرانی کورد لە ئوروپا کە چەند زمانێک دەزانین و ئاگامان لە سەحافەی ئوروپیە، ئەو دانیشتنانەی کە وەزیرانی ئێرانو عێراقو تورکیە دەیکەن جگە لەوەی پیلانی دژ بەکورد دارێژن، چاوەروانی تری لێدەکرێ؟
ئیتفاقیەی پاریسو لەندەن بۆجێبەجێ ناکرێ؟ کێ دەڵێ مەیکەن؟ شتێکی سروشتیە ئیمرۆ تورکیە هەرچی بە مەسعود بڵێ بیکە، ناڵێ نا!
سەرەڕای ئەوەی من رێزم هەیە بۆ ئەوانەی چ لایەنی مەسعود دەکوژن، چە ئەوانەی لایەنی جەلال دەکوژن، من لە دەمێکەوە لە نێو نووسینەکانی خۆمدا ناسناوی پێشمەرگەم لێ داماليون، چونکە پێشمەرگە زۆر لەوە بە هێزترە کە ئەو دوانە خەڵکی پێدەکوژن.
بۆمەسەلەی وەستانی شەرنەک هەر پارتە وردیلەکان ناتوانن، تەنانەت جەلالو مەسعودیش ناتوانن ئەو کارە بکەن. ئەو شەڕە کە

دروست بووه بە دەسیسەو نەخشەو پیلانی داگیرکەرانی کوردستانە.
بەتایبەتی تورکیە کە دوژمنی سەرسەختی کوردە ئاگامان لێ یەکە
ڕۆژنامەی حورپەت دەنووسێ: مەسعودبارزانی یا نوێنەرەکەی
«سامی» دەستیان پانکردۆتەوەو بە تورکیان گوتووە: پارەمان بدەنێ
ئێمە کوردتان بۆدەکوژین! من لە نوسینەکەی خۆمدا نوسیومە:
قۆنتراتی شەڕێکی براکوژی بە سیی میلیۆن دۆلار!
ئایا بزوتنەوەی میللەتێک کە ئەوە ڕەفتاروکرداری توانینی بێ،
چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ پارتێکی ئیسلامی بچوک، یاپارتێکی
کۆمونیستی بچوک، یاکەسێکی تر بتوانێ بەرپرسی ئەو دوو حیزبە
بگەیەنێتە یەک و قەناعەتیان پێ بکا ئاشتی بکەن ؟

**بەڕێوەبەری پرۆگرام دیسان پرسیاری لێکردەوەو پرسی:**
**ـ وەك دەزانی هەر دوولایەنەکە لە ژێر چاوەدێری تورکیەو بەریتانیادا بەسەرپەرستی ئەمریکا کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا، دوای ئەوەش دانیشتنی دووهەمیان ئەنجام دا وکۆبوونەوەی ئەنقەرە مەسەلەی خستە ڕێگایەکی ترەوە. تۆچون بۆدانیشتنەکان دەڕوانی و چۆنی هەلدەسەنگێنی؟**

کاک جەزا لە وەلامدا گوتی: ئەوەی من بەلامەوە سەیربێ ئەوەیە:
چۆن قیادەی کوردی لەگەل دەستەو تاقمێک دادەنیشێ! کە خۆیان
مرۆڤی کورد دەچەوسێننەوەو مافی ئەوە نادەن کە ئینسانی کوردی
بن دەستی خۆی، قسە بە زمانی کوردی زگماکی خۆی بکا!
ئیتر من چۆن لەگەڵ ئەوە دادەنیشم ؟!
سروشتیە: ئەنجامی هەموو دانیشتنێک لە گەڵ ئەنقەرەو لەژێر
سیاسەتی ئەو دا هیچ کاتێک سەرکەوتوو نیەو سەرکەوتن وەدەست
ناهێنێ، هەر سیاسیەکی کورد چ جەلال، چ مەسعود، ئەگەر

قەناعەت بەوە بێنن دانیشتن لەتورکیا لەژێرچاوەدێری و مەراقەبەی دەولەتی تورکدا ئەنجامی دەبێ، ممکین نیەو بێ ئاکامە.
واتێستا دەبینین کە کۆمەڵێک زڕە تورکمانیان بەسەرکوردەوە کردۆتە ماڵ، هەر لەسەرەتاوە دانیشتنەکەیان لە تورکیا بە چەوت دەبینم و مێژووش لە دوا ڕۆژدا نیشانی دەدات کە ئەوانە چەندە بێ بەرهەم وچەوتن لەسەرمەسەلەی کورد.
لەوکۆبوونەوەو وتوو وێژانەی مێد تێویدا، جارو بار لە لاوە بە تەلەفون بەشداریان تێدا دەکرێ. لەوکاتەدا کە باسی تورکمانی عێراق هاتبووە پێش، کەسێک بەنێوی دوکتور نوری تاڵەبانی لە وڵاتێکی تررا بە تەلەیفون پێوەندی گرت و بەشداری خۆی بۆ هێندێک وەڵام ڕاگەیاندو گوتی:
ـ تورکمانی کوردستانی عێراق بەرماوەی ئەو دەولەتانەن کە ماوەیەک لەمەو بەرکوردستانیان داگیرکردوە. جا چ سەفەویەکان بن، یان عوسمانیەکان. لە کاتی داگیرکردنی نیشتمانەکەمان لەلایەن ئەو دوو دەولەتەوە، لەبەرگرینگی ئەو ڕێگابازرگانیە جەنگیەدا کەلەسەرووی شاری موسڵ دەست پێدەکا، لە شارەکانی هەولێرو پردێ و کەرکوک و دووزەوە تێدەپەڕێ تا شاری مەندەلی.
ئەو دوو دەولەتە هەولیان داوە بۆ ئاگاداری لەو ڕێگاو بانە، تورکمان لەو شارو شاروچکانە نیشتەجێ بکەن. هەر بۆیە لەدەوروبەری ئەم شارو شاروچکانەن، تورکمانەکان بەشێکیان سونی مەزەبن و بەشێکیش کە پاشماوەی سەفەویەکانن شیعەمەزەبن .دەتوانین بڵێین: لەسەرتاسەری عێراقدا نفوزی توکمان دوو و نیوە، واتە حەوسەتوو پەنجا هەزار«٧٥٠٠٠٠» کەس زیاتر نین.

ئیدیعای تورکمان و سەرووەرانیان، کە تورکیا کە دەڵێ: تورکمان لە عێراق سێ میلیۆن و نیوە! ئەگەر وابێ؟ دەبێ نفوزی کورد نەگاتە نیو میلیۆن کەس. بە داخەوە حیزبە کوردستانیەکانی باشوور لەبەر ناکۆکی و ناتەبایی خۆیان مەجالیان بەو حیزبانە داوە کە تا ئێستا وشەی کوردستان بە کار نەهێنن وەکوو رژیمی تورکیا.
وەک دەزانن بە پێی ریککەوتنی ئەنقەرە کە مانگی پێشوو ئیمزاکرا، ئەو حیزبە تورکمانیانە کراون بە ناوبژیکەر ! جا ناوبژی کردنێک حیزبی تورکمان بیکەن داخوا کورد بە چ ئاکامێک بگەیەنێ !؟

**دوا بەدوای ئەو تەلەفۆنە ، پرسیار لە دوکتور برهان یاسین کرا کە ؛ ئایا ئەو پارتە لاوازو، وردەی ، بێ توانایانەی ئاماژەیان پێکرا، دەتوانن چ نەخشێکیان هەبێت ؟**

دوکتور برهان گوتی: بێ گومان ئەو حیزبانە کە لاوازن، بەشێکی زۆری دەگەرێتەوە بۆ سیاسەتی پارتی و یەکێتی. تۆزێک دەگەڕێمەوە بۆ دواوە، واتە ئەو هەرەکەتەی سالی حەفتاو شەش کە دەستی پێکرد لەکوردستانی باشوور. دیارە دووقوتبی سەرەکی هەبوون. پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەرلەوکاتەوە سیاسەتی ئەو دووحیزبە مۆنۆپۆڵ ، یان خود ئیحتکاری خەباتی ساحەی کوردستان بوون. هەرحیزبێکی گچکەی سیاسی پەیدا ببوایە، یان ئەوەتا دەبوایە تەبەعیەتی لایەنێکی قبووڵ کردبایە، یان ئەوەتا لەو نێوەدا دەبوایە ببێتە قۆچ قۆچانەی ئەم دوانە .
بە قەناعەتی من، هەرلە سالی حەفتاو شەشەوە ئەو موشکلەی ئەو رۆ هەیە کە کوردستان بۆتە دووبەش و ئێستا دەبینین لە وێوە دەست پێ دەکات و ئەوەش مەسەلێکی زۆرگرینگە . ئەوەی ئەورۆ لەسەرقیادە

خەڵک زۆری جەخت لەسەر دەکا، بادینان و سۆرانە. دیارە ئەوەش بەرهەمی سیاسەتی بیست ساڵیی یەکێتی و پارتیە.
لایەنی دووهەم: ئەگەر بچینە نیزیکتر، واتە دوای ڕاپەرین، هەولدان بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانێکی کوردستان.
دیارە یەکێتی و پارتی دەورێکی زۆرگرینگیان هەبوو لەوەی کە حیزبە وردیلەکان دەورێکی سەرەکی نە بینن لە هەڵبژاردن بو هاتنە نێو پارلەمانەوە. سنورێکی حەوت لەسەدیان دانا، کە دەبوایە حەوت لە سەدی دەنگ بێننەوە جا بچنە پارلەمان.
٪۷ بۆ کوردستانێک کە ئەزموونی دێموکراتی زۆر نیەو ئەو تەجروبەیە بۆکۆمەڵگایەکی وەکو کوردستان زۆرقورسە. لە گەڵ ئەوەشدا پارتی و یەکێتی بو بۆحەفت لە سەد، دەورێکی زۆریان هەبوو کە هەر حیزبێک حەفت لە سەدی دەنگ وەرنەگرێت نایەتە نێو پارلەمانەوە .
بێگومان ئەوە بە دەورێکی زۆر گرینگ دەژمێردرێت بۆ ئەوەی حیزبەکانی بچوک نە توانن بێنە ناو پارلەمانەوە. ئەوان لەسەر ئەو منبەرە لەسەر ئەو شانۆیەی پارلەمانە، دەیان توانی رۆڵێک ببینن.
هەر چەند پارتی و یەکێتی مەبەستی ڕاستە قینەیان ئەوە نە بوو دێموکراتیەت بیننە کایەوە لە کوردستان، بەڵکوو وەکوو وەسیلەیەک بۆ دامەزراندن یا جێگیر بوونی حوکمی خۆیان بوو لە کۆڵگای کوردستاندا. ئەوەی تریان ، ئیعتماد یاخود پشت بەستنی ئەو حەوت حیزبە گەچکانە لەرووی ئابووریەوە بەو دوو حیزبە، ئەویش خۆی لەخۆیدا مەسەلەیەکی زۆرگرینگە ، بۆ ئەوەی ئەو کەناڵی ئابووریە یا ئەو یارمەتیە ئابووریە نەبڕێ ، ئەم حیزبە یا ئەو حیزبەکەی تر

تاحەددێکی زۆر ناچار بە بێدەنگی دەبێ لە نابەسامانیەکاندا.
بەڕاستی ئەو حیزبانەش ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە ئەگەر خۆ لابدەن لە ڕاستەقینەکان. ئەگەر ڕاستیەکە نەڵێن، ئەگەر بەشداری بکەن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەبەردەوامی ئەو تراژیدیایە، ئەوانیش بێتاوان نین.

**بەرپرسی بەرنامەی میدتینوی پرسیاری خۆی لە مەڕ ئەو دانیشتنەی ئەنقەرە، ناراستەی دوکتور میرئاودەلی کرد. ناوبراو گوتی:**

ـ ئێمە لەو زەمانەی تێیدا دەژین، هیچ مەسەلەیەک لەهیچ بەشێکی جیهاندا نیە کە مەسەلەیەکی جیهانی نەبێ. هەموو مەسەلەیەکی جیهانیش بەستراوەتەوە بە سیاسەتی زلهێزەکانەوە. ئیمرۆ بە رواڵەت جیاوازی لە نێوان عێراق و ئەمریکادا هەیە، عێراق بەهەموهێزو توانایەوە هەموکاتێک بە هەموو وەسیلەیەک، هەموو ڕۆژێ ئەوەی بەجەریدەکان دەینووسێ، ئەوە دەینووسێ. بۆ ناخوشی شتێکی ترە. زەخت بۆسەر ئەمریکادێنێ بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بکا تا ئەمریکا ئیش وکاری پێ بکا و هەرچی پێی بلێ بۆی بکات. تورکیا بە هەمان شێوە هەموو ئوسلوبیک بەکار دێنێ بۆمەسڵەحەتی ولاتەکەی، بۆ وەی پتر ئەمریکا بۆلای خۆی ڕاکێشێ. چونکە ئەمریکا تەنیا زلهێزێکە کە ئیمرۆ چارەنوسی دنیا دیاری دەکا. هەروا ئێران کە بەڕواڵەت دژایەتی لە گەڵیی هەیە، بەلام ئێران خۆی پەیمانی ساڵی١٩٥٥ کە پەیمانی دۆستایەتی نێوان ئێران و ئەمریکایە، و لەزەمانی شادا بەسترابوو، پارلەمانەکەیان بەڕەسمی تازەی کردەوە کە ئەمریکا بێ ئێران بپارێزێ.
ئێمە دەبێ بۆ داهاتوو بڕوانین و ڕێگای چارەسەری بدۆزینەوە، ولاتی

دابەشکراومان لە نێوان ئەو چوار دەوڵەتانەدا هەیە. ئێمە چەندەها ساڵ هاوارمان کرد بۆ برایەتی کوردو عەرەب، هەر تووشی کۆچ و ئەنفال بووین. من پێم خۆشە لە عێراق حوکمێکی دیموکراتی هەبێ وەکوو ئینسان سەیرم بکات و باسی قەومیش نەکەم هەر ئەوەندە نەگیرێین، نوکوژرێین، ئیهانەت نەکرێین، نەبوو.

بەچەندەها ساڵ برایەتی کوردو عەرەب تەئسیری نەبوو. ئەوەتا لە ئێران بە ناوی ئیسلام زیاتریان کورد چەوساندۆتەوە، پتریان کوشتوون. کە تورکیاش هەر باسی ناکرێ. ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتی ستراتیژین، گەورەن و مەسلەحەتی گەورەیان لەجیهاندا هەیە. ئێمە زۆر چوکین، تەنیا دەبێ زرووفێکی سیاسی وا دروست بێ کە هێزێکی گەورە لە جیهاندا بێت بتوانێ بمان پارێزێ. ئەم هێزەش کە جاران دوو بەرەی شەرق و غەرب بوو، ئیمرۆ تەنیا بەرەی ئەمریکا ماوە، ئەویش بەرەیەکی گەورەو فراوان نیە، ئەوەی کە بەشێوەیەکی زۆر سەرەکی پشتگیری لێ بکات بەریتانیایە کە لە هەموو سیاسەتەکانیدا لایەنگری و پشتگری دەکا.

وەک پێشێ لە پرسیاری یەکەمدا گوتم: ئێمە زرووفێکمان بۆ دروست بوولە بەر مەسەلەیەکی ئینسانی، دووهەم ئەخلاقی، سێهەم سیاسی. دوایی بوو بە ستراتێژیکی دوەلی کە ئەوکیانەی ئەورۆی کوردستان بپارێزێ. دیارە لەبەر چاوی ئێمە نا، من ناڵێم ئەمریکا دۆستی کوردە. کورد ئەوەندە سادەو ساویلکەیە دەڵێ:

ـ ئەمریکا دەتوانێ کورد بکا بە دەوڵەت بۆ نایکا؟ کەس دەوڵەت بۆ کەس دروست ناکا( ئێرتریا ) بە ئەمریکای نەگوت، ئەرێ ڕازی من ئێعلانی ئیستقلال بکەم. . . ؟ خۆی کردی و بوو بەئەمری واقع.

فلەستینیەکان بە ناوی خودموختاریەوە ئەوە خەریکن و دووسالیی تر سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن. چیچینیەکان میللەتێکی زۆر بچووکن، بەلام چونکە داوایان **سەربەخۆیی** بوو، وا سەرکەوتن.

لە بۆسنیا ئەو هەموو شەڕو کوشتارە بوو، ئەو هەمووتاوانەیان لە بارەیاندا کراکۆلیان نەدا. ئەمریکا تەداخولی کرد، چونکە شەڕەکەیان بۆ ئیستقلال بوو، بۆ نۆکەری وڵاتێکی دیکە نەبوو، لە ئاکامدا بۆخۆیان بوون بە دەولەتێکی سەربەخۆ. هەرچەندی ئەو وڵاتانەی ناو رووسیا و رووسیا هەڕەشەیان لێکردن کۆلیان نەدا و ئێستا دەولەتن .

تۆ کە زروفێکی دوەلیت بۆ پێک هات دەبێ ئەوەندە جددیبی، ئەوەندە بە تواناو لێزان بی هەل لەدەست نەدەی و بیقۆزیەوە.

تازەگی شتێکی کاک نەوچرەوانبارزانی م خوێندەوە دەلێ:

ـ خۆ ئەمریکا وەکوو سیاسی مەسەلەکەمان حیساب ناکا !

بەڕاستی لەوەتی ژیانمە بۆچوونی ئاوا سادەو ساویلکەم نە بیستووە. بەداخەوە کەسێکی ئاوا بەبێ هیچ توانایەک دێ دەبێتە قەیومی حیزبێک و ئەو دەسەلاتەی دەدرێتێ بەناوی میللەتێک مفاوەزە بکات هەر ئەجۆرە بەرهەمانەشی چاوەروان لێدەکرێ.

ئیمرۆکە ئەمریکا لەو ناوچەیەدایە، ڕاستە کە تورکیا دۆستێکی یەجگارگەورەی ئەمریکایە، وەختی خۆی سەددامیش دۆستی بوو، بەلام وا بە قەوەت نەبوو، هەلەیەکی گەورەی کردکە ئەمریکا ئەو هەمووهێزەی خۆی بەکار بێنێ و ڕای وەستێنی. تورکیا ئەو ئیشانەی دەیکات ئیرادەی خۆیەتی، تورکیا زۆر زیرەکە، ئی وایە دەلێ: ئا ئەربەکان هات، ئا ئیسلام هات، . . . بەلام چ ئەربەکان بێ، چ

ئیسلام بێ، یاشیوعی بێ، بۆئەوان فەرق ناکات، ئەوانە هەموویان شۆڤێنی تورکن. ئەوان مەجلیسی قەومیان هەیەو لە پێشدا ئەو مەجلیسەقەومیە بە پێی سیاسەتی خۆیان بڕیاردەدا کە مەسەلەکەیان چیەو چ بکەن. بۆئەوەی ئەمریکا کورد نەکا بە شت، یا گوشاریان نەخاتەسەر بەرانبەر بە قوبرس، خۆیان زیاترنیزیک دەکەنەوە. تابڵێی زیرەکن، دەزانن جوولەکە دەورێکی سەهیۆنی زۆری هەیە ، دیتمان گورج چوون پەیمانێکی عەسکەریان لەگەڵ ئیسرائیل بەست. هەموو جیهان بۆ مەسڵەحەتی خۆی ئاوا دەڕوانێ.

دەوڵەتێکی وەکوو بەریتانیا بێ ئەوەی پارلەمانەکەی لە وتوو وێژو باسی تێو خویدا موافقەتی وەرگرتبێ، چەندین قواعیدیعەسکەری ئەمریکی تێدایە بۆ مەسڵەحەتی خۆیان.

ئیمرۆتاقە دەوڵەتێکی کە دەتوانێ بمان پارێزێ ئەمریکایە، کە چی کاک مەسعود وکاک نەوچیرەوان گوتویانە : ئەمریکا ئێمەی خستۆتە ژێر دەستی ئەحمەد چەڵەبیەوە !

ئەحمەد چەڵەبی کیانی نەبوو، وجودی نەبوو، کۆنگرەی وەتەنی عێراقی قەوەت و بڕبڕەپشتەکەی، ناوجەرگەکەی کوردبوو. ناوبراو بۆئێمە زۆر زۆر گرینگ بوو. ڕاستەئەو نەشەخسیەتی هەیە، نەجەیشی هەیە، بەڵام ئەو داندراوە بۆ ئەوەی ستارێکی عێراقی دروست بکەن . ڕاستە ئەمریکا نەیدەویست کوردستان ئێعلانی ئیستقلال بکات، بەڵام دەی ویست ئەو کیانە وەکوو فدراتیڤ بمێنێ. غەربیش دەیویست بمێنێ، بوئەوەی زاڵ بن بەسەر عێراقدا.

کورد دەیتوانی قووەتێک بی لە هەمووعێراقو، کوردستانەکەی خۆشی بپارێزێ، ئەمە سیاسەتیان بوو،

بەڵام ئێمەی کورد هەر کەس بە عەقلی خۆی بڕیار دەدا.
هەموو دەوڵەتێک کە بڕیاردەدا ستراتیژیکی دوەلی هەیە دەزانێ دەبێ چ بکا، لێزانیەکی جیهانی هەیە. باشە کەس نیە بلێ: فلانی خوت کە لە سیاسەت ناگەی، ئەو هەموو پارەی برایم خەلیل هەیە پەنجا هەزار دولار سەرف بکە بچۆ لە بەریتانیا باشترین سیاسی دوەلی بێنە تا تەحلیلی سیاسەتی جیهانیت بۆبکات کە کورد چۆن دەبێت بەدەولەت و دەسەلاتی دەدرێتەدەست؟ بەلام ئێمەی کورد سیاسەتی دوەلی‌مان دەدەینە دەستی یەک شەخس و پیاو نازانێ چۆن بۆتە قەیومی میللەتەکەت !؟ ئەویش دەچێت دوقسە لەگەڵ وەزیرێک دەکات و دەڵێ؛ خۆ پێ‌یان نەگوتووین ئێعلانی ئیستقلال بکەین، مەسەلەکەمان بە سیاسی نازانن !؟
پێتان وایە مەسەلەکە چیە ؟
مەسەلەکە نوسراوەو دەڵێن :
ئێمە حەقێکی شەرعی خۆمانە با ئەمریکا وازمان لێ بێنێ!
بوئەوەی بچن لەگەڵ سەددام تەوافق بکەن بیهێننەوە هەولێر!
ڕەخنە لە غەرب دەگرن و دەڵێن؛ بۆ ڕێگامان نادا بۆ مافی خۆمان؟
مافەکە چیە؟ بۆ ڕێگامان نادەن سەددام یارمەتیمان بدات !
جا بزانە توخوا، ئەوە ئیستدلالی ئەخلاقی و ئینسانیەت بێ!
تۆ کوژراوی، قەتل و عام کراوی، هەشتاو دووهەزار کەست ونە، پێنج هەزارگوندت رووخاوەو وێران کراوە، تۆ قەراری ٦٨٨ و قەراری پرۆوایت کەمفور، چ لێدەکەی؟ قەراری چەکوشی ئامادە ... ئاخرشتی کە مابوو بۆکوردی دروستی بکەن و سەدام حوسێن ئەوی پێ گرینگ بوو و ملی نەدەدا، ئەویش ئابووری بووکە ببێتە کیانێکی

سەربەخۆ، واتە قەراردادی نەوت، کە ئەساسێکی ئابوریە بۆ سەربەخۆیی کورد. بەشی کوردیان جیا کردەوە.
عێراق لەو هەموو گیروگرفتو وەزعە ناخۆشەی کە بۆی هاتۆتە پێش بەقەرا ئەوەی پێ ناخۆش نەبوو و ملیی نەدەدا کە ئەو پارەیە یەکسەر بدرێ بەسەربەخۆیی کورد.
سەرەڕای ئەوانە هێشتا دەلێن غەرب چی بۆکردوین ؟!
ئەدی رۆژێ ئەو دووسەدهەزار دولارەی کە لە برایم خەلیل وەری دەگری ئەگەرغەرب نەبێ ، عێراق ناتوانێ بە هێلی کۆپتێرێک بچێ برایم خەلیل بگرێتەوە؟
ئەدی ئەگەر غەرب نەبێ ئەو پارەتان چۆن کۆ دەکردەوە؟ ئەگەر واقیع بینانە بڕوانین، ئێستا گەیوینە جێگایەک کیانی کورد وەک ئەمری واقع چاوی لێدەکرێ.
شتێکی تر: لەهەموجێگایەک ئەگەر ڕەئیس بچێتە ولاتێک تەنیا ڕەئیس دەولەت پێشوازی لێدەکات، کاک مەسعودو مام جەلال کە چوونە فەرانسەمیتڕان فەرشی سووری بۆ ڕاخستن بەسەریدا برۆن.
فەرشی سوورتەنیا بۆ ڕەئیس دەوڵەتەکان رادەخرێت.
لە ئیتفاقیەکی ڕەسمی جیهانیدا بەسەرکردایەتی خودی میتڕان و ئامادە بوونی نوێنەرانی ئەمریکاوبەریتانیا، پەیمانی پاریس نووسراوە. هەرکەسێک تۆزێک عەقلیی هەبێت دەزانێ ئەو پەیمانە ناوەرۆکی دەوڵەتێکی کوردی بە هێزە. ئەو پەیمانە پەیوەندی دەرەوەشی تێدایە. تەنانەت جەیشی کوردی تێدایە بە نێوی جەیشی کوردستان. دەی جا من بلێم چی فرۆشرا !؟
ئەو شتانەی من باسی دەکەم، ئەوانە لە نێوان دەوڵەتی ئەمریکی و

ئەندامانی پارلەمان و حیزبی لیبەر دا بوو. کەچی هوشیار زێباری ڕوویان تێدەکا و دەڵێ ئەمریکا هیچی بۆ نەکردوین ؟!
لەوەلامی هوشیار زێباریدا پێیان گوت: **قسەکانت هیچ و پوچن، ئیمە پێنج ساڵە دەتان پارێزین، کیانمان بۆ دروست کردن، هەموو دنیەکانی خرابومان بۆ ئاوەدان کردنەوە. ئیستاش ئیوە دانیشن بەس یەکتر مەکوژن، دیسان دەتان پارێزین و کیانەکەتان دەمێنێ. بەڵام کە خۆت بەخاتری تۆزێك پارەی برایم خەلیل و بەخاتری دوژمنایەتی خۆت، ئامادە بووی پشت لە هەموو دنیا بکەیت، دوژمنێکی گەورەش لەڕووت ڕاوەستاوە، ئیتر خەڵك بڵێ چی ؟؟**
دوکتورمیرئاودەلی درێژە بەوتەکانی دەداو دەڵێ:
ـ ئێستاش من بۆ داهاتوو تکایەکم لە دەسەلاتدارانی کورد هەیە، کورد برای کوردە، کاک مەسعود، یامام جەلال لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ ئێران ڕێک بکەوێ و نامە بۆ خامنەیی و کێ و کێ بنووسێ کە یارمەتی بدات بۆ دژایەتی مەسعود بارزانی، بەڵام ئەوەی پێ شەرمە تەنازول بۆ کاک مەسعوود بکات. یان کاک مەسعوود ئەوەی پێ شەرمە تەنازول بۆ مام جەلال بکات. بەڵام ئەوەی پێ شەرم نیە، سەدامێکی تاوانبار نەک هەر بۆ مفاوەزە بەڵکووشەو جەیشەکەی بێنێ بیخاتە پاڵ میللەتی کوردەوەو چی لێدەکا بیکات و پێتەختی وڵاتەکەی خۆی بخاتە ژێر دەستی ؟!
ئێستاش ئەگەر کاک مەسعوود نەوچیروان بنێرێ بۆ لای مام جەلال و بڵێ: با وەک برای خۆت هەر لەلات بێ، بەڵکوو کارێک بکرێ.
چونکە ئەو نابەسامانی و تراژێدیەی دەی بینین هەر خۆیان دروستیان کردوەو بۆ خۆیان بەسەر میللەتەکەی خۆیان هێناوە. هەر بۆخۆشیان دەتوانن بی بڕنەوە. ئەوان چ لە باری ئینسانیەوە، چ لەباری ئەخلاقیەوە، ئەگەر کارێکی مەردانەی ئاوابکەن درەنگ نەبووە.

شەڕەکە دوژمنان دروستیان کردوە، ئێستاش ئەگەر ئەوان خۆیان یەک بن، نە ئێران و نە عێراق ناتوانن پێشی یەکێتی ئەوان بگرن. لەو لەعزەیەدا دەتوانن بگەڕێنەوە پارلەمانەکەیان لە ماوەی مانگێکدا دروست کەنەوە و حکومەتێکی هاوبەشی (ئیئتلافی) دروست بکەن.
جەماهیریش لە دەرەوەو ناوەوە یارمەتیان دەکات. ئێستاش دەتوانن نەیەڵن ئەوهەلەی کە پاش دەیان ساڵ ڕەخساوە لەدەست بچێ و بیگێڕنەوە. ئەمریکاش مەسەلەی پرۆوای کومفور نوێ دەکاتەوەو یارمەتی دەکا. ئەمڕیکا واز لە عێراق نایەنی، جا ئەگەر وەک بەدیل کوردیش نەبێ، تورکیا تورکمان دروست دەکات.
من سێ چوار مانگ لەوەپێش نووسیم: ئەمریکا دەیەوێ لەگەڵ عێراق قاعیدەیەکی هەبێ، بۆخاتری کورد نایکا، قاعیدەتەن ئەگەر کوردخۆی نەیکاو نەبێ، ئەوە تورکمان دروست دەکەن.
**کاك باهوز! بەڕێوەبەری بەرنامەی نەو شەوەی مێدتیوێ، ڕویکردە کاك جەزا چەنگیانی و پرسی؛ وا تێگەیشتم دژبە جێگای کۆبوونەوەکان بووی؟**
ناوبراو لە وەڵامدا گوتی: دیارە جێگای کۆبوونەوەش تەئسیری هەیە، بەڵام زیاترحیساب لەسەر ئەوە دەکرێ کێ کۆبوونەوە دەکا؟ بە چ مەبەستێک کوبوونەوە دەکرێ ؟ بەرژەوەندی گشتی لەو کۆبوونەوەدا چەندە وەبەرچاو دەگیرێ ؟
دیتمان لە پاریس کۆبوونەوە کرا، لایەنە سیاسیە گەورەکانیش بەشدار بوون و، وەک هەموو دەزانین کە چیان بەسەر هێنا ! واتە لایەنە سیاسیە سەرەکیەکان لە کێشەی کورد دا سەربەخۆ نین لە بڕیاردا.
ئیتر ئەو کۆبوونەوە چ لەبەغدا بێ، چ لە ئانکارابێ، یالە پاریس بێ، زۆری فەرق نیە. چونکە سیاسەت مەدارەکانی کورد خاوەنی

کەسایەتی خۆیان نین و کەسایەتی خۆیان لە دەست داوە. مرۆڤێکی کەسایەتی خۆی لە دەست دابێ، چوک بێ یان گەورە، خاوەنی بڕیاری خۆی نیە. ئەوەی لە پاریس ڕێک کەوت پیاو بڕوای نەدەکرد، بەلاَم بۆ وای لیهات؟ کێ وای لیکرد؟ دوژمنی کورد؟ دوژمنی کورد کێ یە؟

بەدەرەجەی هەولّ تورکیایە، چونکە عێراق تووشی گێژاوی خۆی بووەو فرسەتی ئەوەی نیە بگەڕێ بە دوای مەسەلەی کوردەوە، ئێرانیش تاڕادەیەک هەروا، بەلاَم تورکیە زیاترلەهەموویان مەسەلەی کوردی بەلاوە گرینگە. هەتا ئەو دوانە کەسایەتی خۆیان و کەسایەتی کورد نەهێننەوە باری ئاسایی خۆی، نە دەتوانن بۆ کێشەی کورد بەرهەمیان هەبێ، نە دەتوانن یەک نان بۆ برسیەکانی کوردستان پەیدا بکەن.

**دوا بە دوای کاک جەزا هەمان پرسیار لە کاک فازڵکەریم کرا. ناوبراو لەوەلاّمدا گوتی :**

- بەبڕوای من ئەگەر ئەو دووهێزە کوردیە هاتبانایە لەگەلّ یەکتری دانیشتبانایە، گیرەوکێشەکەیان چارەسەرکردبایە، پێویستی ئەوەی نەدەکرد بچنە تورکیەو کۆبوونەوە لەوێ بکەن. لەلایەکی ترەوە ئەگەرئەوان توانای ئەوەیان نەبێت لە ناو خویاندا کێشەی کورد حەل کەن، بێ گومان هەموو کەس دەیەوێ ڕێگایان بۆ دانێ و دمڕاستیان بێ. ئەولایەنە سێهەمەش قازانج و بەرژەوەندو مەسڵەحەتی خۆی هەیە و شێوەی ڕێککەوتن و بڕیارەکان وا دادەڕێژێ کە بەرژەوەندی خۆی تێدا چارەسەر بکات، نەک بەرژەوەندی گەلی کورد.

ئەوان هەمیشە تەلەو داو دا دەنێنەوەو چالّ هەلدەکەنن بۆ گەلی کورد. ئەو ڕێکەوتنەی کە ناویان لێ ناوە ڕێککەوتن! داونانەوە بۆ

گەلی کوردەو بەرژەوەندی خۆیان ڕەچاو کراوە، نەک میللەتی کورد.
من هەموو هیواکەم ئەوەیە، گشت هێزو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ خۆیان دانیشن و چارەسەری کێشەو گیروگرفتەکانی خۆیان بکەن. ئەو تەنازولەی بۆ سەدام حوسێن دەکرێ، زۆر شەرافەتمەندانەترە بۆ خۆیان لەجێگایەکی وەک هەولێر یا شەقلاوە دانیشن زۆر باشترو بەرهەم هێنەرترە لەوەی بچن لە ئانکارا پێشنیارو بڕیاریان بخەنە بەردەم و چارەسەری بۆ کورد بدۆزنەوە. چونکە تورکیا تا بۆی بکرێ هەوڵ دەدا کێشەو مەسەلەی کورد بەوجۆرە بمێنێتەوەو داهاتووی کورد لەوە پتر ئاڵۆزکاو بەرەو رسوایی بەرێ.
هیوادارم نەیەڵن چی تردرێژبێتەوەو هەوڵ بدەن زووترئاشت بنەوەو گولله بەیەکترەوەنەنێن. کارێکی وابکەن تاسەدام نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستان کۆتایی بەو شەڕو کێشەیە بێنن، وانەکەن جارێکی دیکە دەست بەشەڕی پارتیزانی بکەنەوە. بەڕاستی ئەوکات هەم درەنگ بووەو فرسەت لەدەست چووە، هەم ئەوکات هیچ کوردێک بۆی نیە وەدوایان بکەوێتەوە.

**کاك باهۆز رووی کردە دوکتۆر برهان یاسین و لێی پرسی:**

**ـ ئێستا کە تورکیا لە گەڵ بەشێکی گەورەی کورد لەشەڕدایە، کورد دەکارێ بەیاری کوردەوە بێ ؟ تکایە ڕای خۆتان بفەرموون. وڵامی ناوبراو بەو شێوە بوو.**

دەتوانم بڵێم لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا کورد کەوتۆتە نێو سێ گۆشەی غەزەب. واتە ئێران و عێراق و تورکیە. ناخۆشبەختانە ئەو سێ دەوڵەتانە سێ دەوڵەتی زلهێزی ناوچەیین(ئیقلیمین) یەکێک لەو سێ دەوڵەتانە تائێستا بەو حەددە لاواز نە بوونە کە کورد پەنجەرەیەک بکاتەوە لەوێڕا هەناسەیەک بدات. بەڵام ئەو محادەلەیە لە رووداوی خەلیج دا تێک شکاو عێراق زۆر لاواز بوو.

ئەوە باسێکی گرینگە ئەگەر بچینە نێوئەوباسەوە، بەلاّم ئێستا ماوە نیە.
تێ شکانی سەرەکی ئەو سێ گۆشەیە کە قەوەتی عەسکەری عێراقە،
تێ شکانی هاوسەنگی ئەو سێ هێزە بوو کە دەیان ساڵە لەو ناوچەیەدا
ڕاگیرابوو. شەڕی نێوان ئێران و عێراقیش لە دیدی غەربەوە، دانی
چەک هەرجارێ بە لایەک، هەر پاراستنی ئەو هاوسەنگیە بوو.
نەبردنەوەی ئەو شەڕەش بەلایەکدا هەر بەو مەبەستە بوو کە ئەو
هاوسەنگیە تێک نەچێ. بۆیە کورد دەبێ حیسابێکی جدی بۆ
مەسەلەی هاوسەنگی ئەو سێ هێزانە بکات، هەم لەرووی
ستراتێژیکەوە، هەم لە رووی دیپلوماسیەوە.
بە قەناعەتی من، دوای بوحرانی کوێت مەسەلەی کورد لە خۆیەوە
سەدوهەشتا دەرەجە لە مەسەلەیەکی ناوچەیی زۆر بێدەنگ کراو، لە
کوردستانی باشوور مەسەلەی کورد چوە ئاستی جیهانیەوە. واتە
لایەنە ئیقلیمیەکەشی تێپەڕاند.
بەڕاستی سورعەتێکی زۆرسەیربوو. بە بروای من ئەو سورعەتە بۆ
حیزبە کوردستانیەکان هەزم نەکراو ئامادەی ڕووداوێکی ئاوا نەبوون.
نەک هەر حیزبە کوردستانیەکان، دەتوانم بڵێم: هێزەکانی خۆدی
ئیقلیم هەتا غەربیش ئامادە نەبوو بۆ هێندێک لە نەتیجەکانی
بوحرنی کوێت و تێشکانی هێزی عێراق.
بەهاتنەپێشی ئەو ئاڵووگۆڕە لەوکاتەدا چ روویدا ؟ مەسەلەی پارتی
کوردستانی و حکومەتی کوردستانی هاتەپێشەوە، لێرەدا دیتمان
سوریەو تورکیەو ئێران سێ گۆشەیەکی هاوکاریان دروست کرد بۆ
تێشکانی ئەو تەجروبەیە، بەلاّم بەراستی نەیان توانی کارێکی وا
جدی بکەن بەرانبەر بەو تەجروبەیە. بەداخەوە کورد خۆی کەوتە

پرۆسەی تێک‌شکانی ئەو تەجروبەیە. ئەگەر مەرحەلەیەک تەماشابکەین لەدوای شەڕی خۆکوژی، دەبینین لەپاریس، لەئەمریکا، لەپێتەختەکانی تر، گرینگیەکی زۆر دەدری بەراگرتنی ئەو شەڕە. ڕێککەوتنی پاریس، بانگیشتنی کردنی ئەمریکایەکان یەک لەسەریەک، ناردنی وەفد، ئیتفاق پێکردن، ئەمانە هەموی خەلیکێکی نێو نەتەوەیی یا جیهانی بوون بومەسەلەی ئەوشەڕە خۆکوژیە، بەلام کورد خۆی لەو ئاستە تێنەگەیشت و بەپیر ئەو هەستەوە نەچوو خۆی شەقێکی لەو فرسەتانە دا.

بەراستی ئەگەر ناوەرۆکی ئیتفاقیەی پاریس بخوێنینەوە، ئیعترافێکەو، بۆدەولەتێکی ئیعتراف پێکراو نوسراوە. یانی باسی پەیوەندی ئیقلیمی دەکات. باسی جەیشی کوردستان دەکات، باسی پۆلیس دەکات کە فەرانسە خۆی یاریدەی دروست‌بوونی پۆلیس بدا لە کوردستان. کە بەڕاستی ئەوانە بۆ دروست بوونی دەولەتێکن. بەلام کاتێک کورد خۆی ئەوانەی وەلام نەدایەوەو بە پیریەوە نەچوو کەدەهات بگاتە ئەو جێگایە لەسەر ساحەی عەسکەری دەولەتانی ئیقلیم تێکەلاو بین.

بەداخەوە وردە وردە مەسەلەکە هاتە خوارەوە و بەتراژیدیای داگیرکردنەوەی هەولێر کوتایی پێهات. مەسەلەی کورد لە کوردستانی باشوور هاتە ئاستە ئیقلیمیەکەو ئێران دەوری هاتنە ژوورەوەی کوردستانی ئازاد بووی باشور دەبینێ بە پاسدارو هێزی بەدرو پشتگیری ناوخۆیی. عێراق دێتە ژورەوە بە یارمەتی پارتی هەولێر داگیر دەکاتەوە. ئەوە ئەوپەڕی تراژیدیای کوردەو زەبرێکی‌تر لە چارەڕەشی کوردە.

بەبڕوای من ڕەنگبێ ئەو ڕووداوەدەست‌پێکی تەواو بوونی

تەجروبەی کوردستانی باشووربێ، هیوادارم من لەوەدا ڕاست نەبم، بەلام خۆش بینیش نیم.
دێمەسەر دەوری تورکیا کە عێراق دەورێک ببینی تێران دەورێک ببینێ. بۆغەرب زۆر گرینگە لەو تێوەدا تورکیە بەرێتە پێش، تورکیە لەوشەڕەدا تەداخول ناکا، دیارە لە باری دیپلۆماسیەوە جێگای خۆیەتی، ئێمەش ئەگەر بە زمانی دیپلوماسی سیاسی قسە بکەین، دەبێ ئەوە بە غەریب نەزانین لەو مەرحەلەدا. چونکی کورد لە ئاستی جیهانیەوە وەلامێکی پڕ بە پێستی خۆی پێ نەبوو. پارتی و یەکێتی دەبی ئەوە قبوول‌بکەن کە کورد جارێکی دیکەش هاتەوە خوارەوەو مەسەلەی کورد بۆوە بە ناوچەیی(محلیی) دیارە تورکیە دەورێکی دیکەی هەیەو لەو مەسەلەیەدا و ئامانجی تورکیا لیدانی پێکاکایە لەو رێکەوتنەدا. هەروەها مەسەلەی ئەمنیەتە، پشتگرتنی تورکمانە. تورکمانی کرد بە شتێک، ئەگەر ئیمرۆش نەبێ، بۆ داهاتووی عێراق کە مەسەلەی موسڵ بۆ ئەو هەر لە گۆڕێ دایە. لەوانەیە رۆژێک لەرۆژان ببێتە مەسەلێکی گەرم لە مابەینی عێراق‌و تورکیا لەرووی ئەو ڕەقەمانەی کە ئەورۆ دەنووسرێن و ئەو حەقایقانەی ئەورۆ لەسەرکاغەزسەبت دەکرێن. ئەو دوکومێنتانەی ئیمرۆ بە یارمەتی ئەمریکا و بەریتانیا لە ئەنقەرە دەر دەچن، ڕەنگبێ ئەوانە رۆژێک لەسەر کورد حیساب بکرێن.
منیش لەسەر ڕەیی برادەرانم کەهەر پارتی‌و یەکێتی دەتوانن ئەو ناکۆکیە لە ناوخویاندا حەل کەن. منیش وەکوو کوردێک دڵم دەسووتێ‌و بە سیاسەتی ڕاستەقینە قسەناکەم‌و دەڵێم:
ـ ئەی هاوار لەمزگەوتێکی کوردستان، لەماڵی ئێختیارێکی کورد، لە

کۆلانێک، لەژێر دارێکی کوردستان، بۆخۆتان پێک وەرن ، دانیشتنی ئەنقەرە پێویست نیە.
من دەترسێم مەسەلەی کورد کە لە پاریس و درۆکیداو، واشەنگتۆن و لەندەنەوە هاتە ئەنقەرە، لە وێشەوە مەرحەلەی دوایی ببێتە بەغدا ؟!

**کاک باهۆز لە کاک جەزاچەنگیانی دەپرسێ:**

**- ئێستا بۆکوردستانی باشوور دەبێ چ بکرێ و رێگای چار چیە؟**

**کاک جەزا لە وەڵامدا دەڵێ:**

ـ بەقەناعەتی من تا بیری ڕەسەنی کوردی لە کوردستان غایب بێ، بیرو فکری جەلالیەت و مەسعودیەت لە کوردستان باو بێ، ئالتڕناتیڤ و چارەسەر نیە، مەگەر هێزی سێهەم و دەستی سێهەم دروست بێ، ئەویش ئەوەیە: لە دوای ئەو هەڵە مێژووییەی مەسعود بارزانی کردی، ئەگەر ئێمەی هەندەرانی کەلەدەرەوە دەژین، کارێکی وا بکەین ڕێکخراوە جیهانیەکان تێبگەیەنین کە ئەو دوانە بە هیچ شێوەیەک هەر وەکوو مێژوو ئیسپاتی کردوە نە دەگەنە یەک، نەدەتوانن چارەسەری کێشەی کورد بکەن، نە بۆکوردیش ئیش دەکەن. ئەگەر بتوانن هێزێکی دوەلی بە ژمارێکی زۆر بنێرنە کوردستان بۆ ئەوەی جەوێکی وا دروست بکەن کە بوارێک برەخسێنن ڕیگەبدرێ بە جەماهیری کوردستان. ئەو جەماهیرەی کە هاتنە سەر جادە بە گیان و ماڵ و خوێن فاشیەکی وەکوو سەدام حوسێن و دام و دەزگاکەیان لەکوردسان پاک کردەوە.
من دڵنیام لەوەی کە هەر ئەو جماهیرە بۆ ئەو دەست کەوتانەی کە لە ئامانجی شەڕی براکوژی لە ناو چوون، دیسان زیندویان دەکەنەوە، تەنیا بە مەرجی ئەوەی خەڵک بواری ئەوەی هەبێت هەڵبژاردنێک

دروست بێ و بتوانێ لەو ئینسانە پاکانەی ئێستا لە کوردستان و لە دەرەوە دەژین هەڵبژێرێت.
لەسەر ئەو بڕوایەم کە پارلەمان و دەوڵەتی کورد دروست دەبێ.
بە قەناعەتی من، ئەوەی جەلال و مەسعود لە گەڵ ئەو میللەتە ڕەش و ڕووتە کردیان، دەبێ فکری ئەو دوانە توانای ئەو دوانە لە کوردستان قەلاچۆ بکرێ. چونکە ئەوەی ئەو دوانە پێشانی ئێمەیان دا جێگای لێبووردن نین.
ئەگەر ئێمە بەوەی دەست بۆ ئاسمان بەرز کەینەوە و هیوا بدەین بەو ڕەش و ڕووتە و بلێین: خوایە ئەو دوانە ڕێکخەی! ئێمەش تاوانێک دەکەین بەو ڕەش و ڕووتە کە تا ئێستا جەلال و مەسعود لەگەڵیان کردون. بڕوام وایە دەبێ دەنگی سێهەم و هێزی سێهەم لە ناوجەماهیردروست بێ، ئەوان داوای مافی گەلی کورد بکەن و بە هیچ جۆرێک حیساب لەسەر جەلال تالەبانی و مەسعودبارزانی نەکرێ.
**کاك باهۆزجارێکی دیکەش ڕووی کردە دوکتور یاسین و لیی پرسی:**
**ـ بە بڕوای تۆ چارەی کێشەی کورد چیە و چ شتێ بکرێ باشە؟**
ناوبراو گوتی: دیارە بۆچوونی زۆر جیاواز هەیە، بە قەناعەتی من، دوو ڕێگەی چار هەیە: یەکی بەپەلە و یەکی درێژخایەن. بە بڕوای من چارە بە پەلەکە ئەوەیە: دوو ئەکتەری سەرساحەی کوردستان هەن، واتە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان. دەبێ هەردووکیان قەناعەت بەوە بێنن کە هیچ چارەیەکی تریان نیە جگە لەوەی بگەنە یەک. چونکە مەسەلەی کورد لە بەغدا چارەسەرناکرێ و لە وانەیە بگەڕێتەوە حەدی سیفر.
بۆ و یەکگرتنەوە شەخسی بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی

دەوری بالآیان هەیە، بەلآم من دەتوانم بلێم دەفتەری سیاسیەکان، لژنە مەرکەزیەکان، کوادرو جەماهیرو حیزبە بچوکەکان و روناکبیران، لە دەرەوەو ژوورەوە هەموویان دەتوانن دەورێکی پۆزیتیف ببینن بۆ مومکین کردنی پێک هاتنێکی بەپەلە.
ئەوەی تربیان واتە درێژخایەن شتێکی ترە. بەبروای من نابێ بخرێتە پشت گوێ، چونکە ئەوشەڕە براکوژیەی روویدا، جاری یەکەم نیەو رەنگبێ جاری ئاخریش نەبێ. لێرەدا دەمەوێ بلێم: چارەی قەزیە لە ناوکولتوری سیاسی دایە، لەعەقلیەتی کوردی دایە، لە ناو شەخسیەتی کوردی دایە، لە ناو ستراتیژیەکی نەتەوەیی و مەشروعێکی نەتەوەیی دایە، لە ناو ئەو عەقلیەتە دایە کە ئێمە لەناو سیاسەتدا پیادەی دەکەین. ئەوانە بەڕاستی دەبێ چارە بکرێن.
بە بروای من موشکلەیەکی هەرە گەورە کە بۆتە بار گرانایی لەسەر کورد بە گشتی ئەوەیە کە لە حەلکردنی قەزیە سیاسیەکاندا مەسافەی ئێمەو چەک زۆر زۆر کەمترە لە مەسافەی ئێمەو مەنتق، هەر وەها مەسافەی ئێمەو عەقل. چەک وەسیلەیەکی ئاسانە بۆ پیادەکردنی بیرو باوەڕەکان. بەڕاستی بەکار هێنانی چەک تێزی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی پوچەل دەکاتەوە کە دەلێن:
ـ ئەو شەڕە شەڕی دوو عەقیدەیە. ئەوە شەڕی دووعەقیدە نیە. چونکە شەڕی دووعەقیدە بە دیالۆک حەل دەبێ و بەقسە دەکرێ.
ئەگەر مەسەلەی عەقیدەیە؟ بائەم کتابێک بنوسێ، ئەویتریان دەکتاب بنووسێ و جوابی بداتەوە، بەلآم بە قەناعەتی من مەسەلەکە نەبوونی عەقیدەیەو لە وێدایە چەک دەتوانێ دەوری خۆی ببینێ. ئیتر من پێم وایە ئەو چارەسەریانەی باس کران، دەبێ

بکرێنە دوو مەرحەلە، مەرحەلەی بەپەلەو مەرحەلەی درێژخایەن .

**جارێکی تر لە لایەن کاک باهۆز لە دوکتور میرناودەلی پرسیاری ئەوە کرا ؛ ئایا چارەسەری بن بەستی مەسەلەی کورد چییە؟**

ناوبراو گوتی: پێم خۆشە ئەختێک بو دواوە بگەڕێمەوەو بە درێژی باسی بکەم. مەسەلەی گرینگ ئەوەیە بگەنە یەک. شەرق و غەرب گەیشتنە ئەوەی بە چەکی ئەتۆمی یەکتری لەناو بەرن، بەلام لە مەرحەلەیەکدا هەموویان لە بیرخۆیان بردەوەو لە گەڵ یەکتری دانیشتن. مرۆڤ بەخاتری بەرژەوەندی میللەتەکەی ئەگەر لە رووی رقێکی بچوک حادیسەیەکی گەورەش پێک هاتبێ،دەبێ لەبیری بکات. چاو لە تاریخی میللەتان بکەین کە چۆن دوژمنایەتی و تاوان و جەریمەو ئیبادەی یەکتریان کردوە، ئی کورد زۆر زۆر کەمترە.

کورد دەبێ ئامادە بێ ئەو رقە لەبیر بەرێتەوە. دەبێ لە بیرمان نەچێتەوە کە ئەو دوژمنەی ئێمە هەمانەودەزانین لە ڕابردودا چیان بەسەر هێناوین. شەرەفنامە بخوێنەوە لە کوشتن و برین و ئیبادە بەو لاوە نەبووە. ئیمرۆ قرنی بیستەمەو دوسێ سالی تر قرنی بیست و یەک دەست پێدەکات. دوای چەندەها ساڵ کورد فرسەتێکی بۆ ڕەخساوە بالە دەستی نەدەن و ڕق لەبیرخۆیان بەرنەوە. باوەڕیان بە میللەتەکەی خۆیان بێ، موشکلی ئەساسی ئەوەیە ئەوان باوەریان بە جەماهیرنیە ڕێگەی بدەن دەوری هەبێ، باوەڕیان بەو هەمووخەلکە نیە کە دەوری هەبێ، باوەڕیان بەو هەمو دۆستانەی کورد نیە. مەسەلەن بۆ حەللی موشکلات هەلوێستیان هاتەسەر ئەوەی کە ئەگەر یەکێتی هەولێر بەجێ بێلێ ... ؟!

یان لایەنەکەی دیکە برایم خەلیل بداتەوە بە پارلەمان ...؟!

بابە تۆ هەولێر بەجێ بێڵە، ئێمانت بەو میللەتە بێ، بەیانێک بەنێو ئەومیللەتەدا بلاو بکەوەو بڵێ: ئەی میللەتی کورد، ئەی موسەقەفی کورد، رووناکبیری کورد، جیلەکانی داهاتووی کورد، ئەوە بۆ خاتری ئەو میللەتە، بوخاتری پاراستنی ئەوکیانە، ئەوە هەولێرمان بە جێ هێشت. جا بابزانین ئەوان دەیکەن یا نای کەن ؟

ئەوە باشتربوو یان بگاتەئەو حەددە؟ یان بۆخاتری چەند پاوەنێک یا چەند میلیۆن دۆلارێک منداڵ برسی بکەی گەل برسی بکەی؟

لێرە لەلەندەن کۆبوونەوەیەک بوو، من لە ٢٥/٢/٩٤ گەڕامەوە کوردستان. مام جەلالم بینی. نەمتوانی کاک مەسعود ببینم. دوایی کاغەزم بۆ نوسیی لە هەشت لاپەڕەدا ئەو رۆژانە بلاوی دەکەمەوە.

گوتم: ئێوە ئیجازە بدەن تەلەڤیزیۆنەکە ببێتە یەک تەلەڤیزیۆن بدرێ بە پارلەمان، جەریدەکانتان ببێت بە جەریدەی میللەت و ئێمە مناقەشەیان لەسەربکەین، هیچ وەلامێک نەبوو. یانی مەرحەلە بە مەرحەلە هەموو شتێکیان پێگوتراوە. هەر ئێستە باسیان دەکرد، کە یەکێک لە مەسئولە گەورەکان گوتوویەتی:

ـ (ئێمە کەری دێزەین تۆپینی خۆمان دەوێ ) !

ئێستاش نازانن کە سەدام لەو سێ رۆژەی هەولێردا چی لەو خەلکە کرد !؟ سەدام حوسێن بە فەخرەوە ڕایگەیاند: فەخرە بۆ عروبە، بۆهەموو کەس، بۆعێراق، کە جەیشەکەمان توانیویەتی هەولێر بگرێتەوە.

هەر وەک کاک بورهان گوتی: لەو سێ گۆشەی غەزەبە ژینۆسایدی تاریخی بۆ کورد دروست بووە. عیراق ولاتێک بوو هەمو دنیا لێی بوو بە دوژمن، ئێستا وەک دەورانی دوای هەلەبجەی لێهاتۆتەوە.

لەدەرەوە لە بەریتانیا ، لە ئەمریکا، هەرجارێ هاوارمان دەکرد وەلامیان دەداینەوەو دەیان گوت، ئێمە مەسڵەحەتمان نیەو ناتوانین لە عێراقدا تەداخول بکەین. تا ئێستا جبهەی ئەمریکا بەرانبەر بە روس، بەرانبەر بەئورووپاو فرانسەوعەرەبەکان بوو، کەچی ئێستا ئەمریکا خۆی دەڵێ: باعێراق بگێرنەوە !
ڕەواندا بۆچی وای لێکراوە ؟ دەوڵەمەندەو پڕە لە معادنو جەواهێر.
زەکی یەمانی باسی مەسەلەی عێراق دەکاو دەڵێ:
ـ مەسەلەی عیراقئەوە نیە دەکەوێتە دەست کێ، مەسەلە ئەوەیە ساڵی دووهەزارو دە ٢٠١٠ سەدی شەستی نەوتی غەرب دەبێ لە خەلیجەوە دابین بکرێ، کە یەکەمین دەولەت ، دەوڵەتی سعودە، دووهەم دەوڵەت عێراقە.
بۆیە دەڵێم کورد دەیتوانی ببێت بە قاعیدە، چونکە کوردیش وەک ئەمریکا مەسڵەحەتی خۆی تێدایە. کەچی کورد نایەوێو نەیویست بیکا. دوورنیە وردە وردە ئیبادە بکرێو ئاوارەو بێدەسەلاتی بکەن.
ئەگەرئێستا تورکیە دەرگا بکاتەوەو ڕێگا بدات، ڕەنگبێ کورد زۆری بچێتە دەرەوەو ولاتەکەی خۆی بەجێ بێلێ. ئەمریکا تازەواز لەو خاکە ناهێنێ، تورکمان دروست دەکا، ئاشۆری دروست دەکاو. . .
تۆدەچی بێ لێکدانەوە مفاوەزە لە گەڵ عیراق دەکەی، بەلام عێراق ئەو عێراقەی جاران نەماوە. عێراق لە شەڕیکی جیهانیدا دۆڕاندویە، پەیمانی تێشکانی خۆی ئیمزا کردوە، دەوڵەتی سەدام لاوازەو بە لاوازی دەیهێلنەوە. ئەگەر دەوڵەتێکی جێگیری عێراقیش بێتەسەر کار، دەبێ هەشتا بلیۆن قەرز بداتەوە، واتە هەر لاوازەو مومکین نیە ئەمریکا جارێکی دیکە بێلێ ئەو عێراقەی جاران دروست بێتەوە.

سەدام حوسێنیان کە نەروخاند کەسیان نەبوو. دوایەش کورد خۆی دەیتوانی خۆی بەدیل بێ تێکی دا و نەیکرد. لەبەرچی؟ لەبەر ڕق، لەبەر مەزاجی شەخسی.

بەرەئی من هیچ موشکلەیەک لە نێوان یەکێتی و پارتی دا نیە جگە لە موشکلی شەخسی و مەزاج، بۆ نمونە: ئەو کاتی کە شەڕی ئیسلامیەکان بوو، هەیئەتی ڕیاسەتی بەرز دروست بوو، هەیئەتە ریاسەکە، تەق ڕا وەستا، بوچی ڕاوەستا !؟ کاک مەسعود گوتی: لەبەر ئەوەی جەبار فەرمان بە قسەی منی نەکردوە، تائەو دەر نەکرێ دانانیشم! تەواو. مام جەلالیش جەبارفەرمانی لانەبرد ؟ شتی ئاوا بچوک بچوکیان گەورە کردەوە تا وای لێهات و ئەو هەمو خوێنە بە ناحەقە ڕژا.

ئافرەتێک نامێکی نووسیوە ودەڵێ: مەلاکانی سولەیمانی چونە لای کاک مەسعودو قورئانیان بۆبردوە، کاک مەسعود گوتویەتی: قورئانەکە دەنێمە سەرسەرم، بەڵام جەلال تاڵەبانی دەخەمە ژێر قوندرەکەم. کوا ئەمە عەقڵیی ئەم عەسرەیە، ئەمە عەقڵیی میللەتێکی دواکەوتووی ئیبادەکراوە.

ئەی هاوار ئێمە هەزاران ساڵە دوژمن ئیبادەمان دەکا بۆخۆشمان هەر ئەو کارە دەکەین. مام جەلال و کاک مەسعود ئەگەرئەمریکا ڕێزیان لێدەگرێ و ئەم و ئەو ئەهمیەتیان پێ دەدەن، لەبەر ئەوەیە تەمسیلی میللەتەکەی خویان دەکەن، ئێوە دەتانەوێ ئەمریکا لەکۆڵ خۆتان کەنەوە بچن ببن بە پیاوی ئێران و عێراق و تورکیا، بەڵام ئەو وەختە حیسابی وەرەقەیەکی بچوکیشتان بۆناکەن.

دەوڵەتانیش مەسەلەی خۆیان هەیە، مەسەلەی ئاویان هەیە،

مەسەلەی نەفتیان هەیە.مونەزەمەی عەمەلی دەولی ئامارێکی بلاو کردۆتەوە دەڵێ سێ یەکی ئیشکەرلەچینەکانی گشتی جیهان بێکارن. ئیمڕۆ غەربیش مشاکلی خۆی هەیە. لە ئورووپا بێکاری دەگاتە دەوری پازدە شازدە ملیۆن کەس. ئەوانە بەرەو کوردستانن، غەرب بەرەو ئەو نەفتەیە. تۆ ئەگەر ببیە بەشێک لەو معادەلەیە، داهاتوویێکت بۆ دروست دەکەن، ئەگەر نەبی بەومعادەلەیە، بەرەو نەمان دەڕۆی وکەس حیسابت بۆ ناکا.

بە ڕەئی من ئیمڕۆ ناحیەی ئینسانی و ئەخلاقی پتر وەبەرچاو بگیرێ. یەکەم ئەو ڕقەی ڕابردو لە بیر بچێتەوە، ئیمانتان بە میللەتەکەی خۆمان بێ. لەبیرتان بێ ئێستاش خەڵک هەیە، ئێستاش دۆستمان لەدەرەوە زۆرە، ڕێکخراوە سیاسیەکان و خەڵک کاغەزدەنووسن، دەڵێن: ئێستا کاتی ئەوەیە ئێوە لەسەر شتێک ڕێک کەون. وەفدێک لەو خەڵکە دروست کەن و تۆزێک واز لە دەسەڵاتی خۆیان بێنن و ئیمانیان بەومیللەتەو خەڵکە بێ، بەدڵسۆزانی کورد بێ، بە وانەبێ کە لەدەرەوەو ژوورەوە دەیانەوێ کارێک بکەن، باخۆیان لەو معادلەیە لا نەدەن، لەو معادەلەدا وازمان لێ بێنن تەواو.

بانەو خەلکەش وای لێ نەیە ڕاستەوخو بۆخۆی بێتە جاش، با خەڵک موسابقە نەکەن و نەبنە ئەمن و ئیستخبارات و . . .

برادەرێک کاغەزێکی بۆیان نوسیوە دەڵێ: تکادەکەم هەولێریش مەکەن بە کرکوک تورکمان دروست کەن.

لەو کاتەوە کاک مەسعود بەعسی هێناوەتە هەولێر، ڕۆژنامەکانی عێراق دەنوسن: لەوەتا دەسەڵاتمان بەسەرسنووردا نیە تورکیا ٩٥ جار عەمەلیاتی کردوە نەیان توانیوە دەسەڵاتیان بەسەرحدود دا هەبێ.

ئێمە لە گەڵ ئێوە پەیمانی حدودمان هەیەو ئێمە دەتوانین PKK تان بۆ لەناو بەرین. هەموو کەس بۆ مەسلەحەتی خۆی ڕێگاو نەخشەو پلانی خۆی هەیەو بە کاری دێنێ، کوردیش دەبێ فێربێ و بە کاری بێنێ. لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم:

ـ وەک برادەران گوتیان ڕێگا حەللی کورت هەیەو درێژخایەن هەیە. بە ڕێی من چارەسەری درێژخایەن شتێکی دەستوریە ونابێ دەسەلاتی شخس بمێنێ. نابێ دەسەلاتی حیزب بەسەر پارلەماندا بمێنێ. حەللی بەپەلەش ئەوەیە کە ئەوان لەو دوا لەعزەشدا پێک بێن و ئاشتی پێک بێنن درەنگ نیە.

خومەینی دوای ئەو هەموساڵە ژەهری خواردەوەو لە گەڵ سەدام ئاشت بۆوە. بەڕای من ئاشت بوونەوەی مام جەلال لە گەل کاک مەسعود ژەهرنیەو، بەڵکو هەنگوینی کەرامەت و برایەتیە. ئەگەر ئەوان یەک بگرنەوە، ئێمەش لەدەرەوە دۆستمان هەیە، ئەگەر بڵێن هەرئێستا وەفدێک دەنێرین، لەبەریتانیا خەڵکمان هەیە، لەئەمریکا موئتەمەری کورد هەیە، عەلاقاتی باشمان لە گەڵ کۆنگرێس هەیە. لەفەرانسا مەهدی پاریس هەیە، ئەگەر ئەوان ئیمانیان بەخەڵکی خۆیان هەبێ کوردی دڵسۆز زۆرە.

**دیسان لێیان پرسی؟ ئەو دەورەی ئێستا تورکیا دەی‌بینێ، چۆنی دەبینی؟**

لەوەڵامدا گوتی: هەر وەک برادەران ئاماژەیان پێکرد، تورکیا بە دوژمنی کورد دادەنرێ.بەپێی دەستورێکی هەیەتی دەوڵەتێکی قەومی تورکە. واتە هەموو دانیشتوانی تورکیا بەگشتی بە تورک دەزانێ و هەرکەسێکی تر داوای شتێکی تر بکات بە دوژمنی یەکێتی نیشتمانی تورکی دادەنێ و حوکمی دەدەن، تەنانەت

وەشەی کوردیش قەدەغەیە.
دیارە هەمیشە دنیا لە گۆڕران دایەو سیاسەتی دەولی دەگۆڕێ. مرۆفیش دلیی کراوەیە بەرانبەر ئەو سیاسەتانە.
کورد هەلبژاردنی کرد. هەلبژاردنێک بوو بەجیهانی نیشاندا کە هەلبژاردنی ئەئاوا دێموکرات لە رۆژهەلاتی ناوەراست بێ وێنە بوو. هەلبژاردنی ئاوا پڕلەدێموکراتیەت لە ئێران و عیراق و تورکیا نەبووە. ئەو ڕەوتە درێژە درابایە غەرب بروای پەیدا دەکردو پشتی دەگرتن تا دەبوون بە شتێکی باش و دروست بوونی کیانێک بوکورد.
یاسرعەرەفاتی فەلەستینی، تاپارلەمانی دروست نەکردو نیشانی نەدا، چیان بۆنەکرد. لە پارلەمانی ئوروپا بیستومانەو دەلێن:
قیادە هەلبژێردراوەکانی کورد لەعیراق قیادەی هەلبژاردەی پارلەمانین و شەرعیەتیان هەیە. تورکیاش پێیان دەلێ ترۆریستن!
هەر وەک کاک جەزا روونی کردەوەو خۆشم لە برادەرانی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتم پرسی وگوتم: ئەوەتا نوسراوە بە قۆنتراتی بیست میلیۆن دۆلار دەتانەوی (پیکاکا) لە ناو بەرن ؟ وەلامیان نەدامەوە. ڕاستە تورکیە دوژمنی کوردە، هەر لەهەوەل رۆژەوە هەر سێک دەولەت لەکۆبوونەوەی خۆیاندا بڕیاریان داوە کە ئەو کیانە تێک دەن. سەرەڕای ئەوەی گەورەترین دەولەتی دنیات لەپشتە، راستەوخۆ بەئاشکرا بەدژی کورد راوەستاون. ئێمە لێکدانەوەمان نیە، موتابەقەتمان نیە، رۆژنامە ناخوێنینەوە، هەرکەس بۆخۆی شتێکی هەیەو کاری بۆدەکا. ئێستا ولاتانی خەلیج بوئەوەی سەدام ئەهوەن کەنەوە، دراسەیەکی چەند هەزار لاپەڕیان کردوە، داخوا لەگەل سەدام چۆن پێک بێنەوە؟ ئاگرێک لە لەندەن بۆوە،

پێنج سەد وەسیقەیان ئامادە کرد داخوا ئەو ئاگرە چۆن دروست بووە؟ ئێمەش دراسەمان لەسەر مەسایل نیەو هەر لەخۆ ڕا هێندێک شت دەڵێین. لەو یەکدو سالەدا نا تەبایەکی گەورە لە نێوان تورکیەو ئەمریکادا بووە. تورکیە لەرۆژی هەوەڵەوە گوتویە: هەڵبژاردن نابێ بی، پاڕلەمان نابێ بێ. کیانی کورد نابێ بێ، سەدام حوسێن دەبێ بگەڕێتەوە سنوور، ئەگەرنەگەڕێتەوە دەبێ بۆشایی سنوور هەبێ، بۆشایی دەسەلاتیش یانی چی؟

یانی ئاژاوە هەبێ **پێ‌کاکا** بێت و بچی، تورکیە تەداخول بکات.

کورد مادام نەی توانی ئەو بۆشاییە نێوخۆی بۆخۆی بپارێزێ، کە خۆشی بوو بەجاسووس، بوویەجاش‌وخوشی شەڕی بۆکرد! ئیتر سووک بوون‌و ئیعتباری کورد نەما. لەپێشداش لەئێران لەلایەن وەزارەتەوە هاتنە پەرلەمان‌و خوتبەیاندا. تورکیە بە شێوەی ڕسمی هاتنە پارلەمان، بەشێوەی ڕەسمی لەگەڵ حکومەتەکەی ٢١ مفاوەزەی کرد، یانی ببوو بەئەمری واقع. من نامەوێ بلێم کە کیانی کورد لە سەروو ببوو بە دەولەتی ئەمری واقع.

ئەگەر ئەو پێنج ساڵە بروێشتایە، ئێستێ مەسەلەکە تەواو ببوو. کەچی بۆخۆیان گلەییان هەیەو دەڵێن: ئیعترافیان پێ نەکردووین!

من جارێکی دیکەش دەیلێمەوە؛ عێراق شەڕێکی عالەمی دۆڕاندوە، عیراق پەیمانی تێشکانی خۆی ئیمزا کردوە، شرووتێکی دوەلی بەسەردا فەرز کراوە، ئەو عێراقەی جاران دیتمان جارێکی دیکە دروست نابێتەوە

دووهەم : مەسالحێکی نەوتی ئابووری زۆر گەورەی عالەمی هەیە هەمووی وا بەرەو خەلیج دێ، رووس دێ، چین دێ، فرانسەو هەموو ئوروپا بەرەو ئەو ناوچەدێن. سیراعە لەسەریان، هەرکەس بیەوێ ئەو سیراعە بباتەوە پێویستی بە خەلکێک و بەقاعیدەیەک هەیە. لێرەدا کورد ئەرزێک و ولاتێکی گەورەی هەیە، ناوچەکەی ستراتێژیە، دەتوانێ ببێتە بەشێک خۆی دامەزرێنێ. ئەمریکا دەیویست ئەوە بکات کوردخۆی نەیزانی. کوردیش نەبێ ئەمریکا واز نایەنێ، تورکیە دایمەن بەئەمریکای دەگوت؛ واز لە کورد بێنە ئەو بەتالایەی هەیە من بۆت پردەکەمەوە، ئەو دەورەی تۆ دەتەوێ من بۆت دەبینم. چونکە ئەمریکا سقەی هەتاسەری پێ نیە، تورکیە دەولەتێکی گەورەیەو دەتوانێ مەشاکلی بۆ دروست کات، بەلام کورد فەقیرە ناتوانێ مەشاکلی بۆ دروست کات. تەنانەت ئیسرائیل پێی ناخۆش بوو کورد ئەو دەورە ببینێ، چونکە سالێ دەبیلیۆن دۆلار لە ئیسرایل خەرج دەکرێ، بەلام کورد ولاتەکەی دەولەمەندە هیچی لێ سەرف ناکەن.

ئێستا کە بە « پێکاکا » دەلێن ترۆریستە، ئەمریکا پەیوەندی لەگەلیی هەیە، ئەلمانیا هەیەتی، ئوروپا هەیەتی، بەریتانیا هەیەتی، ئێستا وردە وردە موقیف باش دەبێ لەگەلێ پێکاکا، چونکە یەکێک دیفاع لە میللەتی خۆی بکات نایانەوێ لە ناو بچێ، هەروا نایەلن تورکیەش لە ناو بچێ زەختی داوێنە سەر تا بێ مەشاکل نەبێ.

تورکیە سیاسەتی خۆی هەبوو، کە زانی ئەمریکا بەو رازی نیە ببێتە بەدیلی کورد، کوردیش هەر خەریکی پوڵ کۆ کردنەوە بوو، هەر وەکوو دیتمان تورکیە دەستی خۆی وەشاندوکاری خۆی کرد.

کاک مەسعوود بۆی باس کردم گوتی: لە ٨٨ هاتمە تورکیە مفەوەزێکی بەسیتیان نارد لە چایخانەیەک بینیمی.
مام جەلال دوای هەڵەبجە هاتەدەر، کەس ئامادە نەبوو بیبینێ. لاپەڕێکی ڕۆژنامەی گاردیانی بەکرێ گرت و هێندێکیان شت بە پوولێکی زۆر بۆ بڵاو کردەوە. ئێمەو مانانیش بە هەزاران مەقالەمان نوسی و بڵاومان کردەوە. مەسەلەی کورد بوو بەمەسەلەیەکی دوەلی. ئێران ترسا، تورکیە ترسا، بەلام وردە وردە لەگەڵیی ڕاهاتن کە بەس ئەو کیانەی کورد هەیەتی خەتەری نەبێ بۆ سەر ئەوان. ئەگەر دڵسۆز بان دەیانتوانی ببن بە عاملی ئیستقرار، ببن بە عاملی ئابووری و شەریکات بانگ کەن. وەختی خۆی کاک جەوهەر نامق هات ئەوەمان پی گوت، کە چی دەڵێ: ئێمە عێراقین !؟
یەکەم ئێعلانی حوکمی زاتی فەلەستین هاتن بۆ لەندەن و لەگەل شەریکات کۆ بوونەوە، بە میلیۆنان شتیان برد، ئەو وڵاتانە شەریکات بەرێوەیان دەبا، دەبێ نەسلەمیەوەو بۆئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەت بچیە پێش. ئەگەر تۆ وتت من عێراقیم، بووی بە یارمەتی دەری سەدام! یانی تۆ هیچ و پووچی. تۆ نەوتت هەیە ئەگەر ئیجازەکە ئی خۆت نەبێ، سبەینێ سەدام دەچێ لەگەڵ شەریکەکان ڕێک دەکەوێ تۆش کەس ناتخوێنێتەوە.
ئێستا بە میلیۆنها، فەرانسا ئەوەی لەگەڵ عێراق کردوە. ڕوسیا کردویە، دەولەتان کردویانە. سبەینێ سەدام نەفتەکەیان دەداتەوەو کوردیش حیسابی یەک شتی بۆناکرێ. چونکە مەسەلەی ئینسانی و ئەخلاقی نیە، مەسەلەی مەسالحەوکورد، دەیتوانی ببێتە قاعیدێکی ئەو مەسالحە. قاعیدەیەک بۆ ئیستقرار، قاعیدەیەکی ئەخلاقی و

دێموکراتی. مرۆڤ دەبێ ئەوەندەی ئەخلاق هەبێ، مێژووی خۆی لەبیر نەچێتەوە بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان.
دێمەوە سەر تورکیە. یەکەم ویستی تورک ئەوەیە: کورد پارلەمانەکەی نەمێنێ، کیان و سەربەخۆیەکەی نەمێنێ.
دووهەم ویستی ببێتە بەدیلی کورد بۆ پاراستن و مەسلەحەتی خۆی.
سێهەم بوعدێکی گەورەتر تورک دروست بکات، تورکمان دروست بکات، ناوچە سنورەکان بە تورکمان دابچێنێ، هێندێک تورکمان بێنێ و وردە وردە کوردەکان پاڵ پێوەنێ. تەبعەن کاتێ کە ئەو بوعدە سراتیژیە، ئەو بوعدە جوغرافیە هەبوو، دەتوانێ دوو دەوری هەبێ، تورکمان بەرەو کوردستان بێنێ، کوردیش بەرەو ژوورترو بەرەو ناوەند بەرێ. دەمێکە داگیرکەرانی کوردستان لەسەر ئەو نوقتەیە ساغ بوونەوەو هەدەفیان ئەوەیە کیانی کورد نەمێنێ و کارێکی وا بکەن ئەو کیانە لەناو بەرن.
چوارەم: هیزی چەکوش نەمێنێ بڵێن ئەوە کورد خۆی لەگەڵ سەدام رێککەوتووە پێویستی بە پاراستن نیە، کەسێکی کە دەبێ بیپارێزن تورکمانە، بۆ ئەوەی تورکمان بێتە نێو معادلەوە.
چیلێر دەڵێت: ئێمە دوو هەدەفمان هەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنقەرە. یەکەم مەسەلەی حدودو نەهاتنی موخەربین هەتا هەتایە حەل بکرێ.
دوهەم تورکمان دەبێ بە ئەندازەی کوردو بە قەرا کورد دەوری هەبێ لە تەقریری مەسیری شمال عێراقدا. ئێستا ئەگەر دوولایەنی گۆرەپانی کوردستانی باشور دەیانەوێ هەمووشتێکیان لەدەست دەرنەچێ، دەبێ رێک کەون و یەکێتی نێوخۆیان دروست کەنەوە، دەنا چ

سەدام، چ ئێران، چ تورکیە، لە ئاژاوە بەو لاوە چارەسەری کوردیان لەلا نیەو هەر سێکیان دوژمنی کوردن.

ورده ورده باس و وتوو وێژەکان گەیشتنە لەسەر کوشتاری بە کۆمەلی هەڵەبجەو هێندێک پێ یان وابوو؛ لەمێژە داگیرکەرانی کوردستان لە بەرنامەیاندایە کە بەرێگای جۆراوجورو شێوەی تایبەتیدا کورد لە ناو بەرن و بیتوێنەوە « ژینوساید»

دیارە لەمەر ژینۆسایدەوە وتووویژێکی زۆر کرا، بەلام لەبەر ئەوەی ئەوباسە باسێکی گەلێک دوورو درێژە لەگەلێ ئەو باسەی ئێمە نایخوێنیتەوە لێی دەگەرێین.

**بەرێوەبەری بەرنامەی مید تیویّ کاك باهۆز، گوتی:**

ـ هەروەک ئاگادارن پێشترنوێنەری یەکێتی و پارتی لە ئانکارا کۆبوونەوە، بەلام بەهۆی کوژرانی یەکێک لە بەرپرسانی پارتی لە هەولێر بە نێوی محێدین، کۆبوونەوەکەیان تێکدا. ئێستا ئێوە لەسەر داوای مێدتیویّ هاتوون و، وەک دەبینین بەشداری کۆبوونەوەکەمانن.

ناوبراوڕووی لەکاک ئەحمەد بامەڕنی نوێنەری یەکێتی کردو پرسی؛

**ئێوە تاوانبار دەکرین کە لەگەڵ ئێران پەیوەندیتان هەیەو ئێران هاوکاری ئێوە دەکا، دەکرێ بڵێی لە سەر چ بناغەیەکە؟**

- علاقەی یەکێتی و ئێران ئەوەیە؛ کە ناوچێکی دوورو درێژ لە کۆنترۆڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندایە، لە خانەقین وکەلارەوە بگرە تا قەلادزێ و .... ئەو شەڕەی کە لە رۆژی هەوەڵەوە روویداو کورد نێوی لێ ناو خۆکوژی، لەو رۆژەوە یەکێتی نیشتمانی جگە لە رێگەی ئێران، رێگەیەکی تری بۆ دەرەوە نیە.

جائەوە راست بێ یاغەڵەت بێ، لە ساڵی ١٩٦٠ وە تائێستا جوولانەوەکانی کورد لە باشوور پەیوەندی لەگەڵ ئێران بووە. جا زۆر

یا کەم چەند لێک دوورو نیزیک بوونە، ئەوە شتێکی دیکەیە. دوای٧٤ ئێمە هەموو پێشمەرگە بووین و دوای ٨٨ ئێمە هەموو لەئێران بووین. دیارە بۆ پێوەندیش ئێمە سنوورێکمان هەیە. چۆن هەڤالانی پارتی هاتووچۆی ئێران دەکەن ئێمەش هاتووچۆ دەکەین. ئەگەر هێندێک کەس یا ئەمریکا نەیەوێ و پێی ناخۆش بێ، ئەوە شتێکی دیکەیە. پەیوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەر دەرگای هاتوو چۆیە.

**کاك فەوزی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان پرسیاری لێکرا:**

**ئێوە پەیوەندی لەگەڵ عیراقێك دەگرن کە ئەنجامدەری کارەساتی هەلەبجەیە، ئێوە داوا لەسوپای عێراق دەکەن بۆ گرتنەوەی هەولێر، ئێستا پێوەندی ئێوە لەگەڵ عێراق لە ئاستێك دایە؟**

لەپێشدا دەگەڕێمەوە بۆ سەر هەڵەبجە، تایبەتمەندی ئەوتاوانە ئەوەبوو؛ کە بۆ یەکەمجار کێشەی کورد بوو بەکێشەی تەلەڤیزیۆنی ئوروپا و جیهان. پارتی دێموکرات یا پارتێکی تری کوردستان، چیان کردوە، چ خەباتێک بۆ هەلەبجە و لەسەرهەڵەبجە بکەن کەرژیمی پێ رسوا بکرێ، بۆ نمونە پارتی لەپرۆگرامی خۆیدا مادیەکی هەیەدەڵێ: پارتی بە هەموو هێزی خۆیەوە خەبات دەکا بۆ قەدەغەکردنی چەکی شیمیایی بۆ ئەوەی هەموو جیهان رۆژی ١٦ی ئازار لە بیر نەکات و وەک رۆژێکی جیهانی بیناسن.

دێمە سەر مەسەلەی پێوەندی پارتی و دەوڵەتی عێراق، ئێستا حاڵی حازرهیچ پێوەندیەکی سیاسی لەنێوان پارتی و دەوڵەتی عیراق دا نیە، چ بە ئاشکراو چ بەنهێنی. مەسەلەی پێوەندیەکان لەگەڵ عێراق لە کاتێکدا بوو کە یەکێتی دەیویست بە پشتیوانی چەکی زۆری دەوڵەتی ئێران بە یەکجاری پارتی لەناو ببات ولەمەیدانی بەرێتە دەر. ئەوە بوو

کە پارتی رازی بووو پێوەندی بۆ دەست درێژیەکی مەحدود تەنیا بۆ گرتنەوەی شاری هەولێر پێک بێت. چونکە مەسەلەی هەولێر ببووە هۆی تەگەرەیەکی گەورە لەسەر رێگای چارەسەری کێشەی سیاسی لە کوردستانی عێراق. ئەو پێوەندیە محدودە بووە لە نێوان پارتی و عێراقدا، دەنا هیچ پێوەندیەکی تر نیەو هیچ ئیتفاقێک دروست نەبووە. چونکە پێمان وایە عێراق هیچ گۆڕانێکی لەسەر مەسەلەی کورد تێدا پێک نەهاتووە کە نیزیکی لەگەڵ بکرێ .

**کاک باهۆز دوا بەدوای نوێنەری پاتی، لەکاک جەزا چەنگیانی داوا کرد کە بیرو راو روانگەی خۆی لەو بارەوە بەیان بکات. ناوبراو گوتی:**

: ئەوخەلقە رەش و رووتە ئێستا لە هەموو شتێک زیاتر پێویستی بە راستی گوتنە. ئێمەی دانیشتوو لەم ستۆدیۆیە ژمارەمان دە کەسە، نابێ درۆ بکەین چونکە ئێستا لە کوردستان و لە ئوروپا بە سەدها کەس گوێگر دانیشتوون و قسەکانمان تۆمار دەکەن و دەبێتە مێژوو.

من دوو وەلامم بۆ ئەو دوو برادەرە هەیە کە سەربەو دوو رێکخراوەن وکوردستانیان کاولکردو گەلیی کوردیان داوەشاند.

یەکەم ئەو برادەرەی یەکێتی نیشتمانی لەقسەکانیدا شەرعیەت دەدا بە ئێران کە تەداخولی کوردستانی خۆمان بکات بەحوکمی ئەوەی سنوورمان پێکەوەیە ! ئەو کاکە جیاوازی لەسەر دەوران و هەلومەرج و دۆزی ساڵەکانی ٧٤ تا ٩٤ دا نەکرد، کە ئەمەش دوو شتی لێک جیاوازن. ئێمە لە ساڵیی ٩١ وە هێزێکی دوەلی پارێزگاریمان لێدەکات، پێویستی بەوە نەدەکرد بۆ نانێک یا بۆ گوللەیەک چووبانە ئێران. ئەگەر خۆتان خاوەنی سیاسەتێکی پوختە بوینایە، دەتانتوانی ئەو زروفەسیاسیەی کە بە هۆی کەنداو دروست ببوو کەلکی باشی

لێوەر بگرن و هەلوومەرج و دەورانی ئێستای جیهانی هەڵسەنگێنن.
دووهەم، ئەو کاکەی پارتی کە دەڵێ ئێمە پێوەندیمان لە گەڵ عێراق نیە! ببەخشن من لەسەرەتاوە گوتم ئەو خەلقە پێویستی بە ڕاستی هەیە. دەبێ بڵێم چۆن عێراقێکی فاشیستی خاوەن کارەساتی هەڵەبجە و١٨٢ هەزار ئەنفالی و ئەو هەموو تاوانانەی کردویەتی، ئیمڕۆ بە چ مەبەستێک ئەو کارە کرا ؟! ئایا بارزانی ئەوەندە هوشیارە بتوانێ سەدام حوسێن هەڵخەڵەتێنێ هەولێری پێ رزگار بکا و بچێتەدەر ؟!
ئوروپیەکان زمانی کوردی نازان، وەک مراقب لێکدانەوێکی تاوانی سیاسیان هەیەو دەڵێن« ئیمڕۆ بارزانی و پارتی دێموکراتی کوردستان بەشێکن لە هێزی عێراقی و هێزی تورکی.
ئەوەی کەئیمڕۆ یەکێتی نیشتمانی و پارتی دەیکەن، هەمان سناریۆیە، کە وەزیرانی ئێران و تورکیەو سوریە دەیکەن.
کوشتنی ئەو ئەندامەی کە لە هەولێر کوژراوە، چوزانن کە پیاوەکانی موخابەراتی عێراق یان میتی تورکیا و ئەم و ئەوی‌تر نەیکوشتووە، بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی یەک نەگرن و لە دژی یەکتر بجوولێنەوە.
من بەش بەحاڵی‌خۆم فەرقی یەکێتی و پارتی ناکەم. بە قەولی هەواڵدەرێکی خاریجی کە لە وتارەکەیدا دەڵێ: فەرقی یەکێتی و پارت وەک « پێپسی کۆلاّ و کۆکاکۆلاّیە.»
لەشی سیاسی کوردی لاوازە، لەشێکی ئیفلیجە، یانی ئەورۆ ئەو پارتە سیاسیانەی لە کوردستانن، خاوەنی سەری سیاسی نین. سەری سیاسی کوردی یانی ستراتێژیکی نەتەوەیی، ئەمنی قەومی. سەروەریەتی کوردیان ناوێ، بۆیە لەشی‌سیاسی کوردی خاوەن سەری سیاسی کوردی نیە. ئەگەر خاوەنەکەشی هەبێت، سەرێکی

بەتاڵە. هەر بۆیە زوو دەبێ بەجاشی ئێران، زوودەبێ بەجاشی عێراق، زوودەبێ بە جاشی تورکیا، دەبێ بەکۆمونیست،دەبێ بە ئیسلامی و ....

بەداخەوە ئەوەی کە ئەرکی سەرشانی پارتە سیاسیەکان بێ لە کوردستان کە سەروەریە لە بیرکراوە.

لەسەر مەسەلەی هەلەبجە من پرسیارێکی مێژوویم بۆو خەڵقە لەو دوو کاکانە، واتە: نوێنەرانی یەکێتی و پارتی هەیە، لە ساڵی ١٩٩١ وە سوڵتەی سیاسی، جڵەوی نان، کار، سەرفرازی، کەرامەت، شەرافەت، بە دەست یەکێتی نیشتمانی و پارتیەوەیە، واتە لە ساڵێ ٩١وە شەش دانە ساڵە ئەو خەڵقەتان بە دەستەوەیە.

ئایا تاوانی ئێوە گەورەتر نیە لە تاوانی هەلەبجە؟

ئێوە نەک هەر کوردستانی باشوورتان داوەشاند، بوونەتە دەستکیس بۆداوەشان و داتەپێنی کوژانەوەی بلێسەی بزوتنەوەی بەشەکانی تری کوردستان. ئەوەتا مێدیای ئالمان و مێدیای تورک ئاشکرایان کرد، سامی عەبدوولرەحمان چۆتە تورکیە گوتوویە:

ــ پارەم بدەنێ من یەک پێکاکاتان بۆ نایەلیم!؟

حەوتوی پێشوو من بە هۆی تەرجومەکردن ئەفسەرێکم دیت کە لە کولیەی عەسکەری دەرچوو بوو. پرسیارم لێکرد: کە هۆی چبوو یەکێتی دەرگای ئاواڵە کرد بۆ پاسداری ئێرانی کە بێت لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدات؟

هۆیەکەی ئەوە بووە: مام جەلال داوای گوللە تۆپی لە ئێران کردوە بیداتێ بە پارتیەوە بنێ! ئێرانیش داوای کردوە ڕێگەی بدات بنکەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تۆپ باران بکات!.

دیارە بە پێنج شەش گوللە تۆپ ڕێگەی ئێران درا کاری خۆی بکات.
بەم سیاسەتەی ئیمرۆی کوردستان دەگەیەینە ئەم قەناعەتە کە ئەم
دوو ڕێکخراوە، ڕێکخراوی ئیفلیجن. هەتا ئەم دووڕێکخراوە لە
کوردستان بوونیان هەبێ نەک هەر کوردستانی باشوور، لە هیچ
یەک لە بەشەکانی کوردستانی گەورە ئازادیو کەرامەتو
شەڕەفو سەر فرازی بحەقیقەت بۆکورد نابێ.
بەلای منەوە، خزمەتکردنی ئەم ڕەشو رووتە گەورەترین خزمەتە.
بۆیە ڕەخنەتان لێدەگرم و دەڵێم: ئێوە تاوانبارن بەرانبەربرسی بوونی
یەک منداڵ لە کوردستان تا کوشتنی ١٨٢ هەزار ئەنفالکراو. ئێوە دەبێ
ئەوە دراسەبکەن . دەنائەوە دراسە نیە بڵێن ئێمە لەحەفتاو چوارەوە
پیوەندیمان بە ئێرانەوە بووەو سنوورەکەمان درێژەو دەبی لەگەڵی
دابین ! ئەمە قسەیەکی سیاسی نیە. ئێمە کە لە بلژیک دانیشتووین
بۆمان نیە ئەو قسانە بکەین. هەموو عالەم و پارلەمانی ئوروپا دەزانن
*کە بارزانیو پارتی دیموکراتی کوردستان پێوەندی ڕاستەو خۆیان بە عێراقەوە هەیە، کێ باوەڕ بەوە دەکا درۆ بکرێ بڵیی شتێکی وا نیە. بەتاوانی دەزانم ئەگەر من لێرە لە ڕاست ئەو درۆیە بیدەنگ بم.*
لێرەدا کۆتایی بەوتوو وێژو دانیشتنی خۆیان دێنن . منیش هەوەها
کۆتایی بە بیرو بۆچوونو ڕوانگەی خاوەن نەزەرانو سیاسەتمەدارو
مێژووناسو... دێنم و ئەگەر بۆ بەڵگەش بێ ئەوەندە بەسە.
ئەووتوو وێژە تەلەڤیزیۆنیەی خوێندتانەوە بە دووڕودرێژێ لەمێدتیۆێ
بلاوکراوەتەوە. ڕەنگبێ نووسینی ئەوروانگانە زۆر نەبن وکەم نووسرا
بن. منیش مەبەستم لەنوسینو دابەزاندنی ئەوەیە؛ ئەوکێشەو
دووبەرەکیەی لەباشوور پێک هاتووەو نابڕێتەوەو زۆر کەسی
نیشتمانپەروەرو بێ لایەنی تێدا بۆتە قوربانیو، وەک جیرلەبەریەک

دەکشێتەوە کۆتایی نایە. ئەوەی بۆی بکرێ شتێک بنووسێ باشترە لە ڕاوەستان. دیارە ئەوەندە نووسینەی لەسەر باشوور دەنوسرێ کەمەو تەنیا لە هیچ باشترە. من کە ئەو سیی چل لاپەڕەم لە زمانی مرۆڤی سیاسی پیادە کردوە، بە مەبەستی شاهیدو بەڵگە هێنانەوەیە، دەنا دەیان و بگرە سەدان کتێبی مێژوویی لەسەر چۆنیەتی کوردستانی باشوور بنووسرێ هەر کەمە. لەنێو قسەو باسەکاندا زۆر ئاماژە بە ڕێکەوتننامەی پاریس کراوەو وەک بەڵگە دەیهێننەوە. لەڕاستیدا شتێکی مێژوویی باش و بەنرخەو ئاڵگۆیەکی باش بوو ئەگەر کەڵکی لێ وەرگیرابا بۆ دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەلیان لە دەست دا. ئێستا ش زۆر دووری دەبینم ئەو هەلە لەدەست دراوە و ئەو تێڕوانینەی وڵاتانی دەرەوە قەرە بوو بکرێتەوە. بەهەرحاڵ بۆ پتر ئاگادار بوون و مانەوەی بەڵگەیەکی مێژوویی پێم باشە وەک ئارشیو، لەو کتێبەدا ڕابگیرێ. هیوادارم بۆ وکەسانەش کە لە تەلەڤیزیۆندا نەیان دیوە بەکەڵک بێت.

## ڕێککەوتننامەی پاریس

### یەکەم

ڕیکخستنی دەسەلاٌت.
لەمەودوا سیستمێکی دێموکراسی، کوردستانی عێراق بە ڕێوە دەبات. ئەوەش ڕێز گرتنی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤو مافەکەمینە نەتەوەیی و ئاینەکانی زامن ئەکات .

**یەکەم .**

**سەرۆکایەتی کوردستانی عیراق .**

---

ا) سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی راستەو خۆدا هەڵدەبژێردرێ بۆ ماوەی چوار ساڵو دەسەلاٌتی دیاری کراو دەبێ بە پێ یاسای ژمارە (٢) ناوی ڕابەریش ئەگۆردرێ بە سەرۆک.
ب) بەرلە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ئونجومەنێکی سەرۆکایەتی لەدەسەلاٌتە دیاری کراوەکانی سەرۆک دەکۆڵێتەوە کە لە یاسای ژمارە (٢) دا هاتووە. ئەنجومەنەکە لە سەرۆک وەزیرو سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سەرۆکی دادگای « تەمیز » پێک دێو بڕیارەکانی بە کۆمەڵ دەبێ.
ج )دەبێ پارلەمان ئیجراتەکان بە دەنگدان پەسند بکا .

دووهەم حکومە.

١) تاسازدانی هەلبژاردنی داهاتوو،حکومەتێکی ئیئتلافی، هەرێمی کوردستانی عێراق بە رێوە دەبات.
ب) ئەو حکومەتە بەرفراوان دەکرێ، تائەو گروپانەش بگەرێنەوە کەلەپارلەمان دا نین، وەک حیزبە سیاسیەکان وکەمینە نەتەوەیەکان و کەسایەتیە بێلایەنەکان.
ج) بریاردان لەناو حکومەت و ناو وەزارەتەکاندا بێ دەست تێ وەردانی حیزبە سیاسیەکان دەبێت .
د) دوای لێکۆلینەوەیەکی گونجاو ریکخستنەوەی حکومەت دەست پێدەکاو پسپۆڕی و شارەزایی ڕەچاو دەکرێت، لە پێناوپێک هاتنی یاهەلوەشاندنەوەی هێندێک وەزارەت، رووبەروو بوونەوەو خۆ ئامادە کردنی باشتر بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی هەرێم.
هاو پێکهێنانی ئەو دامەزرانە مەجلس خدمەی مەدەنی،بەر پرسیار دەبێ لە دامەزراندنی کارمەندان، بە پێی بنەمای لێهاتوویی پسپۆڕی، نەک حیزبایەتی.
دیوانی چاودێری دارایی بەر پرسیار دەبێ لە پێدا چوونەوەی بەرێوە بردنی دارایی هەرێم .
ئەنجومەنی پلان دانان، بەرپرسیار دەبێ لە دانانی پلانی ئابووری هەریم و گەشەپێدانی بخاتە ریزی پێشەوە.
پێویستە سپاردنی ژمارەی پۆستی وەزارەتە حەساسەکان بە پێی پرنسیبی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو حیزبی سەرەکی دا لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا ڕەچاو بکرێ.

ئیدارەی ئێستای کوردستانی عێراق سەلماندی کە بێ توانایە و پێویستی بە سەر لەنوێ ڕێکخستنەوە هەیە بە گشتی و بە سەرپەرستی ئەنجومەنی وەزیران .
ئەبێ کارمەندان بەپێی تواناوشارەزایی دامەزرێن و، بە ئینتیمای سیاسی نە بێ. کارمەندانیش پێویستیان بەموچەی باش هەیە تا گەندەڵیی ئیداری قەڵاچۆ بکرێ و ئیدارێکی بە تواناو شارەزا بێتە کایەوە.

## سێهەم : دەستور .

---

دەبێ دەستور بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێ و، پەیمانگای ئەنستیتۆی کورد) پسپۆرانی دەوڵەتە فیدڕالی یەکان بانگ بکاو کۆیان بکاتەوە، بۆ ئەوەی پێش مانگی تشرینی یەکەمی سالی ( ١٩٩٤) پرۆژەی دەستور ئامادە بکەن. پاشان پرۆژەکە ئەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ پەسند کردنی، بەرلە کۆتایی هاتنی ساڵ .

## چوارەم : هەڵبژاردن.

---

١) دوای تەواو بوونی وادەی پارلەمانی ئێستا ، مانگی ئایاری ساڵیی (١٩٩٥ ) هەلبژاردنێ سەرۆکایەتی و پارلەمان ئەنجام دەدرێ .
ب) پێویستە پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی بارو دۆخ پێش هەلبژاردن بێت . ج ـ بە مەبەستی ئامادەکردنی لیستی ڕاست و دروستی دەنگدان ، سەر ژمێری دانیشتوان بکرێ بەر لەهەڵبژاردن .
د) پێویستە ژمارێکی زۆر لە چاودێرانی بیانی سەر پەرستی و چاوەدێری هەڵبژاردنە کە بکەن.

ه) پێویستە سەرکردەی حیزبەکان لەبەردەم ڕای گشتی و ناوخوی و جیهان بەڵێن بدەن کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەر چۆنێک بوو پەسندی بکەن .

ز) ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەرچۆنێک بێ ، حکومەتی ئیئتلافی پێک بێت و لەبەر ڕۆشنایی تەرازووی نوێی هێزەکان ، واتە بە پێی ڕێژەی نوێنەرایەتی هەر حیزبێک لە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا .

ح) هەڵبژاردنی شارەوانی بە پێی یاسایی ئەنجام بدرێت، کاتی ئەو هەڵبژاردنەش بە پێی ڕێککەوتنی هەردوو حیزب دەس نیشان بکرێ.

## دووهەم

## سوپاو ئاسایشی هەرێم .

**یەك:**

١) سیستمی بەرگری نیشتمانی ئێستا ئاشکرای کرد کە بێ توانایەو پێویستە بە شێوەیەکی بەر فراوانتر سەر لەنوێ وەرێ بخرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەیئەتێکی ئەرکان جێگای وەزارەتی پێشمەرگەبگرێتەوە. ئەم هەیئەتەش لە گەورە ئەفسەران پێک دێت و ڕاستەو خۆ ئەخرێتە ژێر کۆنترۆڵ و چاوە دێری سەرۆک وەزیرو جێگری سەرۆک وەزیران .

ب ) پێویستە سوپایەکی یەکگرتوو بە تەواوی لە خزمەت حکومەت دابێ و، بەر پرسیاری بەرگری و پارێزگاری هەرێمی کوردستانی عێراق بێت . خزمەتکردنی سەربازیش ئیلزامی بێت .

ج ) لەم قۆناغە دا پێویستە ژمارەی هێزی پێشمەرگە زۆر کەم بکرێتەوە، بگاتە ئەو ڕادەیەی کە هەردوو لا بە هاوبەشی لەسەری

ڕێک بکەون.
د) هەڵوەشانەوەی میلیشیاکان، بە پێی جەدوەلێکی زەمەنی کە هەردوولا هاوبەشی لەسەر بکەن، ڕێک بکەون. پێویستە پێشنیار بکرێ بۆ ئەوەی چەکدارانی میلیشیاکان روو بە رووی خدەماتی (ضمان) ی اجتماعی بکرێبەوە.
ه) بۆ ئەوەی خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە بەکردەوە جێ بەجێ بکرێت، پێویستە کەڵک لە ئەزموونو شارەزایی بیانی(خاریجی) وەربگیرێ.

**دووهەم: هێزی پۆلیسو ئاسایش.**

۱) سەر لەنوێو بە پەلە هێزی پۆلیسو ئاسایش ڕێک بخرێتەوەو بە تەواوی بخرێتە ژێر کۆنترۆڵیی حکومەتەوە، چونکە ئەهمیەتی زۆرەو سەلامەتی خەڵکو مومتەلەکاتی هەرێم دابین دەکات.
ب) پێویستە پرۆسەی سەرلەنوێی ڕێکخستنەوە بە سەر پەرستیو لێ پرسراویەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت، ئەوەش پێویستی بە توانای تەکنیکی و دارایی هەیە. پێویستە هێزی پۆلیسو ئاسایش مەشقو موچەی تەواویان هەبێ تابتوانن بە تەواوی ڕێک و پێکی ئیلتیزام بەئەرکانەکانیانەوە بکەن.
ج) زانستگای شورتە بکرێتەوە بۆ مەشق پێکردنی پولیسو ئاسایش.
دح هیزی پۆلیسو ئاسایش مەشقی تایبەتیان پێ بکرێ لەسەر پرنسیبەکان هەڵسووکەوتی مەدەنی و دێموکراتیو ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤو دلسۆزیان بۆ حکومەت.
ه) پسپۆڕانی بیانی بانگ بکرێن بۆ یارمەتیدانی هێزی چەکدار، بە

تایبەتی لە بواری تەکنیکی و مەشق دا .
ز ) بە پەلە جەدوەلێکی زەمەنی دابندرێت بۆ دیاری کردنی ڕادەو قۆناغەکانی سەر لە نوێی ڕێکخستنەوە، کۆنفرانسێک بۆ هێزی پولیس و ئاسایش ببەسترێ بەر لە کۆتایی مانگی ئاب، تاجەدوەلی زەمەنی و شێوازەکانی ئاڵوو گۆڕو دەست نیشان بکرێن .
ح ) ئەو دەزگاو دامەزراوە کارمەندانەی کە سەر بەحیزبەکانن لەناو پۆلیس و ئاسایشدا پێویستە بگوێزرێنەوە بۆ دەزگا خزمەتگوزاریەکانی تری حکومەت. وەرگرتنی پۆلیس و ئاسایش دەبێ بە شێوەی سەربازگیری « تەجنید » بێت و دەرچووی زانکوکان و پسپۆران، دوای مەشق لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش دا وەر بگیرێن.

## سێهەم

## ئابووری و دارایی

ا) بە هۆی باری ئابووری خراپ لە کوردستانی عێراق کە بە هۆی گەمارۆی دوو جەمسەرو، ئاسەواری جەنگەیەک بە دوای یەکەوە دەنالێنێ و، زیاتر لە ٥٠٪ ) ی خەڵک بێکارن و ئەو بارو دۆخە یەکێک بوو لە هۆیەکانی ئەو دواییەو دوای سەقامگیربوونی هێمنی لە هەرێم دا. پێویستە یارمەتی نێو دەولەتان دابین بکرێت.
ب ) سوک کردنی ئابلۆوقەی نەتەوەیەکگرتووەکان فاکتۆری هێمنیە، تابتوانرێ ئامێرو دەزگای پێویست دابین بکرێ بۆ ژیانەوەو بوژانەوەی ئابووری. بە تایبەتی دابین کردنی پێویستی یە سەرەکیەکانی دانیشتوانی بە پێی وزە .
ج ) لەبەر ئەوەی دابەشکردنی یارمەتی نێو دەوڵەتیەکان لە ڕێی

ڕێكخراوه ناحكومیه كانه وه، حكومه ت هیچ به رنامه یه كی نیه بۆ ڕێكخستن و پلانی ئابووری، پێویسته حكومه تی هه رێم داوا له وڵاتانی ئاژانسی فریاگوزاری بكا، ڕاسته و خۆ یارمه تی حكومه ت بده ن بۆ ژیانه وه ی ئابووری هه رێم .
ئه نجومه نی نیشتمانی كوردستان به زووترین كات یاسایه ك دابرێژێ بۆ دیاری كردنی سنوورو كاری ڕێكخراوی ناحكومی و ناو خۆیی و بیانیه كان .
ه) پێویسته داهاتی گومرگه كان بچێته ناو خه زێنه ی گشتی یه وه و ئه بێ حیزبه كان حیساباتی هه موو ئه و داهاتانه ته سلیم به حكومه ت بكه ن، كه له سه ره تای مانگی ئایار (١٩٩٤) ه وه ده ستیان كه وتووه.
پێویسته حكومه ت به هیچ جورێ یارمه تی حیزبه كان نه دات تا گومركه كان به ته واوی كۆنترۆڵ نه كات.
ز) به شی به ڕێوه به رایه تی گومرک سه رله نوێ ڕێک بخرێته وه له هه موو كه سه بێ تواناكان و، كارمه ندی پسپۆربخرێته جێ یان، شاره زایی و لێهاتوویی ڕه چاو بكرێ و ئینتیمای سیاسی نه كرێته پێوانه.
ح ) پێویسته بانكی هه رێم له لایه ن هێزی پۆلیسی حكومه ت بپارێزرێ و پاسه وانی لێ بكرێ و حیزبه كان كاریان به سه ره وه نه بێت.

## چواره م
## په یوه ندی ناوچه یی و ده ره وه .

یه كه م.
په یوه ندی له گه ڵ وڵاتانی دراوسێ .

ا) ئیدارەی کوردستان مافی پەنابەریەتی ئەدات بە هەموو کوردێکی زوڵم لێکراو، بە مەرجێ بنکەی سەربازی لە ناو کوردستانی عێراقدا نە بێت و، لە سنوورەوە هێرشی چەکداری نەکەنەسەر دەوڵەتی مەرکەزی.
ب) لە کاتێکدا بڕوامان بە پرنسیپی دەست تێوەردان لە کاروباری ناو خۆیی کوردستانی عێراق و کاروباری ناو خۆی وڵاتانی دراوسێ هەیە، هەردوولا پێشوازی ئەکەن لە رێگەی چارەی ئاشتیانە و دێموکراسیانەی کێشەی کورد لەو وڵاتانە .
ج) هەر هاریکاریەک لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و حیزبەسیاسیەکان ئەبێ بۆ بەرژەوەندی یەک لایەن بەکار نەیەت، بەڵکوو ئەبێ بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد بێت لە کوردستانی عێراق. بۆ ئەم مەبەستە هەردوولا ئاگاداری یەکتر ئەکەن و هاریکاری یەکتر ئەکەن و خۆ ئەپارێزن لەهەر دەست پێشخەریەکی یەکلایەنە کە لەسەر حیسابی کوردی وڵاتانی دراوسێ بێت .

**دووهەم.**

**نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە .**

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەرەوە.
ا) نوێنەری حکومەتی هەرێم ، نوێنەری ڕەسمی حکومەتە، پێویستە هاریکاری جێگرەکەی بکات لە بواری پیوەندیەکانی دەرەوە .
ب) نوسینگەی حیزبی یەکان نابێ دەست لەکاروباری نوینەرەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم وەردەن.
ج) دامەزراندنی نوسینگەکانی حکونەتی هەرێمی کوردستان

لەدەرەوە، کۆمەک کردنیان لەلایەن حکومەتە،و هەردوک حیزب لە قۆناغی یەکەمدا پێداویستیەکانی ئەم دوو نوسینگانە دابین دەکەن.
د ) نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، بەڕێک وپێکی دەوری یەکترئەبینن و چاویان ئەکەوێ بە سەرکردایەتی هەردوو حیزب.
ه ) سازکردنی سیمنارو کۆبوونەوە بۆ نوێنەران و ڕەخساندنی بەشداری کردنیان لە مەشق و دەورەی دیپلۆماتی دا.
ز ) پێک هێنانێ کۆمیتەیەکی بالاّ لە پسپۆڕان و شارەزایانی سیاسی دەرەوە، تا حکومەتی هەرێم لەمەسەلەی سیاسەتی دەرەوە ڕاوێژی پێ بکەن.
ح) دامەزراندنی نوسینگەی حکومەتی هەرێم لەنیویۆرک و بروکسێل .

## پێنجەم.

## جەدوەلی زەمەنی .

ا ) ئاسایی کردنەوەی دەست بە جێ .
ب) ئەبێ بەر لە کۆتایی هاتنی مانگی ئابی ١٩٩٤ حکومەتی نوێ و ئەنجومەنێکی سەروکایەتی پێک بێت .
ج) ئەبێ مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ سەر ژمێری دانیشتوان بکرێ و لیستی دەنگدەران بەر لە کوتایی مانگی کانوونی دووەم تەواو بێ .د) ئەو پسپۆڕو شەخسیەتانەی کە بە ڕێز ( کوشنەر ) بەڵێنی داوە بیان نێرێ بۆ کوردستان، ئەبێ بەر لەسەر ژمێری کردن بگەنە کوردستان .
ه ) ئەبێ پسپۆڕان و چاوەدێرانی هەڵبژێردراو پێش هەڵبژاردن بگەنە کوردستان، ئەگەر بکرێ سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ بگەنێ .

ز ) پرۆژەی دەستوری هەرێم بە یارمەتی پسپۆران لە تشرینی یەکەم ئامادەبکرێت ، و پێشکەش « ئە . ن . ک » ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بکرێت بۆ پەسند کردنی، پێش کۆتایی ساڵیی « ١٩٩۴ »
ح ) پێویستە حکومەتی نوێ پێش کۆتایی ساڵیی ١٩٩۴ دامەزراوەنوێیەکان وەک ئەنجومەنی خزمەتگوزاری مەدەنی، دیوانی چاودێری دارایی و هەروەها ئەنجومەنی پلاندانان پێک بێ .

## شەشەم

## چاوەدێریو حەکەمی .

دەقی ڕێکەوتننامەکە بە هەردوو زمانی ئیگلیسی و فەرەنسی لە٢٢ی تەموزی ١٩٩۴ ئیمزاکرا. بە ئامادە بوونی بەڕێزان (بێرنارد دووران) ڕاوێژکاری دەولەت و باڵوێزی فەرانسە ، کەندالٚ نەزان سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس، نەجمەدین کەریم سەرۆکی کونگرێسی نیشتمانی کورد KNC ئەم بەلگەنامە باوەڕی پێکراوە .

**کۆمیتەی چاوەدێری لە شەخسیەتی کوردیو بیانیو ڕاوێژکاران پێك دێت، بۆ حەکەمیو یەکلایی کردنەوەی بیروڕا جیاوازەکان سەبارەت بە روونکردنەوەو جێ بەجێ کردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامە ـ پێك هاتنی ئەو کۆ میتەیە.**

**پێش ئیمزاکردن لە لایەن هەردوو سەرکردەی کورد دوای پرسو ڕا لەگەڵ چەند حیزبێکی دیاریکراو دا دەسنیشان دەکرێن .**

**سەرۆکی وەفدی پ. د . ك .**      **سەرۆکی وەفدی ی . ن . ك .**

**سامی عەبدولرەحمان**      **نەو شیروان مستەفا**

**تەموزی ١٩٩٤**

## وتووێژێکی رادیۆیی۱

ڕێکەوتی ۲۴-۱۱-۱۹۹٦ لەستۆکۆڵم ڕا بە تەلەفون پێشنیاریان پێکردم، لەسەر کتێبی ئاورێک چەندپرسیارێکم لێ بکەن لەسەر رادیۆ، بەناوی ڕادیۆی گەلی کوردستان بڵاوی بکەنەوە. دیارە منیش پێشنیارەکەم پەسندکردو، وا ئەو پرسیارو وەلامانەی لە نێوانماندا پێک هاتووە بە کەمێک دەست تێوەردان لەخوارەوە دەکەونە بەرچاوی خوێنەران.

پ: چەند مانگێک لەمەو بەر، کتێبێکی بیرەوەریتان لەژێرناوی «ئاورێک» لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دا نووسیوەو بڵاوتان کردۆتەوە. دیارە بەشێکی زۆری ڕووداوەکان لەکوردستانی باشوور ڕوویانداوە. ئەگەر دەکرێ، حەز دەکەین ئەو کات و سەردەممان بەزمانی خۆتان بۆ باس بکەن.

وەلام- پێش ئەوەی وەلامی پرسیارەکانتان بدەمەوە، سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ یەکی یەکی گوێگران و بەرێوەبەرانی رادیۆی گەلی کوردستان.

دەبێ بڵێم: ئێستا ئەو توورەیی یەی لەمەڕ دوو لایەنی ئەو شەڕەی چەند ڕۆژ لەوە پێش هەم بوو، بەئاوربەسی شەڕەکە لەکوردستان کەمێک دامرکاومەتەوەو لەوەرەزیو نارەحەتی هاتوومەدەر.

هیوادارم ئەوکارەساتەی دوایی ببێتە ئەزموونی نیهایی پارتە سیاسیەکانی کوردستان جارێکی دیکە دوژمنان نەتوانن دنەیان بدەن و هاندەریان بن بۆ شەرێکی ئاوا دڵ تەزێن و ماڵ وێرانکەر

کەگەلەکەمان تووشی ئاوارەیی و ناسۆرێکی وابێ هەتاهەتایە کەس لەبیری نەچێ و زەرەرو زیانەحەیاتیەکان هەرگیز قەرەبوو نەکرێنەوە.

دەتوانم بلێم ئەوەندەی کورد زەرەری گیانی و مالیی و سیاسی پێگەیشتوە، هەزار ئەوەندەش داگیرکەرانی کوردستان لەباری سارد کردنەوەو ناهومێدکردنی گەلەکەمان کەلکیان وەرگرتووە .

ئێستا کە دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەی بەرێز لەسەر کتێبەکەم یان ئەو بیرەوەریەی بەنێوی ئاورێک نووسیومە . لەوەی کە بەسەرتان کردومەتەوە سوپاستان دەکەم و لەوەلامی پرسیارەکانتاندا بەکورتی دەلێم:

- شۆرشی ١۴ ی تەموز، بەسەرۆکایەتی ژەنراڵ عەبدولکەریم قاسم بەسەر حکومەتی پاشایەتی مەلیک فەیسەلدا سەرکەوتبوو. دووگەلی کوردو عەرەب لەژێر حوکمی پاشایەتی و پەیمانی سەرکوتکەری چوارقۆلیی عێراق و ئێران و تورکیەو پاکستان، کە بەسەرۆکایەتی و پشتیوانی ئەمریکاو ئینگلیز پێک هاتبوو، رزگاریان ببوو و ئازادی تەواویان وەدەست هێنابوو. عێراق وردە وردە دەهات لەدەست تێوەردانی ئەو لاو لا خۆی رزگار کات و لە دەست کیسی نۆکەرانی بێگانە خاوێن بکرێتەوە کەهەر رۆژێ کێشەو هەرایەکیان بەدژی کۆماری دێموکراتیکی عیراق دەنایەوەو لەهەمولایەکەوە دژی کۆماری عێراق بەرنامەرێژی دەکرا و لەلایەن غەربەوە بەتایبەتی ئەمریکاو ئینگلیز پیلانی جوراو جۆر دەنرایەوەو رۆژ بەرۆژ ساردی سڕی و ناکۆکی پتر دەکەوتە ناو عێراق و بناغە بۆ رووخانی کۆماری عێراق و نەمانی عەبدولکەریم قاسم پترخۆش دەکراو دەیان ویست

بەهەر نرخێک بێ ئەو کۆسپە گەورەی سەر ڕێگای خۆیان هەلگرن و نەیەڵن ئەو هەرەکەتەی عەبدولکەریم قاسم کرد بووی لەڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بتەنێتەوە.
شۆرشی عیراق بێجگەلەوەی ترسی خستبوە نێو دڵیی نۆکەرە حوکمرانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. پەیمانی بەغدا، واتە، پەیمانی سینتۆی ئێستای بەتەواوی لەرزۆک کردبوو. بەبڕوای من بەرنامەکانی ئەو کاتی عەبدولکەریم قاسم، لەگەڵ ئەو دەمی کورد دژایەتی نەبوو. دەکرێ بلێین: کورد بوو نەیتوانی خۆی لەگەڵ هەل و مەرجی ئەوسەردەم ڕێک بخاو پەلە نەکا، تاگەلەکەمان لەباری سیاسیەوە بڕێک دەبووژێتەوەو خۆی پێدەگەیەنێ.
هێندێک کەسی سیاسی بەشۆرشی ئەیلوولی دژی عەبدولکەریم قاسم شانازی دەکەن، زۆرکەسیش لەو خاوەن نەزەرانەی زاناو تێگەیشتوو، رابوون لەدژی کۆماری عەبدولکەریم قاسم بەنەنگی مێژوویی دەژمێرن.
لەیاسای کاتی کۆماری دێموکراتی عێراق دا وەک دەستوری کاتی نوسرابوو: « العرب الاکراد شرکا فی هذالوطن »
واتە کورد و عەرەب لەو نیشتمانەدا هاوبەشن. زۆر شتی ئاوا گونجابوو. دەنگی ئازادیخوازی و ئەو ئازادیەی بۆ کوردو عەرەب لەعیراقدا پێک هاتبوو، حکومەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی خستبوە مەترسیەکی گەورەو بەتەواوی نیگەرانی کردبوون، شەوو ڕۆژ لەترسان خەوو خواردنیان لێ هەلگیرابوو. پێیان وابوو ئەورۆ سبەیەکی نۆرەی ئەوانیش دێ و بەچاو لێکەری لەعەبدولکەریم قاسم لە نێو ئەرتەشدا ژەنراڵێک لێیان وەخۆ دەکەوێو تا بەیانی هەلدەستن

شۆڕشیان بەسەردا دەکرێ.

ئەو نیگەرانی و ترس و وەحشەتە، دەوڵەتانی باسکراوی هێنابووە سەر ئەو ڕایە هەرچی هەیانە لەڕێگای مانەوەی خۆیاندا خەرجی بکەن و بیدەن بەچەک و چۆڵ بو سەرکوتی گەلەکەیان، نەکا بیری ئازادیخوازی بپشکوێ و ببێتە هۆی هەڵ لووشینیان و کۆشک و تەلاریان تێک چێ.

لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتانی دراوسێی عیراق گوشارێکی زۆریان هاویشتبوە سەرگەلەکەیان و دەستەدەستە پیاوان و لاوانی ڕووناکبیری وڵاتەکەیان دەپێچاوەو دەیان ناردنە ژێر ئەشکەنجەو ڕەشەچاڵەکان تا بە هەموو شێوەیەک دەنگی ئازادیخوازی لە گەروودا کپ بکەن.

لەو کاتەدا گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کەوتە بەر هێرشێکی بەر بڵاوی رژیمی حەمەرەزاشا. پایزی ١٣٣٨ی هەتاوی ١٩٥٩ ی زاینی نیزیک بە ٣٠٠کەس لەکادرو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەئێران گیران و پتر لەو ژمارەیەش ئاوارەی عیراق بوون و کۆماری عێراق بە باشی وەری گرتن، ئەو کات هەرکەسێک لەژێر گوشارو ترسی گرتن لەو وڵاتانەی دەراوسێ عیراق، ڕای کردبایە، ڕووی لە کۆماری دێموکراتیکی عیراق دەکردو لەوێ دەگیرسایەوە.

هەرئەوەش بوو کە ئەو کات کۆماری عیراق بە « قەڵای ئازادیخوازان » نێوی دەر کردبوو.

مەبەستی من سالی هەوەلی ئینقلابی عەبدولکەریم قاسمە.کەئەو کات بە باشترین جەوی دەورانی ئینقلاب دەژمێردرێ. کە دوایی ئەو

جەوەی باسم کرد جێگای خۆی دا بە گوشارهێنان و گرتن و دوور خستنەوەی روناکبیرو مرۆڤی سیاسی. ئەو گرژی و توندو تیژیە، کەلێنی ناتەبایی خستەنێوان شەخسیەتە سیاسیەکان و عەبدولکەریم قاسم. هەروەها رۆژنامەو ئۆرگانی پارت و رێکخراوەکان دەستیان کرد بە نوسینی مەقالەی رەخنەگرانە دژی پێک هاتنی توندو تیژی. ئەو ساردی و ناکۆکیانە، بەشی هەرە زۆری بە هاندانی ولاّتانی دەراوسێ بەتایبەتی رژیمی سەرەکی و مایەفیتنەی ئێران پێک هاتبوون. سەرئەنجامی ناتەبایی کاری کردە سەرکوردەکان کەدەست بۆچەک بەرن و لەدژی عەبدولکەریم قاسم و کۆماری دێموکراتیک راپەڕن و شورش پێک بێنن.

پ- شۆرشی کوردستانی عیراق چۆن هەلگیرساولەکوێ ڕا دەستی پێکرد؟

وەڵام - هەروەک لەکتێبی باسکراو دا ئاماژێکی بچوکی پێکراوە بناغەو هەلایسانی شۆرشی ئەیلوول لەنێوان هاوینەهەواری سەلاحەدین و شەقلاوێ دا دەستی پێکرد. واتە دەورو بەری چیای سەفین و ناوچەی خۆشناوەتی.

لەو سەرو بەندەدا عەبدولکەریم قاسم دەیویست لە گەڵ هێندێک دەرەبەگی کورد ئاشت بیتەوە کە بەهۆی ریفورمی ئەرزی«اصلاحاتی ارضی» سودیان لەمەترسی کەوتبوو، لەکۆمارو شەخصی عەبدولکەریم قاسم تۆرابوون.

یەکێک لەو خاوەن مڵکانە سەدیق میران، سەرۆکی خێلیی میرانی شەقلاوێ لە ناوچەی خۆشناوەتی بوو. ناوبراو لەبەغدا دەگەڕاوە کە لەنێوان گوندی کۆڕێ و گوندی کاوان کەوتە بەر دەست رێژی

محمودکاوانی و کوژرا.
مەحمودکاوانی یەکێک لەلایەنگرانی نیزیکی مەلامستەفای بارزانی بوو. کاک محمود دوای کوشتنی سەدیق میران، بە وتەی خەلکی کوردستانی گەرمێن، بوو بەئیشقیا. نابراو یەکدوو بنکەی پۆلیسی لە ناوچەی هیران و نازەنین چەک کردن. ناوبراو هەر لەسەرەتاکانی شۆرش لە نیزیک گوندی چنارۆکی ناوچەی خۆشناوەتی بەهۆی بۆمبارانی فرۆکە جەنگیەکانی عیراقی شەهید بوو.
تەقەو لێکدان و پێکدادانی خۆشناوەتی کەبەهۆی کاک محمود کاوانی پێک هات، بەسەرەتای شۆرشی ئەیلوولی ١٩٦١ زاینی دەژمێردرێ و دەکرێ بلێین؛ شۆرش لەوێرا پەرەی ئەستاند.
پ-ئەوکات برادەرانی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان لەکوێ بوون و روانگەیان لەگەلّ هەلگیرسانی شۆرش و شەڕ لە گەل عەبدولکەریم قاسم سەرکۆماری ئەوکاتی عێراق چ بوو؟ »
ولام-ئەو کات ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان و هێندێک لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی لەبەغدا بوون، بڕیاریان دابوو دژ بە کۆمارو عەبدولکەریم قاسم دەست بۆ چەک درێژ نەکەن.

هەر وەک هەموولایەکمان دەزانین؛ بەداخەوە یەکێک لە بەدبەختی میللەتی کورد، ئاشق بوون بەچەکە! لەو سەردەمیش دا هەر کەس چەکی بەکورد نیشان دابایە وەسەمای دەخست و هەر کەسێکیش وەپێشیان کەوتبایە رەگەلی دەکوتن. بەپەیدا بوونی تەق و تۆق و نێو و نێو بانگی شۆرش ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی کە لەبەغدا بوون،

کەوتنە بەر شالاوی ڕەخنەوگلەیی خەڵک و تەنانەت کەوتبوونەژێر پرسیاری ئەندامەکانیان. تەبلیغات بۆ ڕاپەرینی شۆرشی ئەیلوول ڕۆژ لە گەل ڕۆژ پەرەی دەستاند. بەتایبەتی کۆمەڵەی کاژیک بە گەرمی خەریکی بلاوکردنەوەی پروپاگاندی خۆیان بوون بۆ ڕاپەرین و گەرمتر بوونی شۆرش لە کوردستان. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، دژی جوولانەوەی چەکداری بوون. هەربۆیەش لە سالی ١٩٦١ی زاینی بڕیاریان دابوو دژی کۆماری عیراق چەک بەکار نەیەنن. دوکتور جەمال نەبەز ، لە کتێبی: کوردستان شۆرشەکانی» دا بەدرێژی باسی کردوە.

دوای نیزیک بەسالێک واتە: ١-٣- ١٩٦٢ی زاینی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکرات لە بەیاننامەیەکدا، پشتگری خۆیان لە شۆرش ڕاگەیاند و هاوزەمان لەگەل دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە خۆیان گەیاندە کوردستان و لە ناوچەی پشدەرو شینکایەتی دەستیان کرد بەدامالین و چەککردنی بنکەکانی پۆلیس و گەرمتر کردنی پتری شۆرش.

پ-ئەوکات برادەرانی مەکتەبی سیاسی پارت هاتوو چۆ و نێوانیان لە گەل مەلامستەفای بارزانی چۆن بوو؟

وەلام: ئەوەی ڕاستی بێ لەدەستپێک و ئەوایلی شۆرشدا هەست بەساردی نێوان بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەدەکرا و هیچ کەسیش بیری لە شتی ئاوا نەدەکردەوە کە ناکۆکیان لە نێوان دا هەبێ.

لەسەرەتای شۆرشدا ئەندامانی کۆمیتەناوەندی پ د ک لەمالوومە بوون، مەلا مستەفا بارزانیش لەناوچەی بارزان بوو. ڕۆژنامەی

خەبات کەدەر دەچوو، گەلێک جار سەر مەقاله و پەیامە گرینگەکان بەنێوی مستەفا بارزانی لە ڕۆژنامەکەدا دەگونجان. دیارە بۆ خەلک ئاشکرا بوو کە ئەو مەقالانەی کە بەنێوی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دێموکڕاتی کوردستان چاپ دەکران، لەلایەن کاک برایم ئەحمەد سکرتێری پارتیەوە دەنووسرێن. چونکە بەداخەوە مەلا مستەفا دەستی نوسینو شتی وای نەبوو. لەکاتێکدا هاوکاری ئاوا نیزیکیان هەبێ، کوا مرۆڤ هەست بە ساردیو ناکۆکی نێوانیان دەکات؟

پ- لەکتێبەکەدا ئاماژە بە ساردی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەم دا کراوە، دەکرێ هۆی پێک هاتنی ئەو ساردیەمان بۆ باس بکەی؟

وەڵام- ئەوەی ئێمە لە نێو شۆرشدا دەمانزانی لە نێو پروگاندەکاندا کە لە دژی چەند ئەندامێکی دەفتەری سیاسی بەتایبەتی برایم ئەحمەد، دەکرا هەستی مرۆڤی بۆهێندێک ساردی ڕادەکێشاو بەوە تاوانبار دەکران کە تفەنگی برنۆیان لە ئێران وەرگرتووەو پەیوەندیان پێیانەوە هەیە. ئەو پروپاگاندە بۆ خەڵک بەتایبەتی بۆ ئێمە کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، نەک هەر شتێکی فرە ناخوش بوو، تەنانەت نیزیکی لەرژیمێکی چەپەڵیی وەک ئێرانمان بەکوفریش دەزانی. کەچی دوایی دەرکەوت ئەو پەیوەندیە لە سەتحی سەرووتریش دا گیراوەو کار لەکار ترازاوە.

دیارە ئێران وەک هەمیشە فێڵە زانانە، هەم هێندێک یارمەتی دەکردو هەم بەدژی مەکتەبی سیاسی پارتی لە نێو شۆرش دا، بە قازانجی بارزانی پروپاگاندی پێوە دەکرد. بۆ هەموو مرۆڤێکی سیاسی روونەو

دەزانیٚ کە دوژمن پەیوەندی لە گەل شەخسیٚکی دەسەلاٚتداردا پتر بە قازانجەو مرۆڤیٚک باشتر کۆنترۆڵ ومەهار دەکریٚ تاسەرکردایەتی پارتیٚکی سیاسی. دەکریٚ بلیٚین هەر ئیٚرانیش بوو ساردی و ناکۆکی هاویشتە نیٚوان ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و مستەفابارزانی و وردە وردە پەرەی بەو ساردیە دا تاگەیشتە ناکۆکی و ناتەبایی، کاریٚکی وای کرد تا لە دژی یەک لە رووی یەکتردا ڕاوەستن، بۆ ئەوەی پتر پاڵ وەئیٚران بدەن بەستراوە بەئیٚران بن.
کەچی دوایی زۆر زوو بۆمان دەرکەوت، کە ئیٚران بەئاشکرا بۆ لای مەلا مستەفا لەهاتوو چۆ دایە. ویٚڕای ئامووشویٚ بە ئاشکرای لەندرۆویٚری ساواک و ئەفسەرانی پایەبەرزی رژیمی حەمەرەزاشا کە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی دریٚژەی هەبوو، بە دابەستنی چەکی قورسی وەک تۆپ لەنیزیکی دەرگەڵە و پردی زەرد، سەنگەرەکانی حکومەتی عیراق لەدەورو بەری رەواندز و دەشتی دیانان تۆپباران دەکران.
پ- ئەو ساردیە بەکویٚ گەیشت و سەر ئەنجامەکەی بوو بەچی و لە ئاکامدا چی لیٚهاتەوە؟
وەلاٚم: هەروەک لە کتیٚبەکەدا خویٚندوتانەوە، زۆر لەپرو لەنەکاو لەکەسانی غەیرە پارتی و نویٚنەری هەڵ نەبژیٚردراو گۆنگرەیەکی نا ئاسایی پیٚک هات و نیزیک بەچاردەکەس لەئەندامانی کۆمیتە ناوەندی پارتی دیٚموکراتی کوردستان وەلا نران و دەرکران، کەسانی وەک کاک برایم ئەحمەدو کاک سەید عەزیزی شەمزینی و مام جەلال و کاک عومەردەبابەو کاک عەلی حەمدی و. . .
بەنیٚوی کۆنگرە دەرکران.

لەجێگای ئەوانە، دەکرێ بڵێم: جگە لە کاک عەلی عەبدوڵلا و کاک نوری شاوەیس و یەکداوێکی تر کە لەباری سیاسیەوە خاوەن کەسایەتی بوون، ئەوانی تر چەند کەسێکی بۆخەڵک نەناسراو بوون کە لەجێگای ئەو چاردە کەسەی باسکراودانران و دەست بەکار بوون.

پ - لەکۆتاییدا ئەگەر دەکرێ ؟ بەکورتی باسی ناکۆکی و تێک هەڵچوونەکانی ئەم جارەی کوردستانمان بۆ بکەی و ڕوانگەی خۆتان لەم بارەوە دەر ببڕن .

وەڵام: تێک هەڵچوون و پێکدادان و کوشتاری ئەم دوایەی کوردستان، هەرکەس بە بۆچوونی خۆی نێوێکی لێدەنێ و جۆرێکی لێک دەداتەوە. دیارە لایەنگرو ئەندامانی هەر دووک لایەنی سیاسی، هەرکام لایەنی تر دەکوتێ و لایەنی تر بە خوێن ڕشتن تاوانبار دەکات و ڕێکخراوەکەی خۆی بەحەق دەزانی و ڕێبەرایەتی خۆیان وەک فرشتە نیشان دەدەن و ئاوی زمزمیان پێدا دەکەن. هەروەک عەرەب دەڵێ:

«کل حزبابمالدیهم فرحون » بەڵام لەراستی دا بۆ مرۆڤی ڕووناکبیر دەبێ حەق حاکم بێ و، نابێ وابێ.

تێڕوانین و ڕوانگەی ئەوانەی بێ لایەنن، پتریان لەسەر ڕووداوەکان لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە هەیەو کارە باشەکان و هەنگاوە پیرۆزەکان بە مەسڵەحەتی گشتی کورد دادەنێن و زەرەری هەرکوردێک بەزەرەری خۆیان دەزانن.

ئەو دەستەیە، هەر دووک لایەن و ڕێکخراو بەهێندێک جیاوازی بە چاوێک سەیریان دەکات و ئەم شەرو کێشەو ناکۆکی یە، بەپلان و دەست تێوەردانی دوژمنانی داگیرکەر دادەنی و بە دنە دان و

پیلانگێری ئەوانی دەزانێ. دیارە ئەگەر هەردووک لاش تاوانیان هەبێ، یان بێ تاوان بن، لەسەنگ و سو وکی دا دەکرێ بڵێین: وەک یەک و بەقەرا یەک تاوانیان نیە، بەڵام چۆن ئەو قەزاوەتە بکرێ و بە کام تەرازوو هەڵسەنگێندرێ، کارێکی نەک هەر هاسان نیە، بەڵکوو زۆریش سەختو دژوارە. ئەو کارە دژوارە، بوتە هۆی ئەوەی هەرکەسێک بەپێوانەو تێروانین و تەرازووی خۆی ڕای خۆی دەربڕێ، هەرکات تەرازووەکەش بەلایەکدا قورسایی کرد، لایەنی تر بەلایەنگری ئەوی تری لەقەلەم دەداتو دەی بوغزێنێ.

بەداخەوە ئێستا وەزعێکی وا لەکوردستان پێک هاتووە جگەلەئەندام و لایەنگران هیچ کەس ددانی خێر بە حیزبەکاندا ناهێنی و ئەو شەرو کێشەو کورد بەکورد بەکوشتدانە بەتەواوی لەنێو چاوانی ڕێبەرایەتی پارتی و یەکێتی نیشتمانی دا دەبینن. بەزاهیر وایە، بەڵام بەبروای من لێکدانەوەکان هێندێک زاهیری و سەتحین و گوشاری ئەو دیوی سنورە دەستکردەکان لەبەر چاو ناگیرێن کە لە سێ لاوە دوژمنانی داگیرکەر لە دڵەوە دژ بەکوردو داهاتووی حەللی مەسەلەی کوردستانن و هەزارو یەک فرو فێڵو پیلانگێریان دژ بەداهاتووی میللەتی کورد لەبن سەر دایە، بەداخەوە لەبۆچوونەکاندا پەلە دەکرێو بەقوڵیی لێک نادرێتەوە.

مام جەلال تالەبانی ڕێبەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە وتوو وێژێکی تەلەڤیزێونی لە گەڵ Med TV دا بە ڕاشکاوی ڕای خۆیان لەمەڕ بیرو ڕاو سیاسەتی ئێران ڕاگەیاندو گوتی:

- ڕاستە کە دەولەتی ئیران دۆستی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە،

بەڵام دژ بە مەسەلەی کوردو دامەزرانی دەولەتی کوردە.
دیارە یەکێتی نیشتمانی بە پێی پەیوەندیەکی کە لە گەڵ رژێمی ئێران هەیانە، مام جەلال ناتوانێ وەک کەسێکی تری بێلایەن بلێ: کاربەدەستانی ئێران، فکرو زیکریان فرو فێڵو پیلانگێریە دژی مەسەلەی کوردو داهاتووی کوردستان. هەر وەک کاک مەسعو بارزانی ناتوانێ، شتی وا بە تورکیەو ئێران بلێ. یان رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتوو وێژێکی ئاوا دا ناتوانێ حکومەتی عێراق بە پیلانگێر و دژی مەسەلەی کورد نێو بەرێ.
لەو کاتەوە کە من ئەندامی رێکخراوێکی کوردستانیم و وەبیرم دێ و بۆیان گێراومەتەوە، پارت و رێکخراوەکانی کوردستانی، لە ئێران و عیراق و تورکیە و سوریە، هەر یەک بەستراوە بە رژێمێکی ناوەندی بووە. ئەوانیش بەهۆی ناکۆکی سنووری و. . . تا ڕادەی بەرژەوەندی و قازانجی تایبەتی خۆیان و تا ئەو جێگایەی کورد مەترسی بۆیان نیە، هێندێک یارمەتی سەرەتایی یان داوە. جوڵانەوەکانیش هێندێک کەڵکی خۆیان وەرگرتووە. واتە پەیوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەعێراقەوە. پەیوەندی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، بە ئێران و تورکیەوە بووە. پەیوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەئێران و سوریەوە بووە.پەیوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە سوریەوە ... بووە.
ئێستائەو نیزیکی و پێوەندی و سیاسەت و هەڵوێستانە بۆنەتە فەرهەنگی سیاسی پارت و رێکخراوەکانی کوردستان و بە ناچاری درێژەیان هەیە.
دەکرێ بلێین لەو داوایانەدائەو بەزمە پترخۆی دەنوێنێ.

لەشۆرشەکانی پێشوودا پەیوەندیەکان هێندێک بەنهێنی دەگیران حیلە شەرحێکیان بۆ دە دۆزرایەوە و شەرمێکیان دەکرد و هەموکەسێک وەک ئێستالەو پەیوەندیانە ئاگادار نە بوو، بەلاّم چەندسالێکە پەیوەندیەکان لەوە زۆر زەقترن، تەنانەت رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و رۆژنامەکانی جیهانیش باسیان دەکەن. لەوانەیە پارت و ریکخراوەکانی کوردستان پەیوەندیەکانیان بەکارێکی دیپلۆماسیش دانێن و شانازی پێوەبکەن!!

ئەو ئاماژە بچوکەی بە پەیوەندیەکانمەوەکرد، جارو بار تێک هەڵچوون و شەڕو لێکدانی ناخۆی کوردستانیشی لێ ساز دەبێ و دوژمن بۆکەڵک وەر گرتنی خۆی بێکار دانانیشێ.

تاچەند مانگ لەوەپێش، هیچ یەک لەو پارت و رێکخراوانەی کردستان کە لە گەڵ رژیمی ناوەندی لەشەرو شۆرشدا بوونە. دژی رژیم ڕاپەریون، بۆ سەرکوتی رێکخراوێکی سیاسی کوردستانی هاوکاریان لەگەڵ دوژمن نەکردوەو، چەک و کەرەسەی قورسی جەنگیان لێ وەرنەگرتووەو نەیان هێناوەتە کوردستان و کوشتاری بەکۆمەڵیی خەڵکی بێ تاوانی کوردیان وەرێ نە خستووە.!؟

هەژیری تەیموریان رۆژهەلاّتی ناوەراست ناسی کورد، لە وتوو وێژێکی تەلەیفونیدا لەشاری لەندەن لەگەڵ رادیۆ دەنگی ئەمریکادا گوتی:

« ئەگەر ئێران و تورکیە بە بەهانەیەک یاسای نێو نەتەوەیی دەشکێنن و سنوور دەپەڕێنن و دێنە ناو خاکی کوردستان، ماوەکەی کورتە و ناتوانن زۆر بمێننەوە و دەبێ برۆنە دەر، بەلاّم حکومەتی عیراق ئیدیعای مالکیەتی ئەرزی هەیە، لەگەل سنوور بەزاندن و

هاتنی دەولەتانی ئێران و تورکیە جیاوازەو نازانم کاک مەسعود بارزانی بۆچی ئەو کارەی کردو . . . ؟! »

لەو لاولاش لە سەر هاوکاری و هێنانی دەولەتی عێراق بۆ هەولێرقسەو باس زۆرن، بەلام من نامەوێ بچمە نێو ئەو باسەوە. بەو هیوایە ئەو شێوە کارو سیاسەت و بۆچوونە دوپات نەکرێتەوەو، وەک پەیوەندیەکان نەبێتە باو بەپشتیوانی دوژمنانی داگیرکەر، نەیاری سیاسی خۆیانی سەرکوت بکەن و بەمەبەستی لەناو بردنی هیزێکی کوردستانی لەگەڵ دوژمن ئاشت بنەوە شانازی بەوە بکەن کورد بەدوژمن بەکوشت دەدەن !!

پێم وایە رووداوو کارەساتی ئاوا ئەگەر ئێمەی ڕاهاتووش چاوپۆشی لێ بکەین، مێژوو، و نەسلی داهاتوومان هەرگیزاو هەرگیز لە کارەساتی ئاوا نابوورێ و خۆش نابێ.

بەڕاستی دوژمانی داگیرکەری کوردستان ئەوەندەیان روو دراوەتێ و لێیان چوونەتە پێش، بە ڕاشکاوی لەخۆیان ڕا دەبینن هەر شتێکی لە کوردستان پێیان خۆش بێ دەرحەق بە میللەتی چەوساوەی کورد دەیکەن. خۆیان بەئاغاو کوێخاو، وەکیل و قەییومی کورد دەزانن.

ئەگەر رێکخراوەکانی کوردستان هێندێک خۆڕاگربن و ناکۆکی و ناتەبایی خۆیان بەچەک و گوللە حەل نەکەن، هیچ کاتێک لەحاست داگیرکەران ئاوا بێ نرخ و بەستراوەو بێ دەسەلات نابن کە بڕیارو پیلانگێرەکانیان ئاوا بێ قەیدو شەرت بەسەر دا بسەپێنن و، ئاوا بەهاسانی بێنە کوردستانی ئازادکراوی ژێر دەسەلاتی پارتی و یەکێتی نیشتمانی، مرۆڤی شۆرشگێرو هاوسەنگەرو شوان وگاوان و رەش و رووتی بێ دیفاعی ولاتەکەمان ببرن و بکوژن و گوندەکانیان

لێ وێران بکەن و لە پێش چاوی پێشمەرگەی شورشگێری هاو ڕەگەزو هاوخوێن کەلەبچەی بکەن و لەگەڵ خۆیانی بەرن و سەر بەنیستیان بکەن و جەرگی کەس و کاریان بەکوچکەوە بدەن.
یان داگیرکەری بەغدا کە لەلایەن ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی هێلیی بۆ دیاری کراوە، شەوێ هێرش بکاو بێت هەولێر بگرێ و ببێتە هۆی کوژرانی سەدان کەسی خەباتگێرو بێ دیفاعی شارەکە!؟
دیارە لەمەڕ شکاندنی یاسای نێونەتەوەیی کە ئێران و تورکیە کردیان، ئەگەر بەنابەدلیش بووبێ، بەیاننامەی نارەزایی لەلایەن پارتەسیاسیەکانەوە بلاو کراوەو لە ڕادیۆ ڕۆژنامەکانی دەرەوە دەنگیان داوەو دەکرێ بلێین خۆی لەخۆیدا شتێک بوو. بەو هیوایە ئەو کارە هەنگاوی هەوەڵ بێ و لەو بارەوە بۆ لەدمدانی دوژمنانی کورد، پتر خەمخۆری و خۆڕاگری خۆیان پێشان بدەن.
بەبروای من ئەگەر دەیان جاری تر دژی یەکتر بچنە ناو سەنگەرو گوللەپێکەوە بنێن و برای خۆیان بکوژن، لەوە زیاتر جنێو و قسەی سووک بەیەکتر بلێین، سەرئەنجامەکەی هەر دەبێ پێک بێنەوەو هاوسەنگەرو خوێنگرو خوێن ئەستێنی یەکترن. کەسانێکی لەو ناوە دا دەکوژرێن، براو بابی خۆیانن و زەرەرو زیانێکە لە گەلی کورد دەکەوێ و قەرەبوو ناکرێتەوە.
ئەوەی من باسی دەکەم بەمەبەستی پەندو ئامۆژگاری نیەو دەزانم ڕێبەرانی کورد ئەو شتانە باشتر دەزانن و لەوە ئاقڵترو زاناترن کە من باسیان بۆ بکەم. ئەوەی من باسی دەکەم روانگەو بیرو ڕای خۆمە و پێم وایە؛ باشتر وایە بێتە سەرکاغەز. بۆیە پێم وایە ئەگەر هێندێک خۆ ڕاگرو وردبین بن، مەسەلەی کورد بەدڵی ئەوان دەچێتە

پێش و دوا رۆژێکی رونیان لەپێشدایە.
هیچ کەس بەخیاڵی دا نەدەهات کە ئەو کوردستانە کاولکراوەی دوای شەڕی کەنداو ئاوا بەیارمەتی و هاوکاری وڵاتانی دەرەوە تا ئەو ڕادەیە دروست بکرێتەوەو خەڵک لەبرسیەتی و هەژاری بیتەدەر.
کەس بروای نەدەکردو بەخیالیدا نەدەهات کورد پارەو بانکی هەبێ و لەپارەی حکومەتی ناوەندی بەهێزتر بێ.
کەس بروای نەدەکرد کورد ببێت بە خاوەنی پارلەمانی هەڵبژێردراو و بەرەو دامەزرانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان یا بەرەو فدراڵ بروات.
کەس بیری لەوە نەکرد بۆوە رۆژێک لە دەرەوە ڕا بەفریای کوردەوە دێن و هێلی هەوایی و زەمینی بۆ دوژمنی کورد دادەنێن و لە بەلای بۆم باران و تۆپ بارانی دەپارێزن و .... هتد
زۆرجاران لە بەیان و رۆژنامەو گوڤارەکاندا دەبینم و لەنێو دانیشتن و وتوو وێژەکاندا دەبیسم کە دەڵێن: هیچیان بۆ نەکردین و ئەو یارمەتیەی دەیکەن لەباری ئینسانیەوە یە، نەک لەباری سیاسی و حەللی مەسەلەی کوردە. بەڵێ رەنگبێ ئەوە راست بێ، بەلاّم ئەو پەلەپەلەی ئێمە هەمانە، زەحمەتە ئاوا بەپەلە نەخشەو سنورە دەستکردەکەی کە دوێنێ بۆخویان دروستیان کردوە وا بەزوویی دەستی تێوەردەن. دەبێ لە خۆمان بپرسین و بزانین ئایا لە باری یاساو رێ و ڕەسمی نێو نەتەوەیی دا دەکرێ و دەتوانن ئاوا بە زەقی و ئاشکرایی هاوار بکەن و بڵێن: هۆی کوردینە وەرن خۆتان رێک خەن و لەشکری کوردستان دروست کەن و خۆتان بەهێزکەن، لەبەرنامەی

داهاتوو دا دەبن بەحکومەت و. . .
کاتێک دەزانین حەفدە هەژدە حکومەتی عەرەبی دژ بەمەسەلەی کوردن‌و کیانی کورد بە لەت بوونی عێراق دادەنێن، کوا شتی ئاوا بەئاشکرایی دەکوتری و دڵیی دۆستانی خۆیان دێشێنن؟
کاتێک هاوپەیمانی نیزامی خۆیان تورکیە کە لە پەیمانی سینتۆ و ناتۆ دایەو بەتووندترین شێوە دژایەتی لەگەڵ کوردو مەسەلەی کورد. دەکاو بەدوژمنی سەرەکی کورد دەژمێردرێ، تەنانەت لە هێندێک بوارو هاتنەپێشی رووداوەکاندا لەسەر مەسەلەی کورد پێچەوانەی بۆچوون و پێشنیارەکانی ئەمریکاو ئورووپا دەجوڵێتەوەو کۆسپ دەخاتە سەر رێگا، لەوەزعیکی ئاوا دا کوا دێڵن چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو ئازادی کوردستان بە رواڵی ئاسایی رێگەی خۆی ببڕێ .
لەسەر ئەو بڕوایەم، هەل‌و مەرج‌و سیاسەتی ئەورۆی جیهانی گۆڕاوەو وڵاتانی دەرەوەی خاوەن تەکنیک و سەنعەت، مەسڵەحەت و بەرژەوەندی خۆیان لەهێدی‌و هێمنایەتی دا دەبینن. بۆیە پێویستە کوردیش بەیەکێتی‌و یەکگرتوویی ناوخۆیی تێکەڵاوی ئەو هەواو هەلە بێت و لەو رێگایەوە هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوەو سیاسەتی ئەو رۆی جیهانی بقۆزێتەوە.

١٩٩٦/١١/٢٤

**پێشتر خوێندتانەوە کە نامێکم بۆ یەکێ لە هاورێیانی دەورانی پێشمەرگایەتی ناردبوو، داواشم لێکردبوو لە مەڕ چۆنیەتی ئەوێ ئاگادارم بکاتەوە. زۆرم چاوەڕوانی کرد پێم وابوو دڵیی لێم ئێشاوەو نایەوێ نامەم بۆ بنووسێ، کەچی دوای نیزیك بە دووساڵ وڵامەکەم بۆ هاتەوە. لە نامەکەدا دەر دەکەوێ هیوای کەم بووەو کەمتر رووناکایی لە وەزعی سیاسی ئێستای کوردستان بەدی دەکات. ئاماژەکانی لەزۆر پارتو رێکخراوی سیاسی دا رەنگ دەدەنەوە. ئەوەش نامە جوانەکەی برای بەرێزم کاك ئومەر.**

## وەڵامی نامێك لەوڵات.

**ها**ورێی بەرێزو خۆشەویستم کاکەسەعیدکوێستانی!

نوسراوە جوانەکەتان گەیشت و نامە سەرچاوم . سیس ببووم، گەشامەوە. هانام هاتەوەبەرو هیوام پەیدا کرد کە لە بیر نەکراوم. ئەگەرچی لە هەمولایەک بڕاوم ودوورخراومەوە، بەلاّم لانیکەم وا دیارە ئێوم لەدەفتەری هاوریان و یاران و دۆستاندا ماوەو نەکوژاوەتەوە.

من دوای ئێوە سەرم داخست و چوومەوە سەردەمی پێشووی خۆم و لەگەڵ دۆستان و برادەران لەدەورانی جارانی بێخەبەریدا رۆژگاری خومان بەبیرەوەری رۆژانی شۆرش دەبەینە سەر. وەک جاران خەریکی کاروباری جارانین. واتە ئەو دەورانەی کەسەرگەرمی کارو دابین کردنی ژیان بووین و ئاگامان لەدەورانی پڕلە هەراو بەربەرەکانی و شۆرش نەبوو. لەبیرتە؟ کاتێ دادەنیشتی دەورانێ ڕابردوی خوت بۆ دەگێڕاینەوە؟ کەپێشتر ئەو دەورانەت ڕەد کرد بوو و دوایی بەهۆی دۆستانی ناخۆیی تێشکابووی. لەبیرمە کەئەزموونی پڕلە هەراو هەڵلای دەورانی ڕابردووی خۆت بۆباس دەکردین و بەمەجلیس بۆت

دەگێڕاینەوە کە دەبێ چ بکەین و چۆن هەڵسووڕێین و لەگەڵ خەڵک چۆن بجووڵێنەوە. ئێمە زۆر لەو ئامۆژگاریانەی تۆمان وەرگرتووە کە ئەگەر ڕۆژێکی ئاوا بێتەوە، منیش بەپێی ئەزموونی خۆم دەورانی ڕابردوی خۆم، لە سەردەمێکی نوێدا هەڵسەنگێنم و ڕێبازی پڕ بەپێستی سەردەم پێشانی گەنجان و لاوانی ئەوکات بدەم. بەچاو لێکردن لەکردەوەکانی پڕ لەنرخی تۆ، هەولدەدەم زۆر ئۆمەرو مچەو حەمەی خەباتکارو تێکوشەر بۆ داهاتووی خەباتی ڕزگاریخوازی دروست بکەم و لە مەیدانی کردەوەو تێکۆشاندا بە کۆمەلیان بسپێرم.

هاوڕێ گیان، نامەکەت جارێکی دیکەش هانم دەدا ببووژێمەوە، نامەی بەتین و گەرم و گوڕی تۆ وەک ماری سڕبووی بەهاری وەجووڵەی خستووم، هانای داومێ، هیواداری کردوم، ترسی شکاندوم و هانم دەدا سەرهەڵدەمەوە، بەلام نهێنی‌ترو ڕێک و پێکترو زانایانەترو بەئەزموونترلەجاران و ڕابردوو هەنگاو هەڵێنمەوە. تولەنامەکەتدا ئاماژەت بە زۆر شت کردوە. لە نووسی نامەکەدا وام لێدەکەی کە لە هەوالی لای خۆمان و چونیەتی ئێستای کورد ستانی خۆشەویست ئاگادار بکەم.

دەزانم هانم دەدەی منیش ئەو مشت و مڕو، پەت پەتێن و، ئەو بازد بازدێنەی کە نێویان ناوە سیاسەت، باسی بکەم و بۆت بنووسم، بەلام خۆ یەک و دوو و سێ نین، کامەیان؟!

لایەنگریان لەدوژمن؟ سرت‌وخورتی بێجێ لەگەڵ دوژمن؟ لەگەل دوژمن ئاشت بوونەوە؟ ڕاکێشانی دەستی دوژمنی فاشیستی بەعسی بەغدا ؟ چاوساغی کردن بۆڕژێمی کۆنە

پەرستی ئاخوندی ئێران ؟ بێ ئیعتبارکردنی خۆیی و تێکدانی دەوڵەتی کورد ؟ پێش برِکێ و چون بۆ"میت" ساواما" خۆکوژی و خوێن رێژی؟ برسیەتی و هەژاری و ... کامەیان ؟ کاکەگیان، نامەی تۆ لە کاتێکدا گەیشت کەمامەی کۆنەدۆستی خوت لەگەڵ هەڤاڵەکانی، بە رۆژی روناک، بەبانگ وسەلا، بەرِقس و سەما، رێگای تێوان سەردەشت و مەریوان و سولەیمانی وکۆی سنجاقیان، بۆ دوژمن تەخت کردو، وەپێش پاسداری چەنگ بەخوێنی کەوتن و بردیانن بۆ سەر ئەو میوانە لێقەوماوانەی کەلە ژێر سێبەری خۆیاندا پەنادرا بوون، واتە: بنکەی بەرێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کردەوەی هاورێیانی هیزی پشتیوان، چەکداری حەوت سالەی قیادە مووەقەتی لەدژی حیزبی کوردستان وشۆرشەکەی لەکوردستانی رۆژهەلات بەتەواوی لە بیرخەلکی ئاسایی بردۆتەوە. ئەوچەکدارانەی کە حەوت ساڵ لەریزی پێشەوەی پاسدارو ئەرتەش، کون بەکون بەنهێنی و ئاشکرا لەدژی پێشمەرگەی حیزبدا شەریان دەکردو وەدوایان دەکەوتن و بە سەدان لاوی تێکۆشەری کوردستانی رۆژهەلاتیان بۆکۆماری ئیسلامی شەهیدکرد، جگەلەوکەسانەی لە شارو دێهات و شاری شنۆ بەبیانووی جۆراوجۆر لە ماڵیی خۆیاندا دەکوژران. کردەوەی ئەو دوایانەی مامەو هاورێکانی، برینێکی نوێی تێکردین و زامی وەرەمکردووی کۆنی لەبیر بردینەوە. رەنگبێ پێت ناخۆش بێ و هەستی خۆشەویستی دۆستایەتی کۆنیان هێندێکت بزێوێ و لە دڵی خوتدا بڵێیت:

- ناچاری ئەوەی پێکردن! بێدەرەتان بوون، چوار دەوریان گیرابوو، خەریک بوو گشتیان سەریان تێدا بچێ و . . .
یان رەنگبێ بفەرمووی: ئەوە نیە کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی کەخۆی بە « ئەشرەفی مەخلوقات » دەزانێ و داوای رێبەرایەتی هەموو کوردستان دەکات، دەیەوێ هەرجوڵانەوە و بزاوێک لەهەرکوێ یەکی کوردستان هەبێ، بەهەرشێوەیەک بۆی بکرێ سەرکوتی بکات و تێکی بشکێنێ.
مەبەستم ئەوەیە ئەگەر واش بیر بکەیەوە راستە ودەزانم وێنەو نمونەت زۆرن و بۆت گێراومەتەوە کە لەشۆرشی ئەیلوولدا چیان خەباتگێرانی کورد کردو لەو سەردەمدا چۆنیان ئاشبەتال بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردوهەروەها چەندکادرێکی باشی کۆمیتەناوەندی وەک مەلارەحیم مەریجەلانی، سەدیقی هەنجیری، سولەیمانی موعینی،خەلیل شەوباش و ... هتد گرت و کوشت، یان چەندین کەسی وەکوو سالەلاجانی، سەعید شەو رەو، مام ئەسکەندەر، عەلی رەحیم گوێ رەش و چوار هەڤالەکانی و دەیان کەسی تری پێشمەرگەی ئەو حیزبەیان تەسلیمی دەوڵەتی ئێران کردەوە کە دوای ئازارو ئەشکەنجە، زۆربەیان ئێعدام کران.
هیچ مرۆڤێکی کورد چاوەروانی شتی ئاوای لە بەرێوە بەرانی شۆرشی ئەیلوو نەدەکرد کە بۆخاتری پووڵ و پارە کوردی پەنابەری خویان تەسلیم بە دوژمن بکەنەوە ئێعدام بکرێن !؟
* هێندە لەمێژنیە، پار بوو کەکاک مەسعود سەرۆکی پارتی، بۆ لەناو بردنی رکەبەری خۆی، واتە یەکێتی نیشتمانی

کوردستان، بە نهێنی دەستی لە ناو دەستی سەدام حوسێنی قاتڵی لەناو بردنی شەش هەزار بارزانی نا ! بەو مەرجە یەکێتی بۆ لە هەولێری پێتەخت هەڵقەنێ وحکومەتی هەرێمی کوردستانی لەئاستی نێو نەتەوەییدا بێ ئیعتبار بکاو شوێن لەسەر بێ پشتیوانی کورد دانێ !

دوای ئەو کارە نارەوایانەو دەیان کاری پرسەیرو سەمەرتر، لە سەر راوێژو راسپاردەی دوژمنانی کورد، داوا لە تورکیە بکات لەشکر بێنێتە کوردستان، بەشکوو بەهۆی ئەو بتوانێ رکەبەری خۆی یەکێتی لەناوبەرێ‌و بۆخۆی ببێتە تاقە سوارە.

داخوا بانگێشتن کردنی حکومەتی خوێن مژی تورکیە لەباشوور دەردێکی کورد دەرمان دەکا ؟ داخوا لە سوودی تایبەتی بەو لاوە چ بەرژەوەندیەکی گەلی کوردی تێدایە؟ مەگەر ئەو کەسانەی کە بەدەستی خوێناوی ژاندەرمەکانی تورک لەزاخۆ دەکوژرێن کورد نین؟ یا ئەوکوردانەی کەلە نێو شاری هەولێر بە گوللەی حەرەس کۆماری کوژران کورد نەبوون؟ ئەوگوندانەی بەتۆپ و بۆمبای تورکیەو عێراق لە ناو دەچن و دەسووتێن‌و دانیشتووەکانی ئاوارەی هەندەران دەکرێن، داخوا کورد نین؟ ئەوکردەوانە پەسندی کام دلسۆزێکی کوردن؟ شەهید کردن و لەناو بردنی پێشمەرگەی باکور کە دژ بەحکومەتی تورک دەجەنگن، جگە لەژەنراڵەکانی تورک کە قاتڵیی هەزاران کوردن، بەقازانجی چ کەسانێکی ترە.

باشە کاکە گیان ئەو سێ چوار شتەی باسم کردن کاری پارتیەکی سیاسیە؟ یان شێوەکاری کۆمەڵێکە کە قازانج و

بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کورد پێ شێل دەکەن؟
تا ئێستا کام پارتیەکی کوردستانی ئاوا سێکوچکێنی بەو دەولەتە داگیرکەرانەی کوردستان کردوەو هەرجارێ دەستی یەکێکی گرتووەو هێناوەیەتە کوردستان، یان هێزی ڕکەبەری سیاسی کوردی پیڕاو ناوە ؟ باشە ئەو مافەم نادەیەی لێت بپرسم: ئەو برادەرە ئەگەر دلسۆزی کوردە لەبەرچی وا دەکا ؟
کوا، مرۆڤ بە شتی ئاواو کردەوەی وا گەورە دەبێ.
کاتێ پارتێکی سیاسی دروست دەبێ، لەبەرقازانج و بەرژەوەندی نەتەوەکەیەتی یان بۆ بەرێوە بردنی ئەمرو فەرمانی یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستان؟ !
یان بۆ بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی هەرجارێ روو لەلایەک بکا و دەستیان لەگەڵ تێکەڵ بکات و ئاشت بێتەوە بۆ لەناوبردنی شۆرش و حیزبێکی تری کوردستانی لە ناوچە؟
هاورێ گیان! وەرە تکات لێدەکەم ئەگەر بۆ جارێکیش بێ، وتەکانم وەرگرەو لە حەق لامەدە. ئاخر منیش ئەوانەی باسم کردن بۆم کرینگن و، وەک کوردێک پێیانەوە قەڵسم. ئەوانە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە کردەوەی مامەو یەکێتی لەوشتانەی باسم کردن بە ناحەز تریش دەزانم، دەزانی بۆ؟ چونکە ئەو کارە ناشیرن و ناپەسندە لەوان و لە تەشکیلاتی ئەوان نەدەوەشاوە، ئاخرئەوان لەسەردەمێکی زۆرناسکدا میداڵی مێژوویی هێزی پشتیوانیان وەرگرت. پێم ناڵێی بۆ وایان کرد؟ !
من پێم وایە؛ ئەگەر لە ناچاری و بێدەرەتانیان ئاشبەتالیان کردبایە، زۆرشەرافەتمەندانەتربوو لەوەی بە نێوی کورد ئەتکی

مێژوویی بە خۆیان بکەن. هەرگیز نەدەبوو لە دژی کوردی ڕۆژهەڵات کارێکی ئاوا بکەن و ببن بەچاو ساغی رژیمێک کە دوژمنی بنەڕەتی بیرو مێشکو بوونی کوردەو لە ڕێگەی بیروباوەڕەوە، دەیەوێ نەتەوەی کورد بتوێنێتەوە.

هاوڕێ گیان ! ببوورە ئەگەر زمان درێژیم کرد، لەسەرداوای تۆیە کە ئاماژە بەهێندێک ڕووداوی دڵ تەزێنی ئەرۆی باشوور دەکەم ، دەنا بۆخۆت دەزانی چەندە دڵسۆزی ئەو هێزانم و تائێستا چەندم خزمەت پێکردون. ئێستا من لە گۆشەیەکی کورستانی باشوور خەریکی دابین کردنی ژیانی منداڵەکانم و بە ئاڵوو وێر ڕۆژگار دەبەمەسەر. خۆت دە زانی لەولاش قاچاغم و لێرەش لەو لا بێدەرەتانتر!

ڕەنگبێ پێت سەیر بێ و بلێی بۆلە کوردستان بێدەرەتانی؟ مەگەر حکومەتی کوردستان داڵدەو پەنای نەداوی؟ چۆن دەشێ مرۆڤ لەکوردستانی ئازاد بڵێ قاچاغم ! بۆ؟ دەزانی بۆ؟ چونکە پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بەدەسەڵاتی تەواو لە شارەکانی سولەیمانی و هەولێرو ڕەواندزو شارۆچکەی دیانانو هەر وەها شارەکانی تر، بنکەیان هەیەو تائێستا دەیان کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتەکانی تری ئێرانیان لەو شارو ناوچانەدا بەتایبەتی ناوچەی سولەیمانی ترۆرکردوەو ئاوەوئاو چوونەو لێپرسینەوەیەک نەبووە کە یەکێک بڵێ ئەو خەباتگێڕانە بۆچی وا بەرۆژی ڕووناک ترۆر دەکرێنو شەهید دەبن؟! هاوڕێ خەباتکارەکەی خۆت کاک سەعدونی عەباسی، ئەویش وەکو من بۆ ماوێک دانیشتبوو خەریکی دابین کردنی

ژیانی منداڵەکانی بوو، شەوێ لە ماڵیی خۆیدا ترۆریان کرد. بە دەیان کادرو پێشمەرگەی ترکە پەنابەرو میوانی کوردستانی ئازاد بووی باشوور بوون، یەک بەدوای یەکدا لەژێر سێبەری دۆستی لەمێژینەمان یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بێ روحمانە دەکوژرێن و شەهید دەکرێن، یان لەلایەن رێکخراوی بەناو ئیسلامیەکانەوە تەسلیم بەرژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران دەکرێنەوە! لێرەدا ئەو پرسیارەم بۆ دێتەپێش: ئایا سەرکردایەتیەکی نەتوانێ ئەمنیەت و ئاسایشی دانیشتوانی ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆی بپارێزێ، کوا دەتوانێ حکومەتی کورد بەرێوەبەرێ؟ ئەگەرنەتوانێ ئەمنیەت پێک بێنێ و حکومەت بەرێوە بەرێ، چۆن دەتوانێ سەرنجی نازرانی سیاسی دەرەوە راکێشێ و لە پشتیوانی ئەوان بەرخوردار بێ؟
دەی جا، گەلێکی ژێردەستی لێ قەوماو، پێشڕوەکەی ئەوەبێ و نەتوانی تەنانەت ئەمنیەتی شارەکان پێک بێنێ! چ هیوایەک هەیە بەدوا رۆژی گەلی هەژاری نەتەوەی کورد؟
ئێستا ترسم لێ نیشتووەو دەترسم تاچەند ساڵی دیکە کۆمەڵگای کوردواری وای لێبێ باوەڕی بە هیچ کەس نەمێنێ و مەیدانی بەربەرەکانی دژی داگیرکەران بە چۆڵی بمێنێتەوەو خەباتی حەقخوازی گەلی کورد ڕاوەستێ.
تۆش پێت وانیە ئەو ریزەکارانەی ئێستا بەدەستی کورد ئەنجام دەدرێن بەرنامەی دارژاوی داهاتووی داگیرکەران بێ؟
پێم وایە، ئەو هەرکەس هەرکەسی و، وەسەر پشتگێرانی دەرگا بۆدوژمن و هەروەها دەست ئاواڵە کردنیانە بۆکورد

کوژی، جگە لەوەی لەحاڵی حازردا زیانێکی گەورە بەکوردو جووڵانەوەی کوردستان دەگەیەنێ، هاوبەشی بوونە لەو بەرنامانەی کەدوژمنانی کورد دایان ڕشتووە لەدژی شۆرش و داهاتووی نەتەوەی کورد.

هەروەک یەکێتی دەڵێ ناچارە ئەوە دەکا!. لەوانەیە بۆتۆش ئەو پرسیارە بێتە پێش: کە ئەگەر وا نەکا، هەموو سنوورەکانی لەسەر دا دەخرێ و یەکێتی لەنێوان بازنێکی چوار لایەنەی عێراق و ئێران و پارتی دێموکرات و ئیسلامیەکاندا دەمێنێتەوەو بە بیست و چوار سەعات لەناو دەچێت. بەڵێ ئەوە ڕاستە، بەڵام دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتێکی دوژمن کەئەویش بە قەرا ئەوان پێویستی بە هاوکاری یەکێتی نیشتمانیە، نابێ ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەکەی خۆی بۆ بەرژەوەندی ئەوان بشێوێنێ. نابێ ڕێگە بدات کە هێندێک کەس بو قازانجی گیرفانی خۆیان ببن بەسیخورو پیاوکوژو بەکرێ گیراو، بەچەند دینارێک بۆکۆماری ئیسلامی ئێران قۆڵ لە ترۆری شۆرشگێران هەڵماڵن و یەکێتی وەک تەماشاچی ئێیانەوە بروانێ و نەپرسێتەوە!

بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوکردەو ڕووداوە تاڵانە لاپەڕێکی ڕەش لە مێژووی نەتەوەی کورد تۆمار دەکەن و بێشک دەسەڵاتدارانی وەخت دەگرێتەوە. کەوابوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەخۆی بە دەسەڵاتدارو بەرێوەبەری ئاسایش و ئەمنیەت دەزانێ و پێشمەرگەی ئەو ڕێکخراوە پاسەوانی پێک هێنانی ئاسایشی خەلکن، نابێ بێڵێ دەستی ناحەزان و بەکرێگیراوان ئاواڵە بێ کەهەرچی دوژمن پێی خۆش بوو، بۆ بەد ناو کردنیان

ئەوە بکات و بەڕێوەبەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گوێی خۆیانی لێ باخنن.

هاوڕێ گیان! شت یەگجار زۆرن، ئەگەر لەسەریان بڕۆم دەبێ بەمانگ و ساڵ دانیشم بۆت بنووسم و، واز لە کارو بژیوی منداڵەکانم بێنم. ڕەنگەبپرسی بۆچی: لەسەر ئەو هەرایەی پارتی دێموکراتی کوردستان سازی کردوە، هیچ شتێکی وات نەنوسیوە؟ لەوانەیە ئێوە لەدەرەوە مەسەلەکەتان بۆگرینگ بێ و، بە ڕووداوێکی گەورەی هەلسەنگێنن، بەلام لە ڕوانگەی منەوە لەئەندازەو میزان و گەورەو چووکەیی دەرچوەو ئەوەندە قووڵە، دەبێ مەلەی تێدا بکەی، کارەساتەکە زۆر روون و ئاشکرایە، نەک هەر پێویست بە نووسین ناکا، بەلکوو بڕوا ناکەم کەس بتوانێ لە عۆدەی نووسینی ئەو هەمووشتانە بێتە دەر کە لەو ماوە کورتە دا لە کوردستانی باشوور کراوە.

ڕووداو وکردەوەکان لەئاست ڕەوت و ڕێبازی سیاسی چوونەتەدەرو شێوەکاری ناسیاسیانەوخێڵەکی و قەبیلەیان بەخۆوە گرتووە، کردارەکان وەک شێوەکاری دوژمنانە هەڵدەسەنگێندرێن و دەمێکە هەنگاوەکانیان لەگەڵ هەنگاوی داگیرکەران ڕێکخستوە و لە دژی بەرژەوەندی کورد دا هەنگاو داوێن. بویەپێویست بەنووسین ناکا خۆی لەگەڵ ماندوو کەین.

لێرەداکۆتایی بەنامەکەم دێنم و ئەگەرکەسێکی خۆمانە هاتە دەرەوە، هێندێک شتی نوێ و تایبەتی هەن، دەی نووسم و بۆت دەنێرم. سلاوم هەیە بۆ گشت بنەماڵەی بەرێزتان.

هاورێی هەمیشەی خۆت: ئۆمەر ١٩٩٦/١١/٢٩

## ئاماژێکی بچوک بەژن .

کاتێ مرۆڤ خەریک دەبێ شتێک بکاو لەسەر ژیانی ڕابردوی خۆی وەک بیرەوەری شتێک بنووسێ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵیی کوردەواری بەگشتی کەوتۆتە نێو بازنەی کەندوکۆسپ و کوێرەوەری، هەرچی مرۆ دەینووسێت و لەهەرشوێنێک ڕا دەست پێ دەکات ناتوانی خۆی لەگیرو گرفتەکانی کۆمەڵگای خۆمان لابدا و باسیان نەکات. یان شتێکی کە دەینووسێ ناکرێ لە سیاسەت و غەم و پەژارەو زوڵم و زۆری و ناهەمواری و گرێ و گۆڵەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەدوور بێ و خۆی لێ لا بدات .

مەسەلەی ژن و نەبوونی ئازادی ژن، مەسەلێکە زیاتر لەولاتانی پاشکەوتوو، بەتایبەتی پتر لە وڵاتانی ئیسلامی هەراوترە و زۆرتر خۆدەنوێنن. لە وڵاتانی دەرەوەش پتر رەنگ دەدەنەوە و باس و لێکۆلینەوەیان زیاتر لەسەردەکرێ، هۆی ئەوەیە مروڤ ئازادترەو دەبێ رۆژێک لەجێگایەک گرێی پووچکەی نێو دڵی خۆی بکاتەوە.

لەوسالانەی دواییدا ئاوارە بوونی ژنی روناکبیرو تێگەیشتووی کورد رووی لە زیادیە. ڕنگ بێ ژمارەیان لەپیاوکەمترنەبێ و پێویستیش نیە مرۆڤ بچێتە نێو باسی کەم و زۆری و سەر ژمێری روناکبیری ژن و پیاو. چوونکە باسەکەمان پتر لەمەڕ سەرهەلدانی ئازادی ژنە، بە تایبەتی چۆنیەتی ژنی کورد بە گشتی.

بەداخەوە دەبێ بڵێین لە کوردستان ئازادی ژن زۆر کەمە، ئەگەر تۆزێکیش هە بێت، لە هێندێک لەشارەکانی کوردستان هەیە.
لە برێ ناوچەو مەڵبەندیش نەک هەر نیە، بەڵکوو زۆر نامرۆڤانە رەفتار لەگەڵ ئافرەتان دەکرێ. لە زۆر ناوچە تەنانەت وەک دەورانی کۆیلەتی کچ لەلایەن بابەوە دەفرۆشرێت بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەو کەسەی کچی پێ دەفرۆشن! پیرە یان لاوە، جوانە یان ناحەزە. واتە کێ پتر پارە بدا دەتوانێ جوانترین کچ بکرێ!
کاتێک مرۆڤ شتی ئاوا دەنووسێ شەرم لە و خدە ناحەزە دەکات.
مرۆڤ دەتوانێ دەست لەسەر ناوچەی باکوری کوردستانی رۆژهەلات دانێ. لە کوردستانی باشووریش ئەو کرین و فرۆشتنە، بە تایبەتی لەدەورانی پڕلە نیگبەتی ئەو رۆ دا زۆرتر زەق بۆتەوە، هەر بەوەش رانەوەستاون، بەحاستەم پێ خواردانانی ژن زایەلەو کارەساتی لێ پێک دێ و رەشە کوژی و لووت برین ...
تەنانەت رنگدانەوەی ئەو کردەوانە لەنێو رۆژنامە وگوڤارەکانیشدا بە زەقی خۆ دەنوێنن. لەو نوسراوەدا نامەوێ خۆم لەقەرەی گێرەو کێشەو دووبەرەکی ناوخۆیی و شەڕی برا کوژی بدەم کە لاوازی حاکمیەت و نەپرسینەوەو بێ ئوسوڵی و هەرکەس هەرکەسی لە بارو دۆخی تاڵ و ناخۆشی پڕ لە تراژێدیەی ئەورۆی پێک هێناوە.
وەزعی پڕ لە غەمو کەسەری کوردستان کارێکی وای کردوە کە خەڵک دەستەدەستە کوردستان بەجێ بێڵن و روو لە دەرەوە بکەن.
ئەو بنە مالانەی کە لە هەرچوارپارچەکانی کوردستان راهاتوون یابلێین: ئەو ژنانەی کە بە دڵیی پڕلەکوڵ دەگەنە ئوروپا، کاتێ دەبینن ژن ئازادو سەربەستەو لە وڵاتی خۆمان ئەو ئازادیەی نە دیوەو

هەواڵێک لەو ئازادیەنیە، وردە وردە مەسەلەی ئازادی بۆ دەبێت بەئامانجی سەرەکی و بەپەلە دەیەوێ کلۆوکۆی چەندین ساڵەی خۆیوکۆمەلیی کوردەواری بەمێردی خۆی بڕێژێ و نیشان بدات کە ژنێکی روناکبیرەو تائێستالەبەر پاراستنی نەریتی کومەلایەتی هەلیی کردوە و دەنگی نەکردوە، یان حالی نەبووەو تێی نەگەیشتووە. ئەو لە نەکاوو لەپڕ بەسەر دا کەوتنە زۆر جار بۆتە هۆی لێکتر جیابوونەوە. دیارە ژنی کوردیش وەکوو ژنانیتری جیهان خاوەنی هۆشو بیرن و بە پێی چۆنیەتیو چوونە پێشی کۆمەلی کوردەواری خۆی بیری کردۆتەوەو بەگوێرەی باری کومەلایەتی هەلسو کەوتی کردوە. ئاشکرایە کە بۆچوونی هەموو ژنێک یەکسانو وەک یەک نیە، بەلکوو دەبێ لەچەند بەشو لەچەند بیرو بۆچووندا باسیان بکرێ و لێیان بکۆلدرێتەوە. ئەوەی کەزۆر بەزەقی لەدەرەوەی ولات لەئوروپا دەبیندرێو لەم لاولا دەکەوێتە بەچاو، ئەوەی ئامازەی پێکرا، لە سێ دەستەی جۆراوجۆردا خۆ دەنوێنی.

دەستەیەکەم ئەو ژنانەی کەلە چیا بوون. واتە لە نێو شورشدا وەک پێشمەرگە خەریکی کاری نیزامیوەدەرمانیو نوسینو ڕادیۆ و نانو چێشت دروست کردن بوونو ئێستا لە ئوروپا دەژین.

دەستەی دووهەم ئەو ژنانەن وەک بنەماڵە لەگەڵ مێردو منداڵیان لەشارو دێهاتی کوردستان ڕا لەبەرهۆی سیاسی یاکۆمەلایەتی هاتوون، یا سەختی ژیان گەیادونیەتە ئوروپا.

دەستەی سێهەم ئەو ژنانەن کە وەک بنەماڵێکی سیاسی لە دەرێ لەنێو شۆرش ژیاونو لەگەڵ مێردو منداڵیان بەرەو ئوروپا هاتوونو هەریەک لەولاتێکو شارێک گیرساونەتەوە.

دەستەی هەوەڵ کە گوتمان لە پێشمەرگایەتی ڕاهاتوون. زۆربەیان لە تەمەنی چاردەو پازدە تاهەژدەسالیدا پێوەندیان بەڕێکخراوی سیاسیەوە کردوەو دەکرێ بڵێین لە باری کولتورو داب‌و نەریتی کۆمەلایەتی و بنەماڵەی سونەتی گۆڕانیان بەسەر دا هاتووەو، وەک خۆیان نەماون. سیاسەت‌و بۆچوونی تەشکیلاتی ئەو ڕێکخراوەی کاریان تێداکردوە شوێنی لەسەرداناون‌و تەنانەت لەگەڵ کچانی تری شارو دێی کوردستان لە باری بیرو بۆچوونی کولتووریەوە فرە جیاوازیان هەیەو زۆربەیان خۆیان بەروناکبیری سیاسی دەزانن. هێندێک لەوانە لەکوردستان بەشێوەی هاورێ، یان وەک ژن‌و مێردی ئاسایی ژیاون و منداڵیان هەیە. ئەوانەکە گەیشتوونەتە ئوروپا، دوای ماوەیەک دەرسەدێکی زیاتر لەوانە لێک جیا بوونەوەو، لەحاڵەتی بنەماڵەیەکی یەکگرتوو دا نە ماون‌و لەبەر یەک هەڵوەشاون‌و منداڵەکەیان فیدای هەڵوێستی ناپەسندی دور لە کولتوری کۆمەلایەتی خۆیان بوون.
دەرسەدێکی کەمیش لەو دەستەیە وەک خویان دەمێننەوە.

دەستەی دوهەم کە بەهەرهۆیەکەوە لەشارو دێهاتی کوردستان ڕاهاتوون گەیشتوونە ئوروپاو گیرساونەوە، دەکرێ بڵێین هێندێک لەدەستەی یەکەم هێدی ترن و باشتر پێکەوە دەژین و جیا بوونەوە لەنێو ئەواندا کەمتر دەبیندرێ.

دەستەی سێهەم کە باسمان کرد، وەک بنەماڵێکی سیاسی لەگەڵ میردومنداڵیان هاتوون، جگە لەوەی کە لەهەر دووک دەستەکانی تر ئارامترن، بەدەگمەن هەڵدەکەوێ ژن‌و مێردێک لێک جیابێتەوەو شیرازەی بنەماڵەی سونەتی خۆیان تێکدەن. ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێ وردترو دەقیق‌تر هۆی جیابوونەوەکان تێ بگەین، دەبێ

ئەمەنیش لەبەر چاو بگرین و لەوەش بکۆڵینەوەو بزانین ئەو دەستەی زۆرتر جیا دەبنەوە، داخوا لەباری کولتوورو ترادیشیۆنی کۆمەڵگای خۆیان چۆن بیر دەکەنەوە؟

یان بزانین لەچ تەشکیلاتو ریکخراوێکدا کاریان کردوە؟

لەدەرەوەی وڵات جارو بار کۆبوونەوەو دانیشتن لەسەر نەبوونی ئازادیو مافی ژن پێک دێو هێندێک لەروناکبیرانی ژن بەشداری تێدا دەکەن. دیارە مافی خۆیانە قسەلە ئازادی مافی ژن بکەنو لێی بکۆڵنەوە. پیم وایە هەموو کوردێکی ئازادیخواز شانازی بەوە دەکات کە کۆمەڵی کوردەواری ئاوا پشکوتبێو ژنانی رووناکبیر وێڕای پیاوان قسە لە ئازادی کۆمەڵو مافی خۆیان بکەن. یان دەرحەق بەمافی ژن رەخنە لە دابو نەریتی کۆنی کۆمەلایەتی بگرن. ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە زۆر جار لە باسەکانیاندا چەک هەڵگرتنی ژن بەئازادیەکی گەورەی خۆیان دادەنێن ! ڕەنگبێ بۆخۆیان ئەوەیان پێ راست بێو چەک هەلگرتنان پێ ئازاد بوونی خۆیان بێ، بەلام ئازادی و مانای ئازادی زۆر لەوە گەورەترو هەراوترە. ئازادی ژن تەنیا چەک هەلگرتنو گریلاو پێشمەرگە بوون نیە، بەچوونەچیاو چەکداربوون ژن ئازاد نەبووە، بەلکوو دەبێ بڵێین؛ چۆنە چیاوچەک هەلگرتن بۆ وەدەست هێنانی ئازادی کومەلایەتیە نەک تەنیا ئازادی ژن. بەلکو چەک هەلگرتن هەوڵدانێکە بۆ ئازادی گشتی کۆمەڵ، چونکە ئازادی ژن لە ئازادیو بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵدا دێتە دی. تاکۆمەڵ لەنەزانیو نەخوێندەواریو پاشکەوتوویدایە، ژن ئازاد نیەو ناتوانێ بە مافی ئازادی خۆی بگات. هەرچەندی کۆمەل بەرەو پێش بچێ، بەو پێیەش زاناو لێزانو روناکبیر لە کۆمەڵ دا پتردەبێ.

تا زاناو روناکبیرو پسپۆریش پتر پەرە بستێنێ، کۆمەڵ زیاتر دەپشکوێ. تاکۆمەل پتر بپشکوێ و بەرەو پێشتربڕوا، مافە سەرەتایەکانی وەکو ئازادی نووسینو ئازادی بەیانو ئازادی هونەرو ئازادی ژنو ... هتد پترخۆی دەنوێنن و پتر لە ئاواتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری نیزیک و نیزیکتر دەبینەوە. ئەگەرهێندێک داد پەروەرانە داوەری بکەین، راشکاوتر دەتوانین بڵێین: ئازادی بۆ کورد لە گشت بارەکاندا نیە، چ دەگات بە ژن کە لەژێر باری ستەمو بێدادی کۆمەڵدا دەچەوسێتەوەو بە درێژایی مێژوو ئازاری چێژتووەو دەچێژێ.

هەر وەک هەموومان ئاگادارین، کۆمەڵ بەنێرو مێوە، لە ئازادی و تەنانەت مافەسەرەتایەکانی مرۆڤ وەک: ئازادی سیاسی، نووسین، بەیان، ئازادی کۆمەڵایەتیو . . . بێ بەشن.

هەمومان دەزانینو دەبینین گەلی کورد بەگشتی چ ژن چ پیاو لە ئازادی هەموو بەشەکانی ژیان بێ بەشە. جا ئەگەر ئازدی ژن پێ شێل دەکرێ، ئەگەر ژن وەک کویلە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ و لە هەموو ئازادیەکی ژیان ناکامو بێ بەشە، هەمووی دەگەڕێتەوە سەردواکەوتوویی و نەپشکوتنی کۆمەڵگای کوردەواری و نە بوونی دەسەڵاتی سیاسی. بمانەوێ نەمانەوێ لە کۆمەڵێکی دواکەوتووی نەخوێندەواردا زۆر شت پێشێل دەکرێ کە یەکێک لەوانە ئازادی ژنە. کە وابوو ناکرێ بڵێین تەنیا ژن ئازادی نیەو مافی خوراوە، بەڵکوو بە داگیرکردنی نیشتمان و ژێردەستیو بەکۆیلەتی مانەوەی نەتەوەکەمان، ئازادی گشتی هەموولایەک بەژنو پیاو ڕەوگیر کراوە. کاتێک منداڵی کورد بەزمانی زگماکی خۆی مافی خوێندنی نیە، نووسەری کورد قەڵەمەکەی شکاوە مافی ڕەخنەو تەنانەت

دەربڕینی بیرو بۆچوونی خۆی نیە، گەلێکی بیست سیی میلیۆنی بێ کیانەو لەمافی چارە نووسی خۆی بێ بەشەو ...هتد.

بێ شک میللەتێکی کە ئاوا بە ئاشکرا تووشی ئەوحاڵەتە پڕ لە پەرۆشیە بی، هەموو شتێکی لێدەشێوێ و مافی چین و توێژیش پێ شێل دەکرێ و ئەوە حاڵ و باڵیی دەبێ.

بەو هیوایە لە داهاتوودا بە لەبەرچاوگرتنی دەست بەسەر داگیراوی و نەبوونی ئازادی گشتی، رەخنەو پێشنیارەکان لە کۆبوونەوەکاندا ئاراستە بکرێن و چەک هەڵگرتن بە ئازاد بوونی ژنی کورد نەزانن کە وڵاتەکەی داگیرکراوەو گەلەکەی ژێر دەستە، تەنانەت گەلێکی گەورەی چەندین میلیۆنی، وەک نەتەوەش نایناسن ودەچەوسێتەوە.

پێم وایە: بەتێکڕایی دەبێ ئەوە بزانین کە چەک هەڵگرتن و ڕاپەڕین و خەبات، هەولدانێکە بۆهێنانە دی ئازادی گشتی هەمەلایەنە و ئازادیەکانی سیاسی وکۆمەڵایەتی کەلەو دا پێک هێنانی سەندیکای دێموکراتیک بۆ هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵی کوردەواری لە کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ دا .

## ئاشتی یا شەروکێشە؟

ماوێک بوو خەریکی نوسینی ئەو کتێبە بووم، دوای ئەوەی دوو جاری پیداچومەو نووسیومەوە. هەرکاتێ لەسەرکوردستانی باشوور شتێکم نووسیوە، دوایی شتێکی ترو رووداوێکی تر هاتۆتە پێش و دیسان گۆڕیومەو شتێکی نوێم لە جێگای داناوە. دیسان هێندەی نە خایاندوە شتێکی دیکە و بەزم و هەڵلایەکی تر پێک هاتۆتەوە. سەرئەنجام ماندوم بووم شتێکی باش و بە کەلک وەک خاڵێکی سپی نە دۆزرایەوە کە بۆ داهاتووی لاوەکان و مێژوو تۆمار بکرێ و بینووسم ببێت بە ئەزموون، یان جێگای دڵخۆشی کۆمەڵ بێ و لە داهاتوو دا نەوەکانمان شانازی پێوە بکەن.

هیچ کام لەلایەنەکانیشم بۆساغ نەبۆوە کە بزانم کێ پێش دەستی دەکاو بۆچارەسەری کێشەکان هەنگاو هەڵدێنێتەوە ببێت بە قارەمانی ئاشتی.

ئێستاش نەمزانی داخوا تا کەنگێ بەرنامەی شەڕی براکوژی بەڕێوە دەبەن و ئەو کێشەو هەڵلاو ناکۆکی یە بە کوێ دەگاو چی لێدێتەوە و ئەنجام و چارەنووسی ئەو میللەتە چ ڕێگاحەلێکی بۆ دەدۆزرێتەوە !؟

ناچار کۆتاییم بە نووسین هێناو کتێبەکەم بوچاپکردن لەولا دانا.

دوای ماوێکی کورت ، بەد بەختی و ماڵ وێرانیەکی ترو چارەڕەشیەکی تر بۆ کورد پێک هات و رووداوێکی دڵتەزێنی تریان پێک هێنا. پێش ئەو رووداوەی ئێستا باسی دەکەم، هێمنایەتی بوو، هەموو نیشتمانپەروەر و دلسۆزێکی کورد چاوەروانی ئەو بێدەنگی و کڕوماتیەی کوردستانی باشوور بوون. بۆزۆریەی گەلی کورد پرسیاربووکە داخوا باس وخواس و ئەو فرتەنەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان و هەر وەها شەڕو دژایەتی نێوان پێکاکا و پارتی چی لێدێتەوەو بە کوێی دەگەیەنن و لەو کڕو ماتیەدا دوژمنانی کورد

چ خەوتێکیان بۆکورد دیوە و چ پلانێکی ماڵوێرانکەرانەی تریان ئامادەکردوە بە دەستی کوردی بەڕێوە بەرن؟

هەواڵ بلاو بۆوە یەکێتی و پارتی، هەردووک‌لا نوێنەریان دەچێتە لەندەن بۆ کۆبوونەوە و لەسەر دەستی دەوڵەتی ئینگلستان کێشەو هەڵلاکە دەبڕێتەوە. ئەگەر بوکێشەی کورد کاریش لەکار ترازا بێ و تازە هیچ کارێکی بەلکیش نەکرێ، لانیکەم چیدی خوێنی بە ناحەقی ئەوخەلکە بێ پشت و پەنایە نارژێ و لە پێناو بەڕێوەچوونی پلانی داگیرکەرانی کوردستان خەلکێک نابێتە قوربانی خوێنیان بەفیرۆ بچێ.

کۆبوونەوەی نوێنەرانی یەکێتی و پارتی هەر وەکوو چاوەروانی لێدەکرا هەر وا دەرچوو، جگە لە ناهومێدیو پڕوپاگاندی خۆتەبرەئە کردن، شتێکی وایان بۆ کورد پێ نەبوو.

لایەنێک دەڵێ: قەرار بوو شتە بن چینەکان کۆتایی پێ بێنین دوایی دەچینە سەرشتی ورد !

لایەنی تردەڵێ: قەرار وا نەبوو ئەو شتە گەورانە باس بکرێن، جارێ با قسە لەشتە وردەکان بکرێ، دوایی لەشتی گەورەو ئەساسی !

من خۆم بە پێویستی نازانم بچمەسەر ئەوەی داخوا پێشنیاری کامەیان ڕاستە، یان لە پێشدا کێهەیان کرابا باشتر بوو. چونکە دەبینین بۆخۆیان نە باوەڕیان بەشتە چوکەکانە و نە بە شتە گەورەکان.

دەر دەکەوێ هەر ڕۆژی هەوەڵ کەچوون بۆکۆبوونەوە، بۆخۆیان زانیویانە پێک نایەن و نابێ پێک بێن. کە وابوو پێویست بەوە ناکا کێ چی گوتوە، یان کێ دەڵێ چی؟

بەپێی پێک نەهاتن و ئەو قسەو قسەلۆکانە دیسان نیگەرانی بالیی

ڕەشی بەسەر ڕوناکبیرو دڵسۆزی نەتەوەی کورد کێشاوگوێ بە زەنگ چاوەروانی روداوێکی دلتەزێنی تری باشوور بوون. لەبەر ئەوەی لە بن پەردەی ئەوکۆبوونەوەدا پلانی نوێیان هەبوو، دوای شەوو رۆژێک یان چەندکاتژمێرێک، جارێکی تر بۆمبای کورد قرکەری بێدەنگی تەقیەوە؟

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان،ی غافلگیر کردو لەسێ چوار شوێن بە بەشداری پێشمەرگەی وردە پارتەکان« *هێزی هاوپەیمان*» هەروەها پێشمەرگەی پێکاکا کە لەنێوان سنووری باشوورو رۆژهەلات بوون، هێرشیان کردە سەر سەنگەری چەکدارەکانی پارتی لە ناوچەی حاجی عومەران و بە درێژی تادەگاتە پردی زەردو هیران و نازەنین و شەقلاوەو دەوروبەری سەفین .

بۆ بەیانی بە فاکس و نامەو تەلەفۆن، هەوالی سەرکەوتنەکانی خۆیان راگەیاند! بە داخەوە شێوەی هەوالەکان هەر وەکوو ئەوە دەچوون کە بەسەر داگیرکەرانی نیشتماندا سەرکەوتبن و ئالای رزگاری کوردستانیان هەلکردبێ. بەو فاکس و هەراو هوریایەش نەوەستان، کار گەیشتە مێدتیوێ و بەشداری نوێنەرانی هێندێک لەو وردە پارتانەی کە ڕەنگ بێ هەرکامیان چەندچەکدارێکیان بۆ رۆژێکی ئاوا ڕاگرتبی و بۆ بەکوشتدان و کوشتن جلی پێشمەرگەیان لەبەر کردبن .

لەکاتی بەشداریان لە پاتێلەکانی مێد تیوێ، وێڕای قارەمان نیشان دانی خۆیان نیوە تێوەش پەیامی سەرکەوتنی یەکێتی نیشتمانی و هێزی هاوپەیمان لە مێد تیوێ بلاو دەکرایەوەو شەڕ لە جبهەکان بەرەو پێش دەچوون. ڕنگبێ ئەو هێرش و هەوالانە بۆ هێندێک کەسی دەروێش سفەت ناخۆش نە بووبن . بەلام لە خۆشی ئاوا مال وێرانکەرو پشت شکێن دا جگە لە کورد هیچ کەسێکی ترێ تێدا نا کوژرێ و جگەلە

دوژمنی داگیرکەری کوردستان، کوردێک قازانجی لێ ناکا، تەنانەت ئەو کەسەی پارەو چەک وەردەگرێ، بۆئەویش کاتیە ولە دوارۆژدا لە هەمووکەس پتر زەرەردەکا. مەشهوورە ولە مەڕدوژمن گوتوویانە:

**«ماچت کە دەکەن بترسە ژەهرە - زیانت پترە لە سوودو بەهرە»**

بەڵێ بەوتەی خۆیان، سەرکەوتنەکان و، وێرانکردنی دێیەکان، کوشتنی کوردودەستکەوتەکان! لە مێد تێویێ بلاو دەکرانەوە. ئەو هاتو هاوارە بۆ گەلی کورد شتێکی نوێ نەبوون، بەڵکوو ئەوکارو کردەوانەیان دەمێکە کردوە بەشتێکی ئاسایی. مرۆڤی تێگەیشتووش هەر چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکا، چونکە بە لەدەستدانی هەلیی ڕەخساوی هەلکەوتوو، ڕووناکبیری کورد پێناسەی هەردوولایان خوێندۆتەوەو باشیان ناسیون. پێشتریش نووسراوە کە خەبات بۆ بەرژەوەندی کوردستانی باشوورلەمێژە کۆتایی هاتووەو، خەباتی شۆرشگێری جێگای خۆی داوە، بە" تۆڵە بەتۆڵە "

دوای ئەو هێرشە، لایەنی تریش واتە پارتی، کاتێ دیتی ناتوانێ خۆی لەبەر هێرشی یەکێتی ڕابگرێ، بۆمانەوەی خۆی ناچار بوو پتر لەوەی هەیە خۆ لە تورک نیزیکتر کاتەوەو هەمووداوایەکی تورک قبووڵ بکا.

لەو لاشەوە دەوڵەتی تورک کە چاوەڕوانی شەڕێکی وا خەستی دەکرد، بە ئاماژێکی پارتی دێموکڕات دەست بەجێ تانگ و تۆپ و لەشکری بەرەو سەفین و دۆلیی بالیسان، تا نێوان جادەی حاجی عومەران و ڕەواندزی هەرەکەت پێدا. لەوەش گرینگتر، لەشکری پێشتر ئامادەکراوی تۆرانی و هەروەها چەند هەزارێک لەجاشی کوردستانی باکور، بەتێکەلاوی لەگەڵ چەکداری پارتی، بە زاهیر بۆ سەر کوتکردنی نەیاری پارتی دێموکرات بە دەستووری تورکیا وەجووڵە خران. دەوڵەتی کەمالیستی تورک، بەوەندەش ڕانەوەستا، فرۆکە جێتە تیژپەڕە جەنگیەکانی، بۆ وێرانکردنی مەزراوکێلگەو باغ و

باغات‌و دێهاتی کوردستانی باشوور وەکارخست. تائێستا کە ئەوهەواڵە دەنووسم چەندین مانگ و فەسڵە هێرشی تورک درێژەی هەیە و خەریکی ئەنجامدانی خوێن رێژی‌و جینایەت‌و تاوانە لە کوردستانی باشوور.

ئەو شەڕو کوشت‌و کوشتارەی لە کوردستان ڕادەبرێ، بەداخەوە رۆژ لەگەڵ رۆژ پتر پەرە دەستێنێ‌و ئاگری شەڕ گەرمتردەبێ.

سەیر ئەوەیە، لایەنگرانی هەردووک لایەنی شەڕ، مافی حەقانیەت بە خۆیان دەدەن، تەنانەت ئەو شەڕە بەشتێکی ئاسایی دەزانن و هەرکەس سەر بەکام لایەنی شەڕ بێ، بە سێرەی چەکی خۆی تەقە لەوی تر دەکاو خوێنی برای خۆی دەڕێژێ !؟

لە دەرەوەش کەدەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی پەنابەری سیاسی، لە رووناکبیران پێک دێن. بە داخەوە ئەوانیش بەشی زۆریان بوون بەدووبەش‌و، هەر بەشەی بەلایەنێک هەڵدەلێ‌و ئەو خوێنانەی کە ڕۆژانە دەڕژێن هەرکەس بەسەر لایەنێکی دادەبڕێ و لایەنێک تاوانبار دەکاو لایەنێکیش تەبرئە. یانی ئەگەر روناکبیران بکەین بە دوو بەش‌و هەر بەشەی لایەنگری لە لایەنێک بکەن، مانای وایە کەس تاوانبار نیە. یان دەبێ بڵێین: شەڕی براکوژی لە کوردستان نیە گورگ‌ومەڕ پێکەوە ئاودەخۆنەوە؟!

ئەوەی ڕاستی بێ، تاکو رووناکبیری کورد لە نێو ئەو چوارچێوە گرێدراوەی دووبەرەکی نەیەتە دەرو خۆی بەلایەنێک ببەستێتەوە و ئاوا لایەنگری لە لایەنێک بکا، یارمەتی بەکێشەو نەزانی کراوە. ئەگەر خۆ لەگێرەو کێشەی بیری خێڵەکی‌و نەزانی دەرباز نەکەن کۆمەڵگای کوردەواری بەگشتی روون نابێتەوە وحاڵ و باڵی لەوە

باشتر نابێ و پتر ڕێگا خۆش دەکرێ بۆ چەک هەلگرتنی لایەنەکانی شەڕو لە نێوخەلکدا کێ بڕکیی چەک هەلگرتن درێژەی دەبێ.
ئەگەر کەسانێکیش پەیدا بن دلسۆزانە ڕاستە قینەکانی کوردستان بنووسن، دەبێ بلێن: ئەو شەڕە شەڕی دوژمنانی داگیرکەری کوردستانەو پلانەکەی دوژمن دایرشتووە، بە دەستی خودی کورد ئەنجام دەدرێ. لەراستی دا دوژمنان بە تیرێک دوو نیشان دەنگێون. هەم سەربازی خۆیان لەو شەڕەدا ناکوژرێ. هەم لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا، خۆ بە بێلایەن نیشان دەدەن، هەم پلانی کورد کوژی و گێرەشێوێنی ناوچە بەدەستی کورد بەڕێوە دەبەن!
کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئێرە و بیر لەو قەتل وعامە دل تەزێنەدەکاتەوە، ئیتر قەلەم توانای نامێنێ و ناتوانێ لە حودەی نوسینی ئەو هەموو تاوانانە بێتەدەر. شتێکی کە دەبێ قەلەم بینوسێ پرسیارە، واتە چەند پرسیارێکی مێژوویی بۆنەوەکانی دوا ڕۆژ.
لێرە قەلەم سەرهەلدێنێ رووی لە کۆمەل دەکاودەپرسێ:
- هۆی خەلکینە، هێزێکی کە چەندین سالە بە زاهیر لە گەل رژێمی بەعس کێشەو ناکۆکی هەیە، بۆکورد دووسەد سێ سەد هەزار ئەنفال و ونبووی پێک هێناوە، زیاترلە هەزاروهەشت سەد گوندی لە کوردستان سوتاندوە، ڕەوایە ئەوانە لەبیر بکرێن و دەستی دوژمن ماچ بکرێ لەگەلیی ئاشت بنەوە و شەوێ چەکداری خۆیانی بۆبکەنە چاوساغ و پێتەختی حکومەتی کوردستانی تەسلیم بکەن و هەلبڕهەلبڕ بخەنە نێو شار بە ناحەق خوێنی کوردی پێ بڕێژن؟ دواییش شانازی پێوە بکرێ وبۆی هەلپەرن! یان خەلکێک بە نێوی ڕووناکبیر تەئیدیان بکەن وچەپلەیان بۆ لێدەن! قەلەم چ بنووسێ؟

لەلایەکی ترەوە پێشمەرگەی‌هێزێکی تر دەستی پاسداری دوژمن بگرێ و زیاتر لە سەدکیلۆمەتری وەپێشی بکەوێ و بیهێنێ، بە پلانێکی هاوبەشی دووقۆڵیی، کوردی پەنابەری خۆی بکوژی ؟! باشە، ئەگەرشەرم لەو کردەوەی خۆیان نەکەن و بە قەڵاچۆکردنی مرۆڤی دڵسۆزی تر تەئیدی بکەنەوە! قەڵەم چ بنووسێ ! ؟

دیسان لەلایەکی ترەوە چەند کوردێک یا پارتەکان، بچن بە دەستی خۆیان تۆرانی دروست بکەن و بیکەن بە شەریک و برابەش لە کوردستان بۆ بە جێ گەیاندنی ئامانجی تورک و هەروەها لە هێرشەکانیشدا هاو بەشیو هاوکاری برایانەی لەگەڵ بکەن بوکاولکردنی کوردستان و ئاوارە کردنی ژنو منداڵی کورد لە ترسی فرۆکە بۆم هاوێژەکانی داگیرکەری تورک، هێندێک کوردیش بە کارێکی باشی بزانێ ! باشە کورد خۆی ئەوکارەی پێ ڕەوا بێ! قەڵەم چ بنووسێ !؟

سووتانی باغو باغاتو دارستانو دێهات، ئاوارە کردنی کورد بە گشتی چەندجار بنوسرێ ؟ چەند جاری دیکە ئەو نوسینە دووپاتو سەدپات بێتەوە؟ چەند جار تاوانەکان بنوسرێن و بنوسرێنەوە ؟

کورد بۆخۆی دەیان جار ئەوەی دیوە، هەر بۆخۆی دیسان چەندین جاری تاقی کردۆتەوە. باشە ئەو تاوانانە ڕۆژێک دوو ڕۆژ، جارێک دووجار! تاکەی ئەو شتانە دووپات و سەدپات بنەوە و خەڵک ئەزموونیان لێ وەر نەگرێ؟! ڕاستو درۆ، چەوتو هەڵە، دۆستو دوژمن کەی لێک دەکرێنەوە ؟! کەی حاڵیی دەبینو تێدەگەین ؟!

ئەگەر میللەتێک خۆی تێ نەگات و نەزانێ بەکام ڕێگادا بڕوات چۆن لەژێردەستی ڕزگاری دێ؟

لە نوسین و نووسینەوە و چەندین جار دووپاتکردنەوە، قەڵەم زووخاوی ڕەشی ڕشت. نووسەران ماندوو بوون، و هەرچی پێیانکرا، کردیان و دەیان و سەدان کتێبی مێژوییان بۆ من و تۆی خوێنەر نووسی، داخوا من و تۆ خوێندمانەوە ئەزمونی لێ وەرگرین و لە گویی بگرین کە جارێکی تر فریو نەخۆین و تەئیدی خوێن ڕێژی و براکوژی نەکەین و بڕیاربدەین هەڵەکان دووپات نەکەینەوە؟! بەداخەوە دەبی لەوەڵامدا بڵێم: نا. لێرەدایە قەڵەم ناچار دەبێ و دەنگی خۆی هەڵدەبڕێ و پڕبە زاری هاوار دەکا، دۆڵ و دەرو، دەشت و بەڕ، پڕدەکا ودەڵێ:

ئەی هاوار کوردینە یەکگرن، دەست لە کێشە هەلگرن؛ ئەوەی دەیکەن بەرژەوەندی کوردی تێدا نیە.

ئەی روناکبیری کورد؛ وەدوای شەڕفرۆشی ناوخۆیی مەکەون و ئەئیدی لایەنێک مەکەن و دەست لە پشتیوانیان هەڵگرن. درێژەدان بە ناکۆکی و ناتەبایی ئیمرۆی کوردستان، تاوانە، تاوانە، تاوانە.

# ڕێگای چار چ یه ؟

ماوەی چوار پێنج ساڵە بەناخوونەک نێوە نێوە کادرێک یان پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکڕات کوردستانی ئێران لە پارێزگەی سولەیمانی یان هەولێرو شوێنی تری کوردستانی ئازادکراوی باشوور بە پلانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ترۆر دەکوژرێن. شتێکی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کەسانێکی ئەو ترۆرانە دەکەن، هاو ڕەگەزو هاوخوێنی کوردن و کەسی تری غەیرە زمان نە دیتراوەو نە زانراوە کە لە ئێران ڕا بێت و ئەوکارە بۆدوژمن ئەنجام بدا .

بەداخەوە تاقمێک کوردی ناتێگەیشتووی بێ هەستی دانیشتووی کوردستانی باشوورن بە پوول و پارەو دەست خۆشانەی دوژمن برای خۆیان دەکوژن ! کورد گوتەنی:

"***گەورە چاوبقووچێنی، چووکە چاو دەردێنی***" ئەگەر کاتی خۆی لێ پرسینەوێک هەبایە کار نە دەگەیشتە ئەوەی کە وا بە ئاشکراو بە ڕۆژی ڕووناک لەبەردەرکی پشکنین « سیطره » ی کۆیسنجاق پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بداتە بەر دەستڕێژی گوللەو چەند کەسی خەباتگێری ڕاستەقینەی گەلی کوردخوێنیان بڕژێ و شەهید بکرێن . حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆخاری پێشگیری لە نێوان ناخۆشی و دژایەتی دوا ڕۆژگلەیی ناکا یان بەیانێک لە دژی

یەکێتی نیشتمانی و ئەو کارەساتە بلاو ناکاتەوە، دەبوایە بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە خۆیاندا هاتبانەوەو لێبووردن نامەیەکیان بلاو کردباوەو بیان زانیبایە کەچ کارەساتێکیان بەسەر سیاسەتی خۆیان و گەلی کورد هێناوە ؟

داخوا دەزانن روناکبیران و مرۆفی زاناو سیاسی کورد و غەیرە کورد لە گۆرەپانی ئیمرۆی جیهانیدا چیان پێدەلێن ؟

بە راستی پێنج کادری وەکوو منصووری فتاحی، کادری ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەلّ هاورێکانی، ئاوا بە کۆمەلّ و ئاشکرا شەهیدکردنیان جێگای داخ و کەسەرە.

رەنگبێ کاتێک هەر وا سەر زارەکی باسیان لێدەکرێ و چەند دێرێک لەسەرکوژرانی ئەو پێنج شۆرشگێردە نووسرێت، وەک گوتەیەک بگوترێ و بروات، بەلام ئەگەر لە باری مێژوویی و هاوخوێنی و هاورەگەزی لە هەلوو مەرجێکی وەک ئێستای جیهانی و لێک نیزیک بوونی دوورێکخراوی شۆرشگێری سیاسی کە چەندین سالە هاوسەنگەری یەکترن ، لێکۆلّینەوەی لەسەر بکرێ و لێک بدرێتەوە ، ئەوکات مرۆف بۆی دەر دەکەوێ چ کارەساتێکی گەورەو چ تاوانێکی مێژوویی رووی داوە. یان چ ئاوێکی خراپ بۆنەوەکانی داهاتوی دوارۆژ رژاوە کە ببێتە هۆی ناکۆکی ناوخویی و دانانی شوێنەوارێکی شووم لە نێوکۆمەلگای کوردستان بە گشتی ؟

لە لایەکی دیکەشەوە دوژمنانی داگیرکەر لە داهاتوودا چ کەلکێکی زۆری لێ وەر دەگرن بۆلاوازکردنی بیری نەتەوایەتی و دژایەتی ناوخوی گەلی کورد، بێشک ئامانجی دوژمنیش هەرئەوە بووە.

مرۆف لەوە دەترسێ ئەو کردەوە دژی کوردیەی کە ئەنجام دراوە،

ئەگەر پێشی پێ نەگیرێ‌و ئاوا بچێتە پێش، لە داهاتوودا لە **ڕەدەی** هەڵەو ناپاکی دەربچێت‌و بگاتە خەیانەتێکی قەرەبوو نەکراوە .
ئەو ترۆرو کوشت‌و کوشتارەی کە کۆماری‌ئیسلامی لەژێر دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانیدا دەیکات ، جاری هەوەڵ‌و دوهەم سێهەم نیەو بەلکوو بە گوێرەی بەلگەو نوسراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێکەوتی نۆ هەمی دسامبری ۱۹۹۷ سەدو هەژدە کەس لە کادروپێشمەرگەی شۆرشگێڕی کورد ، بەدەستی کورد چ بەرەشە کوژی‌و چ بە ئاشکرا کوژراون وترۆر کراون. بمانەوێ و نەمانەوێ، پێمان خۆش بێ یا ناخۆش بێ، دەسەلاتداری حاکمیەتی ناوچە، جا کەسێک یا ڕێکخراوێک کرد بێتێ، لەو کارەسات و تاوانەی کە دەرحەق بە ترۆری شۆرشگێڕان لەکوردستانی باشوور رووی‌داوە ، شەریکە و لەباری یاسایی ناتوانن خۆیانی لێ بپارێزن یان لە غەزەبی مێژوویی دەرباز بن.
ئەو ترۆرانەی کراون‌و ئەوانەی لەدەست چوون‌و کوژراون ، بەشێک لە سووچەکەی دەگەرێتەوە سەر بەهێند نەگرتن‌و کەمترخەمی رێبەرانی حیزبی دێموکڕات کوردستانی ئێران کە لە ماوەی ئەو چوارپێنج ساڵەی دوایی دا نەیان توانیوە ئەو مەیدانەی هاتووچۆی پێدا دەکەن هەڵی‌سەنگێنن و ڕێگا حەللێکی بۆبدۆزنەوە، بۆوەی کادرو پێشمەرگەی خۆیان لە و بەلاگەورەی نێوخۆیی بپارێزن .
رێبەرانی حیزب ئەگەر نەتوانن ڕێگای چارێک بۆ پێشگیری لە روداوی ئاوا بدۆزنەوە، چۆن دەتوانن چارەسەری سیاسی و کۆمەلایەتی و گیروگرفتەکانی تری کوردستان بکەن؟
کاتێک ناتوانن وەک پارتیزانێک هاتوو چۆ بکەن‌و خۆیان لە بەلایەکی

ئاوای نێوخۆیی بپارێزن، دەکرێ بۆماوەیەک هێندێک هاتووچۆ ڕابگرن و خەریکی پێگەیاندن و تێگەیاندنی پتری کادرو پێشمەرگەی خۆیان بن و لەو شوێنەی کە دەستی یەکێتی و پارتی و پلانەکانی کۆماری ئیسلامی پێڕادەگات دوورە پەرێز بن.

ئەگەرکادرو پێشمەرگە بەوە سەرگەرم دەکەن کە ئەگەر پێشمەرگە نەچنەوە وڵات خەبات کۆتایی دێ و خەڵک سارد دەبێتەوە یان لە کوردایەتی دەشۆرێنەوە ، وانیە .

کاتێک دەستەیەک دەچێتەوەو لە کونە بەردێک دا لە چەند جێگایەک بە دزی قامک ژمێرێک خەڵک دەبینن، هەمووی ئەوانە بە قەرا مەقالێکی کە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە شوێن دانانێ. هەرچی لەو بارەوە بیڵێن، شێرو ڕێوی هێنانەوەیە .

ئەو کەسانەی دڵسۆزو نیشتمان پەروەری کوردن ، ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەگرن و لە هەڵس وکەوت و جوڵانەوەی شۆڕش و چۆنیەتی ئێستای جیهان ئاگادارن. ئیتر پێویست ناکات وەک بیست و پێنج ساڵ لەوە پێش بیر بکەنەوەو پێشمەرگە بنێرنەوە لە ڕێگا بکوژرێن، یان ڕاپورتیان لێ بدرێ و خەلکێکیان پێوە بگیرێ.

ئێستا کە دەورانی تەکنیک و کەرەسەی نوێیە ، لە باری سیاسی و تەبلیغاتی و تەنانەت تەشکیلاتیش دەکرێ بۆ زۆر شتی گرینگ لە فاکس و "بێ سیم و "ئینترنێت " کەڵک وەر بگیرێ.

ئیستا کە شتێکی وا دەڵێم ، شکم لەوە دا نیەگاڵتەیان پێ دێ ! چونکە ئەوەندەی لە بیرم بێ هەمیشە بەڕێوەبەرایەتی حیزب وەدوای کۆمەڵ کەوتوون و خەلکی ئاسایی کۆمەلگا لە لێکدانەوەی خۆیاندا باشتر بوون و لە حیزبی دێموکرات زۆر لە پێشتر بوونە.

هۆی ئەوەش روونە ؛ هەمیشە حیزب لە لاوانی تازە پێگەیشتووی تێگەیشتووی "فارغ التحصیل" براوە یان دەستی وێڕا نەگەیشتوون کە بتوانێ کەلکیان لێ وەربگرێ. بۆ وێنە: ئێستا لە ئوروپا ئەو لاوانەی خوێندنیان تەواو کردوەو دوکتراو ئەندازیارو... وەرگرتووە ، یان لانیکەم لە کارو کەرەسەی ئەلەکترونیکدا شارەزاییان هەیە کەلکیان لێ وەرناگیرێو خۆیان تێ ناگەیەنن. پێیان وایە دەبێ لاوەکان بچن لە بەریان بپارێنەوە تا بە ئەندام وەرگیرێنو کار بۆ حیزب بکەن!
یان ڕەنگبی ئاوا پتریان قازانج بۆ بکات! چوونکە هۆشو بیری کۆن لەگەڵ تەمەنی ئەو کەسانەی پیرن باشتر دێتەوە !
دیارە بەو بیرەو بەو لێکدانەوەیەو بە بیری ٢٥ ساڵ لەوە پێش ڕێبەرایەتی حیزبێک کردن و، هەروەها دووری کردن لە تەکنیکو کەرەسەی ئیمرۆ، دەبێ چاوەروانی رووداوی دڵ تەزێنی ئاواش بین کە ئەو ڕۆ لە کوردستانی ژێر سێبەرو دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دا روو دەدەن و دەستە دەستە مرۆڤی شۆرشگێر ترۆر دەکرێن.

# ڕوانگەو ڕێباز !

مەسەلەی کورد یەکێک لەکێشەهەرەگرینگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەو بە تایبەتی لەباری ئابووری و سیاسی نێونەتەوەییدا بۆئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندی ئابووریو سیاسیان لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە گیروگرفتێکی زۆری هێناوەتە پێش.

دوای وتوو وێژی ئاشتی نێوان ئیسرایل و فەلستین بۆکۆتایی هێنانی ئالۆزیو پێک هێنانی هێمنایەتی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، دوور نیە ولاتانی ڕۆژئاوا بودامرکاندنی ئەو شەڕو کێشەی کەکورد لەگەڵ چوار ولاتی داگیرکەرهەیەتی، ڕێگای چار و بەرنامەیەکیان هەبێت. بەپێی ئالووگۆرە سیاسیەکانی ئەورۆی جیهانی، وا دەردەکەوێ نۆرەگەیشبێتە پێراگەیشتن بە هێندێک لەو گیروگرفتانەی روژهەلاتی ناوەڕاست. وەک دەبینین هەوڵ دەدرێ ئەگەر بۆیان بلوێ ڕێگا چارێک بۆکێشەو مەسەلەی کورد بدۆزنەوە.

داگیرکەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەهەست کردنی ئەو مەسەلە، کێچیان کەوتۆتە کەوڵو ترسیان لێ نیشتووەو بۆیان بۆتە مەسەلەیەکی هەرەگرینگی پڕمەترسیداری ڕۆژ، بە ئاشکرا دەبینین کوردستان بۆتە ناوەندی پیلان و ئاژاوەگێڕیو مەیدانی ڕمبازێنو هاتوو چۆ و ڕایەلکەی پلانو سیخوڕی دەسەلاتدارانی داگیرکەر.

لەهەموولایەکەوە بۆ لەکەدارکردنو بێ ئیعتبار کردنی خەبات و بەربەرەکانی نەتەوەی کورد کەوتونەتە تێکدەری و فڕوو فێل و

ئاژاوەنانەوە. بەنەخشەو پلان و بەرنامەڕێژی هەر چوارلایەنهەرکام بەڕەنگ و پلانێک خۆیان نیزیک کردۆتەوەو دەیانەوێ هەموو شتێک بگێڕنەوە شوێنی پێشووی خۆیو ئەو دەستکەوتانەی کە بەشێک بەفیداکاری و بەشێکی خۆرسک لەکوردستانی باشوور وەدەست هاتوون بەفیڕۆیان بەرن. داگیرکەران بەو مەبەستەو لەو ڕاستایەدا لە هیچ شتێک دەرحەق بەکوردستان و لە هیچ دوژمنایەتیەکی دژی کورد چاو پۆشیان نەکردوەو لەهیچ جینایەتێک خۆ ناپارێزن .

گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو لە مەیدانی خەباتدا خوێنی داوەو فیداکاری کردوە، لەولاشەوە دوژمنان قەلاچۆیان کردوەو سەروەت و سامانیان سوتاندوەو ژیانیان لە مەترسی هاویشتووەو بەکۆمەڵ گرتویانن و کوشتویانن و بێ بزەیانە ئازارو ئەشکنجە کراون و سوکایەتي بەکەسایەتی و کەرامەتیان کراوە و زمانی زگماکیو کلتورو فەرهەنگی خۆی لێ قەدەغەکراوەو چوکترین نرخو بایەخی بۆ دانەندراوە. تەنانەت لە نێو نووسراوەو ئەدەبیاتی دوژمناندا بۆ بەدناوکردن، کوردیان بەچەتەو، وەحشی کێوی لە قەڵەم داوە.

جگەلەوانەو پچڕپچڕکردنی کوردو پارچەپارچەکردنی کوردستان، هەرکاتێ داگیرکەران پێکەوە ناکۆکییان بووە، کوردیان تێوەرداوەو وەک سوتەمەنی شەڕلەهەر بارێکەوە کەلکیان لێ وەرگرتووە. یان هەرجارێ لەلایەک کوردەکانیان بەدژی یەکتری هانداوەو لەسەر ئەرزی کوردستان خوێنی یەکتریان پێکتر پێ ڕشتوون.

بەدەیان جارکورد جوولاوەتەوەو لەدژی داگیرکەران ڕاپەریوە، دوژمنیش بۆتێشکانی ئەو ڕاپەرینانە دەستی نەپاراستووەو شارو

دێهات و مەزراو باغ وباغاتی بۆمباران کردوەو سەروەت و سامان و داهات و دارستانی سوتاندوەو خەڵکی لەماڵ و زێدو نیشتمانی باب و باپیرانی خۆی هەڵقەندوەو ئاوارەی هەندەرانی کردون.

مەبەستی دوژمن لەو تاوانکاریە بێ بەزەیانە، سەرکوتکردن و لەناوبردنی گەلی کورد بووە. بۆ ئەوەی وێرای کوڵدان بەگەلی کورد، بەهەموو شتێکی رەشبین و ناهومێدبکا، تا لەڕاپەڕین بێزار بێ و بیری سەرهەڵدان و جوولانەوەی بۆ هەمیشە تێدا بکوژن. زۆر جاران پیلانی وایان گێڕاوە کوردیان تووشی ناهومێدی و بێ هیوایی کردوە. لەگەڵ ئەوەیدا کورد لەحاڵیی بەربەرەکانیدا بووە، دوژمنان جەوێکی وای پڕ لە ناکۆکی و ئاژاوەیان ڕێکخستووە کە زۆر کەس لە خەبات و ڕاپەڕین واز بێنن و ئاوات بۆدەسەلاتی ئەوان بخوازن و بچنەوە لایان و سوپاس و شوکرانە بۆ داگیرکەرانی کوردستان بکەن.

بەهەمووی ئەوانەوە خەبات و بەربەرەکانی گەلی کورد لەدژی داگیرکەرانی کوردستان هەربووەو پەرەی ساندوە. دوژمنان نەک هەر نەیان توانیوە بە یەکجاری بەئامانجی گڵاوی خۆیان بگەن و شوێنەواری خەبات و تێکۆشان کوێر بکەنەوەو ئاو بەئاگری ڕاپەڕیندا بکەن، بەڵکوو کاتێک لە شوێن و پارچێکی کوردستان جوولانەوەیەکی شۆڕشگێڕیان تێک شکاندوە، دوای ماوێکی کەم هەر کە هەڵێک هەڵکەوتووە، جارێکی تر لە پارچەیەکی تری نیشتمان لەدژی داگیرکەرانی کوردستان شۆڕشێکی تر هەڵگیرساوەتەوە.

جوولانەوەو خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستان، هەرچەند لە هەموو بارێکەوە زۆری زیان لێداوین، بەڵام دوژمنانیش زیان و

زەرەریان زۆر لێکەوتووەو هەرگیز ئارامیان نەبووەو نەحەساونەتەوە. هەرکام لەو جولانەوەو تێکۆشانانەی ڕابردو بەپێی توانا، لەباری چەندایەتی و چۆنیەتی بەڕێوەبەرایەتی و ئەو ڕێکخستنەی کە لە سەر دەمی خۆیدا بەڕێوە چووە، توانیویەتی تائەو جێگایەی هەلومەرج ڕێگای دابێ هێندێک ئەرکی دەورانی خۆیان ڕاپەڕێنن و برێ لە شوێنەواری ڕووداوەکان بەجێ بێڵن بۆوەی لە داهاتوودا لە کارە باشەکان کەڵک وەربگیرێ و ببێت بە ئەزموونی بزاوی دوا ڕۆژ.

دیارە نەبوونی ڕێبازی دروست و چەواشەکردنی ڕێبازی ویستی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک و ناکۆکی و ناتەبایی نەتەوایەتی لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە دژایەتی و پیلانگێڕی داگیرکەران لەگەڵ ماف و مەوجوودیەتی نەتەوەکەمان شوێنەواری نیگبەتی خۆی لەسەر بیرو مێشک و ژیانێ هەموو کۆمەڵی کوردەواری داناوە. دواکەوتوویی کۆمەلایەتی و هێشتنەوەی وڵاتەکەمان لە قۆناغی نەزانی و نەخوێندەواریدا، یەکێک لەمەبەستی هەرە سەرەکی دوژمنانی داگیرکەر بووە. وێڕای ئەوەی کۆمەلی کوردەواری نەخۆشی و برینی کۆن و لەمێژینەی ڕابردوی پێوەدیارە، دەبینین ئێستاش نەخۆشی ناتەبایی و دژایەتی لەگەڵ یەکتر، بەرۆکی پێشڕەوانی کوردی گرتووەو کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی داگرتووەو شوێنی گەورەو بەرچاوی لەسەر چین و توێژی کۆمەڵگا داناوە.

باش وایە هەرچەند کەمیش بێ، سووکە ئاورێک لەدوای خۆمان بدەینە بەڵکوو هۆی ئەو برین و نەخۆشیە کۆنانە کە سەرە ڕای ئەو هەموو فیداکاری و لەخۆ بووردوویی و تێکۆشانەو هەروەها هۆی بەئامانج نەگەیشتنمان بدۆزینەوە. لانی کەم ، ئەگەر کەم و کوڕی و

گیروگرفت و هەڵەکان چاریش نەکرێن، بادەست نیشانیان کەین بین بە ئەزموون لەداهاتوودا کەلکیان لێ وەربگیرێ.

خۆم بیرو بۆچوونم وەک هێندێک کەس نیە کە شۆرشی چکداری لە کوردستان ڕەد کەمەوەو پێم وابێ دەست بۆ چەک بردن خەتایە، چونکە هەلگیرسانی شۆرش لە نەبوونی ئازادی دێموکڕاسی ڕژێم و هەستی سیاسی روناکبیرو بیرو ڕای نەتەوایەتی خەلکدا دەبینم. کە وابوو بمانەوێ و نەمانەوێ کەسانێ خاوەن بیروڕاو هەواداری ئازادی بۆ هێنانە دی بیرو ڕای خۆیان و بەرگری لەئازادی مەیدانیان لێ تەنک دەبێتەوەو، ناچار هەڵوەدای چیاو بەندەنان دەبن و بەناچاری دەست بۆ چەک دەبەن. زۆرجاریش بە هاتنەپێشی ئاڵوو گۆڕو ڕووداو، شۆڕش پێک دێ. **جا شۆڕشێک بە هاتنە پێشی ڕووداو هەلایسابێ و بە ناچاری پێك هاتبێ، بمانەوێ و نەمانەوێ کەم و کوڕی دەبێ.** دەکرێ مرۆڤ قامک لەسەر چەند خالێک دانێ کە ئەمرۆ لە گۆڕەبانی کوردستان بەهۆی سەرەکی ئەم کەم و کوڕیانە دەژمێردرێن.

* ئابووری کە بناغەو سەرچاوەی ژین و بووژانەوەو بۆ پێشەوەچوونی کۆمەڵ و بشکوتنی سەنعەت وتەکنیک و کشتوکاڵە، ئاشکرایەکە فەرهەنگ و زانیاری کۆمەڵ بە کیسەی پڕ بەرەو پێش دەروات و زاناو لێزان و پرفسۆرو دوکتور ئەندازیارو.... پێدەگەیەنی. وڵاتێکی کە لەباری ئابووریەوە لەدواوەیە لەگەڵ ئەوەیدا کە بێ رەونەق و لەپاشە، کۆمەلیش لەهەموو بارێکەوە دواکەوتوو و دەست تەنگ و هەژارن. سەرەڕای ئەوانەش هەمیشە چاو لەدەست و چاوەروانی یارمەتی ئەم دەراوسێ و ئەو دەولەتن. هەر بۆیەش لە

ناچاریان بەدەولەتانی گەورەوە دەبەسترێنەوەو لە حاست فەرمانی ئەواندا ملیان لە موو باریکترە.
ئەو خۆ بەستنەوە ناچاریەش نەک هەر چارەسەری رزگاری یەکجاری کۆمەڵ نیە لە هەژاری، بەلکوو پێک هێنەری دەردێکی ترە. دەبینین کەئەو وڵاتانەی خۆیان بەوڵاتێکی دیکەوە بەستۆتەوە ئەگەر وڵاتەکەیان پڕ پیت و بەرەکەت و سەروەت و سامانیش بی، لەژێر باری قەرزو قۆڵدا پشتیان چەماوەو دەناڵێنن و لە بنی نایەنەدەر. تەنانەت سوودی قەرزەکانیشیان بۆنادرێتەوەو هەر لە زیادیدایە.
کاتێک دەبینین وڵاتێکی خاوەن دەولەت و ئاڵا رزگار بوونی لەبەستراوەیی دەولەتێکی گەورە سەخت و دژوارە، وڵاتێکی بێ کیانی ژێردەستی لەت لەت کراوی وەکو کوردستان، جا با وڵاتەکەشی خاوەنی نەفت بێ و پربێ لەکانگاو گەنجینەی بەکەلکی دەست وێڕا نە گەیشتوو، کوا پێش دەکەوێ و دەپشکوێ و لە کۆیلەتی رزگاردە بی. یان چۆن کۆمەلی ئاوا دەتوانێ وەک وڵاتێکی تری پێشکەوتوو دوکتورو زاناو پرەفسۆرو... لێ هەلکەوێ؟
وڵاتێکی وەکوو کوردستان کە بەسیلەی چاو ئاماژەی پێکرا، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانین لەمەڕ کانگاو داهاتی سەرهەردو ژێر هەرد لە وڵاتانی دراوسێی خۆی دەولەمەندترو خاوەن سەروەت و سامانترە، بەلام میللەتەکەی لەبەر ژێر دەستی و بێدەسەلاتی نەک هەر خاوەنی هیج شتێک نیە، بەلکوو نەتەوێکی بێدەسەلاتەو وڵاتێکی کاولکراوی هەیەو، وەک کۆمەلێکی نەخوێندەوار لەدواکەوتوویی و رووت و هەژاریدا ماوەتەوە.
ئەو دەست تەنگی و دەست بەسەر داگیراویەو نەبوونی ئازادی و

دێموکراسی لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە، بەجارێک فزەی لە گەلی کورد بریوەو هەر هەرەکەتێکی دەیکات لەجیاتی دەست کەوتی باش‌و وەدەست هێنانی ئازادی، تووشی ماڵ وێرانی پترو، وڵاتێکی کاولتر دەبێ و دوای چەندین ساڵ خەبات و بەربەرەکانی و شۆرشێکی دورو درێژ، بەشێکی خەڵک ئاوارە دەبی وەک پێشووی خوشی لێ نایەتەوە .

کاتێ باسی هەرەکەت و جوولانەوەکان دەکەین کە چەندی زەحمەت و ماڵ وێرانی لەسەر چێژراوە، سەرزارەکی بەسەریدا دەرۆین‌و لێی تێدەپەرین، بەڕاستی هەر ئەوە نیە کەماڵ وێران و ئاوارەی هەندەران دەبین‌و بەس، بەڵکوو بەشێک لەکۆمەڵ بۆ ماوێکی دوورو درێژ سەرەڕای بێ بەش بوون لەخوێندن و زانیاری، تادەورانێک سەرگەردان دەبن و دەبێ لەنووکەوە بەکەساسی و نەداری ژیانی نەمر نەژی دەست پێ بکەنەوە، لەو لاشەوە داگیرکەرانی وڵاتەکەمان، ئەو سەروەت و سامانە لەبڕان نەهاتووەی کورد بێ بەزەیانە دەکێشنەوەو تالانی دەکەن.

بەو شێوەیە دەبینین گەلی سەر دەست بۆتە خاوەن کارگەو کارخانەو سەروەت‌و سامان ، کوردیش بە ژێردەستی دەچەوسێتەوەو تەنانەت لە ناوچەکەی خۆی کاریشی دەست ناکەوێ. ناچارە بۆ وەدەست هێنانی کارو دابین کردنی ژیانی نەمرنەژی بنەماڵە، بەو لاولادا بگەرێ و بسوورێتەوە تاکارێکی دەست دەکەوی. سەرەڕای ئەو بێکاری‌و هەژاری‌و چەوسانەوەو تالانکردنە، روناکبیری کورد کەوتۆتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو لێدان، تەنانەت مافی دەربڕینی چوکترین رەخنەو گازەندەی نیەو بەتەواوی لەئازادی‌و هەمو مافێکی

مرۆفایەتی بێ بەشە. بەشێکی زۆری ئەو گیرو گرفتو کەندو کۆسپانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە لە هەر کاتێکدا کورد بۆی لواوەو هەلی بۆ هەلکەوتووەو دەرەتانێکی بچووکی بۆ ڕەخساوە، دەستی بۆ چەک بردوەو لەدژی دوژمنی داگیرکەر ڕاپەریوەو بۆ وەدەست خستنی مافی ڕەوگیر کراوی خۆی لە هیچ فیداکاریەک بۆ گەلەکەی لە بەرانبەر دوژمناندا دریغی نەکردوە. هەر وەک ئاما ژەی پێکرا گەلی چەوساوەو ژێردەست لە باری زانیاریشەوە لە نەتەوەی حاکمو سەردەست چەند هەنگاوێک لە دواترنو زانیاریشیان لەوان کەمترە. هەر بۆیەش لەڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکاندا ئەو ڕێبەرە لێزان و شارەزاو پسپۆڕەی کە شیاوی بەڕێوەبەرایەتی سەرهەڵدانەکە بێ، دەست ناکەوێ کە بتوانێ بە زانایی و لێزانی هەڵسووڕێ و بە ڕێگای دروست و ئوسوڵیدا «بەرەی هەژاری لەقوڕ بێنێتەدەر» دەکرێ بڵێین:لەسەر دەمی ئێستادا کەخوێندەوارو مرۆفی زانا پترن لە چەندسال لەوە لەپێش، بەڵام ئامادەنین کارو باری تایبەتی خۆیان بەجێ بێڵن و بچنە ریزی ئەوانەی لە گۆڕەپانی خەباتو تێکۆشاندان.

**ئەو** مرۆڤانەی ئامـاژەیـان پێدەکـەم بێشـک خـاوەنـی هـەستـی نەتەوایەتین و دڵیان بۆ بێ بەشی نەتەوەکەیان لێدەدا، بەڵام بەداخەوە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بە بەرژەوەندی گشتی ناگۆڕنەوەو بەکردەوە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا لەگەڵ گیرو گرفتەکان رووبەروو نابن. سەر ئەنجام ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی باسی دەکەین لاواز دەبێ و بەرهەمی سەرهەڵدان و جووڵانەوەکەش هەر ئەوە دەبێ کە تا ئێستا هەموومان بەچاوی خۆمان دیومان .

* لە باری سیاسیەوە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی شۆڕشگێرو

خاوەن خاک و ئاو و زمان و فەرهەنگی تایبەتەو لەهیچ قۆناغێکدا هەرگیز مافی هەڵبژاردنی ژیان و چارە نووسی خۆی پێ نەدراوە. لەمێژساڵە کوردستان لە نێوان وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیەو سوریەدا بەش بەش و لەت لەت کراوەو بەشێوەی نامرۆڤانە دەیچەوسێننەوە. هەربۆیەش کورد بەهەست کردنی بەو زوڵم و زۆری و چەوسانەوە دڕندانەیە، بەدرێژایی مێژوو بۆ بەرگری لەخۆی ڕاپەڕیوەو جوڵاوەتەوەو خەباتی کردوەو قوربانی داوە. بەداخەوە لە بەر هێندێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی تائێستاش ژێردەستەو وڵاتەکەی بەداگیرکراوی ماوەتەوەو نەیتوانیوە لەژێر نیری دوژمن رزگاری بێ و سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

مرۆف زۆر بەڕاشکاوی دەتوانێ بڵێ: نەتەوەی کورد یەکێک لەچەوساوەترین و زوڵم لێکراو ترینی ئەو نەتەوە ژێردەستانەی جیهانەوکەمتر نەتەوە بەئەندازەی کورد زوڵمی لێکراوە. سەرەڕای ئەوەی لەفیداکاری و قوربانیدان ڕانەوەستاوەو درێژەی بە بەربەرەکانی خۆی داوە، لە ئاکامی ئەو هەموو خەبات و فیداکاریانە دا سەرکەوتنێکی شایانی باسی وەدەست نەهیناوە.

گەلی کورد جگە لەوەی کە دوژمنی زۆرەو هەیە، لەم جیهانەپان و بەرینەدا بێ دۆست و پشتیوان ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەیدا کە بۆخۆی یەکگرتوونیە، بەسەر چوار دەولەتی دیکتاتۆرو کۆنەبەرست و فاشیستی شۆڤێنیست دا بەش بەشەو دەستی بەسەردا گیراوە.

هەرسات وکاتێکیش لە یەکێک لەپارچەکانی کوردستان بزاوێکی دەست پێکردوە، یان بەمەلوتکەیی لەناویان بردوە، یان کاتێ گەشتۆتە نیزیک لووتکەی سەرکەوتن کە ئاکامێک وەرگرێ، بەپێی

پلان و بەرنامەرێژی داگیرکەرانی هەرچوار پارچە، جووڵانەوەکە لەرێبازو هێڵی بنەڕەتی لا دراوە و لاواز کراوەو تێکیان شکاندوە .
هێندێک جاریش لەسەر ویستی لایەنێک لە دوژمنانی سەرەکی، لەبەشێکی تری کوردستان جووڵانەوە پێک هاتووەو ئەویش دوای ماڵ وێرانی و کوژرانی خەلکێکی زۆر، کە دوژمنان بەئامانجی گڵاوی خۆیان گەیشتوون و ئاواتیان پێک هاتووە، دوولایەنی دژ بەکورد بۆخۆیان دەستیان لەنێو دەستی یەکترناوەو بە ئاشتبوونەوەی خۆیان ئاشبەتاڵیان بەجووڵانەوەو شۆرشی گەلی کورد کردوە.
لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک جارگەلەکەمان هەلوومەرجی لەباری بۆ ڕەخساوە و هاتووە بگاتە ئاسۆی روون ، بەلام بە هۆی کەم وکوڕی سیاسی و نەبوونی بەڕێوەبەری لێزان و پسپۆڕ نەیتوانیوە کەڵک لە هەلی پێک هاتووی ڕەخساو، وەرگرێ، فرسەتی لەدەست داوە .
وەنەبێ هەرکەم و کوڕی تەشکیلاتی و هەڵەی سیاسی مان زۆر بێ و بەس، بەلکوو لەمەڕ ڕێبازو ستراتێژی و تەنانەت تاکتیکی رۆژانەشدا هەڵەی گەورەمان لەدیاری کردنی چارەنووسی دوا رۆژی گەلەکەماندا بووە کە تا ئێستا لەبەرخو بەزلزانی و گوێ لەمستی هێندێک لەپێشڕوان بەهێند نەگیراوەو موبالاتی پێ نەدراوە. تەنانەت داخوازیەکانی بنەڕەتی میللەتی کورد لە چوارچێوێکی تەنگەبەرو بەرتەسکی ئۆتۆنۆمی دا قەدیس کراوە. بەواتەیەکی تر ئەو داوایە لەبەر ئەوەی دوورمزی پیشگیری لە پشکوتنی بیری سەربەخۆیی و نەتەوایەتی بووە کەمترین زیانی بە بەرژەوەندی داگیرکەران نەگەیاندوە. ئەوەی ماڵ وێرانی و چارە رەشی بێ هەربەکورد ماوە.
جگە لەوەش بۆهەموومان روون و ئاشکرایە کە جووڵانەوێکی بێ

ناوەرۆکی وەکوو ئۆتۆنۆمی لە ناوبردنی بۆ داگیرکەرانی کوردستان هاسانترە تا جوولانەوێکی پتەوی پڕ ناوەرۆکی کە لە نێو دڵی کۆمەڵ هەڵقولابێ و دروشمی سەربەخۆیی و رزگاری بۆ هەڵگیرا بێ .
هەربۆیە دەڵێم: تێکدانی بنجینەو بناوانی ئۆتۆنۆمی بۆ دوژمنانی داگیرکەر ئاسان و چاوقوچانێکە. هۆیەکەشی روونە، **واتە:** گەلێکی ڕاپەریوی کە مێشکی بە بیری نەتەوایەتی ئاو نەدرابێ، ناتوانی بە چەکی سەرنەکەوتووی کۆنی خودموختاری بۆماوێکی درێژخایەن شێلگیرانە لە حاستی دوژمن خۆ ڕاگربێ.
پێم وایە، رۆژێک لە رۆژان پێویستە ئەو هەڵە گەورەو بەرچاوە بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی خەباتی خوێناوی گەلەکەمان ڕاست بکرێتەوەو کۆتایی بەو درۆشمە بێ ناوەرۆکە بێت و ئەو سیاسەت و رێبازە سەرنەکەوتووە بگۆردرێ و مەسەلەی کورد چیتر لەنێو چوارچێوەی بەر تەسک و تەنگەبەر دا نەمێنێتەوەو بکرێت بەمەسەلێکی هەراوی گەلی و لەرێگەو رێبازێکی بەرفراوانی گشت پەسندی گەل و سیاسەتی ئەورۆی جیهانیدا هەوڵی بۆ بدرێ.
بەروونی دەبینین بناغەی سیاسەت و ئابووری و کۆمەلایەتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەسەر فریو و دیکتاتۆری دامەزراوەو بەهەموو هێزیانەوە دژی هەرچەشنە ماقێکی دێموکراتین، لەلایەکی دیکەش گەلی کورد هاویژراوەتە نێو بازنەی بەرتەسکی ئۆتۆنۆمی و لەنێوان دوو بەرداشی زۆرەملی دۆست و دوژمندا گیری کردوە، نەدەتوانێ لە بەلای داگیرکەران بەدووربێ، نەڕێگای دەدرێ بۆ وەدەست هێنانی ئامانجی ویستی خۆی هەنگاو باوێ .
میللەتی کورد لە ولاتێکی دواکەوتووی وەکوو ئێراندا لەژێر سێبەری

ئالقەی بنکەی نیزامیو تفەنگی ژاندارم چۆن دەتوانێ بەخودموختاری بێ بناغەی سیاسی پشت ببەستێ ؟ یان لە ولاتێکی وەکوو عێراق و تورکیەی دیکتاتۆرو فاشیستدا،کوا بی پێشمەرگەو هێزی چەکداری کورد ڕێگەی دەربڕینی ئازادی پێدەدرێ؟ یان ئەگەر داوای خودموختاری بەهاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی دێموکراتیکی ناوەندی دێتە دی، ئەو قوربانیو ماڵ وێرانیە بۆچی کورد بە ولاتێکی دیکە ی ببەخشێ؟ ئەو بەرنامە قورسە بۆ دەبێ لە کوردستان کورد بەڕێوەی بەرێ؟
یان شۆرش لە کوردستان بۆ هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی دێموکراتیک بە بەژنی کورد بڕاوەو دەبێ ولاتی کورد تێدا بچێ ! ؟
دیتوومانە کە کاتێک یەکی لە ولاتانی دراوسێی داگیرکەر بەهۆی شۆرشی هەراوی گەلی کورد لاواز دەبێ و بن‌لاقی لەق دەبێ، زوو بۆ خۆیان چاوپۆشی لەناکۆکی و ناتەبایی یەکتر دێنن و ئاشت دەبنەوەو پەنا دەبەنە بەر فروفێڵ و پیلانگێری بۆ دامرکاندنەوەی شۆرش و جووڵانەوەی‌چەکداری کورد، بە دانی هێندێک ئیمتیازی نێو بەتاڵی کاتی وەکوو ئۆتۆنۆمی کورد بێدەنگ دەکەن. لە هەرکاتێکیشدا فرسەتیان وەدەست هێناوبە نیازی خۆیان گەیشتن و پێیان خۆش بوو دەیرووخێنێتەوە.
بۆیە پیشنیارم بۆ هەموو رووناکبیرو شۆرشگێرێکی کورد ئەوەیە: لە ڕێبازێکدا هەنگاو هەلگرن کە داخوازی هەمەلایەنەی گەلەکەمان بێو بەخەباتێکی‌شێلگیری رزگاریخوازانە مەسەلەوکێشە بنەڕەتیەکانی کورد چارەسەربکرێ و لەو ڕێگایەدا ووزەو توانای خۆیان وەکارخەن‌ولەو راستایەدا قوربانیو بدرێ و فیداکاری بکرێ .

ئەوکات ئەگەر سەرکەوتنی یەکجاریش وەدەست نە یەنین، لانی کەم بیرو باوەری نەتەوایەتی و سەربەخۆیی و رزگاریخوازی دەپشکویّ‌و بیری سەربەستی لە کۆمەڵدا گەشە دەکاو زیاتر بیروڕای کۆڕوکۆمەڵە جیهانیەکان بۆلای ویستو داخوازی گەلی کورد ڕادەکێشریّ.

کاتێک دەبینین وەک سەردەمی ئێستا لە هەموو پارچەکان خەباتو جووڵانەوە هەیە، دەکریّ بەشێوێکی لێزان لە ناکۆکی و ناتەبایی داگیرکەرانی کوردستان کەڵک وەربگیریّ، نەک هەر ئەوان کەلکی خۆیان وەگرنو هەموشتێک بەدەستەوە گرن. وریایی ودوربینی سەرکردەکانی شۆرش بەستراوە بەیەکگرتوو بوونو لێک ئاگادار بوون، کە بتوانن لە سەروو، داخوازی بنەڕەتی و بەرژەوەندی گەلّ وەبەر چاوبگرن و، وەک گەورەترین هێز پشت بەو یەکێتی یە ببەستنو بیکەن بە زامنی درێژەدان و سەرکەوتنی شۆرشو جووڵانەوەی سەردەمی ئێستای کوردستان.

ئەوخودموختاری و دێموکراسیەی کەچەندین ساڵە، لەکوردستان تێکۆشانی بۆ دەکریّ‌و قوربانی بۆ دەدریّ، هەروەک لەسەروو باسکرا، دەولەتێکی وەک رژیمی ئێران و عێراق و تورکیە هەرگیزچاویان بەرایی نادا تەنانەت خودموختاریش بدەن. مادام ئەوان ئامادە نین هیچ وەلامێکی ئەو خوێنانە بدەنەوە، ئێمەش خوێن دەدەین تا هەلوو مەرجێکی جیهانی پێک دێ، کەوابوو، بۆ داوای یەجاریو ستراتێژیخۆمان لەبەرنامەدا نە گونجێنین ؟

کاتێک لای لێمان روونە ئەو رژیمانە لەگەلّ ئازاد بیرکردنەوەی گەلی کورد، ناگونجێنو ناحاوێنەوە، بۆچی کیسەی بۆ هەلگیراوە ؟

باش دەزانین ئەو دەوڵەتانە دژی ئازادین گاڵتە بە وڵاتانی دێموکراتیک دەکەن. هەرگیز ناتوانن بەشێوەی دێموکراسی ڕەفتار لە گەڵ کورد بکەن و بحاوێنەوە.
جگە لەوەش یاساو قانوونی ئەو وڵاتانە، بە تایبەتی یاساو قانوونی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ داخوازی گەلی کورد نایخواتەوەو ئامادە نین تەنانەت نیشتمان و نێوی کورد بەسەرزارەکیش بێنن.
وێڕای ئەو هەموو فاکت و بۆچوونانە، کاتێک مرۆڤ ئۆتۆنۆمی خوازەکان دەدوێنێ و باسیان لە گەڵ دەکات، دوای هێنانەوەی هێندێک شێرو ڕێوی خۆ فریودەرانە، دەڵێن: ئێمەش سەربەخۆیی مان پێ خۆشە، بەڵام لەتواناماندا نیەو خودموختاریش پردێکە بۆ ئامانج و چی و چی. یان پێیان وایە؛ کە ئەگەر داوای سەربەخۆیی بکەن دەخورێن و لە ڕۆژێکدا لە ناویان دەبەن. یان دەڵێن ئێمە خودموختاریمان لە رژیمێکی دێموکڕات دەوێ ! و دروشمی دێموکڕاسی... خودموختاریمان بۆکورد هەڵگرتووە.
برادەرانی ئۆتۆنۆمی خواز هێشتا بیریان لەوە نەکردۆتەوە کەئەگەرحکومەتێکی دێموکڕات هاتەسەرکارو دێموکڕاسی بەپێی فیلان بوو، ئەو حکومەتە دەست بەجێ داواکەیان وەرناگرێ و لەناو دەستیان نانێ. بەڵکوو ئەو حکومەتە دێموکڕاتەی باسی دەکەن هەڵبژاردن دەکاو لە پارلەمان و هەمە پرسی «رفراندۆم» دا وەڵام دەداتەوەو گەلانی ئێران دەبێ پشتگری و پشتیوانی لە مەسەلەی کوردو خودموختاری بکەن. بێشک ئەوکاتیش لە دەنگداندا داوای کورد لە کەمایەتیدا دەمێنیتەوەوحەل نابێ، ناچار جارێکی دیکەش دەبێ دەست بدرێتەوە چەک و ئەو داخوازیە بچێتەوە چیا.

نموونێکی بەرچاوی تاقی کراوە:
لە ئیتیۆپی حکومەتی لە دێموکراتیش بەو لاوە هاتبووە سەرکارو سیستمی چینی چەوساوەی دیموکراتیک واتە کومونیستی لەسەرکار بوو. کەچی گەلی "ئێریتریا" زۆر پترلە پێشوو دەچەوساوەو زوڵمی لێدەکراو تەنانەت بە هاندراوی بێگانەو بەکرێگیراوو . . . زۆر شتی تر تێو دەبران و تاوانبار دەکران و لە پێشوویان پتر لێدەکوژرا.
لە ئاکامدا دەبێ بڵێین؛ داوای خودموختاری جگە لەوەی پێش بە پشکوتنی بیری رزگاریخوازی دەگری، یارمەتی بە توانەوەی بیری نەتەوایەتیش دەکات و کۆمەڵیی کوردەواری زیاتر بەرەو بیری ئێرانی گەری و عێراقی گەری... دەکێشێ و پتری لەئامانجەکانی دوور دەخاتەوە. ئەودوورخستنەوە پرۆسەی ئازادی و سەربەخۆیی کورد ڕادەگرێ و بۆ ماوێکی درێژ ترکورد لە ژێردەستی دا دێڵیتەوە.
وێرای ئەوهەموو خەبات و تێکۆشانە و ئەو هەموو فیداکاری و خوێندانەش، گەلیی کورد هیچ قازانجێکی نەکردوە و، زەرەرو زیانێکی گەورەشی لەهەموو بارێکەوە پێگەیوە. هەر ئێستا بەچاوی خۆمان دەبینین و لێمان روونە کە کورد لە کاروانی ئازادبووی گەلانی تری ژێردەست بەجێ ماوە کە لەو ساڵانەی دواییدا لە ژێردەستی ئازاد بوون و ئاڵای سەربەستی و رزگاری خۆیان هەڵکردوە.
بەداخەوە پێشڕەوانی گەلی کورد بێ ئەوەی لەو سەرکەوتنە بەرچاوانەی ئەورۆی جیهانی ئەزموون وەرگرن، لێیان بوٚتە کوردە ناموسی و لەجێگای خۆیان "دەرجا" لێدەدەن و دروشمی کۆن و سەرنەکەوتووی خودموختاری دەڵێن و دەڵێنەوە.
کاتێک مرۆڤ لەگەڵ لاوێکی کورد دەکەوێتە وتوو وێژو، کە بۆ

چۆتە پاڵ پارتو ڕێکخراوی تری سیاسی و، هۆی چیە رووی لە پارتو ڕێکخراوی ئێرانی وعێراقی کردوە ریزی گەلی خۆی بەجێ هێشتووە؟
زۆر هاسان و سادەو ساکار وەڵام دەداتەوەو دەڵێ:
- من بۆ گۆڕان و رووخانی رژیمی ناوەندی و هاتنە سەرکاری حکومەتێکی دلخوازی خۆم هەوڵ دەدەم. ئەگەر بچمەچیاو داوای ئۆتۆنۆمی بکەم خۆم فریو داوە، چونکە ئەو کەسەی لەنێو حیزبێکی کوردی دایەو خەباتی خۆی بردۆتە سەرچیاکانو بۆکوردستان دەجەنگێو دەڵێ کوردم، لە هەمان کاتیشدا خۆی بەئێرانی دەزانێو لە داخوازیشدا درۆشمی دێموکراسی بۆئیرانی هەلگرتووە. واتە هاتنە سەرکاری دەولەتێکی دێموکراتیک!
باشە ئەگەر خەبات بۆدێموکراسیو هاتنەسەرکاری دەولەتێکی دێموکراتیکە، بۆچی خۆم لەگەلانی تری ئێرانی هەلاوێرم؟!
بوچی بۆ لەسەر هیچ و بۆ هیچ، ولاتەکەی خۆم بەوێرانکردن بدەم؟!
لێرەدا روون دەبێتەوە کەهەلگرتنی درۆشمی خودموختاری جگەلەوەی نەیتوانیوە سەرنج و پشتیوانی خەلکەکانی ئێران بۆلای خۆی ڕابکێشێ، زۆر رووناکبیری کوردیشی لەڕێبازی کوردایەتی تاراندوەو لە باوەشی کۆڕو کۆمەلە سیاسیەکانی ئێرانی هاویشتوون.
لەئاکامدا بەوە دەگەین کە قورسایی مەسەلەی خودموختاری هەرلەسەر شانی خەلکی کوردستانەو بۆ یاریدەو پشتگریو پشتیوانی لە شۆرشی کورد کەسێکی دیکەی غەیرە کورد دیار نیەو لەخۆ ڕا دڵ بە یارمەتیدانی گەلی سەردەست دلخۆش دەکەین.
خەباتو تێکۆشان بۆ خودموختاری، سەرەڕایئەوەی کەموکووڕیو بەرتەسک کردنەوەی داخوازیەکانی بنەڕەتی نەتەوەی کوردە، وەک

میللەتیش نرخ و بایی و فیداکاری و ئەو قوربانیانەی کە بۆئازادی دەدرێن زۆر نزم دەکاتەوەو دوای ئەو هەموو خەبات و ماڵ وێرانیە، مەسەلەی کورد دەبێتە کێشەیەکی بچوکی ناوخۆیی و لەجێگای خۆی و زەربەلێدان لەبیری ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی .

لێرەدا دەبینین هەلگرتنی ئەو درۆشمە، پترلەپێشوکاکڵ و ناوەرۆکی خودموختاریمان بۆ روو دەکاتەوەو بۆمان بۆ دەر دەکەوێ کە هەلگرتنی ئەو درۆشمە شیاوی ئەو فیداکاریانەی ئەورۆی کورد نیە.

هەر ئەو لێکدانەوانەشەکە ڕووناکبیرانی کورد ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لەسەر هەلگرتنی درۆشمی سەربەخۆیی ساغ دەکاتەوەو بۆیان دەردەکەوێ کە درۆشمی خودموختاری لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی ئالوو گۆڕ و هەلوو مەرجی ئەو ڕۆی جیهان و خەباتی سەختی ئێستای کوردستان نایەتەوەو کۆشش و هەولدان لەو ڕێگایەدا سەر ئەنجامێکی ڕەنج بەخەساریەو لە ئاکامدا سەرمان بێکڵاو دەمێنێتەوە

ئەو روون بوونەوانەی کە ئەو ڕۆ لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا دەی بینین، هەنگاوێکی ڕووناکبیرانەیە کە کورد بکەونە سەر ڕێبازی نوێ و درۆشمی سەربەستی و رزگاری هەلبژێرن و بۆخەباتی شێلگیری ئەو ڕۆی کوردستان لەو ڕاستایەدا هەنگاو هەلێننەوەو ئەو بیروباوەڕە بۆ پێناسەی ئەو ڕۆی گەلی کورد لە کۆمەلگای کوردەواریدا جێگیرکەن.

بۆیە لەسەر ئەو مەسەلەو بیرو بۆچوونە زۆر پێدا دەگرم، بەلکوو هەمولایەک بەرتەسکی خودموختاری لەبەرچاوبگرن کە ئەو داوایە بەمافی نەتەوەیەکی چەندمیلیونی ناژمێردرێ و، ولاتانی دۆستی کورد ناتوانن وەک میللەتێک چاو لەجوولانەوەی ئێستای کورد بکەن. بەلکوو وەکوو مەسەلەیەکی بچووکی ناوخۆیی تێ یەوە

دەروانن و بەکێشەیەکی ناوخۆی هەڵدەسەنگێنێن. کەوابوو شۆڕشی هەر نەتەوەیەک لە قالب و قەوارەی خودموختاریدا سەرنجی نێو نەتەوەیی بۆلای خۆی ڕاناکێشێ و ئەو گەلە لەو جیهانە پان و بەرینەدا بەتەنیا دەمێنێتەوە. لەڕاستی دا داوای بەرتەسکی ئۆتۆنۆمی وەک «**حولەمەرەسی، وەرەوە سەرسی**» ی مندالان، جگە ڕەنج بەخەساری و ئاوارەیی و ناهومێدی چی تری لێ بەدی ناکرێ.

بەم جۆرە دەبینین جووڵانەوەی کورد لەکوردستان، بەهۆی نەبوونی ستراتێژیەکی پتەوی دیاریکراو، ئاسۆی سیاسی بۆکورد لێڵ و نارون و تاریکە. ئەو ڕێبازە ناروونە سەرەڕای ئەوەی بۆتە هۆی نەبوونی پێناسەی نەتەوایەتی، خەباتی شێلگیری نەتەوەکەمانی بێهێزو توانا کردوەو تا ئێستاسوودێکی ئەو تۆی کە شایانی باس بێ بەگەلی کورد نەگەیاندوە.

کە وا بوو ئەو چوارچێوەو قالب و قەوارە زاهیریەی مەوجوود، بەشیاوی شۆڕشێکی سەرکەوتوو نابیندرێ و ئاسۆی روون و گەیشتن بەئاواتەکانی لێ بەدی ناکرێ.

ئەوانەی لەسەروو باسکران، بروام پێ یانەو بەهۆی سەرەکی یان دەزانم بۆ خەبات و ڕاپەڕینی رزگاریخوازی ئەو ڕۆی کوردستانێ.

زیانێکی گەورەتری دیکەی کە ئەو ڕۆ بەهەڵگرتنی درۆشمی خودموختاری وێمان دەکەوێ، پڕوپاگاندێکە، کەدژی بیرو باوەڕی سەربەخۆیی و رزگاریخوازی لە بەشێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکرێتەوە، کەگۆیا بیری سەربەخۆیی، شۆڕشی پێ لاوازو بێ هێز دەبێ! یان بەرێوەبەرانی خودموختاری بەتەنیا دێلێتەوە؟

یان گەلێک جاران قسەو باس و بڵاو کردنەوەی بیری سەربەخۆیی

نەک هەر لەلایەن داگیرکەرانەوە، بەلکوو لەلایەن پارتە سیاسیەکانی سەرانسەریشەوە بەتاوان دەژمێردرێ و تەنانەت بە نووسینی وشەی داگیرکەریش قەلسن.

وا دەر دەکەوێ، لەلایەن رژیمەکانەوە کارێکی زۆر کراوە بۆ بردنە پێشی بیری شۆڤینیستی و ڕنگدانەوەی لەسەر نەتەوەی سەردەست، بۆ وەی پتر بەرهەلستی و دژایەتی رێبازی بیری سەربەخۆیی کورد بکەن‌و زیاتر پشتیوانی لە دەولەتانی داگیرکەری کوردستان بکرێ.

پروپاگاندی دژی سەربەخۆیی و رزگاری خوازی بەهەرشێوەیەک‌و بەهەر بۆچوونێک و لەلایەن هەرگروپ ودەستەو تاقمێکەوە بکرێ، شۆڤینیستانە وکۆنەپەرستانەیەو ئاو لەئاشی دوژمن کردنە. چوونکە ئەو پروپاگاندانە راستەوخۆ بۆکوشتنی بیری نەتەوایەتی‌و لەبیرکردنی فەرهەنگ‌و مێژووی رابردوی گەلی کوردە.

بەڕوالەت دەبینین حیزب و ڕێکخراوەکان، نێوی کوردوکوردستان‌و گەل دێنن‌و لەنوسراوەکانیاندا مەقالەی بەهێز لەسەرکوردستان‌و هەژاری‌و بێ‌بەشی‌و چارەڕشی کورد دەنووسرێ‌و دەبیندرێ، بەلام ئەندامانیان مافی بەئازادی باسکردنی سەربەخۆیی‌و تەبلیغیان نیە! یان رێبەرەکانیان لە هەمو شوێنیک دەلێن: ئێمە ئیرانین، عێراقین، تەنانەت لە قسەکانیاندا شانازی پێدەکەن و دەلێن: رێگا نادەین کەس لە خۆیان بە ئێرانی تر یاعێراقی تر بزانن ! یا لە کۆبوونەوێکی گەورەی وەک ئەنتەرناسیونالدا، دەکوترێ:

- ئێمە وەک ئێرانی هاتووین!

دیارە گوتنی ئەو شتانە ئازادەو هەرکەسیش بۆخۆی خاوەنی بیرڕای

خۆیـەتـی، بـەڵام ئـەو پـرسیـارە دێتـە پێـش: داخـوا بیـریـان لە دوارۆژێکی نیزیک کردۆتەوە کەدوای چەند ساڵیی ترخەڵکی کورد بەگشتی چیان پێ دەڵێن و چیان لەسەر دەنووسن؟

بۆیە روو لە رووناکبیرانی کوردستان دەکەم و دەڵێم: لەباری سیاسیەوە پێویستی سەرشانیانە لەهەموو شوێنێک تەبلیغی هەراو و بەربلاوی خۆیان لەدژی پروپاگاندی دوژمنانی داگیرکەری کوردستان بکەن و ئەو هـەلـوێستـە شۆڤینیستی یەی کـە لـە دژی سـەربـەخـۆیی بـلاو دەکرێتەوە، پترو زیاتری لەقاو بدەن. چوونکە ئەو دەنگە، دەنگی کەسانێکە کە بڕوایان بە مافی چارەنووسی گەلی کوردو سەربەخۆیی کوردستان نیە.

بەحەق دوپاتی دەکەمەوەو دەڵێم: هەموو کوردێکی خاوەن ویژدان و نیشتمانپەروەر ئەرکێ سەر شانیەتی و بەرپرسە، لەحاست پروپاگەندی دژی سەربەخۆیی حەساسیەت نیشان بداتو بەرپەرچی بداتەوە. چوونکە درۆشمی رزگاریوسەربەخۆیی لەگەڵ مان و مەوجوودیەتو مافی رەوای نەتەوەی کورد پەیوەندی هەیە.

هەر تاقمو رێکخراوێک، بۆبەرژەوەندی کاتی خۆیان، ئامادە نەبن سەربەخۆیی کوردستان وەک ستراتیژی لە بەرنامەی خۆیاندا بگونجێنن، وەک دڵسۆزو دۆستی ستراتیژی گەلی کورد حیسابیان لەسەر ناکرێو، پێویستە هەمووکوردێکی نیشتمان پەروەر بزانێ و روون بێ لـەسـەر ئـەوەی کـەتـەنیـا شـۆڤینیسـت و دیکـتـۆرو کۆنەپەرستو داگیرکەرانی کوردستانن بەهێنانەگۆڕی سەربەخۆیی کورد ئاراو قاراویان لێ هەڵدەگیرێ و کوردستان بە بەشی بابو باپیرانی خۆیان دەزانن و بێ بەزەیانە دەستیان بەسەر

داگرتووەو دەڵێن بەشی ئێمەی داگیرکەرەو بەشی کوردی پێوە نیە.
هەر بەو پێ یەشە کە هێندیک ڕێکخراو پێیان تەلقین کراوە تا ماون خۆیان و بیرو ڕای هێندێک کەس لە نێو چوارچێوەی تەنگەبەردا قەدیس بکەن و سەربەخۆیی کوردی بە گوناەبزانن. زۆر کەس بە زاهیرخوی بە دلسۆزی کورد دەزانێ و لە کردەوەشدا بڕوای بەمافی سەربەخۆیی گەلەکەی لەدەست داوە. مرۆڤی لێزان کەسێکە ناوەرۆکی هەڵسووڕان و چۆنیەتی خەبات و تێکۆشان هەڵسەنگێنێ و ئاکامی قازانج و بەرژەوەندی گەلی کورد بکات بە پێوانەی لێکۆڵینەوەکانی و هەروەها بەڕاشکاوی ڕای خۆی دەر ببڕێ و بزانێ داخوا هەلگرتنی کام دروشم لە درێژخایەندا پتر بەسوودی کوردەو داگیرکەران لەکام درۆشم پتر قەلسن و دەترسن؟
من بڕوام وایە؛ درێژەدان بەو ڕەوت و ڕێبازە دەگەڕێتەوە سەر هەستی خۆ بەکەم زانین و بێدەسەلاتی و باوەر نەهێنان بەتین و تەوەژمی پڕ لەجۆش و خرۆشی شۆرشگێڕی و فیداکاری نەتەوەی کورد.
زۆرجار مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاکامەکە بیری خۆ بەکەم زانین و وەبەر چاو نەهاتنی گەل و هێندێکیش سەرکوتکردن و تێشکان و چەوسانەوەو بەئاکام نەگەیشتنی بزوتنەوەکانی ڕابردووی چەندین ساڵەی گەلی کوردە، بەریوەبەرانی لە داخوازی بنەڕەتی لاداوە کە لە حاست خواستی بنەڕەتی گەل چاو بچووقێنن و بەهەلگرتنی بەدرۆشمی کاتی لە ئامانجەکانی گەلی کورد دوور کەونەوە.
پێم وایە؛ هێنانەگۆڕی مەسەلەی سەربەخۆیی و هەلگرتنی درۆشمی مافی هەلبژاردن و دیاری کردنی چارەنووس بۆگەلی کوردو

سەربەخۆیی کوردستان، جێگاو مەقامی شۆڕشەکەمان دەباتە سەرو دەیگەیەنێتە پلەی بەرزی هاوسەنگی خۆی. هەروەها چالاکی تێکۆشان و فیداکاری گەلی کورد دەکەوێتە کانالی ڕاستەقینەی خۆی و چیتر خوێن دان و لەخۆ بوردوویەکان بەفیڕۆ ناچن و، دەکری بڵێین:

- ئەو هەنگاوەو، خۆ گەیاندنە ئەو کاناڵە ڕاستەقینە، یەکەمین مەرجی خۆ ناسین و هەستکردن بەمافی ڕوگیرکراوەو باوەڕهێنانە بە ویستو داخوازیە ڕاستەقینەکانی کۆمەلانی گەل.

پێم وایە هەموو ئەو کەسانەی کە لەحاست نەتەوەکەیان خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن، لەسەریان پێویستە بۆناسین و پێناسەی کورد بەدڵ و زمان و هەموو هێزو توانایانەوە، بەنووسین و گوتەو بلاوکردنەوەی تەبلیغی هەراو « بیری سەربەخۆیی » بکەن بە وشەی سەرزاران و هەنگاوی بەتینی بۆ باوێن. هێنانەگۆڕی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی، بە بەر فراوان بوونی دێموکراسی دەژمێردرێ و جوولانەوەو شۆڕشی کورستان بەهێز دەکاو خەڵک دەتوانن هەراوترو ڕاشکاوتر بێنە مەیدان و چارەنووسی دوا ڕۆژی خۆیان لەمەیدانی کردەوە دا بەخەباتی ڕۆژانە دیاری بکەن و بەردی بناغەی شۆڕشی نەتەوایەتی بۆ ڕزگاری یەکجاری کوردستان دابڕێژن.

* لەباری بەرنامەوەکەم و کووڕی و نەبوونی زۆرشتی بەرچاو کە پێشترلە بەرنامەدا نەمان بووە، زۆرن. یەکێک لەوانە "**دیاریکردنی مافی چارەنووس**" واتە: دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، لە نێو بەرنامەدا بگونجێ و لەو ڕوانگەوە بە بیروباوەڕێکی پتەوی ڕزگاری خوازی و ئیمان بە دێموکراسی و پێویستیەکانی و بەشدارکردنی خەڵک لە بەرنامەی چارەنووسی خۆی و زاڵ بوون

بەسەر، کاروکردەوەی سیاسی و ڕەوتی ڕۆژانەدا، کە بە هەنگاوێکی گرینگی شۆڕشگێری دەژمێردرێ لەخەبات و بەربەرەکانی درێژخایەندا، بۆ هێنانە دی ئاوات و ئامانجی لەمێژینەی گەلی کورد کەلکی تەواو وەربگیرێ. بەلێکدانەوەی ڕەوتی ئێستای جیهانی، شۆڕشگێڕانی کوردستان ئەرکێکی وایان دەکەوێتەسەرشان، کە بتوانن وەک ئەو وڵاتانەی کەلەو سەردەمەدا ئەرکی رزگاریخوازیان لەوڵاتی خۆیاندا بەجێ گەیاندوەو ئاڵای سەربەستی و رزگاریان بۆ نەتەوەکەیان بەرزکردۆتەوە. وەکوو: وڵاتانی باڵتیک، چەچەن، بۆسنی،و ...

لە پلەو قۆناغی گرینگەی ئێستای جیهانیدا، رێبەرایەتی هەموو شۆڕشێکی ڕەسەن و پێشکەوتووخواز، لەسەری واجب و پێویستە:

**دروشمی سەربەخۆیی نەتەوەکەی لەسەرلووحەی کاری رۆژانەیدا بگونجێنێ و، وەك ئەرکی سەرشان و ئەمانەتێکی مێژوویی بی پارێزێ و بە دڵ و گیان هەوڵی بۆ بدات و تێبکۆشێ وێرای بەرنامەو کاری رۆژانەی بیری رزگاریخوازی بەرێتە پێش.**

بۆ رووناکبیرانی شۆڕشگێر ئاشکرایە کە شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوایەتی، بەستراوەتەوە بەقووڵترین ئاڵووگۆڕەکانی دێموکراتی کۆمەڵایەتیەوە. مەسەلەی نەتەوایەتی پێویستە لە پلەی یەکەمدا ببێت بە، بەرنامێکی سیاسی و لە روانگەی نیشتمان پەروەرێکی سەربەخۆیی خوازەوە تێ یەوە بروانرێ. ئەوکاتەیە دەتوانین بڵێین: شۆڕش لە کوردستان کەوتۆتە نێو کاناڵی ڕاستەقینەی خۆی و لەسەر ڕەواڵی پڕناوەرۆکی رزگاریخوازی خۆی دەروات و لەدژی داگیرکەرو دیکتاتۆرو کۆنەپەرست ڕاپەریوەو لە ڕێبازێکی پێشکەوتووخوازانە دا

بەتێکۆشان وخەباتی ویگرایی خۆی دە توانێ ئاڵوو گۆڕێکی بنەڕەتی لەژیانی چەوساوەی خەلکی کورد دا پێک بێنێ.
رووناکبیری کورد دەبێ دڵ بە رێکخراو و بەرێوەبەریەک خۆش بکا کە بەکردەوە بوپێناسەی نەتەوەی کورد هەنگاو دەنێ و هەوڵی بۆ دەدا. دەنا رێکخراوێکی کە ناتوانێ هەلوو مەرجی ئێستای جیهانی هەڵسەنگێنێ و ئەرکی خۆی بۆ پێ ناسەی نەتەوایەتی وەکار نەخستووە، بەشیاوی بەرێوەبەرایەتی گەلی کورد ناژمێردرێ.
خەبات و شۆرشێکی کە ئێستا لە ئارا دایە، هەرچەند شرو شپرێوە و بەئاشکرا ناتەبایی تێدا دەبیندرێ، بەلام بلێسەوگرو تینیشی دەبینین کەئارامی لە داگیرکەرانی کوردستان هەلگرتووەو بەهەموو هێزیانەوە خەریکن بە پیلانگێری خۆیان تا ئەو جێگایەی دەتوانن ئەو ناتەبایی و دووبەرەکی و ئاژاوەی پێکیان هێناوە قوولتری بکەن.
وەک کورد دەڵێ: **زەرەر لەنیوەش بگەرێتەوە هەریاشە** ئێستاش زۆر درەنگ نەبووە، دەست لە تەسک بینی وخوبەزلزانین هەلگرن و درۆشمی شۆرشگێری یەکیتی و برایەتی، وەک رەمزی سەربەخۆیی بۆ هەلوەشانی پلان و قەوارەی دارژاوی داگیرکەران بەرزکەنەوە.
بەوهەنگاوە دەکرێ مرۆڤ بڵێ؛ پێیان لە راستەرێباز ناوە بۆ وەدەست هێنانی پێناسەی نەتەوایەتی و جارێکی دیکەش زۆربەی هەرە زۆری کۆمەلانی خەلکیان بۆلای خویان راکێشاوە و هەروەها بەراشکاوی دەتوانین بلێین: لە هەلبژاردنی ئەو رێگایەدا بێ شک تا رادەیەک سەرکەوتووین. مەسەلە ئەوە نیە ئالامان هەلکردبێ، بەلکوو لە پلەی یەکەمدا بەبیری سەربەخۆیی نەتەوایەتی چەکدار بووین.
بێ شک ئەو رێبازەی لەسەروو باسکرا، هەرەکەتی نەتەوەکەمان

وەک جووڵانەوێکی شۆڕشگێری بەرەو بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی سەردەمی ئێستای جیهان دەبات.
لە زۆر شوێنی ئەو نوسراوەدا ئاماژە کراوە کە بەرز کردنەوەی درۆشمی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی بەداخوازی گەلی کوردەو بەئەسلی دیموکراتیزم دەژمێردرێ. ئەگەر ئەو درۆشمە سەر لووحەو ستراتێژی بەرنامە نەبێ، دێموکراسی و ڕادیکالیزم لە بزوتنەوەکە دا لاوازو بێ هێزو کەم ناوەرۆکە.
پێم وایە: هەرخەت و گەلاڵەو رێبازێک بۆ کورد دوور لەو قەوارە دابمەزرێ ئەوکاناڵە ناگرێتەوە کە باسمان کرد. هەرگەلاڵەیەکی دادەرژێ و هێل و خەتی نیشتمانی بۆدیاری دە کرێ، دەبێ بەقووڵی و بەبیرو تێروانینێکی زانایانە گشت پێویستیەکانی شۆڕش لە رێبازی رزگاریخوازیدا بگونجێندرێ و بەرژەوەندی هەرە زۆری چین و توێژەکانی تێدا بێ، تاپێکەوە بەئیمانێکی بەرزتر لەدەوری شۆڕش کۆ بنەوەو ببنەپالپشت و، وەدی هێنەری خواستی نەتەوەکەمان.
هەر وەک هەموومان ئاگادارین، گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو لە ئازادی بێ بەش بووەو مەودای دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆی نەبووە کە بتوانێ بیروڕای خۆی دەربڕێ و رێکخراوی خۆی لە سەر بنەمای دڵخوازی خۆی دابڕێژێ و بۆگەشەپێدانی بیرو فەرهەنگ و هونەرو... بەرەو پێش بردنی زانست و تەکنیک و لەریشە دەرهێنانی نەخوێندەواری تێ بکۆشێ. لەهەمووی ئەوانە گرینگترئەوەیە: دوژمنان نەیان هێشتووە کورد خاوەنی ویست و ئیرادەی خۆی بێ. یان ئەوکاتەی کە شۆڕش گەیشتۆتە پلەو قۆناغێکی باش و بەهێزو ناوچەی ئازادکراوی هەبووە، ڕێبەرانی

جووڵانەوە نەیان توانیوە هەلوومەرجێکی لەبارو دێموکڕاتیک بۆگەشەپێدانی زانیاری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و پترتێگەیشتن پێک بێنن لەمەڕ باری ژیان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و حەلکردنی ئامانجە سەرەتایەکان و هەروەها هیواو هومێدێک نەدراوە بەخەلک کە بیر لە ئاسۆیەکی روونی پڕ هیوا بۆ گەلەکەی بکاتەوە. مرۆڤ بەڕاشکاوی دەتوانێ بڵێ: تەنانەت لەدەربڕینی سەربەستانەی بیرو ڕا، ئازادەی پشکنین و پالپێوەنان و دەرکردنیان لە کوردستان دریغ نەکراوە. لەچارەسەرکردنی کارو باری کۆمەلایەتیش دا دەوری هەلسووڕان و دەربڕینی بیرو ڕا زۆرکەم رەنگ بووە. هیزو تواناو لێزانی و ئیبتکاری خەلک بایەخی بۆ دانەنراوەو لەسەروو دەسەلاتی خۆیان بەشێوەی سەرەکی دوور لەدێموکڕاسی بەسەر کردەوەی چارەنووس ساز دا سەپاندوە. زۆرجار ئەو هەلوێست و کردەوانە لەکۆمەلدا رەنگیان داوەتەوەو لە هێندێک مەلبەندو ناوچەی رزگارکراو بەچاولێکەری لەرێبەرایەتی جووڵانەوە، ئاغاو سەرخێل، پتر لە پێشوو دەسەلاتی زاڵمانەی خۆیان بەکار هێناوەو لە ناوچەی خۆیاندا وەکوو دەورانی پێش شۆرش سورو ساتیان وەرگرتووەو خەلکیان چەوساندۆتەوە و وەک پێۆست بەتەواوی پشتگیری لە چینی زەحمەتکێش نەکراوە.

واتە جگە لەزوڵم و زۆری و باش پێرانەگەیشتنی ناوخۆیی، لەباری نەتەوایەتیشەوە دوژمنانی داگیرکەر بەشێوەی دیکتاتۆری و شۆڤینیستی گەلەکەمانیان چەوساندۆتەوە.

سیاسەتی زالبوون بەسەر چالاکیەکانی خەلگدا، لەهەمو کاتێکدا فزەی لەکۆمەڵ بڕیوە. دامەزرانی بنکە دێموکراتیەکانی وەک

یەکێتی جوتیاران و لاوان و شۆڕای گوندەکان شتێکی باش بووە، بەڵام بایەخ پێنەدان بەئیرادەی زۆربەی خەڵک، ئەو ساردی و بێ باوەڕیەی پێک هێناوە کە لەساڵەکانی دوایی، شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بۆخۆمان شاهیدین. سەرەڕای ئەو کەم و کوریانەی باسکران، ئەزموونی دامەزراندنی شۆڕا لە شارو دێ، کە زۆربەی خەڵکی کوردستان بەشدار بوون، بە پێشوازی لێکردن و کار تێدا کردن، نیشان درا کەخەڵک چەندی حەز لە بەشداری کاری دێموکراتیکە. لەگەڵ ئەوەیدا کە بە تەواوی لە کارو بارەکانیاندا سەربەست نەبوون و دەستی تیوەردەدرا خۆشحاڵ بوون.

باوەڕم وایە؛ شۆڕاو چالاکیەکانی، بەردی بناغەی دێموکراتیکی شۆرشی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو. ئەودەورانە کورتە، وێڕای کەم و کوریەکانی، وەک نمونێکی مێژوویی شۆرشگێڕی، بە جووڵانەوەی رزگاریخوازی ئەو سەردەم دەژمێردرێ.

**رابەرایەتی :** لەمەر لێزانی وکارامەیی و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی زۆر گوتراوەو نوسراوەو باسکراوەو هێل و ڕەوت و ڕێبازیان بۆ ڕێکخراوی خۆیان داناوەو تاقیکاریان لەسەرکردوە. هەریەکەش لەریبەران بەنۆرەی خۆی ئەو ڕێبازەی پەسندی خۆی بووە، هەرئەوهەلبژێردراوە. هەرکەسێک رەخنەی گرتبێ یان پێشنیاری ئالووگۆڕی کرد بی، گوێی نەدراوەتێ وکەوتۆتە بەرهێرش و پەلاماروگازندەی توندی دوور لەدێموکراسی و تەنانەت دەرکردن.

جاری واش بووە بۆتە هۆی لەت بوونی ڕێبەرایەتی و تەشکیلات.

ئەندامی هەموو ڕێکخراوێکی کوردستانی ئەوە دەزانن کە لە کۆنفرانس وکۆبوونەوەکانیشدا بەهۆی ئەو دەسەلاتەی سەرکردەو

ڕێبەرەکان هەیانبووە، ڕوانگەو بیرو پێشنیاری بەشدارانی کۆنفراس کە دوور لە بۆچوونی هەڤالانی سەروو بووە، یان پشتگوێ خراوە، یان بە ناحەق ڕەد کراوەتەوەو بەئارەزووی خۆیان لێیان خوڕیوە.

لەسەرەتای دەست پێکردنی هەموو شۆڕش و جوڵانەوەکاندا کەمتاکورتێک گوێ بۆ هێندێک ڕەخنەو پێشنیار ڕاگیراوە، بەڵام دوای ماوێکی کورت بەهۆی نەبوونی ئەو پرنسیپ و بیرو باوەڕە سەرەکیەی کە لە نێو باسکاندا ئاماژەیان پێکرا، بەرە بەرە کەم بۆتەوەو دەسەڵاتی گشتی لە ناو چووەو ڕەوت و ڕێبازو بەرنامەی کاری دێموکڕاتیک لەبیر کراوەو دەسەڵاتی تاقەکەسی وخێڵەکی و دیکتاتۆری ناوخۆیی جێگای ڕەوالی پێشووی گرتۆتەوە. ئاکامی ئەو بێ پرنسیپی و لادانە، بۆتە هۆی پشێوی و دڵ ساردی و تەنانەت لەگرێژەنە چوونی هەموو دەستکەوتەکان.

هۆی پێک هاتنی ناتەبایی و دووبەرەکی و ئەو لەگرێژەنەچوونە، بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆسەر بیر تەسکی و ساغ نەبوونەوە لەسەر بیروباوەڕی پێشکەوتووخوازانەو ستراتێژیک، واتە: دیارنەبوونی ڕێبازی شۆڕشگێری ڕزگاریخوازی داخوازی گەل، کە دەوڵەتی سەربەخۆی داهاتووی کوردستانە.

پێم وایە هەرچەندی ریزی یەکێتی بیروباوەڕ پتەوتربێ و لەسەر بناغەی یەکگرتوو دامەزرابێ، ڕێبازی باسکراوی خواستی گەلی بۆ دیاری کرابێ، ئاسۆی بەئامانج گەیشتن نیزیکترەو هاتنەدی ئاواتی لەمێژینەی گەل خێرا ترە. هەربەو پێوانەش هەر چەندی بیرو ڕاو بۆچوونی ڕێبەرایەتی تێکەل و ئالۆزو لێڵ و ناڕوونتربێ، ئامانج، "ستراتێژی" لەچوارچێوەیکی تەنگەبەرتر دا قەدیس دەکرێ و

هەنگاوەکان لە چوارچێوەی تێکۆشاندا بەرتەسکتر ڕەنگ دەدەنەوە.
ئەوەی لەبیرمانەو لەمێژوودا خوێندومانەتەوە، دەبینین لەڕابردوو دا سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی جولانەوەکان لەدەستی خاوەن ملکو سەرخێل و مەلاو شێخ دا بووەو ئەوان بەرێوەبەرو جلەوداری پێش کاروان بوون. بەگوێرەی نوسینی مێژوو، هەریەک لەجولانەوەکان بەبیری سەردەمی خۆیان کاریان کردوەو هەلسووڕاون. لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە لایەنگرو هاوسەنگەرانی خۆیان بە بیری نەتەوایەتی و شۆرشگێری چەکداربکەن، ئاکامو بەرهەمیش هەرئەوە بووە کە لە مێژوو دا دەیخوێنینەوە .
بەپێی بیرو بۆچوونی نوێی سەر دەمی ئێستا بەو ئاکامە دەگەین، کە ڕێبەرایەتی‌سەردەمی نوێ، دەبێ لەسەربناغەی شورشگێڕی دامەزرێ و بیری ڕزگاریخوازی ببێتە هەوێنی سەربەخۆیی کوردو ئازادی کوردستان. ئەو بیرو باوەڕە ببێت بە بنچینە و ناوەرۆکی جوولانەوە. بۆچارەسەری گیروگرفتەکانی کۆمەلایەتی و هەروەها بەرژەوەندی هەرەزۆری خەلکی کوردستان، دێموکراسی دەستەبەربێ بۆ بەڕێوە بردنی رەوتو رێبازو کارو باری نێو خۆیی .
جارێکی دیکەش بە ڕاشکاوی پێ لەسەرگەلالەو پرۆگرامێکی پێشکەوتووخوازانە دا دەگرم، کە چینو توێژەکانی شۆرشگێڕ بۆ بەرژەوەندی گشتی لەدەوری کۆ بنەوە و بەیەکێتیو خەباتێکی شێلگیر بۆ وەدیهێنانی ئاواتە لە مێژینەکان، بەدرۆشمی رزگاریخوازی بۆ دەولەتی سەربەخوی کورد هەنگاو هەلێننەوە.
دیارە هەرکەس لەسەرخەباتو بۆپێشەوە بردنی مەسەلەی کوردو رزگاری کوردستان، بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیەو لەڕوانگەی

خۆیەوە دەڕوانێتە گیرو گرفتەکانی.
کۆڕو کۆمەڵو پارتو ڕێکخراوی سیاسی، بە تاکتیکو ستراتیژی تایبەت بە بۆچوون و بیرو ڕای خۆیان ڕێبازی بۆدا دەڕێژنوکاری بۆ دەکەن. شتێکی لێرەدا دەکەوێتە سەرشانی روناکبیرو شۆرشگێڕی کورد ئەوەیە: دەبێ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە لەسەرخەتو ڕێبازەکان بکات و تێکۆشەرانی کورد لە بیروڕای نوێ تێ بگەیەنێ.
وێڕای وریاکردنەوەو ئامادەکردنی ئەندام لە کۆمەڵدا، بیری سەر بەخۆیی بکات بەهەوێنی خەباتی ڕۆژانە بۆ بردنە پێشی تاکتیک. دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی داهاتووی کوردستان، بکا بە ستراتێژیکی دوا ڕۆژ بو وەدی هینانی پێناسەی نەتەوایەتی.
ئەوەی روونو ئاشکرایە تائێستا پارتو ڕێکخراوەکانی کوردستانی بۆ پێناسەی کوردو مەسەلەی نەتەوایەتی کورد هەوڵیی بنەڕەتیان لەباری پێناسەوە زۆر بەکەمی داوە. وەنەبێ خوای نەخواستە بەئەنقەست کاریان لەسەر نەکردبێو بایەخیان بۆ دانەنابێ، بەڵکوو بڕوایان بەڕێبازی سەربەخۆیی نەبووە هەوڵی بۆ بدەن هەلیی بۆ بڕەخسێنن.
ئەوەی لەسەرو توزێکم شیکردەوە، ئەوەش دەگەیەنێ کەمەسەلەی کوردیان لەمەڕ پێناسەی نەتەوایەتی هێندێک شێواندوەو ناڕاستەوخۆ بوونەتە هۆی دواکەوتنی پشکووتنی بیری نەتەوایەتیو رزگاریخوازی لە دووبەشی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان.
ئەوەی باسی دەکەمو دەینووسمو ئێوە دەیخوێننەوە، بەو مەبەستە نیە پارتێک یا ڕێکخراوێکی کوردستانی تاوانباردەکەم، بەلکوو باسەکەم لەسەر مەسەلەی میللیو پێناسی نەتەوایەتی کوردە کە بە

کورتی دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی گشتی.
بەو پێ یەی باسم کرد، پارت و رێکخراو و گروپێکی کوردستانی ئەگەر سەربەخۆیی کورد، وەک ستراتیژیک و ئامانجی دوا رۆژیان لە نێو پرۆگرامدا نەگونجێنن، ناکرێ و ناشێ و بۆیان نیە خۆیان بەنوێنەری کورد بزانن، بەڵکوو نوێنەری ئەو کەسانەن کە لە ناو تەشکیلاتی رێکخستوی خۆیاندا رێکیان خستوون.
پارت و رێکخراوی کوردستانی، تا ئەوکاتەی کەخۆیان بەقەومی ئێرانی و عێراقی دەزانن، بیانەوێ و نەیانەوێ، هەر وەک عەرەبی عێراقی و فارسی ئێرانی بیردەکەنەوە. کەوا بوو خەبات و تێکۆشانەکەشیان هەر لەو راستایە دایەو هیچ یارمەتیەک بە پشکوتنی بیری نەتەوایەتی کورد ناکا کەهۆویەت بدەن بەکورد.
ئەگەر لەو بارەوە بۆ بیری رزگاریخوازی پێشەوە چوونێک پێک هاتبێ، رادیۆ تەلەڤیزیۆن وکەرەسەی هەراوی ئەورۆی جیهانی بووە شوێنی لەسەر بیری رزگاریخوازی داناوە کە ئێستا لە نێو روناکبیرانی شۆرشگێردەبیندری و هیواو هومێدو ئاسۆی روونی لێ بەدی دەکرێ.
کاتێ دەڵێم پارت و رێکخراوێک دەتوانن خۆیان بە نوێنەری کورد بزانن، مەبەست ئەوانەن کە بۆناسنامەی نەتەوەی خۆیان دروشمی سەربەخۆییان لە بەرنامەکەیاندا گونجاندوە. واتە: گەلەکەی خۆی بە خاوەن خاک و ئاوو زمان و فەرهەنگی تایبەت بەخۆی لە پرۆگرامدا دەناسێنێ و بۆ مافی رەوگیرکراو و رزگاری کوردستان تێ دەکۆشێ.
رێکخراوێکی کە خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ خودموختاری تەرخان کردوە، لەبەر ئەوەی بەبیروکردەوە خۆی بە ناوەند بستۆتەوەو وەک ئێرانی و عێراقی بیردەکاتەوە، جگەلەوەی کە هیچ هۆویەتێکی

نەتەوایەتی نادات بەکورد، بڕێکیشی ئامانج دور دەخاتەوە.
لە ڕوانگەی مرۆڤێکی ناسیۆنالیستەوە نەتەوەیەکی کە زمانو فەرهەنگو نیشتمانی خۆی هەبێ، دەبێ وڵاتەکەی ئازاد بی و گەلەکەی سەربەخۆ بژی. هەرکەسو هەر ڕێکخراوێک بەچاوی ئێرانیو عێراقی سەیری نەتەوەی کورد بکا، بیەوێو نەیەوێ، نەک هەر بۆناسنامەی کورد ( هۆویەت ) هەوڵیی نەداوە بەڵکوو زیانێکی گەورەشی بە پەرەپێدانی بیرو باوەڕی نەتەوایەتی گەیاندوە.
پێم وایە: تێکۆشانی سیاسی بەبیرو ڕێبازی رزگاریخوازی پترمەسەلەی کورد بۆپێشەوە دەباو شوێنەواری کردەوەش لەنێو ڕووداوەکانی دوا ڕۆژی مێژوو دا پتر خۆ دەنوێنن. نموونێکی بچوک:
هەر وەک ئاگادارین: ماوەی دووسێ سال لەناوچەێ کرماشان ڕا تادەگاتە ناوچەی نیزیک کۆتۆڵ، واتە: لەسەدا حەفتای خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەژێر دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی حیزب بڕوای بەڕێبازی رزگاریو سەربەخۆیی کوردستان نەبوو، نیزیک بەحەوت میلیۆن کوردی ڕۆژهەلات بە خودموختاریەوە سەرگەرم کرا و ئێستاش هەر درێژەی هەیە. لەو ماوە دوورو درێژە دا شتێکی وەک حکومەت ڕا نەگەیەندرا کە لانیکەم ئێستا سەرمان بەرز ڕاگرینو نیشانێکی ئەو سەردەم لە خەباتی میللەتی کورد، دا وەک دەورانی شەهید قازیمحەمەد لە مێژوودا تۆمار بکرێت. ئێستا دەبینین دوای ئەو هەموو قوربانی دانو خەباتەخوێناویە ئاسارێک لە کارو تێکۆشانو حاکمیەتی ئەوکات دیارنیە کەمرۆڤ وەک نوختە عەتفێکی مێژوویی دلی پێ خوش بکاو شانازی پێوەبکا.

باسەرەنجێک بدەینە ساڵی ١٣٢٣تا ١٣٢٤هەتاوی، کەئەرتەشی دەوڵەتی ئێران بە پشتیوانی دەولەتانی ئینگلیزو غەرب، لە شارەکانی سەقزو بانەو سنەو کرماشان بوون. تەنیا ناوەنێدی کوردستان واتە: مەهاباد، بۆکان، نەغەدە، شنۆ، پیرانشار، لەژێردەسەڵاتی کورد دا بوون، بەڵام چونکە بەڕێوەبەرانی ئەوکات، ئیمانو بڕوایان پتر بە هۆویەتی نەتەوەی کورد بوو، لەو ماوە کورتەدا ، سەرەڕای دژایەتی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ سەبەخۆیی کە ئەوکات بە دۆستی کورد دەژمێردرا، گوێی پێ نەدرا و لێبڕاوانە "کۆماری میللی دێموکڕاتی کوردستانی" لەلایەن شەهید قازی‌محمدەوە ڕاگەیاندرا . ئەو هەرەکەتە پڕبایەخ و بەنرخە مێژوویە لەسەردەمێکدا کرا، دەتوانین بڵێین: لە سەدا ٩٨٪ی خەڵکی کورد نەخوێندەوار بوون و لە دێیەکانی کوردستان جگە لە مەلاو فەقێ، خوێندەوارێک دەست نەدەکەوت. کەچی لەسەردەمی ئێمەدا بەپێچەوانەی پەنجا ساڵ لەوە پێش، دەکرێ بڵێین؛ پتر لەسەدا ٩٠٪ خەڵکی کورد خوێندەوارنو لەباری زانینی کۆمەلایەتی و تێگەیشتنی سیاسی چەندین بەرانبەر پێشکەوتوو ترو ئاگادارترنو لێکدانەوەشیان پترە.

ئەو هەلە لەبارو سەردەمە باشەی شۆڕش لەو ساڵانەی دوایی دا موفت بەفیڕۆ چوون. تاوانەکەی بۆسەرکادری بێ ئاگاو بێ موبالاتی وەکوو ئێمەو مانان دەگەڕێتەوە کە لەنێوحیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا کۆ ببوینەوە کارمان دەکرد بەهێندمان نەگرتووەو بەئەرکی مێژوویی سەرشانی خۆمان هەڵنەستاوین.

بەبڕوای من، هەرکادرێکی ئاگای حیزب ئەگەر بیهەوێ لەو ڕاستایەدا خۆی ببوێرێ، مانای ئەوەیە کەلە داهاتووشدا نایەوێ

بوپێناسەی « هۆویەتی » گەلی کورد هەولی پێویستی بدات و گەلەکەی خۆی وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەست لە جیهاندا بناسێنێ کەحیسابی « میللەت » ی لەسەر بکەن و چیتر بەئێرانی و عێراقی و ئەنەدۆلی و عەرەب و فارس و تورکی نەناسن.

بڕوام وایە؛ تا مێشکی کورد بە بیری سەربەخۆیی رزگاریخوازی نەپشکوێ و مەسەلەی کورد نەکەوێتە سەر ڕێبازی نەتەوایەتی، بەرهەمی خەبات و تێکۆشان لەوەی هەیە پترنابێ .

لەکۆتایی تێڕوانینی خۆمدا جارێکی دیکەش پێ لەسەر ئاماژە پێکراوەکانم دادەگرم و دەڵێم:

- تائەو پارت و ڕێکخراوە کوردستانیانە دەست لە بەزم و ڕزمی خودموختاری و ئێرانیگەری و عێراقیگەری نەکێشنەوە و بە ڕاشکاوی دروشمی سەربەخۆیی هەڵنەگرن و کوردستان بە وڵاتێکی ژێردەست نەزانن و بەو بیرەوە نەیەنە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان لەدژی داگیرکەرانی کوردستان، زەحمەتە ئازادی وەدەست بی و ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد بێتە دی .

**سەرنجێکی پاشەڕۆژی کوردستان.**

کاتێک باس لە بیری رزگاریخوازیدەکەین بۆئازادی میللەتێکی ژێردەست بۆسەر بەخو بوونێ، رەنگبێ پێویستمان بەوەش هەبێت کە داخوا نەتەوێکی چەندکەسی و چەند میلیۆنین ؟

گۆڤاری ڕابوون لەژمارە پێنجی۱۹۹۳ دا جەدوەلێکی لەمەڕ نفوزی دوا رۆژی کورد بلاو کرد بۆوە ، ئەوجەدوەلە سەرنجی منی بۆلای خۆی ڕاکێشا و بە باشم زانی ئەو جەدوەلە بنوسم ، بۆ ئەوەی ئەگەرکەسێک پێویستی بە ژمارەو ئەرقامی نفوزی کورد هەبوو کەلکی لێ وەربگرێ.

گۆڤاری Kurdish Times لە ژمارەی ۱ و ۲ ی خولی ۴ی سالی۱۹۹۱ کە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەردەچێت جەدوەلێکی گۆڕانکاری دانیشتوانی کوردستانی بلاو کردۆتەوە .

جەدوەلی گۆڤارەکە، سەرژمێری کورد و ئەو ولاتانەی کوردیان تێدا دەژی دەخاتە پێش چاو. لە سالێی ۱۹۹۰، ۲۰۰۰، تاسالێی ۲۰۲۰، دەنووسێ: لە ماوەی ئەو سالانە دا گۆڕانێکی گەورەی دێموگرافی لە کوردستان پێک دێ. واتە لە سالێی۲۰۲۰ ژمارەی کورد لە تورکیا دەگاتە ۵، ۳۳میلیۆن، واتە ۳۸،۳ لەسەدی کۆی سەر جەمی دانیشتوانی دەولەتی تورکیا دەگرێتەوە.

بە گوێرەی ئەو حیسابە پێش‌بینی کراوە، سەرجەمی کورد لە تورکیادا ، ئەوەندە لە ژمارەی تورک نیزیک دەبێتەوە، کە لەم بوارەدا

پرسیارێکی گرینگ خۆی زاڵ دەکات. ئایا دەشێ لە وڵاتێکدا کە بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێ، لە سەدا ۴۰٪ دانیشتوان مافی سیاسی و مرۆڤایەتیان نە بێت ؟!

بە بەردەوام بوونی ئەو گۆڕانکاریە ، کورد لەو ماوەیەدا دەبێتە دووهەمین نەتەوەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە زۆری ژمارە دا دوای نەتەوەی عەرەب . واتە ژمارەی کۆی سەرجەمی کورد لە هەموو کوردستان دەگاتە ۹، ۵۴ میلیۆن کەس . تورکیش سەرجەم دەگاتە ۵۴،۵ میلیۆن کەس .

لەبەر گرینگی ئەو باسە ، نەخشە وجەدوەلە کە دەخرێتە پێش چاو.

| دەوڵەت | کۆی دانیشتوان لەساڵی ۱۹۹۰ | کورد | ژمارەی کورد |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٥٦ ، ٧ میلیۆن | ۲۵ لەسەد | ۱۴ ، ۳ |
| ئیران | ٥٥ ، ٦ م ن | ٪ ۱۲ | ٦ ، ٧ |
| عێراق | ۱۸ ، ۸ م ن | ٪ ۲۵ | ۴ ، ٧ |
| سوریا | ۱۲ ، ٦ م ن | ٪ ۱۱ | ۱ ، ۴ |
| سوفیەت | ۲۸۰٦۰۰ م ن | ٪ ۰۰۰ ۳ | ۵۵ ،۱ |

ژمارە نفوزی سەرجەمی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٠٠ بە پێی دەر سەد

| دەولەت | سەرجەمی دانشتوان | دەرسەدی کورد | ژمارەی کورد |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٦٥ ، ٩ م ن | ٢٩ ، ٤ ٪ | ١٩ ، ٥ |
| ئێران | ٧٣ ، ٩ م ن | ١٢ ، ٢ ٪ | ٩ ، ٠ |
| عێراق | ٢٦ ، ٥ م ن | ٢٥ ٪ | ٦ ، ٦ |
| سوریا | ١٧ ، ٢ م ن | ١٢ ٪ | ٢ ، ١ |
| سوڤیەت | ٣١١٠٠٠ هەزار | ٠٠ ، ٢ ٪ | ٥ ، ٠٠٠ |

ژمارە نفوزی سەرجەمی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٢٠ بە پێی دەر سەد

| دەوڵەت | سەرجەمی دانیشتوان | دەرسەدی کورد | ژمارەی کورد |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٨٧ ، ٥ م ن | ٢٨ ، ٣ ٪ | ٣٣ ، ٥ |
| ئێران | ٧٩ ، ٦ م ن | ١٢ ، ٣ ٪ | ١٦ . ٢ |
| عێراق | ٤٤ ، ٨ م ن | ٢٦ ، ٠ ٪ | ١١،٦ |
| سوریا | ٢٨ ، ٠٠ م ن | ١٢ ، ٣ ٪ | ٣، ٧ |
| سوڤیەت | ٣٥٤ ، ٠٠ م ن | ٠٠ ، ٣ ٪ | ٥ ، ٩ |

## رونکردنەوێکی ستراتیژیکی.

لەبەر ئەوەی لە نوسراوەکانم دا بەدوو شێوە نێوی چوار گۆشەکانی کوردستانم هێناوە، وەکوو: کوردستانی باشوور، یاباشووری کوردستان. کوردستانی ڕۆژهەلاّت، یا رۆژهەلاّتی کوردستان و. . . هتد

واتە ئالّووگۆڕی وشەی کوردستانی باشوور، یا باشووری کوردستان، شتێک نیە کەمرۆڤ لێی بگۆڕی یا هەر وا بە ئیشتیا پاش و پێشیان پێ بکات، بەلکوو نوسین و جێگیرکردن و بەکار هێنانی هێندێک وشە، لەبیرو بۆچوونی مرۆڤدا سەرچاوە دەگرێ و دەنووسرێ.

من بەش بە حالّی خۆم هەردووکیان بە ڕاست دەزانم، هەر بۆیەشە هەردوکیانم نوسیوەو دەنووسم. دیارە کەسێک کە شتێک دە نووسی بەلگەی تایبەتی خۆی هەیەو بڕوای پێی هەیە بۆیە دەینووسێ. بۆ وێنە:

من پێم وایە کوردستانی گەورە بەگشتی و هەر یەک لە بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی، لە باری خەبات لە گەلّ داگیرکەران و چۆنیەتی هەلسووکەوت و بەربەرەکانی لە دژیان، دەبێ لەبەرچاو بگیرێ و کردارو ڕفتارو جۆری خەبات بە شێوازی خۆی لە هەر بەشێکی کوردستان دیاری بکرێ.

لە هەمووی گرینگتر لەبەرچاوگرتنی هەلوومەرج و هەلوێستی سیاسەتی جیهانی بە تەواوی هەلسەنگێندرێ، ئەوجا بەپێی

لێکۆڵینەوێکی وردی سەردەم ، رێباز هەڵبژێردرێ و هەنگاوی بۆ باوێژرێ و درۆشم بۆ داهاتووی قۆناغەکان دیاری بکرێ.

فەرز کەین؛ ئەگەر رێکخراوێک بۆ خەباتی رزگاریخوازی رێبازی خۆی دیاری کردو بۆ دەوڵەتێکی کورد درۆشمی سەربەخۆیی هەڵگرت، دەبێ ساغ بێتەوە کە دروشمی سەربەخۆیی بۆکوردستانی گەورە هەڵدەگری، یا لەو بەشە کوردستانەی کە خۆی خەباتی تێدا دەکا درۆشمی سەر بەخۆیی لەبەرنامەی کاری خۆیدا دیاری دەکات ؟

پێم وایە ؛ پێویستە بیر لەوە بکەینەوە، داخوا ئەگەر درۆشم بۆ کوردستانی گەورە هەڵگرین دەتوانین بەکردەوە لەهەموو بەشەکان کاربکەین و نفوزیان تێدا بکەین، یان هەر درۆشمی سەر کاغەز دەبێ و بەس !؟

پێم وایە ئەو رێکخراوەی کەدرۆشمی کوردستانی گەورە هەڵدەگرێ ، دەبێ بیری لێ بکاتەوە بزانێ : داخوا ئەگەر بەو بۆچوونەیەوە دەستی لەبەشێکی تری کوردستان وەردا، دژایەتی لێ پێک نایە؟ داخوا سەرکردەکانی کورد ئەو روحە بێ فەرق و جیاوازیەیان تێدایە؟ یان فرتەنێکی قووڵتری وەک ئێستای کوردستانی باشووری لێ پێک دێ ؟ داخوا ئەو چوار پارچەکوردستانەی کە هەر بەشەی کلتورو فەرهەنگێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەحیزبێک و ئەو سەرکردانەی ئێستای کوردستان هەڵدەسوورێن ؟ داخوا لە توانای حیزبێکی سیاسی دایە کەبۆخەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ چوار رژیمی داگیرکەر نەخشەو پلان دارێژێ و بە چاوێک بڕوانێتە هەرچواریان و پێوەندی لەگەڵ هیچ کامیان نەبێ ؟ یان هەر درۆشم هەڵدەگرێ !؟

مه‌به‌ست ئه‌وه‌یه، داخوا به‌لیزانینی سیاسی ریباز دیاری بکرێ و درۆشم دابرێژێ باشتره، یان درۆشمی گه‌وره هه‌لگیرێو له‌کرده‌وه‌دا هه‌نگاوی بۆ هه‌ڵنه‌گیرێو مه‌یدانی خه‌بات بشێوێ ؟

به‌ش به‌حالی خۆم بروام وایه حیزبی نه‌ته‌وایه‌تی ده‌بێ درۆشمی رزگاریخوازی بۆ سه‌ربه‌خۆیی کورد هه‌ڵبگرێو کارو بارو تێکۆشانی هه‌ربه‌شێک له به‌شه‌کانی کوردستان رێکخراوی به‌شی خۆی هه‌ڵی سووڕێنێ و له به‌شێکی دیکه‌ڕا ده‌ستی تێ وه‌رنه‌درێ، بۆ وه‌ی کۆنترۆڵ له ده‌ست نه چێ وکورد وه‌ک سه‌رده‌می ئێستای به‌سه‌ر نه‌یه وکوردستان نه‌بێته چێشتی مجێورو خوێن رێژیو براکوژی .

هه‌رکاتێک خواکردیو به‌شه‌کانی کوردستان یه‌ک به دوای یه‌کدا رزگاریان هات، خێرخوایه‌ک په‌یدا ده‌بێ رێنوێنی مان بکا وه‌ک ئه‌مان تێکه‌ڵ بینه‌وه• ئه‌وه‌م پێ هاسانتره له وه‌ی له‌گژ چوار ده‌وله‌تی داگیرکه‌ر را بچین . چونکه جوغرافیای کوردستان وا شێواو و هه‌لبڕ هه‌ڵبڕ کراوه له توانای ڕابه‌رایه‌تی یه‌ک رێکخراوی سیاسیدا نیه که بتوانێ بۆچوار پارچه به‌رنامه‌رێژی بکاو پلان‌وتاکتیکی بۆدارێژێ .

دێمه‌وه سه‌ر باسه‌که‌ی خۆم که ده‌نووسم: کوردستانی رۆژهه‌لات، یان رۆژهه‌لاتی کوردستان. بۆیه هه‌ردوکیان ده‌نووسم، کاتێک به‌گشتی باسی کورد ده‌که‌م و نموتێک له خه‌بات و کولتوری شوێنێکی کوردستان دێنمه‌وه، باشووری کوردستان‌ده‌نووسم، به‌لام کاتێک باسی خه‌باتی سیاسی حیزبێک له باشووری کوردستان دێته پێش، ده‌نووسم کوردستانی باشوور. ده‌بێ ئه‌وه‌مان له بیر بێ هه‌رکاتێک کوردستانی گه‌وره پێک هاتو ده‌وله‌تی سه‌ر به خۆمان هه‌بوو، ئیتر ئه‌وکات یه‌ک ولاته‌و ته‌نیا گۆشه‌کانی به باشوورو باکورو

ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوای کوردستان هەلدەدرینو هیچ کەسێک بۆی نیە بە هیچ شێوەیەک لێکیان جیا کاتەوە.
هەر وەک ئاماژەم پێکرد، ئالووگۆڕو پاشو پێشی هەردووک وشە، من بینووسم، یا یەکێکی تر بینووسێ، لەبیرو بۆچوونو تێڕوانینێک سەرچاوە دەگرێ کە نووسەر بۆخۆی بڕوای پێ یەتی.
مرۆڤ یا ڕێکخراوی وا هەیە، پێی وایە دەبێ درۆشمی کوردستانی گەورە هەلگیرێ. زۆربەی ڕێکخراوە کوردستانیەکان پێیان وایە: هەر ڕێکخراوێک لە بەشەکەی خۆی کاری خۆی بکات باشترو گونجاوترە لەوەی لە بەشێکی تر ڕا دەست بخاتە نێو بەشێکی ترو بە نێوی خەبات بی ئالوزێنێ. ئیستدلالیان ئەوەیە هەر بەشەی بە پێی فەرهەنگو کلتوری خۆی دەبێ نەخشەو پلان دارێژێو دەست لە کارو باری ئەوی تر وەرنەدرێ، بالەسەرووش ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەکان هاوکاری لە گەلّ یەکتری‌دا بکەن. ئی وایە خودموختاری دەوێ. ئی واشە فیدڕالی گەرەکە. یا پێکاکا باس لە کوردستانی گەورە دەکاتو کوردستان بە داگیرکراو دەزانێ و ڕێکخراوەکەی خۆشی بە ڕێکخراوی سەرانسەری کوردستان دادەنێو تەنانەت عەبدوللا ئوجەلانیش بە سەرۆکی نەتەوی کورد دەناسێنێ. کەسی واش هەیە نێوی کوردستانی بەسەر زار دا نایەو بە ڕوژئاوای ئێران، یان شمالی عێراق نێوی دینێ. مەبەست لەو روونکردنەوە ئەوەیە کە بیرو ڕاکان لێک جیاوازن و ئەگەر لە وشە دا پاشو پێش کەوتە بەر چاوان یا شتێکی نووسراوی بە دلّ نە بوو، بە مانای ئەوە نیە نووسەر بەهەلە چووە. یان نوسراوەکەی بەهەلە نووسیوە. هەرکەس بەبیرو بۆ چوونی خۆی ڕێبازی هەلبژاردوەودروشمی دیاری کردوە.

**کاتێك بیرەوەری سیاسی کاك غەنی بلووریان بە نێوی ئاڵەکۆك دەرچوو، کاك حامید گەوهەری دەنکێکی بۆهێنام زۆری سوپاس دەکەم .**
**کتێبەکەم خوێندەوە، هەرلەسەرەتاوە بەخوێندنەوەی نەوپێشەکیەی کاك غەنی بۆخۆی بۆی نووسیوە، پێم خۆش نەبوو و هەرگیز بە خیاڵم دا نەدەهات مرۆ ئاوا بۆ بردنەسەری خۆی و شوتنەوەی هێندێك رووداوی تێوەچووی تایبەتی خۆی، ئاوا رابردووی کۆمەڵێك مرۆڤی تێکۆشەر، یان دەیان کەسی کە لە رێگای نەتەوەکەیاندا لاوەتی و گیانیان فیدا کردوە. وەربەرچاو نەگیرێ و. . .**
**دیارە من نە رەخنە گرم، نە دەمەوێ لە حاڵیی حازردا کتێبی ئاڵەکۆك هەڵسەنگێنم، بەلام کاتێك رابردووی رێکخراوێکی سیاسی کە بۆخۆم هەموو تەمەنی خۆم لەسەر داناوە پێی رێخرا، ئەگەر بۆ داکۆکی لەخۆشم بێ، دەبێ دژکردەوەیەك لەخۆم نیشان بدەم، ئەوەشم نەکرت. تەنیا بۆ روونکردنەوە، بە نامەیەکی تایبەتی برای بەرێزکاك کەریمی حیسامیم لەو مەسەکەیەناگادار کرد. ئەگەرکاتیش بێ خۆم پێ ئەهوەن کردەوە. هیوارم کاك غەنی بەهەر شێوەیەك بۆی دەلوێ لەو بارەوە بیری خوی وەکاربخا. دەنا ئەگەر ئەو هەڵە گەورەیە ئەسترێتەوە، لە نێو کۆمەڵیی کوردەواریدا بەباشی باس ناکرێ.**
**ئەوەش نامەکەیە کە بۆ دەردی دڵم نوسیومەو بۆهاورێی خۆم ناردوە.**
**بە پێویستم زانی بیخەمە بەچاوی خوێنەرانی بەرێز.**

برای بەرێزکاک کریمی حیسامی !
وێڕای رێزو سلاوی برایانە، هێوادارم هەر لەخۆشی دا بژیت.
منیش باشم و مەبەست لە نووسینی ئەو نامەیەش ئەوەیە:
- دەزانم تا ئێستا کتێبی چاپکراوی ئاڵەکۆکی کاک غەنی بلووریانت نیە و نەتخوێندۆتەوە.
ئەو رۆژانە کاک حامیدی گەوهەری تەشریفیان هێنابووە ئۆرەبرو، کتێبێکی بۆ هێنابووم. باوەڕم پێبکە تا لەخوێندنەوەی ئەو کتێبە بوومەوە، لەدە جاریش پتر ئێوە و بیرەوەریەکانتم وەبیر هاتۆتەوە.

رەنگبێ پێت سەیربێ کە وا دەڵێم. مەبەستم ئەوەیە: زۆر جاران گوێ بیست بوومە کە دەڵێن؛ بیرەوەریە نوسراوەکانی کاک کەریمی حیسامی شتی باش و بەکەلکن، بەڵام زۆر باسی خۆی دەکاتو....
جارێ لەو باسە دەگەڕێم و دەمەوێ بڵێم:
- ئەو یەک جلدە بیرەوەریەی کاک غەنی، ئەگەر ئیفراتم نەکردبێ لە دوو پاراگرافدا کە لە خوارەوە بۆم نووسیوی بەقەرا ئەو نۆ جلدە بیرەوەریەی بەرێزتان، خو هەڵکێشانی تێدایە. جگەلەوەش بەناحەق خەباتی بیست ساڵ ئەندامو کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کردۆتەوە هیچو چاوی لەو خوێنانەی کەبەدەستی حکومەتی حەمەرەزاشاو رژیمی خومەینی ڕژاون قوچاندوەو زەڕڕەیەک بەزەیی بەو کەسانە دا نەهاتووە کە ساڵەهای ساڵ لەخەبات و تێکۆشاندا چەرمەسەریان دیوەو لەرێگای نەپسانەوەی خەباتی بێ وچان گیانیان لەدەست داوە. بێ ئەوەی ناویان بەرێو زەحمەتەکانیان وەبەر چاو بگرێ ڕاست و چەپ لێی ڕاکێشاون و بیست ساڵ خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی پێ رێخستووە!!
یان دەڵێ: دوای شورشی گەلانی ئێران بەرپرسی سەرەکی و دەورو بەرەکەی نەیان هێشت تەشکیلاتێکی نهێنی و رێکو پێک دروست کەین ؟! کاغەنی وا دەنوێنێ کە ئەگەربۆخۆی رێی درابایە، ئەو کارە بکات ئێستا تەشکیلاتی حیزب شتێکی دیکە دەبوو، لەکاتێکدا بۆخۆی لەسەرەتای گەڕانەوەی بۆ مەهاباد ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.
کاکە گیان! بۆ ئەوەی لەخوێندنەوەی کتێبی ناوبراو، وەڕەز نەبی، چیدی باس ناکەم. کتێبەکەی وەدەست بخەو بیخوێنەوە.

ئەوەش دەقی نوسینی پێشەکی کاک‌غەنی بلووریانە کە لە لاپەڕەی ٩ پاراگڕافی ٢ نووسراوە و دڵێ:

- ڕاکردوەکان لەو ماوەدا کە لە بەغدا دەژیان نەپرژانە سەر ئەوەی کە سەرپەرستی کۆمیتەو شانەکانی حیزب بەستۆ بگرن، کەبەگیرانی بەرپرسان و کادیرەکان بێ سەرپەرەست مابوونەوە. بەم جۆرە بنەمای حیزب هێدی هێدی هەڵوەشاوەو ئەندامانی بڵاوەیان کرد. بەو جۆرە گۆڕپانی خەباتی سیاسی کوردستانی بندەستی ئیران بۆ ماوەی بیست ساڵان وەک گۆڕستانێکی بیدەنگ مایەوەو هیچ چەشنە چالاکی و بزاڤێکی سیاسی تێدا نەبیندرا. هەر بۆیەش کاتێک ڕاکردوەکان لە شۆرشی سال ١٣٥٧ هەتاوی ١٩٧٩ زاینی دا لە بەغدا گەڕانەوە کەوتنەسەر هەواری خالی.

پاراگڕافی ٣ هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ:

- بەگەڕانەوەی ڕاکردوەکان چاوە روان دەکرا لە بارودۆخ کەڵک وەر بگیرێ و سەرلەنوێ بنەمای حیزبی دێموکڕات بەشێوەی نهێنی و شێوازێکی لەبار دامەزرێتەوە، بەلام بەداخەوە بەرپرسی سەرەکی و دەوروبەرەکەی خەمیان لێ نەخوارد و بواریشیان بە کەسانی لێ زانتر لە خۆیان نەدا کە ئەو، ئەرکە بەملەوە گرن. ئەوان خۆیان خەریکی سازدان و دەستەو گروپ چەکداری کرد، تازە ئەویش بەشێوەی عەشیرەتی دور لەزانست.

بیرەوەری کاک غەنی شتی وای زۆر تێدایە، بەلام ئەو دوو پاگرافەی کاغەنی، لانی کەم بۆ من شتێکی زۆر سەیرو جێگای سەر سوڕمانە. نازانم کاک‌غەنی، کاتێک لە زیندان ئازاد کراو هاتەوە بۆچی لە کەسی نەپرسی و لێکۆڵینەوەیەکی نەکرد کە بزانێ وەک خۆی

دەڵێ، داخوا دوای گیرانی خۆی حیزبی دێموکرات بڵاوەی لێ کرا !؟
یان بەگیرانی ناوبراو خەباتی حیزبی دێموکرات ڕاوەستا؟
ئەگەر نوسیبای بەگیرانی چەندکادرێک بە تایبەتی سمایلی قاسملوو شیرازەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕات کوردستان هەلوەشا، دیسان شتێک بوو، کەس گلەیی نەدەبوو، بەلام بۆ مەبەستی تایبەتی ، بەنووسینی چەند پاراگراقێک زۆر نارەوایە خەبات‌و خوێنی بیست ساڵەی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی فیدای خۆ هەلکێشانێک بکرێت.
پێم وایە: ئەو پەڕی بێ ئینسافی‌و دوور لە ئسوول‌وپرنسیپی سیاسی و کۆمەلایەتی یە.
لانی کەم لە ماوەی ئەو هەژدە نوزدە ساڵەی کە لەکوردستانە، دەبوایە پرسیبای بزانێ داخوا نەحوی شکاک‌و مەلاسمایل وچەندین کەسی ترلە ماموریەتێکی حیزبیدا لەباشوور، شەهید بوون یان نا ؟!
قادری وردی لە ماموریەتی حیزبیدا لە بانە شەهید بوو یا، نا ! ؟
محمد سدیق و عەزیزی مستەفا زادە، خەلکی شاری سنە، بۆچی و لەسەر چی ئێعدام کران!؟
سمایلی شەریفزادە و هەڤالەکانی بۆچی و لە کوێ شەهید بوون !؟
قادر شەریف لە کوێ و بۆ شەهید کرا؟
مەلائاوارە و دەیان‌و بگرە سەدانی تر... مەگەر لەسەر کارو تێکۆشان‌و دامەزرانی تەشکیلاتی سیاسی ئێعدام نەکراون!؟ مەگەر شەهیدسولەیمانی موعینی لەگۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان نەگیرا لاشەکەی دراوە بەئێران‌و رژیم بۆچاوترسانی خەباتگێرانی کورد لە شارەکان نومایشی پی نەدا !؟
لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی کە کاک غەنی نووسیویەو باسی دەکات،

زیاتر لە سەدان کەسی وەک خۆی لە سەر تێکۆشانو ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، چوونەتە ژێر لێدان و شکەنجەو بەندی درێژ خایەنیان بەسەر دابراوە !؟

ئەوانە نموتێکی بچوکن کە لە هەرچوار گۆشەی کوردستانی رۆژهەلات قەوماون. کەچی کاک غەنی دوای گیرانی خۆی کەس نابینیٚ و دەنووسیٚ: « کوردستانی بن دەستی ئێران بۆ ماوەی بیست سالان وەک گۆرستانێکی بێدەنگ مایەوەو هیچ چەشنەچالاکی و بزاڤێکی سیاسی تێدا نە بیندرا ؟! «لاپەری ٩ پاراگرافی ٢ »

نازانم کاغەنی بۆ هەرخۆی دەبینیٚ و لەکارەکانی خۆی تاریف دەکاو پەردەی بەلای خەبات و هەڵسووڕانی تێکۆشەرانەوە ناوە.

بە داخەوە، ئەو بەرزە فڕی و هەڵە گەورانەیە کە جگە لە قامک ژمێرێک، هیچ کەس و چینو توێژێک لە کۆمەڵگای کوردستان پەسندی کردەوەکانی ساڵەکانی دوای ئازاد بوونی ناکەنو ئەو جۆرە هەڵوێستانەی خۆیەتی کە دەبنە هۆی پێ رێخستنی ڕابردوی بیستو چەند ساڵ زیندان وئازارو شکنجەو چەرمەسەری .

کاک غەنی هەرلەو لاپەڕەو پاراگرافی٣ دا دەنووسیٚ:

بواریان نەدا کەسانی لێزان کاری نەهێنی بەستۆوە بگرن ؟

کاغەنی ئەوەی پیٚ کەمە کە بەدەست تێووەردان لە ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، توانی زۆر لە لاوانی بیٚ ئەزمون لەحیزبی دێموکراتی کوردستان هەلبڕیٚ و دوو دەستی تەقدیمی حیزبی تودەیان بکات.

داخوا وەک بۆ خۆی دەڵیٚ ئەگەر پتری ڕێگادرابایە، چی دەکرد ؟

کاک کەریم گیان، ئەگەر بیتوو لەسەر کتێبی کاغەنی بنوسریٚ و

ڕاست و ناڕاستەکان لێک هەڵاوێردرێن، کاتێکی زۆری دەوێ، کەوا بوو دەبێ بۆخۆت کتێبەکە بخوێنیەوە. من تەنیا ویستم هێندێکت دەردی دڵ لەگەڵ بکەم وبزانی کە کاک غەنی بلوریان چ تۆمەتێکی ناڕەوای بە خەبات و تێکۆشانی بیست و چەند ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و فیداکاری شەهیدان کردوە.

مەبەستم ئەو بیست و چەند ساڵەیە کە بۆخۆی لەزیندان بووەو لەگۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان ئاگاداریەکی وەدەست نەهێناوە.

کاک غەنی هەربۆ وەی خۆی لەکردەوەی سالەکانی دوای شۆرشی گەلانی ئێران تەبرەئە بکات، بێ بەزەیانە ئەم و ئەوی کوتاوە و تەرو ئیشکی پێکەوە سووتاندوە. خەلکی زیندوش زۆرن کەبەزەقی بروانە سالانی رابردوو. دیارە مێژووش شتی خۆی نوسیوەوبڕاوەتەوە. قەرەبووکردنەوەش پێویستی بەڕاستی نووسینە، نەک خۆهەلکێشان و .... دوای خوێندنەوەی ئاڵەکۆکی کاک غەنی، پێم خۆشە بزانم ڕوانگەو تێروانینی بەرێزتان لەسەر ئەو کتێبە چیە؟

برات سەعیدکاوە ( کوێستانی. )

## بیرەوەریەکی لەبیرچوو.

پێش ئەوەی دەست بەنوسینی بیرەوەریەکانم بکەم لەلایەن برادەرانی سەردەشتی یەوە هێندیکم نامە بۆ هاتوون پێیان وایە دەبێ پتر لەسەرکۆمیتەی شارستانی سەردەشت بنووسرێ. پترشتەکان شیی بکەمەوە . بە راستی ئەوەی برادەران دەیلێن ئەگەریان نووسم، خوی لە کتێبێک زیاترە ئەگەر بێتو لە سەر ناوچەی سەردەشتوکۆمیتەی شارستانی سەردەشت بنووسرێ. هیوادارم لە داهاتوودا توانای ئەوەم هەبێ ئەو کارە بکەم.

دیارە ئەگەر هەموو شتێک بە وردی بنووسرێ ، لانیکەم بۆ ئەوان خۆشتر دە بێ، بەلام ئەوکات دەبێ بلێین کتێبێ لەسەر یەک ناوچە نووسراوە. من وەک کەم وکورِی پێی لێ دەنێم کە زۆر شت باس نەکراوە . نێوی کادرەکانی سەردەشت ئاکتیو و نا ئاکتیو لێک دراونو باش روون نیە بەر پرسایەتیان چ بووە ، یان ناوچەی سەردەشت لە باری ستراتێژی وهێرشی رژیم بە سێ جادەو رِێگای ئەسلی وەکو بانەو سەردەشت، مەهاباد سەردەشت، پیرانشارو سەدەشت و..... زۆر شتی تر نە نوسراوە. دەبێ بلێم کتێبەکە هەر لە نوکەوە بە کورتی نوسراوەو هۆیەکەشی روونە، ئەگەر بێتوو هەموو شتێک بەوردی بنووسرێ شتێکی باشە، بەلام داخوا لە باری مالیەوە بە کەس هەلدەسوورِێ چاپی بکا؟ بێ شک نا، بەلام ئەگەر لە هەر شتەی شتێک بنووسرێ، هەم ویستی نووسەر دێتە جێ، هەم بۆ خوێنەر خۆشترەو پتری کەلک لێوەردەگرێ ، هەم شتێکی قەببە نابێ و مروڤ دەتوانێ بە چاپی بگەیەنێ. دیارە ئەو دەلیلانەشم بۆیە

نیـــن پێشنیـــاری بـــرادەران پـــێ رێخـــەم . دەزانـــم دەبـــێ کـــارو بەرپرسایەتی ئەندامانی کۆمیتە شارستانی سەردەشت رونتر بێ و شتێکی تری کورت لە سەر هێزو کۆمیتەی شارستان بنووسرێت .
هیوادارم رۆژێک بتوانم شتێکی مێژوویی لەو ڕاستایەدا بکەم.
ئاماژێکی بچوکی لە بیر چوو:
- کاتێک لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە ناوچەی سەردەشتم بۆ دیاری کـرا ، وەک بـەرپـرسـی کـۆمیتـەی شـارسـتـان دەستـم بـە کـارکـرد . بەگوێرەی ئەو پرنسیپەی کە لە نێوکارو باری رۆژانەدا دەردەکەوێ ، ئەنـدامـانـی هـەیئـەتـی ئیجـرایـی هـەمـوو شـارسـتـانیـک هـەم لـە بـاری تێگـەیشتـن، هـەم لـەبـاری هـەڵسـوورانـدن و رێـک پێـک کـردنـی ئەرکەکاندا ئەو کادرانەن کە لەو کومیتەشارستانەدا تێدەکۆشن.
جاری واش هەیە مافی کەسێکی دیکە بسووتێ کادرێکی نالایقی دیکە ئەو جێگایە بگرێتەوە.
ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی زۆرترینی کارو ئەرکی کومیتە شارستان هەڵدەسووڕێنن ، دیارە هەرکام لە ئەندامان بەشێکیان پێ دەسپێرێ و مافی ئەوەیان هەیە بۆ بەڕێوە بردنی بەشی پێ ئەسپێردراو چەند کـەسێـک بـۆخـۆیان دیاری بکـەن. بـەشـی کـومـەلایـەتـی کـە پتر لـە هـەمـویان کـاری هـەیـە پێـویستـی پتری بـە کـادر هـەیـە، بـەشـی مـاڵـی دووسێ کەسی دەوێ تا بەکاری شت کرین بە پێداویستیەکان ڕابگا. بـەشـی ئینتشـاڕات بـەزاهـیـر کـاری کـەمـە، بـەلام لـە بـەر نـە بـوونـی ئیمکانات لە هەمویان سەختترە ، ئێمە لە وێ پارەمان هەبوو بەلام کاغەزو تایپی پێ نووسین و مەرەکەب دەست نە دەکەوت و هەمیشە مـاتـەل بـووین. بـەشـی تـەشکـیلات دەبـوایـە وەلامـدەرەوەی چـەنـدین

ریکخراوی ناوچە بێ، کە هەر ڕێکخراوەی چوار پێنج کادری هەبوو. بەرپرسی ڕێکخراوی ناوچە ئەندامی کۆمیتەی شارستان بوو لە کاتی کوبونەوەدا دەهاتنە کۆمیتەشارستان و بڕیار لەسەر کارو پێداویستەکانی ناوچە دەدرا. ئەوکادرانەی کە لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت دا هەڵسوو روبەرچاوبوون، بریتی بوون لە: شەهید لەتیفی نەخشبەندی، شەهید هومایون ئەردەلان ، کاک عەزیزی ئەحمەدی، ، کاک سەید ئەحمەدی حوسێنی ، کاک خدری محمدپور. کاک سەعیدمەمەندی ، کاک ڕەحیم قادری، کاک ڕەحیم شیوەیی، کاک مەنسور حداد، کاک محمدی مراد ڕەسووڵی ، کاک خدردۆڵەگەرمی کاک رەحمان محمدی، کاک خالقی عەفید، کاک سمایلی حاجی.
دیارە کۆمیتەی شارستان زۆر کادری دیکەی لاوی هەبوو، هێندێک کاڵو پی نەگەیشتوو بوون، بو وێنە: کەسانی وەکوو کاک حوسێن نازدار و کاک هاشمی رۆستەمی و ... ئەو کات حیسابی کادری باش و بە ئەزمونیان لەسەر نەدەکرا ، کەچی دوایە هەوڵی خویان داو تێکۆشاون و خۆیان پێگەیاندوە تاگەیشتوونەتە پلەی کۆمیتەناوەندی.
هەرچەند لە کۆمیتەی شارستان هەوڵمان دەدا کادر پێ بگەیەنین، تەنانەت دووجار لەدوودەورەدا کلاسی کادریشمان بۆدانان و لە بەرگی یەکدا باسیکراوە. ئەوەی ڕاستی بێ گوشاری هێرشی رژیم بۆسەرناوچە فرسەتی ئەوەی نەدەداین دەستمان بێتەوە بەرخۆمان.
لەلایەکی دیکەشەوە مەشکوک و دڕدۆنگ بوونی بەرپرسی ئەوکاتی کۆمیسیۆنی تەشکیلات کە گۆیا هێندێک کادر بیری چەپ یابیری تودەیی یان هەیە، هێندێکی ساردی دەخستە نێو کادرەکان. بو وێنە: لە نامەیەکدا کە دوکتور سەعید بۆی ناردووم ، دەنووسێ: هێندە ئەو

بۆندارانە لە دەوری خۆت کۆ مەکەوە! مەبەستی لەوکەسانەیە بیری پێشکەوتویان هەیە، پێیان وایە تووده یین. یان هەر لەو نامەی سەروودا کە ئاماژەم پێکرد دەنووسێ مەلاعەزیزی ئەحمەدی لەو دیو دیتراوەو لەوە بەولاوە بە ئەندامی حیزبی ناناسین ، واتە ئەندامی بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات کە ئە ندامی دەفتەری سیاسی یە کە ئەو کات کاک سەعیدبەدەل بوو، بێ لەبەر چاوگرتنی پێرەوی ناخۆی حیزب ، کادرێکی پێگەیشتووی بە ئەزموونی چەندین ساڵەی تەشکیلاتی، بێ لێکۆڵینەوە بە دوو وشە لە حیزب دەردەکا !
هەرچونکە خۆشی لە ناوبراو نایە، لەکارگەرێک سووکو هاسانتر دەردەکرێ و حیسابی کادرێکی هەڵبژێردراوی حیزبی بۆناکرێ .

بڕوانە ئەو نامەیە لە بەرگی یەك لاپەری ٣٠٢

بەلام پێش ئەوەی دوکتور سەعید مەلا عەزیز دەربکا بۆ خۆی ئیستعفای خۆی نووسیبوو، بۆ وەی بچێتەوە بوسەردانی بنە ماڵەی کە ئاوارەی شارۆچکەی بەستەستێن بوون.
کاک سەعید بەدەل ، بێ لێکۆڵینەوەو لێ پرسین، بێ لەبەر چاوگرتنی پێرەوی حیزب و سیستمی ئۆرگانی ، وەک ئاغایەک نۆکەری خۆی دەربکات، بڕیاری فەردی خۆی دابوو نامێکی بۆ من نووسی بوو.
بۆ ئەوەی مەسەلەی ئەو باسەی من لەسەر ناوبراو روونتربێ لە خۆڕا قەزاوەت نەکرێ، نامەیەکی کە مەلا عزیز ئەحمەدی کاتی خۆی لە گەڵ ئیستعفاکەی بۆ منی نارد بوو، وا عەینی نامەکەی خۆی دەنوسم و فتوکۆپی خەتی خۆشی لە پاشکۆی کتێبەکەدا دەخەمە بەرچاوان.

دیارە ئیستعفاکەشی دەکرێ بڵێم هەرشتێکی ئاوایە کە بۆحیزب نوسراوەو ئیستا لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشتە.

مەبەست لەو دەردی دڵانە ئەوەیە کە جاری وایە هێندێک مرۆڤی لەکاری تەشکیلاتی نەزانی ساردیوگەرمی نەدیتوو، برسیەتی نەچێشتوو، بەتاریکیو شەوەخەنگ ڕێگا نەڕۆیشتوو دێنە سەر سفرەی حازرو دە بن بە بەرپرسی ئۆرگانێکی بەرزی حیزب، ئەو کات بێ لێزانینی کاری تەشکیلاتی یاساو قانوونی حیزبایەتی لەسەر خەڵک دەبن بەکەڵەگاو بەرهەم و زەحمەتی ئەوکادرانەی کوێرەوەریان کێشاوە بە فیرۆی دەبەنو دەبن بە پاڵەوانی دەرکردنی کەسانی خاوەن ڕابردوی زەحمەتکێش! هیوادارم ئەو حەق کوژیو بەرچاوتەنگی و یاسای حیزبی وە ژێر پێ خستنە کۆتایی هاتبێو، لانیکەم ئێستا کەکۆتایی سەدەی بیستەمو زەمانی کەمپیوتەرو ئینترنیتە، کەوتبێتنە سەر ڕاستە ڕێی دادپەروەری و لەبەر چاوگرتنی پێڕەوی پەسند کراوی کۆنگرەی حیزبی.

**ئەوەش نامەی مەلاعزیزاحمدی .**

برای بە ڕێز کاک سەعید کوێستانی.

وێرای سلاوی، هیوای ساغیو سەلامەتی و سەر بەرزیتانم هەیە.

سلاو لە براژنو منداڵەکان دەکەم .

هەروەک ئاگاداری بنەماڵەی ئێمە بە گشتی لەو هێرشەی دواییدا وێرای زۆربەی خەلکی ناوچە لەسەر مالو ملکی خۆیان هەلقەناوو ئاوارە بوون. بۆخۆت دەزانی لە ترسی ئەو تۆپبارانەی کە لەسەر کێو

جاسوسان ڕا دەکرێ ، ماڵە ئاوارەکان ناچار بوون خرێ دووبی و دۆڵیی سوێسنێ بە جێ بێڵن و ڕووبکەنە ئەودیو. ئێستا لە بەستەستێن و دەورووبەری نیشتەجێن و لە باری ژیان و حاوانەوە باش نین. بۆخۆت دەزانی جارێ مەڕوماڵێکی زۆریان هەیەو خراپ نین ، لەدرێژخایەنیشدا نازانم خەڵک چی بەسەر دێ.

تائێستا بابم دووجاری ولاّم بۆناردووم سەرێکیان لێ بدەم ، بەلاّم لەبەر ئەوەی حیزب بڕیاری داوە نابێ کەس بچێتە ئەو دیو ، هەرچەند تاق و لۆق دەبیندرێن و هاتووچۆ هەیە ، بەلاّم من هەرگیز ئامادە نیم بڕیاری حیزب بشکێنم .

بەڕاستی کاک سەعید بنەماڵەیەکی ئاوارە چەند جار داوای دیدارێک بکا، ناخۆشە مرۆڤ خۆی لێ ببوێرێ، بە تایبەتی بۆمن کە پێش شۆرشی گەلانی ئێرانیش ١١ ساڵ ئاوارە بووم، لە بەرانبەر دایک و بابم خۆم بە تاوانبار دەزانم . بۆیە وا ناڵێم وابیر بکەیەوەو بفەرمووی عزیز داوای ئیجازە دەکات. بە ڕاستی نامەوێ بڕیار بشکێنم و گلەیی بێنەوە سەر تۆو کۆمیتەی شارستان .

جا بۆ وەی بڕیاری حیزبم نە شکاندبێ و دڵیی دایک و بابی پیرم ڕاگرتبێ، ئەوە لە گەل ئەو نامەیەدا ئیستیعفای خوشم بۆک. ش. س ناردو لەو ڕۆ ڕا هیچ مەسئولیەتێکم لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت دا نامێنێ.

هیوادارم دۆستایەتیمان هەوەک جاران بێ و تا ئەو جێگایەی بۆم بکرێ لە خزمەت بەگەلەکەم دریغ نەکەم .

برای بچوکت عزیزاحمدی

ئیمزا ١٣٦٢/١/٩

# دوایین وتەی نوسراوە

کاتێک کەدەستم دا پێنووس کە پاش ماوەی بەرگی یەکی بیرەوەریەکانم بنووسم، بە پێی وردە یادداشتێکی هەڵمگرتبوو سەری لە پێنج سەت شەش سەت لاپەڕە دەدا. دیسان هەر وەک جارەکانی پێشتر لەسەر تەماو بڕیاری خۆم سوور بووم، کە نوسینی رووداوەو ئاڵووگۆری سیاسی تێکەڵیی بیروڕا و هاوسەنگەری و خزم خزمێن و ناسیاوی کۆن و تازە نەکەم. لە دڵدا بە خۆم گوت دەبێ وەک ڕابردوو کارێکی وابکەم رووداو و ئاڵووگۆڕەکانی کوردستان وەک خۆیان بنووسم و نابێ هیچ شتێک کارم لێ بکا لایەنگری لە لایەنێک بکەم و خوێنەر بەرداشتی خراپی لێ بکات. چونکە کاتێک باس هاتە سەر رووداو، بێ شک ئەگەر چەندین لایەنیشی لێ پێک نەیە، دوولایەنی هەر لێ پێک دێ. ئەگەر ئەو دوولایەنە لایەنیک تاوانبار بی و لایەنێک بێ تاوان بێ، جێگای خۆیەتی لایەنگری و پشتیوانی لە حەقدار بکرێ و تاوانبار مەحکووم بکرێت، بەڵام ئەگەر هەردوولا تا ملان شتی ناپەسندیان کردبێ و زیانیان بە کۆمەڵگا گەیاندبێ، ئەگەر هاوسەنگەریش بووبێ ، ئیتر نابی لە نووسین دا مایەی بۆ دابندرێ و لایەنگری لێ بکرێ. بە تایبەتی باسەکەی من کە باسێکی خەباتی نەتەوایەتی یەو بەرگری لە بەشخوراوی گەلی کوردە، و هەروەها بەشێکی بچوکی ئەو نوسراوە لەسەر کوردستانی باشوورە،

هەرگیز نابێ کارێکی وابکەم گلەیی خوێنەرانم بێتەوە سەر.
لەقەدیم و نەدیمەوە گوتویانە: کاتێک مروڤ دەستی برد بۆ قەڵەم، بەتایبەتی کەسێکی خۆی تێکەڵ کاری سیاسی کردبێ، نابێ حوکم بداو تاوان وەپاڵ ئەم و ئەو بنێ و خۆی بکات بەلایەنگری لایەنێکی سیاسی و لایەنێک بشێلێ و ئاگری دوو بەرەکی خۆش بکا. چونکە باس و نووسینەکەی من ئێستا باسی دوولایەنی کوردە کە سەرەڕای بە فیڕۆدانی هەلو هەلکەوتی مێژوویی، ڕۆژی وایە دەیان کەس بەفەرمانی ئەوان دەبنە دەستەچیلەی ئاگری شەڕی براکوژی.
گەلێک جار مرۆڤ دێتە سەری کە هێندێک پتر لایەنێک بشێلێ و باری لایەنێک سوک بکات، بەلام زۆری پێ ناچێ ئەو لایەنەی دەتەوێ بۆرە لایەنگریەکی لێ بکەی، لە پڕ تووشی هەڵەیەکی وەها دەبێ لەوی تری تێدەپەڕێنێ. لە لایەکی دیکەوە لایەنگری لە لایەنێک، تەبرەئە کردنی لایەنی ترە، مرۆڤی رووناکبیر کەسێکە، فوو لە ئاور نەکا. ئەو رووناکبیرەی لە ئوروپا دانیشتووەو چەپڵە بۆ لایەنێک لەو دوو لایەنەی کوردستان لێدەدا و ئەوی تر بۆ لایەنی تر، جگە لەوەی بێ تاوانی هەردوولای ئیمزا کردوە، کردەوەکەی ئاگری شەڕخوشکردنەو ناکرێ نێویکی دێکەی لەسەر دا بنرێ؟
ئەوەی بەقسەلایەنێک دەکوتێ و لایەنێک تەئید دەکا، دیارە دەکرێ هێندێک دەلیلی بە دلی خۆی بێنێتەوە، بەلام داخوا ئەو رووناکبیرەی کە بەهێندێک قسەو دەلیلی داتاشراو کە خۆی پێ فریوداوە، هەرئەوە ناگەیەنێ کە دەیەوێ لایەنگری لە لایەنێکی بە هەڵەچوو بکات بۆ ئەوەی دلیی لایەنی تر، نە یە شێنێ ؟!
من کارم بەو کەسانە نیە نێوی ئەندامیان لەسەرخۆیان داناوە یان

کادری لایەنێکن و لەدەروێش بوونیاندا کەس نایان گاتێ، سەیر ئەوانن کە ئەندامیان نین و دەروێشی بەلاشی بارە قەڵاَن.
ڕاستە کە دەڵێن: مروڤ ئەو شوێنەی لێی گەورە دەبێ، بیەوێ و نەیەوێ فرچک بە کلتوورو نەریتی ئەو کۆمەڵگایەوە دەگرێ. من خۆم لەگەڵ ئەوەیدا لە تەمای خۆم پاشگەز نە بوومەوە، لەگەڵ ئەوەیدا بڕیاری خۆم نەشکاندوە، بەلاَم چۆنیەتی کۆمەلاَیەتی و ڕاهاتن و گەورە بوون لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردەواری ئەگەرچی تووشی لادانی نەکردم، بەلاَم تووشی ئەوەی کردم کە هێندێک لە باس و ڕووداوەکان کورت کەمەوەو هەموو شتێک نەنووسم و کەمتری لاپەڕە پێ بگرم، تەنانەت چاو پۆشی لەزۆربەی ئەو ڕووداوانە بکەم. جا نازانم نوسینیان لەبەر ئەوەیە زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێ وقەرە بووناکرێنەوە؟ یان کلتوری کوردەواریە دەست بەسنگمەوە دەنێ هێندێک ڕووداوی زیانبار نەنووسرێن؟
دوای تەواو بوونیش زۆر جار بەخۆم دەگوت: دەبوایە هەموو ڕووداوە دڵ تەزێنەکانم نووسی بان، هەرچی دەبوو با ببێ، بەلاَم هەروەک گوتم منیش لە کۆمەڵگای کوردەواری گەورە بووم و ناکرێ لە گەڵ هەموو کەسی تێک بدەم و شەڕی هەموو لایەنە ڕابگەیەنم.

## چەند نامێکی خوێنەران .

دوای ئەوەی بەرگی یەکی کتێبی ئاورێک دەرچوو، چەند نامەیەکم لەخوێنەرو دۆست ئاشناو رۆشناو لەمەر نوسراوەکە پێگەیشت، بەپێویستم زانی هێندیک لە نامەکان لە بەرگی دوو، واتە ئەو کتێبەی لە بەر دەستتە چاپ بکەم. نامەی هەوەڵم لەگەڵ هەڵەگیری ( تصحیحی) کتێبی بەرگی یەکەم لەبرای بەرێزو خوشەویست کاک هاشم ئەحمەدزادە پێگەیشت، کە ئەو کات لەدانشگای شاری ئۆپسالای دەیخوێند. وێرای رێزو سوپاسێکی زۆر لە زەحمەتەکانی، پێم خوشە نامەکەشی لەگەڵ هێندێک نامەی تری خوێنەران لەوکتێبەدا بە بێ دەست لێدان لەسەر دەقی خۆیان بگونجێنم.

کاک سەعیدی بەرێز!

وێرای سلاوێکی گەرم و گوڕ هیوام لەش ساغی و کەیف خۆشیتانە

کاکە گیان دەستت خۆش بێ بۆ نوسینی ئەم بەسەرهاتە تاڵ و شیرنە. بەڕاستی جوانی لەحودەهاتوویە دەر. بەخوێندنەوەی کتێبەکە، بەتایبەتی ڕۆژانی بەر لەئاوارە بوون، هەستم دەکرد فیلمێکی رەنگاو رەنگ دەبینم و زۆرجار نوقمی دیمەنی

مێژووی سندوس ، نەغەدەو ئاڵیاوێ دەبووم.
ڕۆژانی هارینی رژێم و ناچاریی هەلوەدا بوونی ئێوە، ورەی بەرزی ماندوو نەبوون لە خەبات و تێکۆشان ، هەناسە ساردی و چەرمەسەریی ژن و منداڵ، هیواو ئومێدی دووبارە، سەرهەڵدانەوەی تووڕیی ڕەوای جەماوەر، دنیای نەناسراو و بێگانەی ئاوارەیی، هەستی تێکەلاویی لە گەل شۆرشی ئەم دیو، دڵ شکان و ڕەنجان لەبێ پڕەنسیپی دۆستان، تێمان لەسەرچلۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ « رێبەران » ناهومێدی و بێ دەرەتانی، بێ هەوالی لەژن و منداڵ، هەوالی مردنی جگەر گۆشە و گیرانی دۆست و برا، برسیەتی و حەسرەتی پەرداخێک ئاوی سارد، هەستی بێ ئەمنی و ترس لەدەورو بەر، ئاستی نزمی بیری رزگاریخوازی کوردو کوردستان ...
من بەو هەستە تێکەلاوانە دێر بە دێری کتێبەکەم خوێندەوە. لێرە و لەوێ شتگەلێکم بەزەینی داهات و ئاماژەم پێکردن. ڕاستیەکەی من لەو دوایانەدا چەند بەسەر هاتی ترم خوێند بۆوە . « بیرەوەریەکانی کاک کەریم تا بەرگی حەوت، بیرەوەریەکانی مامۆستا دلزار بەرگی ١ و٢، گەشتی ژیانم کاک مەسعود محەممەد، چەند لاپەرەیەک لەمێژووی خەباتی گەلی کورد، کاک فاتح رەسووڵ » بەڕاشکاوی دەڵێم: بەرهەمەکەی ئێوە چێژی تایبەتی خۆی هەیە. سەرەڕای زەحمەت و هەوڵیی بێ وچانتان، مرۆڤ هەست ناکا کە تووشی بەرزەفڕی و (خود مێحوەر) بووبی. لێرەدا مەبەستم هەڵسەنگاندنی کارەکەی ئێوە بەوردی نیە، هەر چەند هەست دەکەم زۆر پێویستە

هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە لەم بەرهەمانەی ناوم بردن بکردرێت بۆ ئەوەی کەلایەنەکانی جوراو جوری مەسەلەی کوردو حیزبەکوردیەکان لە ڕابردو دا پتر روون بێتەوە. لە وانەیە ڕۆژێک خۆم لە قەرەی کارێکی وابدەم و هیوادارم تووشی پەلەی لەنەوعی کاک ... نەبم.

چاوخشانێک بەسەر رێبازی نووسینی بیرەوەری و مێژوو لەئاستی جیهانیدا ئەم ڕاستیە تاڵەمان بۆ دەر دەخات کەئێمە وەک هەموو بوارەکانی تری ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی و ئەدەبی هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە تەنانەت گۆڕەپانی مەیدانێک کە زۆر گەلی تر تا دووندەکەی ڕۆیشتوون. مێژووی حیزبی کۆمونیستی رووسیە لەنووسینی ای-اچ کار، کارەکانی مارسێل پرۆست لەباری بەهونەر کردنی گێرانەوەی بیرەوەری، بەسەر هاتی سەردەمی مندالی ماکسیم گۆرگی، بیرەوەری نووسینی زۆرێک لەسیاسەتمەداران و ئەدیبانی رۆژئاوایی و تەنانەت لەنێو فارسەکانی دراوسێمان کاری کەسێک وەک کەریمی کەشاوەرز و ئاوانسیان و بگرە کەیانوریش، ئەم حەقیقەتە دەسەلێنی کە بۆ گەیشتن بەکاروانی پێشرەفت و رزگاری و سەر بەخۆیی کارمان یەکجار زۆرە. ئێوە بەش بەحالی خۆتان پێتان ناوەتەئەم رێرەوە و ئاواتی سەرکەوتنتان دەخوازم و دیسانیش ماندوو نەبی. وەکیلی سلاوان بە،

بە تایبەتی بومراد.

بەرێزو ئیحترامێکی زۆرەوە : هاشم ٩٦/ ٢/ ١٤ ئوپسالا .

نامەی دووهەمم لە برای زۆر بەڕێز دوکتور جەمشیدی حەیدەری. پێگەیشت، زۆری سوپاس دەکەم. دوکتور لەنامەکەیدا دەنووسێ:

برای بەرێزو خۆشەویست کاک سعید کوێستانی

وێرای سلاو رێزم

لە کاتی خوێندنەوەی بەسەرهاتەکەت و دوای تەواوکردنی، بۆ چەند دۆست و برادەری کوردم باس کردوە کەبیرەوەریەکانی کاک سەعید بخوێننەوە، چونکەزۆر جالبە...راسگۆیە و . . . شتی وردی تێدا تۆمارکراوە، هانم داون کە وەگیری خەن. ماڵی کاک کەریمی حیسامی ئاوەدان بێ کە بەسەری کردمەوەو کتێبەکەی دامێ .

دەتوانم بەراشکاوی بلێم کەلەنێو پەڕەکانی ـ ئاوڕێک ـ دا ، کەئاوێنەی ژیانی تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی زەحمەتکێشی کوردە کەهەموو جورە دەردەسەریەکی چێژتووە لەپێناو وشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و ڕێکخستنیان بۆ ئامانجی پیرۆزی ڕزگاری گەل و بەختەوەری ڕۆلەکانی .

لەدوو تۆی بیرەوەریەکاندا ، زۆر ڕاستی زەق تۆمار کراون، زۆر لایەنی نهێنی و شاراوەی خەباتی تێکۆشەرانی رۆژهەلاتی کوردستانی تێدا تۆمار کراوە.

شێوەی کارو رێکخستن، دەربەدەری‌و ئاوارەیی، برسیەتی و دەست کورتی . . . هەڵوێستی هەندێ لەوکەسانەی لەبواری خەباتدا، ڕفتارو کرداری نارەوایان ئەنجام داوە . . .

---

دیکتاتۆریەتی تاقەکەسی، هێندێ ڕەفتاری ناجوانمێرانەی سەرکردایەتی شۆڕشی باشووری کوردستان دەرحەق بە تێکۆشەرانی بەشەکانی تری کوردستان. . . هەموو ئەو شتانە زۆر بە ڕێکوو پێکی لەنێوکتێبی ( ئاوڕێک ) دا ڕەنگیان داوەتەوە .

لەکاتی خوێندنەوەی بیرەوەریەکاندا هەستم کرد ، کەتۆ تەنیا باسی خۆت و بەسەرهاتی خۆت ناکەی، باسی خەباتی هەڤاڵانی ترناکەی، بەڵکوو باسی ژیان و خەباتی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی دەکەی، ئەوانەی خوێن و ئارەقەیان نەوتی چرای ئازادی یە .

بێگومان ئەو لاپەڕانەی پیوەندیان بەخەباتی ساڵانی بەر لەشۆڕشی گەلانی ئێران هەیە، کەرەسەیەکی دەولەمەندە بۆ توێژەرانی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی ڕۆژهەلاتی کوردستان و پێم وایە؛ زۆر ڕاستگۆیانە تۆمار کراون. دەست و قەلەمتان خۆش بێت.

لەگەڵ هەموو ئەو قسانەی کردومە، چەند تێبینیم هەیە هیوادارم لەداهاتوودا لەبەر چاوی بگرن. پێم وایە دەبوایە دەر بارەی دوو ڕووداو هەڵوێستی ڕوون و ڕاشکاوترتان وەر بگرتبایە و بە تایبەتی لە نووسینەکەتدا ڕەنگی بدابایەوە:

١-هەڵوێست لەمەسەلەی شاعیری مەزن مامۆستا هێمن - مەبەستم لەوەنیە کەبۆچوونی ئێوەجیاوازە، دیارەمرۆڤ سەربەستە، بەلام ئەو ڕەفتارانەی لەگەڵ هێمن ئەنجام درا، دەبوایە مەحکوم بکرێ و لە گەل هێمن مامەلەی حیزبایەتی

---

نەکرابایە، بەڵکوو هێمن لەوە مەزنترە بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ.
هیوادارم لەداهاتوو دا لەڕوانگەیەکی ترەوە هێمن هەڵ بسەنگێندرێ .
٢- هەڵوێست لە بەکۆمەڵ کوژیەکەی یەکێتی نیشتمانی لەپشت ئاشان روونتربایە .
لەگەڵ سلاو و هیوای سەرکەوتنتان.
برات جەمشید حەیدەری ٢٦ / ٥ / ١٩٩٦ زاینی .

---

نامە ی سێهەم لەلایەن برای بەرێز کاک ئەبوبەکری لاوچاک مامۆستای شۆرش ، لە ناوچەی سەردەشت.

زۆر بەرێز کاک سەعید کوێستانی !

پاش سلاوێکی گەرموگوڕ هیوادارم لە هەموبوارەکانی ژیانتدا ساغ و سەلامەت و سەرکەوتووبی. هەروەها بەبۆنەی چاپ و بلاو کردنەوەی ئەم بەر هەمە بەنرخەی ئەو دوایانەت لەژێرناوی « ئاورێک لەبەسەر هاتی خۆم و رووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران » بەگەرمی پیرۆزباییت پێ دەلێم و هیوادارم سەرەڕای گیرو گرفتی زۆر و کەندو کۆسپێکی کە لە پێشەکی نوسراوەکە دا دەست نیشانتان کردون رۆژ لەگەلّ رۆژ لە بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە گەورە و پیرۆزەدا بێ ماندوو بوون درێژە بە نووسین و دەر کردنی ئەو بەلگەو بەرهەمە بەنرخانە بدەی .

دیارە پێش ئەوەی بەرهەمەکەی ئێوەی بەرێزم پێ بگات، بیرەوەریەکانی کاک کەریمی حیسامی لە بەرگی یەک هەتا نۆ و پێدا چوونەوەی ناو براوم خوێندۆتەوە و نیو سەدە تێکۆشانی مامۆستا مەلا عبدالله حەیاکیم بەدەستەوە بوو. ئەوەی راستی بێ پێش خوێندنەوەی بەرهەمە جوانەکەی ئێوە و نیوسەدە

تێکۆشان و بیرەوەریەکانی کاک کەریم، بەو جوورە ئاوا بەوردی و جوان لەمێژووی حیزب تا شۆڕشی گەلانی ئێران ١٣٥٧ هەتاوی ١٩٧٨ی زاینی ئاگادار نەبووم.
بەلام هەزار خۆزگە ئەو نووسین و شیکردنەوانە چەند ساڵ پێش ئێستا بوایەن. بێ گومان ئەگەر لەکاتی خۆیدا بلاو کرابانەوە، تەئسیریان زۆر زیاتر دەبوو بۆ خوێنەرو، پیم وایە یارمەتیەکی زۆرتری بە رێکو پێکی و پتەو بوونی جوولانەوەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرد، بەلام شتێکی کە زۆر سەرنجی خوێنەر لەبەسەرهاتی ئێوە دا بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ڕووداوەکان زۆر بەزمانێکی خۆش و ڕەوان وخۆماڵیی هاتوونەتە سەرکاغەز. هەروەها هەر وەک لەپێشەکی نوسراوەکەشدا باستان کردوە هەر چەند بۆخۆتان لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بوون، وەک هێندێک کەس خۆتان وەک قارەمانی ڕووداوەکان ناو نەبردوە.
هەر ئەو شێوە نووسین و گێڕانەوەیە لە راستی دا تام و چێژی تایبەتی بە خوێنەران دەبەخشێ. بەم هۆیەوە جارێکی دیکەش لەقولایی دڵەوە داوای سەر کەوتنتان بۆ دەکەم و هیوادارم هەموو ئەو ئینسانە بەشەرەف و خاوەن ڕابردوانە هەر یەکی گۆشەیەکی چووک لە بیرەوەری و بەسەر هاتی خۆیان بێننە سەر کاغەز، بێ گومان سەرەرای خزمەت بەزمان و ئەدەبیاتی کوردی، دەتوانن ببنە سەر چاوەیەکی گەورە و دەوڵەمەند بۆ مێژووی پڕلەکارەساتی گەلەکەمان .
برای گەورەم ! هەر چەند لەئاخری کتێبەکەدا هێندێک

---

هەڵەی چاپی راستکراونەتەوە، ئەمنیش بەگوێرەی ئەوەی زۆر بەوردی بەدوای رووداوەکاندا دەرۆیشتم و دەکەوتمەبنج و بنەوانی بەسەرهاتەکان، پێم وایە ئەو وشانەی بەجیا لە لاپەرەیەکدا نووسیومەو بۆم ناردی هەلەی چاپین.

سلاوی خۆم و مال و منداڵم پێشکەشی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی بەرێزتان دەکەم.

هەر شادو سەرکەوتوو بی.

برات. ئەبوبەکر لاوچاك.      ١٤ -٥-١٩٩٦

---

نامەی چوارم ئی هاوڕێی خۆشەویست کاک کەمال گرویسی بەڕێزەو لەریزی نامەکانی هاتوون چاپ دەکرێ.

بەڕێزو خۆشەویست کاک سەعید گیان سلاو .
کاکەگیان پێشەکی سلاوم هەیەبۆ براژنە زاراو مندالەکان و هیوادارم هەمویان ساغ و سلامەت بن.
کاکە گیان! کتێبەکەتانم دەست خست و خوێندمەوە. بەش بەحالیی خۆم سودێکی زۆرم لێ وەرگرت. بەتایبەت دوای کتێبی کاک مەلاعەولا حەسەن زادە کە چاوەروان دەکرا ڕووناکایی زیاتر بخاتە سەر بەشێکی مێژووی حیزب لە کاتێکی ناسکی وەک سالانی ٤٧-٤٦ و پێش ئەوانیش.
بەراستی زۆرن کادرو پێشمەرگەی حیزب کە هێشتاش بۆیان روون نەکراوەتەوە لەو سەر دەمدا حیزب چۆن بەرێوەچووە و چۆن بووە؟!
بەتایبەتی کۆمیتەی ئینقلابی و کۆمیتەی ساخکەرەوە چۆن پێک هاتوون و هۆی پێک هاتنیان چ بووە، بەلام کتێبی ئێوە ڕووناکی خستە سەر بەشێکی زۆری مێژووی ناڕوونی ئەوکات و هەروەها چۆنیەتی ڕەفتاری سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عیراق بەرانبەر شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران و

حیزبی دێموکرات کە بەداخەوە تا ئێستاش درێژەی هەیە و بـرادەرانـی ئـەو دیـو ئـەزمـونیـان لـەسـەرەنگـرێکـەی ٧٥ وەرنەگرتووە و تاج حەمامەیان بۆ فەرق ناکاو ئێستاش وەک ئەو دەم خۆیان لەئیختیاری ئاخوندەکان ناوە.

هیوادارم کەسانی وەک ئێوە کە ئاگاداری مێژووی ئەوکاتی حیزبن و تەنانەت بۆخۆتان بەشێک لەمێژووەکەشن، پتر دەست بدەنە قەڵەم و تیشکی رووناکی بخەنە سەرمێژووی تاریک و لێڵیـی ئـەو دەم، تـا بـەڵکـوو ببێتـە یـارمـەتیـەک بـۆنـەوەی شۆرشگێری دوا رۆژ.

بەسڵاوو دەست خۆشانەی دووبارە -

کەمال گروێسی ٢٠-٦-١٩٩٦ زاینی.

نامەی پێنجەم لەبرای خۆشەویست کاک ڕەحیم شیوەیی کادری تەشکیلاتی ناوچەی سەردەشتە، وا دەخرێتە سەر نامەکان .

برای بەرێز کاک سەعید کوێستانی !

بەسلاوێکی گەرمی برایانەوە هەوالت دەپرسم و هیوای تەندروستی تان بۆ دەکەم و وێرای سەرکەوتن بەسەر تەنگ و چەلەمەکاندا ژیانێکی ئاسودەو بەختیارتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

کتێبی « ئاورێک » لەبەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان،م وەدەست خست. لەگەل ئەوەی دا کەیەکجار زۆرم پێ خۆش بوو کە بیرەوەری سیاسی خۆت لەنێو جولانەوەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی کوردستانی ڕۆژهەلاتدا چاپ و بلاو کردەوە. لەلایەکی دیکەشەوە منیش بەش بەحالیی خۆم اطلاعات و زیانیارێکی زۆرم لە تێکۆشانی ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان وە دەست خستوو لەگیروگرفتەکانی ئەو سەر دەم و ئەو دەوران ئاگادار بووم.

ئەوەی راستی بێ ئەو کتێب و نامیلکانەی تائێستا خوێندومەتەوە، لە باری خەبات و بەربەرەکانی دەرون تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هیچیان ئاوا رێک و پێک و، وردو بەتام و چێژ نەبوونەو ئاوا شی نەکراونەتەوە. بەڕاشکاوی دەلێم ناوەرۆکی کتێبەکەی ئێوە، جگە لەوەی پڕە لە ڕاستی و دروستی یە، سودێکی مەزن و ئاگاداریەکی زۆر دەدات بە خوێنەرانی کورد. دەتوانم بلێم: ئەو

کارو خزمەتەی ئێوە ئەرکێکی گەورە داوێتە سەر شانی ئەو خەباتگێرانەی کە لەمەیدانی تێکۆشان دان و خەریکی بەربەرەکانێ دژی دوژمنانی داگیرکەری ولاتەکەمان.
بە نوسینی کتێبی ئاوا، کتێبخانەی کورد دەولەمەندتر دەبێ و زیاتر لاوانی شۆرشگێر بۆ خەباتی درێژخایەن ئامادە دەکات کە لە دژی داگیرکەرانی کوردستان ڕاپەڕن. خۆزیا کەسانی وەک ئێوەمان زۆربوایە و هەر یەکە بە نۆرەی خۆی توانیبای گۆشێکی چکۆلە لە کتێبخانە هەژارەکەی کورد پڕکاتەوە.
سادەو ساکارنوسینی کتێبەکەت، ئەوەندەی دیکەی نێوەرۆکی نووسراوەکەتان ئیدەئال تر و سەرنج ڕاکێش ترکردوە و پتر خوێنەر بەخۆیەوە دەبەستێتەوەو بەدوای خۆیدا ڕای دەکێشێ.
هیوادارم لەو کارە باش و بەنرخانەتان درێژەی هەبێت و لەو ڕێگایەوە بەنووسینی پترو زۆرتر ئەزمونی خۆتان لە ئیختیاری گەلی کورد بنێن.
دیارە ئەوەی نوسیوتەو بەکورتی ئاماژەت بەناوچەی سەردەشت کردوە، زۆر کورت بەسەر شتەکاندا رۆیشتووی و بەکورتی تان باس کردوە، بمانەوێ و نەمانەوێ سبەینێ ئەو بیرەوەریە نووسراوەی ئێوە دەبێت بەمێژوو، زۆر باشتر دەبوو نێوی کادرەکانی ناوچەی سەردەشت کرابایە بە دوو دەستەو کادرەکانی هەلسوورو پڕمەسئولیەت لەگەل کادرەکانی تر لێک نەدرابان. رەنگبێ ئەوەش لە روانگەی ئێوە هۆی خۆی هەبێ. بەهەر حال دەستو چاوت خۆش بێ و سوپاس.

رەحیم شیوەیی ١١-١٠-١٩٩٦

نامەی شەشەم لەبرایەکی کوردی باشووری کوردستان لەشاری لین شۆپینگ بەنێوی ئاشتی بە دەستم گەیشتووە. هیوادارم ڕۆژێک بەخزمەتی بگەم و لەنیزیکەوە باشتر یەکتری بناسین. ناوبراو دەنووسێ:

بۆ بەرێز کاک سەعید کوێستانی!
پاش ڕێزوسڵاو، هەواڵی تەندروستیتان دەپرسم.
من کتێبی«ئاورێک»م خوێندەوە کە لە لایەن بەرێزتانەوە نوسراوە. پێشەکی لەوەتەی لەسوئێدم ئەوە دووەمین جارە، واتە لەپاش خوێندنەوەی « چەند لاپەرەیەک لەمێژووی خەباتی گەلی کورد » لە لایەن کاک فاتح رەسولەوە. ئەوە یەکەمین کتێبە بەزمانی کوردی لەکاتی خوێندنەوە دا بەو شێوەی خوارەوە سەرنجم ڕادەکێشێ.
کتێبی ئاورێک، بەزمانێکی زۆر سادەو ڕەوان نوسراوە، نووسەر هەوڵی داوە باسەکان لەخوێنەرئاڵۆز نەکات و مرۆڤ فێری ڕاستیو بی پێچ و پەنانووسین بکات. کاتێک من ئەو کتێبەم خوێندەوە، لە چەند جێگایەک گریانم دەهات، لەچەند جێگایەکیش رقوکینەم بەرانبەر بەبرۆکراتیەتو رەسمیاتی ناو سیاسەت ئەستورتر دەبوو، بە تایبەت لەو جێگایەی کە نووسەر نامەیەک لەمامجەلالەوە دەبات بۆ دەفتەری سیاسی « حدکا » بۆ ئەوەی نووسەر بتوانی بۆ معالەجە بچێتە دەرەوەی وڵات،

کەچی بەشێوەیەکی زۆر ناشیرن رەفتاری لەگەل دەکرێ !؟
من پاش ئەوەی ١٥ساڵ ئەندامی حیزبی شیوعی بووم و زیاتر لە٧ ساڵ پێشمەرگەی ئەو حیزبە بووم و پاش٣ جار بریندار بوون و تێپەر بوون بەرۆژگاری سەختدا، تووشی زۆر لەو جۆرە هەڵوێستانە بووم وکەسانی بودەڵەو هیچ لەباردا نەبووم تووش بووە، کەبەداخەوە لەزۆر جێگا کاری ئەوان باشتر چۆتە پێش، بەلاٚم مرۆڤی تێکۆشەرو لەخۆ بوردوشم زۆر تووش بووە.
فەخری کەریم زەنگەنە ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق لە پێشەکی کتێبەکەی « یولیوس شوتچێک - لەژێر داری سێدارەدا » دەڵێ: ترسەنۆک خەیانەت دەکا، لاواز لەژێر فشارو رۆژگاری سەختدا خۆی دەدا بە دەستەوەو واز دەهێنێ. پاڵەوانیش ئەوکەسەیە کە خۆی رادەگرێ و لە کاتی پێویست دا هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیە.
گریانم بۆ بێکەسی و بی بەشی گەلی کورد دێ، کاتێک پاش شۆرشی ١٤ ی تەموزی ساڵی ٥٨ لەعێراق، نووسەر لەگەڵ براکەی دەچنە چایخانەیەک زۆر خۆشحاڵ دەبن بەوەی کە تابلۆی چایخانەکە نوسراوە کوردستان، یان زۆر خوئشحال دەبن بەوەی کە منداڵێک رۆژنامەی کوردی دەفرۆشێ.
کتیبی ئاورێک سەرەرای ئەوەی شتی وردی بە کەلکی زۆر تێدایە، هێندێکی کەم و کورِیش تێدایە کە نوسەر دەیتوانی زۆر بەئاسانی خۆی لێ بپارێزێ، وەک :نوسینی مێژووی سالەکان. هەلبەتە بۆ یەکێک ئاسانە شارەزای مێژوی فارسی بێ. من

هەمیشە بۆ ئەوەی مێژووەکان تێ بگەم ٢٠ -٢١ ساڵ دەخستە سەر ساڵەکانی فارسیەوە، لەگەڵ ساڵە میلادیەکە بەرانبەر دەبوونەوە، بەلام هەمووکەس شارەزای ئەو ماتماتیکە نیە. لەهێندێ شوێن لە بەرانبەساڵەفارسیەکە میلادیەکەش نورسراوە، بەلاّم لەهێندێ جێش لەبیریان چووە ساڵە میلادیەکە بنووسن . بۆنموونە:

- نووسیویانە، دوانزە رۆژی مابوو بۆ نەورۆز. ئێوە نەتان نوسیوە نەورۆزی کام ساڵ، لەوێدا ساڵە فارسیەکەشتان نەنوسیوە. لە زۆر شوێن پەناتان بردۆتە بەر بۆشایی نوختە ...

پاش ئەوەی نوسەر لەقەلاّدزێ نامێنێ و دەچێتە کومیسیۆنی تەشکیلات و لەگەل کاک حەسەنی رزگار بەیەکەوە کار دەکەن و دەیانەوێ پسولەیەک بۆخەلکی بکەن بۆئەوەی نەخۆشەکانیان بەرن بۆ سولەیمانی و هەولێر . . .

مەبەستم ئەو چەند خاڵەی دوای هەولێرە کە لەزۆرجێگا بۆشایی ئاوا هاتووە. من بەزمانی عەرەبی و سوئێدی و روسی کتێبم خوێندۆتەوە تاکو ئێستا لەهیچ شوێنێک جگەلەزمانی کوردی شتی وام نەبینیوە. بەزمانی فارسی شتم زۆرکەم خوێندۆتەوە جگە لە:

« پولاد ابدیده میشود» و چەند کتێبیکی جەوانانەی، ر اعتماد .
باشم لە بیرنیە ئایا لە فارسیدا شتی ئاوا هەیە یان نا.

سەرەڕای ئەوانە ئەوکتێبە وەکوو بەلگەیەکی مێژوویی گۆشەیەک لە کتێبخانەی کوردی پڕدەکاتەوەو کتێبخانەی کوردی دەولەمەندتر دەکات و دەتوانێ

سەرچاوەیەکی زۆر باش بێت بۆ ئەو کەسانەی کەلە داهاتوودا دەیانەوێ شتێکی وا بنووسن.
لەباری سیاسیشەوە فێرمان دەکات حیزبایەتی و سیاسەت بکەین بە وەسیلە بۆگەیشتن بەهەدەفو ئامانج نەک ببین بەدەروێش و هەمیشە ملکەچی دیسیپلینی حیزب بین.
دووبارە رێزو سلاوم هەیەو هیوادارم سەرکەوتووبیت.

برات ئاشتی . لین شۆپینگ ١١/٦/١٩٩٦

## Förföljd i Kurdistan

# Said flydde till Fagersta

— Nu avrättas inte bara de aktiva i kampen mot förtrycket — utan också de helt oskyldiga.

Den kurdiske gerillakämpen Said Kauhe, som flytt till Sverige och Fagersta med sin familj, berättar om läget i Kurdistan.

Han vill inte gärna dra sig till minnes det lidande som drabbat hans medmänniskor, utan vill att svenskarna ska se Kurdistan som en helhet.

Men till slut berättar han ändå om sin vän, som arresterades och torterades tills han blev förlamad. Och om en bekant studentska, som torterades till döds.

Förra året avrättades 59 personer i staden Mahabad — utan någon förklaring eller rättegång. 22 av dem var minderåriga.

— Det finns inga lagar, ingen ordning i det rättsliga systemet, säger Said.

Han och hans familj har bott

på Fagerstas flyktinganläggning sedan början av april. Bakom sig har de lämnat sitt land med det mänskliga lidande, som dagligen drabbar deras landsmän.

Kurdistan ligger i Främre orienten och är, som Said ser det, ockuperat av fem länder: Turkiet, Iran, Irak, Syrien och Sovjetunionen.

— Det är hemskt att hamna mitt emellan två makters konflikt, säger Said och syftar på kriget mellan Iran och Irak.

— Kurdistan bombarderas av både iranska och irakiska flygplan.

I drygt 20 år kämpade Said i den underjordiska motståndsrörelsen.

Han var efterlyst och förföljd.

Slutligen tvingades han och hans familj fly från Kurdistan.

På frågan om han tänker återuppta sin politiska kamp här i Sverige, ler han uppgivet. Än känner han sig utmattad efter all ångest och oro han upplevt i sitt hemland.

Och ännu vet han inte om han och hans familj får stanna i Sverige.

DAGMAR DANIELSSON

---

[illegible] رۆژنامەی لەگەڵ چاپەمەنی وتارێکی [illegible]
لە رێکەوتی ١٩/٦/١٩٨٦ زایینی.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان ،
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان ،
ئەندامان ، کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ،
ڕێکخراو و حیزبە شۆڕشگێڕەکانی ئێران ،

نۆ ساڵ لە خەباتی خوێناویی گەلی زۆرلێکراوی کورد دژی ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی تێ دەپەڕێ . لەو ماوەیەدا دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان و زیاتر لە چوار هەزار کەس لە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب لە ڕێگای دیفاع لە ئازادی و دیموکراسیدا گیانیان بەخت کردوە . هەر لەو ماوەیەدا دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵە ئازا و خەباتگێڕەکانی گەلانی دیکەی ئێران لە خەباتی ڕەوای خۆیاندا دژی کۆنەپەرستیی دەسەڵاتدار شەهید بوون .

لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا ، بێ بە بێی ڕەوتی خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد ، دوکتور قاسملوو بێ سەرنجدان بە ئامانجە بەرزەکانی حیزب و بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی میللی – دیموکراتیکی گەلی ئێمە و هێندێکجاریش بە دنەدان و کارتێکردن و ڕێنوێنییەکانی لادەرانە و ڕاستئاژۆیانەی ئاغای سادقی شەرەفکەندی (سەعید بەدەل) هێندێک سیاسەتی لە نێو حیزب و دەرەوەی حیزبدا بەڕێوە بردوە کە ئامانجی دوارۆژیان لەو سیاسەتانە سازان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکان و دوورکەوتنەوە لە بەرەی شۆڕش ، چ لە ڕادەی ئێران و کوردستان و چ لە ڕادەی جیهانیدا بووە .

بەکارهێنان و درێژەدانی ئەم سیاسەتانە لە نێو حیزبدا لە لایەکەوە لەگەڵ ئیعتیراز و بەرهەڵستی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری بەدەنەی حیزب و کادرەکانی پلەی سەروو و بەشێک لە ڕێبەری بەرەوڕوو بووە و لە لایەکی دیکەوە توندتربوونی مەیلی دیکتاتۆرانە و دژی دیموکراتیکی لە لایەن ناوبراوانەوە بە دواوە بووە .

ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتە ڕاستئاژۆیانەی فراکسیۆنی شەرەفکەندی ـ قاسملوو بۆتە هۆی تەریککەوتنەوەی نیسبیی حیزب لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕی ئێرانی و لە دەرەوەی ئێرانیش بۆتە کۆسپی سەر ڕێگای دامەزرانی پێوەندیی ئوسوولی لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی .

